کۆماری فیدراڵی عێراق
حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی کۆیە

# ڕەهەندی دەروونی لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا

**نامەیەکە پێشکەش بەفاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی کۆیەکراوە وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە بواری ئەدەبی کوردیدا**

**هاوژین صلیوە عیسا**

لەساڵی (٢٠٠٨) لەکۆلیجی زمان / زانکۆی کۆیە
ماستەری لە (ئەدەبی کوردیدا) وەرگرتووە

بەسەرپەرشتی:
**پ.ی.د. سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی**

سەرماوەرزی ٢٧١٢

هەرچیم هەیە لێم بسێنن
هەرچی یەسقان لە لەشمایە
یەکە یەکە
هەمووی بەگاز دەربهێنن
بەڵام توخوا
نەکەن هەرگیز
چڵی داری ئەم نیشتمانە بشکێنن ..!
(لەتیف هەڵمەت)

***پێشکــەشــە ...***

- بە هاوسەری ژین و ژیانم ( نارین).
- بە جگەرگۆشەکانم ( ڕین و ژین).

**ڕەزامەندی سەرپەرشت**

من (سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی) ڕایدەگەیەنم کە ئەم دکتۆرانامەیە کە بەناونیشانی (ڕەهەندی دەروونی لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا)یە بەسەرپەرشتی من ئامادەکراوە لە(بەشی کوردی)، فاکەلتی (زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان)لەزانکۆی کۆیە لەلایەن ( هاوژین صلیوە عیسا )، وەک بەشێك لەداواکاریەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

من ئەم کارەم خوێندۆتەوەو پێیداچوومەتەوەو دڵنیاتان دەکەمەوە کە ئەوەندەی من بزانم ئەمە کارێکی سەربەخۆیە.

ناوو واژۆی سەرپەرشت

ناو: د. سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی

نازناوی زانستی : پڕۆفیسۆری یاریدەدەر

پیشەی ئەکادیمی : مامۆستا لە کۆلیجی پەروەردە/ زانکۆی سەلاحەدین

ڕێکەوت :- / / ٢٠١٢

---

**ڕەزامەندی سەرۆکی بەش / سەرۆکی سکول**

لەسەر پێشنیازی سەرپەرشتیاری نامە کە ناو و واژۆی لەسەرەوە هاتووە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ دەکەم بۆ تاوتوێکردن.

واژۆ
ناو:- د.عومەر مەحمود کەریم
نازناوی زانستی : مامۆستا
پیشەی ئەکادیمی: مامۆستا لەزانکۆی کۆیە
سەرۆکی بەشی کوردی
ڕێکەوت :- / / ٢٠١٢

واژۆ
ناو:-
نازناوی زانستی :
پیشەی ئەکادیمی : مامۆستا لەزانکۆی کۆیە
سەرۆکی سکولی
ڕێکەوت :- / / ٢٠١٢

**ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ**

ئێمەی وەکو ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ جەخت دەکەینەوە ئەم دکتۆرانامەیەمان بەناونیشانی (ڕەهەندی دەروونی لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا) خوێندۆتەوەو گفتوگۆمان لەگەڵ خوێندکار( هاوژین صلیوە عیسا) لەسەر هەموو لایەنەکانی نامەکە ئەنجامداوە، بە ڕای ئێمە هەموو مەرجەکانی دکتۆرانامەو بەدەستهێنانی ئەم پلەیە لە ( ئەدەبی کوردی) لەخۆ دەگرێت.

ناو:-
نازناوی زانستی :
پیشەی ئەکادیمی:
ڕێکەوت :- / / ٢٠١٢

ناو:-
نازناوی زانستی :
پیشەی ئەکادیمی :
ڕێکەوت :- / / ٢٠١٢

ناو:-
نازناوی زانستی :
پیشەی ئەکادیمی:
ڕێکەوت :- / / ٢٠١٢

ناو:-
نازناوی زانستی :
پیشەی ئەکادیمی :
ڕێکەوت :- / / ٢٠١٢

ناو:-
نازناوی زانستی :
پیشەی ئەکادیمی:
ڕێکەوت :- / / ٢٠١٢

ناو:-
نازناوی زانستی :
پیشەی ئەکادیمی :
ڕێکەوت :- / / ٢٠١٢

==========================================

ڕەزامەندی لەسەر دراوە لە لایەن ئەنجومەنی فاکەڵتی ( زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان )ەوە.

ناو:- د. عبدالباری عبدالمجید المدرس

نازناوی زانستی : مامۆستا

پیشەی ئەکادیمی: ڕاگری فاکەڵتی

ڕێکەوت :- / / ٢٠١٢

**ناوەڕۆك:**

بابەت لاپەڕە


بەشی یەکەم:

١- مانای ڕەهەندی دەروونی........................................................٢

٢- زاراوەو چەمکی دەروونناسی.................................................... ٣

٣- پێوەندی نێوان دەروونناسی و شیعر............................................ ٤

٤- چەمکی ڕەخنەی دەروونی........................................................٧

٥- مێژووی ڕەخنەی دەروونی........................................................٩

٦- تیۆری شیتەڵکردنی دەروونی فرۆید

أ- ئاستی ئاگایی..........................................................................١٥

ب- ئاستی پێش ئاگایی................................................................ ١٦

ج- ئاستی بێئاگایی..................................................................... ١٨

کەسییەتی لەدیدی فرۆید:

ا- ئەو( i.D)..............................................................................٢١

ت- من(Ego)..............................................................................٢٣

ج- منی باڵا(super ego)..............................................................٢٤

- گرێی ئۆدیب...........................................................................٢٥

- خەون....................................................................................٢٧

- وزەی لیبیدۆ(( libdo )............................................................٣٠

٧- تیۆرەکەی ئەلفرید ئەدلەر.........................................................٣٢

پەراوێزەکانی بەشی یەکەم.......................................................... ٣٥

بەشی دووەم:

تەوەری یەکەم (پاڵنەرە دەروونییەکان و رەنگدانەوەیان لەشیعرەکانی هەڵمەتدا)
١- هەست بەکەمیکردن:........................................................................٤٤
أ- لەدەستدانی دایك و هەستکردن بەکەمی.................................................٤٥
ب- هەست بەکەمی کردن بەهۆی ڕازی نەبوون بەجەستەی خۆی.........................٤٩
ث- بێبەش بوون لە منالّ..........................................................................٥١
٢- ڕەشبینی...........................................................................................٥٧
٣- توڕەیی و هەڵچوون.............................................................................٦٠
٤- هەژاری............................................................................................٦٤
٥- دڵەڕاوکێ...........................................................................................٦٧
٦- سایکۆلۆجییەتی خۆشەویستی نیشتیمان.....................................................٦٩
٧- سایکۆلۆجییەتی پیری........................................................................... ٧٣
٨- کێشەی مەرگ.....................................................................................٧٦
تەوەری دووەم(خەسڵەتە دەروونییەکان و ڕەنگدانەوەیان لەشیعرەکانی هەڵمەتدا)
١- ململانێی خود..................................................................................... ٧٩
٢- نامۆیی............................................................................................٨٨
أ- لەدەستدانی دایك و هەستکردن بەنامۆیی.................................................. ٨٤
ب- هەستکردن بەنامۆیی...........................................................................٨٧
٣- شەرم..............................................................................................٩٠
٤- خەم................................................................................................٩٥
٥- نەرگسیەت.......................................................................................١٠٠
٦- سادیزم............................................................................................١٠٤
٧- ماشۆسیزم........................................................................................ ١٠٨
٨- سادۆ ماشۆسیزم.................................................................................. ١١٠
٩- پێشئاگایی......................................................................................... ١١٢
١٠- خەون............................................................................................١١٤
١١- ڕەنگدانەوەی چەپاندنی سێکسی.............................................................١١٧
١٢- سێگۆشەی فرۆید لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا......................................... ١١٩
پەراوێزەکانی بەشی دووەم.........................................................................١٢١
بەشی سێیەم:
تەوەرەی یەکەم(داهێنان لای لەتیف هەڵمەت)
١- چەمکی داهێنان...................................................................................١٢٦
٢- کەسیەتی داهێنەر................................................................................. ١٣٠

٣- داهێنان و هەوڵەکانی لەتیف هەڵمەت.................................................. ١٣٣
٤- دژەباو لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا...................................................... ١٣٨
٥- سایکۆلۆجییەتی خەیاڵ............................................................................ ١٤١
تەوەرەی دووەم(سایکۆلۆجییەتی بنیاتی شیعر)
١- سایکۆلۆجییەتی مۆسیقای شیعر............................................................. ١٤٤
٢- زمانی داهێنەرانەو وێنەی نوێ................................................................. ١٤٧
٣- خاڵبەندی و لایەنی دەروونی.................................................................... ١٥٠
٤- پاتبوونەوەو لایەنی دەروونی..................................................................... ١٥٣

تەوەرەی سێیەم(سایکۆلۆجییەتی سروشت)
١- سایکۆلۆجییەتی ڕەنگەکان......................................................................١٥٨
٢- سایکۆلۆجییەتی(با)................................................................................ ١٦٧
٣- سایکۆلۆجییەتی وەرزی پاییز.................................................................. ١٧١
پەراوێزەکانی بەشی سێیەم.........................................................................١٧٥
ئەنجام..........................................................................................................١٧٨
سەرچاوەکان.................................................................................................١٨١

## سەرچن : [*]

ئەم بابەتە کە بەناونیشانی ( ڕەهەندی دەروونی لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا )ە لێکۆڵینەوەیەکە بۆ ڕاڤە کردن و خستنە ڕووی ڕەهەندی دەروونی لەشیعرەکانی هەڵمەتدا .

هەڵبەتە ڕەهەندی دەروونی بوونێکی بەردەوامی هەیە لەنێو ئەدەبیاتدا، بەتایبەتیش لەنێو شیعردا، شیعر کۆمەڵێك بازنە بەدەوری خۆی دا دێنێ و لەگەڵ زۆر بابەتدا هاوبەشە، بەڵام نزیکترین بازنەو هاوبەشترین بابەت لایەنی دەروونییە، چونکە پێگەکانی دەروونزانی لەنێو شیعردا بەدیدەکرێن، هەر لە شەرم و ترس و سێکس و هەستی خۆبەکەمزانین و نامۆیی و ڕەشبینی و ... هتد .

شاعیر دەروونی خۆی دەدوێنێ، ئەو شتانەی کە دەینووسێت لە ناخی دەروونەوە هەڵدەقوڵێن، بۆیە کەم و زۆر ڕەنگ و بۆی بابەتی دەروونیان لێدێ، بەڵام ئەو بەرهەمەی کە زۆرتر لایەنی دەروونی تیادا زاڵە، ئەمە دەبێتە مەرامی ڕەخنەگران بۆ لێکۆڵینەوە، من پێم وایە دەقیش وەکو دەرگا وایە و کلیلی کردنەوەی خۆی دەوێ،بۆیە لەسەردەمێکدا ئیش کردن لەنێو کۆمەڵێ میتۆدی ڕەخنەیدا پێویستە، چونکە دەقەکان ڕەهەندو پێکهاتەی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرن .

لایەنی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا زۆر بە زەقی دەبینرێ،ئەویش بارو ودۆخی کۆمەڵگاکەی و بارو دۆخی ژیانی خۆی وایکردووە کە بەرەو ناخی خۆی شۆڕبێتەوەو لە قولایی دەریای بیرو هزرو نەستی خۆی یاقووت و بەردی بەقیمەت بدۆزێتەوەو پێشکەشی خوێنەرانی بکات،شاعیر وەك بولبول بە سەر کەلاوەو درەختە سوتاو و شکاوەکانی وڵاتەکەی دەچریکێنێ ؛ هەڵمەت شمشاڵێك بە سەر لێوی قالە مەڕەی شیعر ئاوازی ئەزەلی دەژێنێ، ئاوازێك پڕ لە ناڵەو نرکەو هەناسە تاساوەکانی کوورەی ناخی خۆی،ئاوازێکی موچڕکە ئامێز ئاوازێکی ڕەنگاو ڕەنگ.

**هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە :-**

---

[*] - لەکاری کشتوکاڵیدا کاتێ هەموو میوەکە... یاخود گەڵای هەموو توتنەکە لێدەکرێتەوە پێی دەگوترێ هەرەڕن، بەڵام ئەگەر تەنها بەخێرایی دەستێکی پێدا بگێڕی پێی دەڵێن سەرچن.زۆرجار لەکاتی کارکردندا درەنگیان بەسەرهاتبێ و بیانەوێ زوو کارەکانیان تەواو بکەن دەگوترێ دەی باسەرچنی بکەین. یاخوت لەکاتی بژارکردنی کوشتوکاڵدا لەبەر زۆری گیاو گۆڵەکان ناتوانرێت بەوردی ڕەگ و ڕیشەی گیاو گۆڵەکان دەربهێنرێت تەنها بەشی سەرەوەی گیایەکە دەقرتێنرێت،لەکاری جۆمارکردن دا سەرچن بەو کارە دەگوترێ کە بەخێرایی جۆگەکان پاکلەمە بکرێتەوەو و زیاتر ئەم شوێنانە پاکدەکرێتەوە کە ڕێی ئاوەکەی گرتووە،کاتێ پاییزان تۆی توتنیان لێدەکردەوە دەیان گوت دەی سەرچنی بکەن واتا بەخێرایی بەناویا بڕۆن و لەهەر شوێنێ تۆیەکە جوان و پڕبوو تەنها ئەوانە لێبکەننەوەو بەخێرایی کارەکە ئەنجام بدەن، منیش لەبری پێشەکی بەکارم هێناوە. سەرچنێکم کردووەو بەسەر تەوەری باسەکاندا،بەخێرای ڕۆیشتووم و هەندێکم لێچنیتەوەو زۆر هەڵوەستەم لەسەرنەکردووە،بەڵکو بەخێرایی ڕەنگ و ڕووی لێکۆڵینەوەکەم خستۆتە ڕوو.

بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەمن ساڵانێکە بەکاری خوێندنەوەی شیعرەوە سەرقاڵم هەمیشە ئەوەم لەزەین دروست دەبوو کە بابەتە دەروونییەکان پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە شیعرەوە هەیە، حەزو خولیای من بۆ بابەتە دەروونییەکان وای لێکردم لەم دوو حەزە دووانەیە شتێکی ئاوێتە دروست بکەم،بۆ هەڵبژاردنی شیعرەکانیش من ساڵانێکە بەخوێندنەوەی شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتەوە سەرقاڵم و ئەو بنەمایانەم تیا بینیبوونەتەوە.

**سنووری لێکۆڵینەوەکە :**

سنووری لێکۆڵینەوەکەم سەرجەم شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دەگرێتەوە کە کاتی خۆی بەشێکی زۆریان لە شێوەی نامیلکەدا بڵاوکراونەتەوە، بەڵام ئێستا لەدوو توێی سێ دیواندا کە دووهەزارو سەدو سی و سێ لاپەڕە لەخۆی دەگرێ چاپکراون، جگە لەم دیوانانەش ئەو شیعرانەی کە لەدووای ئەم دیوانانەش لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە ئەوانیشم خستۆتە نێو لێکۆڵینەوەکەم .

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە :**

سەرەتا خستنە ڕووی زاراوەو چەمکی ڕەهەندی دەروونی و بیرو ڕای دەروونناسان و بەتایبەتی فرۆید و ئەدلەر دواتر پراکتیزەکردنی لەسەر شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت بۆ ئەوەی لەژێر تیشکی ڕەخنەی دەروونیدا نهێنییەکانی ناوەوەی دەقەکان بخەمەڕوو و خزمەتێکیش بەم بوارەی ڕەخنەی ئەدەبی بکەم،کە تاکو ئێستا بەپێی پێویست زۆر گرنگی پێنەدراوە .

**گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە :**

تەنها ئەوە نەبێت کەمی سەرچاوەی ڕاستەخۆ بوو بەزمانی کوردی، بۆیە پەنامان بۆ زمانی عەرەبی بردووە.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە :**

میتۆدی وەسفی – دەروونشیکاریم گرتۆتەبەر،لەبەشی یەکەمدا میتۆدی وەسفی، لەبەشی دووەم و سێیەمدا میتۆدی شیکاری، لە زۆر شوێنیش هەردوو میتۆدەکە تێکەڵ کراون .

**ستراکتۆری لێکۆڵینەوەکە :**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەپێشەکی و سێ بەش و ئەنجام و سەرچاوەکان و کورتەی باس بەزمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە .

**بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە و تەوەرەکانی بەم شێوەی خوارەوەن :-**

لە بەشی یەکەمدا، کە لەهەشت تەوەر پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەمدا لە مانای ڕەهەندی دەروونی و ڕەگ و ڕیشەی وشەو مەفهومی ڕەهەند دواوین، لەتەوەری دووەمدا باسی زاراوەو چەمکی دەروونزانیمان کردووە،لەتەوەری سێیەمدا باسی پێوەندی نێوان شیعرو دەروونناسیمان کردووە،لەتەوەری چوارەمدا باسی چەمکو مانای ڕەخنەی دەروونیمان کردووە،لەتەوەری پێنجەمدا لەمێژووی ڕەخنەی دەروونی دواوین و قۆناغ و سەردەمەکانمان خستۆتە ڕوو،لەتەوەری شەشەمدا باسی (فرۆید)مان کردووە، باسی تیۆری

شیتەڵکردنی (فرۆید)مان کردووە،کە ئەویش ئاستی ئاگایی،ئاستی پێش ئاگایی، ئاستی نائاگایی دەگرێتەوە، هەروەها کەسییەتی مرۆڤمان باس کردووە لە دیدی فرۆیدەوە کە(ئەو، من،منی باڵا)دەگرێتەوە، پاشان باسی گرێی ئۆدیبمان کردووە،دواتر لە خەون و وزەی لیبدۆ دواوین،لەتەوەرەی حەوتەمدا تیۆرەکەی (یۆنگ)مان خستۆتە ڕوو کەبە کۆ نەست ناسراوە،لە تەوەری هەشتەمدا باسی تیۆرەکەی (ئەدلەر)مان کردووە کە تیۆری هەستکردن بەکەماسییە، بەشی دووەممان کردووە بەدوو تەوەر کە هەرتەوەرەی چەند باسێکی لە خۆگرتووە،لە تەوەری یەکەم دا لە ژێر ناوی(پاڵنەرە دەروونییەکان و ڕەنگدانەوەیان لەشیعرەکانی هەڵمەتدا)ئەمانە لەخۆی دەگرێ، هەستی خۆ بەکەم زانین، لەدەستدانی دایك و هەستی خۆ بەکەم زانین، هەستی خۆبەکەم زانین بەهۆی ڕازی نەبوون بەجەستەی خۆی، بێبەش بوون لە مناڵ،دواتر لە چەند پاڵنەرێکی تری دەروونی دواوین لەوانە: ڕەشبینی، توڕەیی و هەڵچوون، هەژاری، دڵەڕاوکێ،سایکۆلۆجییەتی خۆشەویستی نیشتیمان، سایکۆلۆجییەتی پیری، کێشەی مەرگ.

لەتەوەری دووەم دا باسی(خەسڵەتە دەروونییەکا ن و ڕەنگدانەوەیان لەشیعرەکانی هەڵمەت مان کردووە،کە ئەم بابەتانەی لەخۆگرتووە: ململانێی خود،نامۆیی،لەدەستدانی دایك و هەستکردن بەنامۆیی، هەستکردن بەنامۆیی،شەرم، خەم، نەرگسیەت، سادیزم، ماشۆسیزم، سادۆ ماشۆسیزم، پێشئاگایی، خەون، ڕەنگدانەوەی چەپاندنی سێکسی، سێگۆشەی فرۆید لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا، لەم باسانەش دا بیرو بۆچوونی زۆر زانای دەروونزانیمان هێناوەتەوە.

بەشی سێیەمیش بەسەر سێ تەوەر دابەش کراوە لەتەوەری یەکەمدا باسی(داهێنان لای لەتیف هەڵمەت)مان کردووە کە ئەم بابەتانەی لەخۆگرتووە: چەمکی داهێنان،کەسیەتی داهێنەر،داهێنان و هەوڵەکانی لەتیف هەڵمەت،دژەباو لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا،سیکۆلۆجییەتی خەیاڵ.

لە تەوەرەی دووەمدا باسی(سایکۆلۆجیەتی بنیاتی شیعر)مان کردووە کە ئەم باسانەی لەخۆ گرتووە: سایکۆلۆجییەتی مۆسیقای شیعر،زمانی داهێنەرانەو وێنەی نوێ،خاڵبەندی و لایەنی دەروونی، پاتبوونەوەو لایەنی دەروونی، لەتەوەری سێیەمیشدا باسی(سایکۆلۆجیەتی سرووشت)مان کردووە کەئەم باسانە لەخۆی دەگرێ،سایکۆلۆجیەتی ڕەنگەکان،سایکۆلۆجیەتی(با)،سایکۆلۆجیەتی وەرزی پاییز، هیوادارم توانیبێتم شتێکم کردبێت و کەلێنێکم لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی پڕکردبێتەوە.

**سوپاس و پێزانین :**

•زانکۆی کۆیە کە هەلی خوێندنی بۆ ڕەخساندم.

•مامۆستای ئازیزم پ.ی.د. سەردار ئەحمەد گەردی کە سەرپەرشتی نامەکەی کرد.

•شاعیری خۆشەویست ( لەتیف هەڵمەت)کە بە دڵێکی فراوانەوە پێشوازی لێکردووم و وەڵامی پرسیارەکانی داومەتەوە.

•بەڕێزان ( م. دەریا جەمال حەوێزی، م. رێبوار محەمەد، م.شوان حەسەن، د.مەسعود، د. بەدرخان، د.محەمەد ناسر،د.ئەکرەم خامۆش،م. پەیمان)

## کورتەی باس:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەژێر ناوی ( ڕەهەندی دەروونی لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا)، لەپێشەکی و سێ بەش و کورتەی باس بەزمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە، بەشی یەکەم لایەنی تیۆرییە، کە لەپێناسەو چەمك و مێژووی سەرهەڵدانی ڕەخنەی دەروونی و بیرو بۆچونی زانایانی دەروونناسی خراوەتەروو، بەڵام لەبەشی دووەم و سێیەمدا کۆمەڵێ بنەمای دەروونیمان هێناوەتەوەو لەسەر شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا پراکتیزەمان کردووە.

بێگومان ڕەخنەی دەروونی گرنگییەکی زۆری بەژیانی شاعیران دەدات، زۆرجار لەڕێی ژیانی شاعیرەوە بەدوای ڕەنگدانەوەکان دەگەڕێت، دەتوانرێت لەڕێی شیعرەکانیشیەوە شۆڕبینەوە بۆجیهانی شاعیر ، چونکە شیعر پێوەندی توندوتۆڵی بە لایەنی هەست و سۆزو ژیان و واقیعی کۆمەڵگاو ژیانی شاعیرەوە هەیە، بۆیە چاوپێکەوتنی شاعیر سودێکی زۆری هەبووە بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی ناوەوەی شیعرەکان، هەڵبەتە بەزمانی کوردی لێکۆڵینەوە زۆر کەمە سەبارەت بە لایەنی دەروونی، سەبارەت بە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت) یش لە زۆر گۆشەنیگاوە لێکۆڵینەوەی لە بارەوە کراوە، بەڵام ئەم لایەنەی ئێمە هەڵمانبژاردووە بابەتێکی نوێیە.

# بەشی یەکەم:

## مانای ڕەهەندی دەروونی :-

ڕەهەندی دەروونی بەرانبەر ( البُعد النفسي ) عەرەبی هاتووە، زاراوەی ( ڕەهەند ) لەفەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا بەمانای : خەندەك، ئاوەڕۆی ئاوی پیس، ڕێگە بەژێر زەویدا هاتووە، بەڵام (ڕەهەندە) بەمانای : عەوداڵ، ماڵا بەکۆڵەوە، ئاوارەی چۆڵگەڕ هاتووە (١) دیارە ئەم دوو زاراوەیەش زۆر لە یەکترەوە نزیکن چ لەڕووی پێکهاتەوە چ لە ڕووی مەفهومەوە، چونکە لە هەردووکیان دا دووری و قووڵی و ماوەی پێوانەیی تێدایە، چونکە تونێڵی ژێر زەمین بوعدو عومقی هەیە وەك؛ ئەوەی لە زاراوەی (ڕەهەندە) بەدەردەکەوێت وەك دەگوترێت ( ڕەهەندەی شارانە ) واتا وێڵی شاران، وێڵ بوونیش دوورکەوتنەوەیە، ( ڕەهند ) یش بەمانای ڕێگەی ژێرزەمین دێت ڕێگەی ژێر زەمینیش دوورکەوتنەوەو نادیاری و بزری پێوە دیارە، دواتریش بۆ لایەنی دەروونی بەکارهاتووە کە پڕاوپڕ جێگای خۆی گرتۆتەوە، چونکە لایەنی دەروونیش شتی شاراوەی ناوەکی مرۆڤە زۆربەی ئەو شتانەش دەگرێتەوە کە لە توونێڵی نەست خۆیان حەشارداوە، هەرچەندە هەندێ توێژەر لایەنی دەروونی بە پەسندتر دەزانن، پێیان وایە ڕەهەند سەداسەد لەگەڵ لایەنی دەروونیدا نایێتەوە، بەڵام من پێم وایە زاراوەکە زۆر گونجاوەو بەرانبەر زاراوە عەرەبییەکە بێ کەم و کوڕی ماناکە دەگەیێنێت .

لە فەرهەنگی ( شیرین )ی نوییێ فازیل نیزامەدینیدا واهاتووە، ( بُعد ) بەواتای دووری، ماوە، میانە (٢) لەم فەرهەنگەدا پەیوەست نەکراوە بەشتێکەوە بۆ ئەوەی زیاتر ڕوون بێتەوە، تەنها ئەوە نەبێت کە بەمانای دووری ماوە هاتووە، هەموو دووریەکیش بەرەو نادیاری و تەمو مژی دەچێت، واتا ئێمە تا چەند فەرسەخێك چاوەکانمان بردەکاو دەبینێت لەدوای ئەوە داروبەرد و کێوەکانمان لا لێڵ و تەمومژاوی دەبن، بۆ لایەنی دەروونیش هەروایە،چونکە شتە دەروونییەکانش ئەو جۆرە دوورییەیان تێدایە و شتی شاراوەن وەك؛ ئەوەی فرۆیدو دەروونناسانی تریش جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە کە دەروونی مرۆڤ وەك چیایەکی بەستەڵەکی نێو دەریایە، ئێمە تەنها دیوی دەرەوەی دەبینین، نازانین ئەم چیا بەفرینە چەندە بەقووڵایی دەریاکەدا شۆڕبۆتەوە ، لێرەش دا هەست بە تەم و مژی و تونێڵ و دوورییەك دەکەین بۆ تێگەیشتن لە دەروونی مرۆڤ .

**زاراوەو چەمکی دەروونناسی :-**

لەزمانی کوردیدا ( دەروونناسی ) و (دەروونزانی ) بەکاردەهێنرێت هەردوو زاراوەکەش ئەوە دەگەیێنێ کە شارەزابوونە لە شتە شاراوەکانی دەروون یاخود زانینی زانیارییە لەسەر ڕەفتار ...لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (( علم النفس )) بەواتای زانستی دەروون واتا زانینی شتە شاراوەکانی دەروون دەگەیێنێ، لەزمانی ئینگلیزیدا زاراوەکە ( psychology ) بەکاردێت ئەمیش لە دوو وشە پێکهاتووە (psycho) بەواتای دەروون هاتووە، logy بەواتای زانست دێت پێکەوە واتای زانستی دەروون یان دەروون زانی دەگەیێنێت، واتا لەزمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزیشدا هەمان مانا دەگەیێنێت،بێگومان لەزمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی ئێمە چ لەزمانی عەرەبی یان ئینگلیزی وەرمان گرتبێ ئەوا هەمان ماناو چەمك دەگەیێنێت،زۆر جاریش (زانستی دەروون)یش لەزمانی کوردیدا بەکار هاتووە هەموو زاراوەکانیش هەمان مانا دەخەنە ڕوو .

سایکۆلۆژیاش (( ژیانی دەروون و ئەوەی لەناو ئەم دەروونە دایە لەبیرکردنەوەو هەست و ئارەزوو و بیرەوەری و هەڵچوون دەکۆڵێتەوە ))(٣) واتا مرۆڤ لەناو هەموو بوونەوەرەکاندا زیاتر بوونەوەرێکی سایکۆلۆژییە، ڕاستە هەندێك دیاردە لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵاندا هەیە لەوانە دیاردەی ترس و هەڵچوون ...،بەڵام مرۆڤ لایەنی سایکۆلۆژی و بیرکردنەوەی زاڵە و لەوانە دیاردەی شەرم و بیرکردنەوە لە ڕابردوو لە داهاتوو، بیرکردنەوە لەژیان و مردن ... ئەوانە هەموو وادەکەن کە مرۆڤ بە پلە یەك بوونەوەرێکی سایکۆیی بیت هەرچەندە زانایان لەوانەش (( فابەر، لبۆك، لویدمۆرگان، جاك لوب، ئیدوارد لی سوراندایك، کوهلەر، جۆن واتسون، ئیڤان بافلۆڤ، لەبارەی ڕەوشتی ئاژەڵەوە بەتایبەتی فێربوونی ئاژەڵ لێکۆڵینەوەی بەنرخ و بەپێزیان کردووە ))(٤)،بەڵام لەڕووی سایکۆلۆژییەوە زیاتر ئادەمیزاد کراوە بەسەر مەشق و لێکۆڵینەوەی لەبارەیەوە کراوە . دەتوانین بڵێین سایکۆلۆژیا (( ئەو زانستەیە کە لەڕەوشتی ئادەمیزاد دەکۆڵێتەوە، لەکردەوەو قسەو جوڵەی دیار))(٥) واتا ڕەوشتی ئادەمیزاد تەنها جمو جۆڵی نییە،واتا هەڵچونەکانی مرۆڤ بەجم و جۆڵ دەردەبڕدرێت زۆرجاریش لەڕێی دەنگ هەڵبڕین و قسەکردنیشدا مرۆڤ دەتوانێت هەستەپەنگ خواردووەکانی بخاتەڕوو،کەواتە؛ دەروونزانی (( لێکۆڵینەوەی زانستانەی ڕەوشتە یا زانستی کردارەکانی هۆشە ))(٦) .

ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە لێکۆڵینەوە لە دوو ڕوانگەوە لەسەر مرۆڤ دەکرێت یەکەم : لەڕووی ڕەوشت دووەم : لەڕووی کردارەکانی هۆشەوە کە هەموو جۆرە بیرکردنەوەکان و هەست و سۆزو ... دەگرێتەوە، ((ئەو زانستەیە کە لەڕەفتاری مرۆڤ دەکۆڵێتەوە کە لەئەنجامی وروژێنەرەکان دەردەکەوێت و بەدوای پرۆسە مەعریفییەکان و ئەزموونەکانیدا دەگەڕێت ))(٧) مرۆڤیش هەر لەکۆنەوە سەرنجی دیاردە دەروونییەکانی داوەو هەر مرۆڤێکیش کەم و زۆر شتێکی لێدەزانێت،چونکە شتێکە پەیوەستە بەهەموو مرۆڤێك، بەڵام بەزانستی کردنی و نووسین و لێکۆڵینەوە ئەوا زۆر درەنگتر هەوڵی لەگەڵ دراوە .

## پێوەندی نێوان دەروونزانی و شیعر :-

ئەدەب بەر لەهەموو شتێك شتێكی دەروونییە، مرۆڤ سودو چێژ لە بابەتە ئەدەبییەكان وەردەگرێت لەبەر ئەوەی كەتوارییەتی تیا دەبینێتەوە، ئەدەب هەڵگری هەست و نەست و سۆزو خەیاڵە ئەمانەش لەبوونی خۆیاندا پێوەندییەكی بەهێز لەنێوان نووسەری دەق و خوێنەری دەقدا دروست دەكەن .

(( ئەدەب ئاوێنەی عەقڵ و دەروونی نووسەرە، یاخود وێنەیەكە لە وێنەكانی گوزارشت كردن لەدەروون ))(٨) گوزارشت كردنیش لەهەرشتێك لە ئەدیبێكەوە بۆ ئەدیبێكی تر دەگۆڕێت، گۆشەنیگای ڕوانینی هەر ئەدیبێك جیاوازە لەهی ئەدیبێكی تر، هەر چەندە (( شاعیر بەر لەوەی هەر شتێك بێت، مرۆڤە، پێویستییە دەروونییەكان و جەستەییەكانی لە هاوشێوەكانی لای شاعیرانی دیكە جیاناكرێتەوە لەباروودۆخی ئاساییدا و پێچەوانەشیان نین، بەڵام هەڵبەتە ئاستی هەست كردنی بەرانبەر بە هەر یەك لەو پێویستیانە جیاوازە و دەشێ هەستیاریش بێ، دەرەنجامەكەش دەیگەیەنێتە پلەی داهێنان و نەمری ))(٩) دیاردەیەك یاخود دیمەنێك بەلای ئەدیبێكەوە كاریگەرە بەلای ئەدیبێكی ترەوە ئەو كاریگەرییەی نییە، یاخود كەمترە، لەبەر ئەوەی مرۆڤەكان لەهەندێك شتدا تایبەت مەندی خۆیان هەیە وەك چۆن پەنجە مۆری هیچ مرۆڤێك لەجیهاندا نییە وەك هی مرۆڤێكی تر بێت، هەر بەوپێیەش جۆری تێڕووانینی تاكەكان لێكتری جیاوازن.

(( كەواتە ئەزموونی دەق، بەپێی سایكۆلۆژیای نووسەرەكانیان، لەدۆخێكەوە بۆ دۆخێكی تر، یان لە نووسەرێكەوە بۆ نووسەرێكی تر جیاوازییەكان دروست دەكەن ))(١٠) جگە لەوەش لەتەمەنێكەوە بۆ تەمەنێكی تر لەنێو خودی كەسەكانیش دیاردەو شتەكان لێكدانەوەو تێڕوانینی جیاوازتر وەردەگرن .

(( گەر دەق ڕێگەیەك بێت بۆ دەربڕین ئەوا سایكۆلۆژیای نووسەر ڕۆڵێكی گەورە دەبینێ بۆ نزیكخستنەوەی پەیوەندی دەق و خوێنەر ))(١١)بێگومان سێ كوچكەیەك یاخود سێ گۆشەیەك هەیە كە هەمیشە یەكتر تەواو دەكەن ئەوانیش ( نووسەر، دەق، خوێنەر )ن.

نووسەر

دەق خوێنەر

واتا ئەو بابەتەی نووسەرێك یان ئەدیبێك دەینووسێ و لە دوو توێی تێكستێك ئارام دەگرێ، كاتێ خوێنەریش دەیخوێنێتەوە لەڕێی ئەوەی كە خۆی تیا دەبینێتەوە، یاخود موعاناتی ئەدیبەكە بەشێكیشە لە موعاناتی خوێنەر،بەڵام بۆ هەموو كەسێكیش بەرەهایی نییە، واتا خۆی لەنێو ئاوێنەی دەقەكە دەبینێتەوە، نووسەریش چەند سایكۆلۆژیانە دەقەكەی دابڕێژێت ئەوا خوێنەریش لەبەردەم ئاوێنەی دەقەكە بەڕوونتر خۆی دەدۆزێتەوە .

(( ئەدەب و هونەر وەك سەرچاوەیەك لە قوڵایی دەروونەوە هەڵدەقوڵێن، وەك ؛ هێزێكی كاریكەرن و دەروون هێور دەكەنەوە ئەوەی نووسەر و ئەدیبان دەیخەنە ڕوو سیحرو فانتازیایەكی ژیانەو موچڕكێك بەلەشی خوێنەر و بینەران دادێنێ، لەم سۆنگەیەوە ئەدەبیات بۆ دەرخستنی ڕاستییەكانی ژیان باڵ بەسەر بەها

کۆمەڵایەتییەکاندا دەکێشێ ))(١٢) کاتێ ئەدیبێك بیرۆکەیەکی بۆ دێت یاخود هەست بەپەستی و جۆرێك لەتلانەوەو ئازار دەکات، حەز دەکات بینووسێتەوە، کاتێك بیرۆکەکانی لە دووتوێی شیعرێك یان هەر ژانرێکی تر دارشت ئەوا لەرووی دەروونییەوە هەست بەئارامییەك دەکات، وەك چۆن کەسێك خەم و ئازارێکی هەبێت حەز دەکات بۆ کەسێکی تری بگێڕێتەوە، خۆ زۆر جار دەزانێت بۆ ئەو کەسەی کە دەیگێڕێتەوە چارەسەری دەردە دڵی ئەو ناکات، بەڵام هەست بە خۆبەتاڵ کردنەوەیەك دەکات هەست دەکات ئەوەی پێویست بووە گوتوویەتی، تەنانەت زۆر جار مرۆڤ لەگەڵ خۆشیدا قسە دەکات وەك ئەوەی ئەو مرۆڤە دوو کەسە لەیەك جەستەداو کەسێکیان قسەکەرە و ئەوەی تر گوێگرە .

فرۆید یەکێك بوو لەو پێشەنگانەی لەرێی لێکۆڵینەوەکانیدا سەبارەت بەشاعیران و رۆمان نووسان کردی گەیشتە ئەنجامێك و ئەوانی کردە بەڵگەیەك بۆ توێژینەوەکانی (١٣)هەڵبەتە (( لەوانەیە ئاسان نەبێت ئەدەبێك پێکبێت بەبێ ئەوەی ئەو ئەدەبە بەشێك نەبێت لەدەروونی خاوەنەکەی، یان بەلانی کەمەوە بەشێك نەبێت لەهەستی ئەدیب بەرانبەر ئەو شتانەی لە دەوروبەریدا هەن، ئەمەش واتای ئەوەیە بەرهەمی ئەدەبی پێش هەموو شتێك بەرهەمی دەروونێکی مرۆییە، نەزعە و ئارەزوو و هۆشیاری و ناهۆشیاری و رێگەی بیرکردنەوەو شێوازی چارەسەرکردنی تایبەت بەخۆی هەیە ))(١٤)بێگومان شوێنی لە دایك بوون و منالّی گەورەبوونی و هەموو ئەو رووداوانەی کە بینیویەتی دەبن بە بەشێك لە بیرەوەری و بابەتگەلێك کە ناوە ناوە دێنەوە یاد و لە دوو توێی نووسینەکان رەنگ دەدەنەوە، زۆر جاریش ئەم بابەتانە لە نەست دەمێننەوە و بەبێ ئاگایی جارێکی تر دێنەوە ناو بوارەکانی نووسین .

(( پەیوەندی نێوان نووسەر و نووسین، چەند گەیاندنی بابەتە بەجیهانی دەرەوەی نووسەر، ئەوەندەش میکانیزمێکی بەیەکداچووی سایکۆلۆژییە، سروشتی ئەم پەیوەندییەش بەپێی سروشتی کایە ئەبستمۆلۆژیاییەکان گۆرانی بەسەردادێ ))(١٥) تەنانەت لە کلتوورێکەوە بۆ کلتوورێکی تر و لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی تر و تەنانەت لە ئەدیبێکەوە بۆ ئەدیبێکی تر گۆرانکاری بەسەر دادێ . (( شیعر رەنگدانەوەی هزر و خەیاڵ و ژینگە و رووداوەکانە، کردنەوەی دەرگایەکە تەواوی دیاردەکانی بوون دەخاتە ژێر پرسیارەوە، دوا جاریش توانای زمانەوانی لای نووسەر دەبێتە هۆی ئەوەی، وێنەی فرە سەودا ببەخشێتە شتەکان ))(١٦)زمانیش بارگاوییە بەخەیاڵ، چونکە شاعیر رووداوەکانی دەوروبەری خۆی هەروا هاکەزایی وەرناگرێت، بەڵکو خەیاڵاوی دەکات و جارێکی تر لەبەرگێك و قاوغێکی تر پێشکەشی دەکا . ( کێبڵ ) لەبارەی شیعرەوە دەڵێت: ((دەربرینێکی ناراستەوخۆیە لەهەندێ سۆزی زۆر بەهێزدا، یا هەست کردنە یا چاوپۆشیکردنێکی راستەوخۆ لەهەر شوێنێکدا کە کپکرابێتەوە ))،(١٧)(( گەر دەق رێگەیەك بێت بۆ دەربرین ئەوا سایکۆلۆژیای نووسەر رۆڵێکی گەورە دەبینێ بۆ نزیکخستنەوەی پێوەندی دەق و خوێنەر ))(١٨) بێگومان لەنێو دەقەکانیشدا خودی نووسەر دەبینرێت مەرام و بۆچوونەکانی دەدۆزرێنەوە .(( هەر ساتێکی نووسین لای نووسەر بریتییە لە حاڵەتێکی سایکۆلۆژی و لە ساتەوەختەکانی نووسیندا نووسەر لەژێر کاریگەری بارێکی دەروونی نائاساییدایەو ئاستی توانایی هزری و لەو لاشەوە ئاستی توانا زمانییەکانی، پێوەری وەرگێرانی ئەو بارە دەروونییەن بۆ شێوازە جیاجیاکانی دەق ))( ١٩) .

نووسەر کاتێ خۆی دەدوێنێ کاتێ خۆی دەنووسێتەوە تەواو شۆڕدەبێتەوە ناخی خۆی بە ئەندازەیەك ئاگای لەدەوروبەر نامێنێ و بەرەو جیهانە خەیاڵاوییەکەی خۆی هەنگاو دەهاوێ و دەروون و ناخی خۆی دەدوێنێ .

کەواتە (( پێوەندی نێوان ئەدەب و دەروونناسی شتێکی ئاشکراو بەڵگە نەویستە . زانستی دەروونی بەدوای ئەوەدا وێڵە ئایا دەروون کاریگەری لەسەر ئەدەب هەیە یان بەپێچەوانەوە یاخود کاریگەرییەکە دوولایەنەیە، دیارە دەروون ئەدەب دروست دەکات ئەدەبیش دەروون دروست دەکات . ئەدەب بەدوای ڕاستییەکانی ژیاندا دەگەڕێ تاکو دڵ و دەروون ڕۆشن کاتەوە . دەروونیش بوارەکانی ژیان کۆدەکاتەوە تاکو ئەدەب بێنێتە ئاراوە ))(٢٠) هەموو نووسینێکیش بیرکردنەوەی دەوێ بۆ داڕشتن و گەیاندنی ئاکامی کارەکان، بەڵام شیعر کارکردن نییە لەسەر لۆجیك بەتەنها،بەڵکو لۆجیك سەر لەنوێ هەڵدەوەشێتەوە و مەدلولی تری بۆ دروست دەبێت .

(( ئەدەب و دەروونناسی یەك ڕێڕەویان هەیە یاخود بڵێین هاوگەشتن، لەباسکردنی هەر بنەمایەك لەبنەماکانی ئەدەب: نووسەر،کاری ئەدەبی، خوێنەر، بەپێی پێویست بەرەو باسکردنی حاڵەتی دەروونی و لایەنی ویژدانی داهێنەر و خوێنەر دەبات ))(٢١) هەموو شاعیرێك هەوڵ دەدات لەڕووی سایکۆلۆژییەوە دەروونی خوێنەرانی داگیر بکات، بابەتی کاریگەر بنووسێت،بۆیە دەبینین هەر لەکۆنەوە کاتێك (( شاعیرێك شیعری دەخوێندەوە، خەڵکەکە وایان هەست دەکرد کە هێزێکی ڕۆحی سەیر لەناخی شاعیرەکەدا هەیە، ناویان لێنا شەیتان ئەم شەیتانە پێوەندی بەو کەسایەتییەوە هەیە، لەلای عەرەبەکانیش هەر لە کۆنەوە بیرۆکەی ئەوەیان لەلا هەبووە کە هەر شاعیرەی شەیتانێکی هەیە و سروشی بۆ دێنێت ))(٢٢)ئەم جۆرە لێکدانەوەیە لەلای عەرەبەکان هەبووە، بێگومان لەلای یۆنانییە کۆنەکانیش بیرۆکەی خوداوەندی شیعر هەبووە، چونکە مرۆڤەکان پێیان سەیر بووە لەو وشەو وتانەی کە دەیانزانن شاعیران بتوانن بەتوانای خۆیان شتی وا بنووسن، بیرەکەشیان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە بۆچی هەموو مرۆڤێك شاعیرنییە؟ ئەم لایەنی سایکۆیانەی نێو دەقەکان بەشێوەی جۆرە سیحرو پەرجوویەك دەهاتە پێش چاو، کە لەسەرووی خۆیانەوە ئاڕاستەیان دەکرێت .

( ڕوباك ) دەڵێت : (( دەروونناسی و ئەدەب هەمان خاسیەتیان هەیە لە خەیاڵ و بیرۆکە و سۆز و شعور...دا ))(٢٣) هەروەها هۆراس دەڵێت (( ئەگەر ویستت فرمێسکم پێ بڕێژی دەبێ لەپێشدا خۆت هەست بەگەزینی ئازار بکەیت، تەنیا ئەو کاتەش چەرمەسەرییەکانت خەمبارم ئەکەن ))(٢٤)بێگومان لاوازترین شیعریش پێوەندی بەلایەنی دەروونییەوە هەیە، چونکە شیعر کۆمەڵێ بازنەی بەدەوری خۆی دا کردووەو لەگەڵ زۆر بابەتدا هاوبەشە لەوانەش دەروون ناسییە، بەڵام ئەم هاوبەشییەش لەدەقێکەوە بۆ دەقێکی تر جیاوازە، ئێمە زیاتر مەراممان ئەو دەقانەیە کە زیاتر چوونەتە نێو بواری دەروونناسییەوە وەك؛ دووبازنە تا ئاستێکی زۆر یەکتریان بڕیووەو ئاوێتەی یەکتر بووین، هەموو ژانرەکانی ئەدەبی پێوەندییان بەلایەنی دەروونییەوە هەیە، بەڵام پێوەندی شیعر بەلایەنی دەروونی بەهێزە .

## چەمکی ڕەخنەی دەروونی :

ڕەخنەی دەروونی ئەو میتۆدەیە کە کار لەسەر دەقی ئەدەبی دەکات و چەند بنەماو ڕێو شوێنێکی هەیە بۆ دۆزینەوەی نهێنیەکانی ناوەوەی دەق، لەڕێی ڕۆچوونی بۆ نێو ژیانی ئەدیب و چۆنیەتی ژیانی هەر لەمناڵییەوە تا قۆناغەکانی ژیانی، ئەم ڕەخنەیە گرنگی و بەهای خۆی هەیە و ڕاڤەی دەقەکان دەکات.

(( زانایانی دەروونناسی بەزۆری ئەدەبیان هەڵبژاردووە وەك مادەیەك بۆ بابەتە دەروونییەکانیان وە لە دووتوێ توێژینەوەکانیاندا لەنێو کارە ئەدەبی و هونەرییەکاندا گەلێ ڕاستی دەروونیان هەڵێنجاوە کەبایەخێکی زۆر مەزنیان هەیە، بەڵگەش لەسەر ئەوە دانپیانانەکانی خودی فرۆیدە کە دەڵێت نووسەران لەپێش ئەودا ئاستی بێئاگاییان دۆزیووەتەوە ))(٢٥) هەر یەك لە ( یۆنگ ) و (ئەدلەر )یش گرنگیان بەلایەنی نەست داوە، ئەگەر چی هەریەکەیان لەتیۆرەکەیاندا زیاتر لایەنێك زەق دەکەنەوە ( فرۆید ) گرنگی بەنەستی تاك داوە، ( یۆنگ ) گرنگی زیاتری بەنەستی کۆ داوە، ( ئەدلەر )یش زیاتر گرنگی بە هەستکردن بە کەم و کوڕی داوە لەلایەنی ئەدیباندا، واتا هەرچەندە بۆچوونەکانی بواری لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی سایکۆلۆژی جیاوازە، بەڵام گۆشەنیگاو ڕووانینی هەریەك لەم زانایانەش ڕێنیشاندەرو هەوێنی لەقاڵبدان و توێژینەوەی ئەدەبین کە لەژێر تیشکی بۆ چوونەکانیاندا ناخی ئەدیبانی پێدەخوێندرێتەوە .(( میتۆدی ڕەخنەی دەروونی لەبواری ڕەخنەی ئەدەبیدا، میتۆدێکی زۆرباوەو ژمارەیەکی زۆری ڕەخنەگران پەیڕەوی بنەماکانی ئەم میتۆدەیان کردووە، بەمەبەستی شیکردنەوە و تێگەیشتنی بەرهەمی ئەدەبی و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە باری دەروونی نووسەرەکە تابەهۆی زانینی ژیانی نووسەرەوە بتوانرێت هەندێك لایەنی شاراوەی بەرهەمەکە ئاشکرا بکرێت ))(٢٦) ڕەنگدانەوەی باری دەروونی نووسەر بەرانبەر بەدیاردەیەك کارەساتێك هەڵوێستێك ... لە نێو دەقەکاندا دەدۆزێتەوەو نهێنییە شاراوەکان دەخرێنە ڕوو (( ڕەخنەی دەروونشیکاری، وەك شێوەیەکی سەرەتایی، لەفرمانی خەیاڵی و لەبەرهەمی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە، لەدەرخستنی عەقڵ و پێکهاتەی کەسایەتی خودی دانەر دەکۆڵێتەوە ))(٢٧) و کەسایەتی دەکاتە یەکێك لە بنەماو پایە گرنگەکانی لێکۆڵینەوەکەی و چۆنییەتی و شێوازەکانی داهێنان لە کەسایەتی نووسەرەوە هەڵدەهێنجێت . (( لەشیکاری دەروونیدا، تەنها سەرچاوەکانی فرۆید نابنە بنەما، بەڵکو بیرو بۆچوونی قوتابیەکانی و شوێن کەوتەکانیشی وایانکرد کە لەمیتۆدەکەی تێبگەن بیروبۆچوونی خۆیانی تێبئاخنن و لە لێکۆڵینەوەکانیاندا بەکاریبهێنن لەوانە براون J.f.Brawn، ئیدمون برجلر E.Berqler، ... هەموو ئەو ناوبراوانە هەوڵیاندا بەپێی ئەوەی هەیە لە هونەرمەند بگەن )) (٢٨) و بۆ چوونی خۆشیان بخەنە سەرکارە ڕەخنەییەکان و هەوڵی بەرەو پێشەوەچوونی پێبدەن، دەتوانین بڵێین میتۆدی دەروونی (( ئەو میتۆدەیە کە دەربارەی ژیانی شاعیر دەدوێ، سیماو خاسیەتەکانی شاعیر دەردەخات لەمیانەی کارەکانی داو ڕوناکی دەخاتە سەر ئەنجامەکانی ))(٢٩)،چونکە لەڕێی ژیانی شاعیرەوە کلیلی ئەو قوفڵانەت دەست دەکەوێت کەهێشتا داخراون و نەکراونەتەوە، چۆنییەتی ژیانی شاعیر و قۆناغەکانی زۆر گرنگە بۆ توێژەری ئەدەبی و ئەو توێژینەوەی کە بەلای سایکۆلۆژی دادەشکێتەوە . (( ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی، بگرە هونەریش بوارێکی ئێجگار بەرفراوانە بۆ ڕەنگدانەوەی دیاردە دەروونییەکان، هەربۆیە ڕەخنەگران ئاوڕیان لەم لایەنە داوەتەوەو بەدەروازیەکی دەروونیان داناوە ))(٣٠) و توێژینەوەی جۆرا و جۆری لەبارەوە کراوە و بووە بەمیتۆدێکی کاریگەر و دەروازەیەکی باش بۆ ڕەخنەگران، ئەو میتۆدەش

بەبەردەوام لە گەشەکردن دایە، چونکە لایەنی دەروونی لەئەدەبیات نابێتەوەو لەهەموو سەردەمێکدا هەر لەگەڵی دەبێت و ئەم ئاوێتەبوونەی ئەدەب و دەروونزانی وای کردووە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم میتۆدە گەشە بکات و بەکار بهێنرێت،چونکە (( تیۆری دەروونشیکاری لەگرنگترین تیۆرەکان دادەنرێت، کە گرنگی بەڕاڤەکردنی هەڵسوکەوتی خودی مرۆڤ دەدات، کەشتێکی دیارە هەموو تیۆرەکانی ڕاڤەکردنی دەروونی بەلێکۆڵینەوەی هەڵسوکەوت دەست پێدەکات ))(٣١) هەڵسوکەوت بەو مانایەی کە ڕەنگدانەوەی خودی ئەدیبەکەیە لەهەڵوێست و دەربڕینی هەستە پەنگخواردووەکانی خۆی لە ئاست ژیان و کێشەو بەسەرهاتوو قۆناغەکانی ژیانی ئەدیبەکە .

ئەم میتۆدە (( ڕێگایەکە لەڕێگاکانی لێکۆڵینەوە لەپێوەندی تاك بە کۆمەڵگاکەی و ڕووداوەکانی، تاچەند ئەدیب پابەندە یا پابەند نییە بەشوێنی ژیانی ))،(٣٢) واتا ژینگەو شوێنی ژیانی شاعیر گرنگی خۆی هەیە، ئەو سروشتەی تیای ژیاوە، واتا شاعیرێك لەناوچەیەکی بیابان نشین ژیابێت لایەنی سایکۆیی جیاوازە لەو شاعیرەی کە لەشوێنێکی چیانشین ژیابێت، تەنانەت شوێنە ساردو گەرمەکانیش کاریگەری دەروونی بەسەر تاکەکان جێ دێلێت .(( زۆربەی ڕەخنەگرە ئەدەبییە مۆدرێنەکان وەك زۆربەی داهێنەرە مۆدێرنەکان قەرزاری فرۆیدن، ڕەخنەگرە سەرەکییەکان بۆ نموونە؛کینس بوك، ئەدمۆن ویلسۆن، لاینبڵ تریلینگ، ئەم ڕەخنەگرانە چەمکە سەرەکییە فرۆیدییەکانیان لەناو ڕوانگە و ڕێبازە ڕەخنەییەکانیان بەشێوەیەکی هاوتەریب بەکارهێناوە ))(٣٣)( ئەدلەر ) و دەیان توێژەری تر لەسەر تیۆرەکەی گەشەیان کردووەو کارێکی زۆریان لەسەر کردووە. هەروەها(( پەرەسەندنی لێکۆڵینەوە دەروونییەکان کاریکردە سەر دەرکەوتنی چەندین قوتابخانە و ڕێبازی هونەری و ئەدەبی وەك، ڕێبازی ڕەمزی و ڕێبازی سوریالی ))(٣٤) لەمەشەوە زیاتر گرنگی و بەهای ڕەخنەی دەروونیمان بۆ دەردەکەوێت کە نەپووکاوەتەوە، بەڵکو گەشەی کردووەو ڕێبازی ڕەخنەیی تری بەدوای خۆیدا داهێناوەو بووە بە چاوگەو بەخشینی بیرۆکەی تر و دروست بوونی ڕێبازی ڕەخنەیی تر.

## مێژووی ڕەخنەی دەروونشیکاری :-

سەرنجدان لەلایەنی دەروونی مرۆڤەوە مێژوویەکی دێرینی هەیە، چونکە بابەتەکە پەیوەستە بەژیانی مرۆڤەوەو هەموو مرۆڤێکیش تیایدا بەشدارە، واتا وەك بابەت و زانست و شتەکانی تر نییە کە لەپڕ دۆزرابێتەوە وگەشەی پێدرابێت، بەڵکو لایەنی دەروونزانی بەشێك بووە لەمرۆڤ بەسەرجەم دیاردەکانییەوە،بەڵام بەزانستیکردن و بەنووسین و لێکجیاکردنەوەی دیاردەو نەخۆشی و شێوازەکانی دەروونی ئەوە بێگومان قۆناغ بە قۆناغ گەشەی کردووەو پێشکەوتووە، هەر زانایەك هاتووە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کردووەو زانیاری نوێی خستۆتە سەر شتە کۆنەکان، یاخود خۆی سەرەداوێکی نوێی دۆزیوەتەوە، کەواتە (( مێژووەکەی لەمێژووی بیرکردنەوەی مرۆڤ جیانابێتەوە ))(٣٥) چونکە لەوەتەی مرۆڤ هەیە بەشێوە سەرەتاییەکەی هەست بەدیاردەی شەرم و ترس و خەمۆکی و نامۆیی و ڕەشبینی و بێبەش بوون و ... کردووە .

سەرەتای ئەم زانستە خۆی لەبابەتەکانی فەلسەفە لۆژیك و ... پێچابووەوەو سەربەخۆیی خۆی نەبوو. (( ئەفلاتوون ٤٠٠ ساڵ پ . ز، باسی جیاوازی نێوان منداڵانی کردووەو کۆمارەکەی لەسەر بنچینەی ئەم جیاوازییەی نێوان تاکەکان دامەزراندووە، ئەرستۆش لەبارەی فرمانی هۆشەوە چەند بنچینەیەکی باس کردووە کە ئەمانەن ( أ- پێکەوە بوون ب- لەیەك چوون ج- دژایەتی )، واتا هۆش بەوەش دەیناسێتەوەو دەیزانێت کە لەگەڵ شتێکی تر دا بێت، یان شتێك وەك شتێکی دیکە بێت و یاشتێك دژی یان پێچەوانەی شتێکی تر بێت، کە دواجار ئەو یاسایانەی ئەرستۆ، بووە هۆی لەسەر دوان و لەسەر نووسینێکی زۆر ))(٣٦) یۆنانییەکان لەزۆر بواردا دەست پێشخەر بوون و باسیان کردووە، فەیلەسوفەکانیان باسی لایەنی دەروونیان کردووەو لەزۆر شوێنیش بەکارە ئەدەبییەکانیشیان بەستووەتەوە. (( دەروونزانی لەسەرەتای سەر هەڵدانییەوە وەك زانستەکانی تر بەشێك بووە لە فەلسەفە بەزانستی ڕوح دەژمێردرا لەلایەن یۆنانییەکانەوە بەناوبانگترین فەیلەسوفەکانی یۆنان سوکرات و ئەفلاتوون و ئەرستۆ ))(٣٧) بوون کە لەم بابەتە دواون .

بێگومان فەیلەسوف و بیرمەندانی تریش لەم بابەتە دواون و ڕوانگەی خۆیان خستۆتە ڕوو، لەوانە فەیلەسوفی چینی ( کوانگتو، ٣٠٠ ساڵ پ.ز دەڵێت (( دەوونی مرۆڤ لەکاتی نووستندا پاك دەبێتەوە، بیرکردنەوەی فراوان دەبێت و هەموو ڕێگرەکان لەبەردەم هزردا دەکرێنەوە ))(٣٨)واتای ئەوەیە لە خەوندا شتە خەفەکراوەکان سەر هەڵدەدەنەوەو دێنەوە جارێکی تر وێنە پچراوەکان مۆنتاژ دەکرێنەوەو لەشێوەی خەون خۆیان بەدەردەخەن . نووسەری ئەڵمانی ( یۆها فولفانگ ) دەڵێت: (( نووسین مانای شۆڕبوونەوەیە بۆ ناو قوڵایی هزرو داهێنان لەلای تاکدا ))(٣٩) قوڵایی هزر واتای شۆڕبوونەوەیە بەجیهانی دەروونی تاك بۆ هەڵێنجانی بیرۆکەو داڕشتنی. لە سەدەی چوارەمی پێش زاین لەڕەخنەی ئەدەبی لای ئەرستۆ گوزارشتی لێکرا (( ئەرستۆ تیۆرەکەی خۆی خستە ڕوو لەبارەی پاکبوونەوە (التطهیر) و وتی غایەی تراژیدیا بۆ ئەوەیە بەزەیی و ترس بوروژێنێ، نەفسیش زیاتر لەپێویست پاك دەبێتەوە لەو دوو سۆزە، لێرەدا هاوسەنگییەك دروست دەبێت لەمەر شاعیری دەروونی جۆراوجۆردا، ئەمەش بەرپەرچ دانەوەیەك بوو بۆ ئەفلاتوون، کە هەڵوێستی توندی بەرانبەر بەشاعیران هەڵگرتبوو لەکۆمارەکەیدا، چونکە بەبیری ئەو شاعیران لاسایی کەرەوەن، کاری شیعر لەدیدی ئەفلاتوون تێکدەرە، چونکە کار لەسۆز دەکات و شتێکی خراپی کۆمەڵایەتییە،

لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ شیعری قبووڵ کردووە، کەستایشی خوداو پاڵەوانان و پیاوە باشەکان دەکەن ))(٤٠) دەبینین ئەفلاتوون باس لەلایەنێکی دەروونی دەکات ئەویش ( سۆزە ) بێگومان سۆزیش بزوێنەری دەروونە و خەڵك بۆلای خۆی ڕادەکێشێ، واتا بوونی ئەولایەنە سایکۆلۆژییەی نێو شیعر لەمێژە قسەی لەبارەوە کراوەو گفتووگۆی جیاوازی لەبارەوە گوتراوە .

(( میسرییەکان و بابلییەکان و ئاشورییەکان لە شارستانییە مێژوویەکانیاندا توانیان هەندێك لە تێبینییە پزیشکییەکانیان و کارە چارەسەرییەکانیان بنووسنەوە لەسەر کاغەزی بەردی و قالبە قوڕی سورکراوەو لەسەر بەردیش بۆ نموونە؛ کاغەزە بەردییەکەی ( کاڕن ) سێ جۆرە وەسفی تێدایە لەبارەی نەخۆشییەکانی گۆڕانکارییەکانی منداڵدان، هەندێك لە میسرییە کۆنەکان ئەمەیان پێش ( سوقرات ) دەربارەی نەخۆشییەکانیان زانیوە بەتایبەتی نەخۆشی هستریا ))(٤١) واتا ڕاستە لای یۆنانییەکان بابەتەکە زەق کراوەتەوە، بەڵام لەشوێنی تر و لەنێو وڵاتان و میللەتانی تریشدا کەم و زۆر لەم بابەتە دواون . (( ڕەخنەگرە کۆنەکانی عەرەبیش هەوڵیان داوە هۆکارەکانی سەرهەڵدان و دروست بوونی شیعر دیاری بکەن کە لە ئارەزووی ترس و توڕەیی و هەندێ لایەنی تری دەروونیدا هۆکارن بۆ لەدایك بوونی شیعر ))(٤٢) ڕەخنەگر ( ستانلی هاین ) ((وا دەبینێت کە ڕەخنە بەگشتی دەروونییە ))(٤٣)، لەزۆر کاری ڕەخنەییدا ڕەخنەگر دەووروژێ بەرامبەر دەقێك جا چ لەڕووی باشی دەقەکە یاخود خراپی دەقەکە بۆیە هەوڵ دەدا لێکۆڵینەوەی لەبارەیەوە بکات.(( ئەفلاتوون شاعیرانی لە کۆمارەکەی دوور خستەوە، چونکە پێی وابوو لایەنی خراپی هەیە بۆ سەر لاوەکان ))(٤٤) بێگومان ئەم بیرۆکەیەش، واتا لایەنی دەروونی وای لە ئەرستۆ کرد کە بیرۆکەی پاکبوونەوەی ( Catharsis ) کردە بنەمای خۆی .

(( دەمێکە بابەتی دەروونی شوێنی خۆی لە نێو ئەدەبی ئەوروپایی کردۆتەوە، دەتوانین شانۆ نامەی ( ئۆدیب پاشا )ی سۆفۆ کلیسی شانۆ نامە نووسی یۆنانی کۆن لەسەدەی پێنجەمی پێش زاین بکەینە سەرەتایەکی باش بۆ سەرهەڵدانی ئەدەبی دەروونی لە ئەدەبی جیهانیدا، چونکە لەو دەقە ئەدەبییەدا ( سۆفۆکلیس ) بەشێوەیەکی شانۆگەریانە گرێی دەروونی باوکسالاری خستۆتە ڕوو . هەروەها دەتوانین شانۆ نامەی ( هاملت )ی ولیەم شەکسپیر شانۆ نامە نووسی ئینگلیزی سەدەی هەڤدەهەمی زاینیدا بکەینە بەڵگەیەکی دیکە بۆ ڕەنگدانەوەی کێشەی دەروونی لەنێو دەقی ئەدەبیداو بەتایبەتی لەنێو دەقی شانۆدا ))(٤٥) بێگومان ڕەخنە لەسەر دەقەکان ئیش دەکات بوونی ئەو دەقە دەروونیانەش وایان کرد کە ڕەخنەگران کلیلی ئەو قوفڵانە بدۆزنەوە بۆ کردنەوەی گرێ و گۆڵەکانی دەروونی، ئەم دەقە دەروونیانە بوونە هەوێنی لەدایکبوونی ڕەخنەی دەروونی .

(( القاچی الجرجانی ( ٣٦٦ ك ) یەکێکە لەوانەی درکی بەگرنگی ڕەهەندی دەروونی کردووە لەپرۆسەی داهێناندا، مەلەکەی شیعری شیکردۆتەوەو گەڕاندوویەتییەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکاری وەك زیرەکی و بلیمەتی، دەڵێت : خەڵکەکە جیاوازن ... شیعری هەندێکیان ناسکەو هی هەندێکی تریان قورسە، گوتەی کەسێکیان ئاسانەو لۆژیکی ئەوەی تر سەخت و ئاڵۆزە، ئەمەش بەپێی جیاوازی سروشت و پێکهاتەی دروست بوونیانە، سەلامەتی سروشت سەلامەتی گوتە بەدوای خۆیدا دەهێنێت نەرم و نیانی قسە بەئەندازەی نەرم و نیانی کەسەکەیە ))(٤٦) دەبینین (القاضي الجرجاني ) ڕۆچۆتە ناخی دەروونی شاعیران و تایبەت مەندی و جۆری

هەڵسوکەوتی شاعیرێك لەگەڵ یەكێكی تر لەڕووی دەروونییەوە جیاکردۆتەوە، (( ئەو گەشەو گۆڕانەی لەسەدەکانی ناوەڕاست بەدواوە ڕوویاندا لەگەڵ دروست بوونی شۆڕشی پیشەسازی لە ئەورپادا، لە بواری مەعریفیدا گەشەو گۆڕانێکی نەرمتی بەخۆیەوە بینی، ئەگەر چی هەموو زانستە سروشتی و مرۆڤایەتییەکان بەلق و بەشە جیاوازەکانییەوە لەسەرەتای مێژووی زانستەکانەوە لەنێو بازنەی فەلسەفەدابوون بەشێوەیەکی ڕووکەشی سادە فەلسەفە زۆربەی زانستەکانی لە باوەش دەگرت، لەگەڵ ئەو بەرەو پێش چوون و گۆڕانانە بەشێوەیەکی گشتی تەکانێك درایە بەر بازنەی فەلسەفەو زانست و لقەکانی لێ جیاکردەوە یەکێك لەو زانستانەی کە تەکانێکی گەورەی پێدراو بەر ئەو پێشکەوتنەو گۆڕانانە کەوت ئەویش زانستی دەروون زانی بوو کە وەك زانستێکی سەربەخۆ ناسرا ))(٤٧) لە دوای ئەوە وردە وردە دەروون زانی بەسەربەخۆیی کاری بۆ کرا و گەشەیەکی زۆری کرد و نووسەرانێکی زۆر خۆیان تەرخان کرد بۆ لێکۆڵینەوەی دەروونی .

لەسەدەی حەڤدەم دا فەیلەسوف ( ژۆن لۆك ) بەدەرکەوت کە دیدی نوێی هەبوو بۆ سایکۆلۆژیاو ژیانی منداڵان بەتایبەتی جەختی لەسەر ئەوە کردووە کەمنداڵ وەك لاپەڕەیەکی سپی وایە لەنێو کۆمەڵگا پڕ دەبێتەوە.

بێگومان ئەو بۆ چوونەش تاڕادەیەك زۆر ڕاستە هەرچەندە ( جۆن لۆك ) لایەنی بۆماوەیی فەرامۆش کردووەو شتەکە دەداتە دەست کۆمەڵگا، بەڵام بێگومان کۆمەڵگاو شوێن و ژیانی تاکەکەی ڕۆڵ دەبینێ لەباری سایکۆلۆژی چ بۆ شاعیران و نووسەران ڕۆڵەکە ڕەنگدانەوەی دیاری دەبێت . (( کۆلریدج لەسەدەی نۆزدەهەم دا بەدەرکەوت و لێکۆڵینەوەی لەبارەی سایکۆلۆژیای ئەرستۆ کردو لەگەڵ زیاد کردنی بیرۆکەکانی دیکارت و هۆبز، سوودی لە بۆچوونی کەسانی تریش وەرگرت ))(٤٨) بەڵام دەتوانین بڵێین (( سایکۆلۆژیا مێژووەکەی لەساڵی ١٨٧٩ بەرەوژوور ناروات، ئەو ساڵەی کە ( ڤونت) ئەزموون گەریدا سایکۆلۆژیای لەشاری لایبزگ دامەزراند و لەم ئەزموونگەیەو لەم کاتەدا سایکۆلۆژیا سەرەتای ڕەوتی زانستی ڕاستی خۆی و گیروگرفتەکانی خۆی بەخۆ دەگرت بۆ ئەوەی بەدوایدابگەڕێت و لێیان بتوژێتەوە ))(٤٩)ئاماژەکردن بەم ساڵانەش بۆ ئەوەیە کەئیتر لەدوای ئەم هەوڵانە سایکۆلۆژیا وەکو؛زانستێکی سەربەخۆ بەشێوەیەکی تایبەتی لێکۆڵینەوەکانی پێشکەش کرد ئەگەر نا سەرەتاکانی سایکۆلۆژیا بۆ سەردەمی یۆنانییەکان دەگەڕێتەوە.

(( دەروونناسی وەك زاراوەیەك لەلایەن دەروونناسی ئەمریکی ولیەم جیمس لەساڵی ( ١٨٩٨ ) لەنێو کتێبەکەی دا ( شەنگستەکانی دەروونناسی prin ciple shology of pny داهێنراوەو لێدوان لەبارەی زیاتر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستی پێکردووە . هەروەها دەروونناسی وەك زانستێك پێش فرۆید هەبوونی هەبووە، بەڵام فرۆید توانی ببێتە خاوەن تیۆری دەروونشیکاری لەڕەوتی ئەم زانستە ))(٥٠) لەسەرەتای سەدەی بیستەم دەتوانین بڵێین سەدەیەکی زۆر ڕۆشنە بۆ گرنگی دان بەلایەنی دەروونی ئەویش بە هۆی هەڵکەوتنی چەندین زانای بەتوانا لەم بوارەدا .فرۆید لەساڵی ١٨٩٩ کتێبێکی بڵاوکردەوە لەبارەی ( لێکدانەوەی خەونەکان ) باسی لایەنی من، منی باڵا، کاریگەری نەست و ( نائاگایی ) کردووە . (( لەم کتێبەدا باسی بنەماکانی خەونیشی کردووە کە دەبێتە هۆی جێبەجێ کردنی حەزەکانی مرۆڤ هەروەها هونەرمەندان و ئەدیبانی بەنەخۆشی دەماری پەیوەست کردووە ئەمە یەکەمین لێکۆڵینەوەی فرۆید بووە لە بواری میتۆدی ڕەخنەی دەروونی ))(٥١) لەشوێنی ترو لەلایەن ڕەخنەگرانی تریش ڕەخنەی دەروونی برەوی پەیداکردو

بەکارهات (( میتۆدی دەروونی بۆ ماوەیەکی کەم لە ئینگلتەرا بڵاوبوویەوە، وەك لێکۆڵینەوەکانی ( ئەرنست جۆنز ) ( E.Jones ) لەبارەی (هاملێت)ەوە لەساڵی ( ١٩١٠ )، لێکۆڵینەوەکانی ( ڕیچادز ) لەکتێبەکەیدا کە بەناوی ( بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی ) یە ( ١٩٢٤ )، هەروەها خاتوو ( مودبود کین ) لەکتێبەکەیدا بەناوی نموونە باڵاکان لەشیعردا (putterhs in poetry 1934 ) ( Arcnety ple ) ... هەروەها میتۆدی دەروونی لەفەرەنساو ئەمریکاو هەموو جیهاندا بڵاوبوویەوە))(٥٢) بووە میتۆدێکی کاریگەرو ڕەخنەگرانێکی زۆر خستیانە بواری لێکۆڵینەوە . (( ئەم هەوڵەی فرۆید کە ئاوڕی لەئەفسانەو بەشێکی ئەدەبی کۆنی دایەوە ، خۆی لە خۆیدا دەتوانین بەسەرەتاکانی مێژووی سەرهەڵدانی دەروونزانی ئەدەبی لەقەڵەم بدەین، چونکە فرۆید لەم کارەیدا دەرگای کردەوە لەسەر ئاوێزان بوون و ئاوێتە بوونی ئەدەب و دەروونزانی لەگەڵ یەکتردا . بەم کارەشی بەردی بناغەی دەروونشیکاری ئەدەبی داناو ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ لێکۆڵەران و توێژەرانی دوای خۆی کە ئەم هەنگاوە بەجیاو سەربەخۆ وەربگرن لەڕێبازەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا و وەك قوتابخانەیەك ناوزەد بکەن ))(٥٣) ئەو هەوڵە چڕانەی ( فرۆید ) کە دای لەژیانی خۆی ڕاچەنینێکی گەورە بوو بۆ قوتابیانی و بۆ شەیدایانی تری بواری دەروونی، دەتوانین بڵێین سەدەی بیستەم سەدەیەکی ڕۆشنە بۆ گەشەکردن و بەرەو پێشچوونی ڕەخنەی دەروونی ئەویش بەهۆی پایەبەرزێکی وەك ( فرۆید ) بووەو دەیان لێکۆڵەری بەدوای خۆیدا هێناوە . (( فرۆید لەبواری بایەخدان بەبەرهەمی ئەدەبی لەبواری دەروونشیکاری ئەدەبیدا سێ لێکۆڵینەوەی شیکاری نووسیوە یەکەمیان ساڵی ( ١٩٠٦ ) بوو بەناونیشانی ( وڕێنەو خەو بینین لەچیرۆکی گرادیڤای یانسن ) و دووەمیان ساڵی ( ١٩١٠ ) بوو بەناونیشانی یادێك لە منداڵی لیۆناردۆ دافشی و، سێیەمیان ساڵی ( ١٩٢٨ )، بوو بەناونیشانی دستۆیفسکی و تاوانی کوشتنی باوك ))(٥٤) ئەم سێ لێکۆڵینەوەیە بەهایەکی باشی هەبوو توانی لەڕێی لێکۆڵینەوەکانی ڕۆبچێتە نێو ژیانی نووسەرەکان و گرنگییەکی زۆریشی بە قۆناغی منداڵی و حەزو خولیاکانیانی داوە . (( فرۆید ڕاڤە کردنێکی لێهاتووانەی بۆ ڕۆمانی ( برایانی کارامازۆڤ ) ی فیۆدۆر دۆستۆفسکی کردووە، لێکۆڵینەوەیەکی دوورو درێژی بۆ خەون و خەیاڵ کردووە، ( ١٩١٧ )، بۆ ڕۆمانی ( گرادیڤا )ی نووسەر ولیام جێنس، بەتایبەتی دوای سییەکانی سەدەی بیستەم))(٥٥) لەدوای ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردوودا لەسەر ڕێی و شوێنی فرۆید چەندین ناوی تر لەبواری ڕەخنەی ئەدەبیدا بەدەرکەوتن و بابەتی بەپێزیان خستە ڕوو . لەوانە یەکێکی وەکو (( ( شارل مۆرۆن ) (٥٦) هاتە پێشەوە ... توانی لەساڵی ١٩٤١دا توێژینەوەیەك لەسەر شاعیری فەرەنسی ( مالارمێ )دا بکات، لەساڵی ( ١٩٥٧ )دا لێکۆڵینەوەیەکی گرنگی لەسەر ( ڕاسین ) ی شاعیر بە ناونیشانی نەست لەکارەکانی ڕاسیندا بڵاوکردەوە ))(٥٧) (مۆرۆن) ناوێکی دیارە لەنێو ڕەخنەگرانی هاوچەرخدا دەتوانین بڵێین باڵپشت و درێژەپێدەری ئەم میتۆدە ڕەخنەییەیە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا شێوازی تایبەت بەخۆی دۆزییەوەو پێچەوانەی هەندێ لە بۆچوونەکانی فرۆید وەستایەوە . (( مۆرۆن گرنگییەکی تایبەتی بەشاعیری فەرەنسی ( مالارمێ ) داوە، چونکە لەناو شیعرەکانیدا هەمان ئەو تێروانینەی دۆزیوەتەوە، کە پاڵپشتی لەبۆ چوونەکانی مۆرۆن کردووە، لەبابەت ئەو پێوندییەی، کە لەنێوان جیهانی تاکی داهێنەر و سروشتی جیهانی دەق دا هەیە ))(٥٨) شارل مۆرۆن لەدوای ساڵانی ١٩٤٨ کارە ڕەخنەییەکانی خۆی

خستەڕوو، ئەو ڕێبازەی چەند شاعیرێکی فەڕەنسی پیادەکرد لەوانە ( ڕاسین ) و ( بۆدلێر ) و ( مۆلێر ) و ( ڤالێری ) و ( ڤیکتۆر هۆگۆ) (٥٩) دواتر کتێبی بەپێز دەرچوون .

(( یەکێك لەباشترین کتێبە بەناوبانگەکانی ئەم شێوازە کتێبی ( هاملێت و ئۆدیب )ە لەلایەن ئەرنست جۆینسی دەروونشیکارەوە نووسراوە لەساڵی( ١٩٤٩ )دا، ئەم کتێبەش لەسەر پێشنیارەکانی پێشتری فرۆید بنیاد نراوە )) (٦٠) (( لەدوای ئەوەش تیۆرەکانی فرۆید و کۆمەڵە زاراوە نوێیەکانی بڵاو بوونەوەو ئەدیب و ڕۆمانسییەکان هاندران و توانیشیان زیاتر قووڵ ببنەوە لەدەرخستنی لایەنی واقیعی سایکۆلۆژیای مرۆڤ )) (٦١) ئەو گرنگی دانە بەلایەنی سایکۆلۆژی و شەپۆلی هۆشی لەنێو ڕۆماندا لەنێو ژانرەکانی تری ئەدەبیش لایەنی دەروونی زیاتر گەشەی کرد واتا نووسەرانیش بەرەو ئەو ئاراستەیە چوون و زیاتر گرنگیان پێدا، چونکە پێشتر ڕەخنەی دەروونی ئەو زەمینەی فەراهەم کردو گەشە پێدا .

( یۆنگ ) ئەگەر چی زۆر لایەنگری بیرو بۆچوونەکانی ( فرۆید )بوو بەڵام لەساڵی ١٩١٤دا جیابۆوە و ڕێبازێکی تری بۆ لێکۆڵینەوەکان هەڵبژارد، کە زیاتر بیرۆکەی نەستی کۆی خستە ڕوو، واتا سەرەتا ( یۆنگ ) کە قوتابی ( فرۆید ) بوو هاوڕابوو لەگەڵ بۆچوونەکانی فرۆید دواتر لێی جودابووەوە، بەڵام بۆچوونەکانی ( فرۆید ) ڕۆڵێکی مەزنیان هەبوو لەفراوان کردنی بیرو بەهرەی ( یۆنگ ) بۆ دەربڕینی تیۆرو شتی جیاوازتر لە ( فرۆید )، (مود بۆرکین ) لەبارەی ( یۆنگ )ەوە دەڵێت (( لەوانەیە ( لەفرۆید )یشی تێپەڕاندبێ بەهای یۆنگ لەدوو بیرۆکەی بنچینەیی هەڵدەقوڵێت ئەوانیش ( نموونە باڵاکان ) و ( نەستی کۆ ) یە . نموونە باڵاکان بەپێی پێناسەی یۆنگ وێنە سەرەتاییەکانی نەستییە کەلەژمار نایەن یاخود نیشتە دەروونییەکانی ئەزموونە سەرەتاییەکانی نەستییە کە لە ژمارە نایەن ))(٦٢) هەرچەندە یۆنگ خاوەن تیۆری خۆیەتی، ( فرۆید )یش ڕۆچۆتە نێو جۆرەها لایەن و بابەتی دەروونی و ڕەخنەکانی خۆشی لەسەر زۆر دەقی ئەدەبی پراکتیزەکردووەو ئاستی پێشکەوتنی خۆی هەیە . جاك لاکان ( Jacaues Locan ) یەکێکە لەو دەروونناسە بەتوانایانەی کەلە سەر بنەماکانی کارەکانی ( فرۆید ) ئیشی کردو بۆچوونەکانی لەژێرڕۆشنایی تیۆرە زمانەوانییە نوێیەکان کر دارشتووە .

M.Hئەمبرامز دەڵێت: (( جاك لاکان ( فرۆیدی فەرەنسی )، زۆر کاریگەربووەو گەشەی داوە بەوەرگێرانی هێماناسی Semiotics فرۆید، دووبارە چەمکە بناغەییەکانی دەروونشیکاری دادەڕێژێتەوە، کە لە تیۆری زمانەوانی فێردیناند سۆسێرەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەکارهێنانی ئەم چەمکانە بۆ خەڵك نییە، بەڵکو لەچۆنییەتی کارکردنی پرۆسەی مەدلول دایە ))(٦٣) جاك لاکان(٦٤) سوودی لەبۆچوونەکانی فرۆید و دیسۆسێری زمانەوانی سویسری بینیوەو پێکەوە ئاوێتەی کردووە، بەڕەنگ و ڕوویێکی نوێ پرۆسە ڕەخنەییەکەی خۆی پێشکەش کرد .

دەتوانین بڵێین ئەدلەریش سودێکی زۆری لەبۆچوونەکانی ( فرۆید ) وەرگرتووەو،بەڵام دواتر ئەویش لێی جیابووەوەو بابەتی ((گرێی هەست بەکەمی کردن )) کردە ڕووگەی کارەکانی خۆی .

یەکێك لەو ڕەخنەگرانەی کە گرنگی بەلایەنی دەروونی خوێنەر داوە ( ڕیتشاردز )ە (( کە هەوڵی دروست کردنی پێوەندی لە نێوان ئەدەب و ( نووسەر ) و خوێنەر ( وەرگر ) ( تاك، یا کۆمەڵ ) داوە، ئەمەش لەگرنگیدانی ( ڕیتشاردز )ەوە بەتیۆری ( گەیاندن ) سەرچاوەی گرتووە )) (٦٥) یەکێکی تر لە کەسەزۆر

ناسراوەكان ئەویش( جولیا كریستیڤا )یە، دوای دەرچوونی كتێبەكەی بەناوی (( لەپێناوی شۆڕشێك بۆ زمانی شیعری ... بەرەو شیكردنەوەی دەروونی Psycno analysis  هەنگاوی ناوە ))(٦٦)  كچەكەی ( فرۆید )یش كەناوی ( ئانا ) بوو گرنگی بەقوتابخانەكەی باوكی دا، هەرچەندە هەندێ لە شەنگستەكانی ئەم قوتابخانەیە لەلایەن ( ئانا فرۆید ) و ( ئەریك فرۆم ) و ( ریمۆن ڕابیش ) و ( جاك لاكان ) هەندێ قوتابی تر دەسكاریان كرد بۆ ئەوەی نزیكی بكەنەوە لەگەڵا دەروونناسی ماركسی (٦٧)  هەروەها لەنێو ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبیش ئەم میتۆدەكاری پێكراوەو چەند ڕەخنەگرێك تیایدا ئیبرازیان كردووە لەوانە ( عباس محمود العقاد )، ( المازني ) ( محمد الؤيهي)، ( محمد خلف الله احمد )، عزالدين اسماعيل، مصگفى سويف ... هتد (٦٨) ئێستاش ڕەخنەی دەروونی لەبرەودایە، من پێم وایە دەقیش وەكو قوفڵ وایە كلیلی كردنەوەی خۆی دەوێ واتا دەقی وا هەیە كە بەمیتۆدێكی تری ڕەخنەیی باشتر شیدەكرێتەوە نەك بەهی دەروونی، واتا بۆ خستنە ژێر باری میتۆدێكی ڕەخنەیی دەقەكە تا ئاستێكی زۆر حوكم دەدات كە بەچ پێوەرێك بپێورێت و بەچ میتۆدێكی ڕەخنەیی ڕاڤە بكرێت .

## تیۆری شیتەڵکردنی دەروونی فرۆید(٦٩) :-

### ١-ئاستی ئاگایی :-

ئاگایی یەکەم ئاستی شعورە کە مرۆڤ هەستی پێدەکا، کاتێ بەدەم ڕێگاوە دەڕۆی هەست بەساردی یان گەرمی دەکەی چاوەکانت دیمەنەکان دەبینن و لێکیان جیادەکەنەوە واتا ئاستی ئاگایی ئەو بارەیە کە مرۆڤ تیایدا دەژی و جموجول دەکات و بەئاگایە، کەواتە هەست کردن (( بەقورسی جل و بەرگ بەقەرەباڵغی ئۆتۆمۆبێل یاخود هەست بەباس و خواسی خەڵك دەکەین لە دەوروبەرمان هەروەها هەست بەخۆشی و ناخۆشی دەکەین یان هەست بە کتێب دەکەین کە دەیخوێنینەوە، ئەمانە گشتیان بیرو ئەزموونی عەقڵین کە ناوچەی هەستی ئێمە داگیردەکەن ))(٧٠)،واتا هەموو شتە هەنوکەیی و تازەکان دەگرێتەوە کەلەدەوروبەرمان دا هەن و هەستیان پێدەکەین بەرلەوەی بەشێکیان بگوازرێنەوە بۆ ناوچەی پێش هەست .

(( مێشکی بەئاگا ئەو بەشەیە مرۆڤ بەو پەڕی ئاگاییەوە کارو کردەوەکانی جێبەجێ دەکات و ڕاستەوخۆ بڕیاردەدات و پێویستی بە سەرخستنەوەی یادگارە کۆنەکان نییە ))(٧١) چونکە هەڵوێستێکی هەنوکەییە کە مرۆڤ ڕووبەڕووی دەبێتەوە هەستی پێدەکات .

((مرۆڤ بەهۆی هەستەکانییەوە کەزانیارییەك وەردەگرێ، بۆ ماوەی نزیکەی چارەگە چرکەیەك ( ٤/١ چرکە ) تا بیست چرکە، لە تۆمارکەری یادی هەستیاریدا دەمێنێتەوە، لەو ماوەیەی ئەو زانیارییە لەو تۆمارکەرەدایە، هەڵبژاردنێکی توند ڕوودەدا، تەواوی ئەو زانیارییانە لە ماوەیەکی ئێجگار کورتدا قابیلی بیرهاتنەوەیە ))(٧٢) ئەگەر کەسەکە بەزەینەوە تەرکیز بکاتە ئەو شتانەی کە مەرامیەتی ئەوا بەباشی دەگوازرێنەوە ناوچەی پێش هەست، واتا کاتێ ئێمە بەشەقامێکدا دەڕۆین یاخود بە بازاڕێك گوزەردەکەین سەرپێیی دەڕوانییە هەموو شتەکانی تەواو بیرمان بەلای هەموو شتەبینرا و بیستراوەکان ...نییە، کەواتە هەموو شتە بینراوەکان تۆمار نابن لەنێو ناوچەی پێش هەست، تەنها ئەو شتانەی کە لە مێشك هەڵبژاردنیان بۆ کراوە ڕەوانەی کۆگای پێش هەست دەبن و لەوێ دەپارێزرێن کاتێ ئاگایی و درك پێکردنی هەستی (( دوو پرۆسەی لێك بەستراون، بەئاگایی جەخت کردنە لەسەر وروژێنەرێك و گرنگی دان پێی، بەڵام درك پێکردن بریتییە لە ناسینی ئەم وروژێنەرە، واتە بەئاگایی ڕێ بۆ درك کردنی خۆش دەکات بۆ ناسینی شتەکان ))(٧٣) بۆ نموونە؛ کاتێ بۆنی گوڵ دەکەی یاخود بۆنی فنجانە قاوەیەك یاخود بۆنی سێوێك ... بەهۆی هەستی هەنوکەیی خۆت هەست بەوە دەکەی کام جۆر لەم سێ شتەیە واتا بۆنەکان دەناسیتەوە، بێگومان ئەم ناسینەوانەش پێوەندی بەدرك پێکردن و ئەزموونی پێشترەوە هەیە کە لەیادەوەریتدا ماوەتەوە.

بەئاگاییش سێ جۆری هەیە ئەمانەن:

١- بەئاگایی بەویست و ئارەزوو ( الانتباه الارادي ):

ئەو جۆرە بەئاگاییە ویست و حەزو ئارەزووی کەسەکەی لەگەڵ دایە بۆنموونە؛ کەسێك کاتێ بەویستی خۆی گوێ لە گۆرانییەك ڕادەدێرێ .

٢- بەئاگایی بەناچاری ( الانتباه الارادي القسري )

ئەم جۆرە ئاگاییە نەویستە و ناچاری و بێ ئارەزووی مرۆڤ ڕوودەدات، بۆ نموونە؛ ( بیستنی دەنگی تەقینەوەیەك )یا خود گرمە و بڵیسەی هەورە تریشقە .

٣- ئاگایی هەڵبژێردراو ( الانتباه التلقائي )

ئەم جۆرە ئاگاییە کاتێ ڕوودەدات کە مرۆڤ ویست و ئارەزووی ئاگای لە وروژێنەرەکە دەبێت، ئەم حاڵەتەش کاتێ کە ڕوویدا بەئاگا دەێنێتە لایەنی خۆشی، هیچ جۆرە جەخت کردنێکی ناوێت، بۆ نموونە؛ گوێدانی مۆسیقایەکی هێمن یان سەیرکردنی دیمەنی سروشتی جوان (٧٤)

خاڵی سێیەم یەکێکە لەوانەی زیاتر و باشتر بۆ ناوچەی پێش هەست دەگوازرێتەوە، چونکە حەزو ئارەزوو لە گوێگرتن لەوانەیەك، بەرنامەیەك، گۆرانییەك، دیمەنێك وات لێدەکات بەهەموو هەستەکانتەوە پێشوازی لەو بابەتە بکەی .

کەواتە هەست، بەواتای هەست کردن دێت بەهەموو ئەو شتانەی هەن بەهەر پێنج هەستەکەی مرۆڤ لەوانە ( بینین، بۆن کردن، تام، بیستن، بەرکەوتن ) هەندێ جار یەك لەم هەستانە بەشدار دەبن جاری واش هەیە چەند هەستێك بەشدار دەبن بۆ نموونە؛ کاتێ گوڵێك دەچنیتەوە و سەیری دەکەیت و بۆنی دەکەی ئەوا سێ هەست بەشدار دەبن هەستی بەرکەوتن و بینین و بۆنکردن .

## ٢-ئاستی پێش ئاگایی :-

ئەو ئاستەیە لەمێشکی مرۆڤ ڕووداو و شتە هەست پێکراوەکان ئەوانەی کە بەیەکێك لەپێنج هەستەکانی مرۆڤ هەستیان پێکراوە لەمێشکی مرۆڤ خەزن دەکرێن، لەکاتی پێویست دەتوانین بیانهێنینەوە ئاستی ئاگایی( هەست )ی، بۆ نموونە؛ کاتێ ئێمە کتێبێك دەخوێنینەوە زانیارییەکانی ئەم کتێبە لەئاستی هەستەوە دەگوازرێنەوە بۆ ئاستی پێش هەست لەوێ خەزن دەبن لەکاتی پێویستی دەتوانین لەبارەی کتێبەکە قسە بکەین،چونکە بابەتەکان لەوێ تۆمار بووین و دەتوانین لەکاتی پێویست بیانگەڕێنینەوە، من پێم وایە لەبیرچوونەوەی تەواو نییە، واتا شتێك پێشتر بیزانی کەچی پاش ماوەیەك سڕابێتەوە، زۆر جار ئێمە بیر لە شتێك دەکەینەوە،بەڵام بەبیرمان نایەتەوە، ڕەنگە بەتێپەڕ بوونی ماوەیەکی تر ئەو شتەمان بەبیربێتەوە، بۆ نموونە؛ کاتێ کە شیعرێك لەبەر دەکەیت دەتوانیت پاش ماوەیەك بیڵێیتەوە،چونکە لەنێو مێشك لە ( ئاستی پێش ئاگایی ) خەزن بووە، بەڵام بۆ ماوەی چەند ساڵێك شیعرەکە فەرامۆش بکەی و لەگەڵا خۆت نەیڵێیتەوە یان لە کۆڕو کۆبونەوەیەك نەیڵێتەوە ئەوا لەبیرت دەچێتەوە، بەڵام لەمێشك بەتەواوی ناسڕێتەوە،چونکە تۆ دەتوانی بچیتەوە سەر تێکستەکەو چەند جارێکی تر بیخوێنیتەوە ئەوا بابەتەکە لەنێو مێشك تۆخ دەبێتەوەو زانیارییەکان دەمەزەرد دەبنەوە، واتا ئەم شیعرەی کە کاتی خۆی لەبەرت کردووە، بەڵام بیرت چۆتەوە هێندەی شیعرێکی نوێ ماندوو بوونی ناوێ کەپێشتر لەبەرت نەکردووە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کەلەبیرچوونی تەواوەتی بوونی نییە، زۆرجاریش دیمەنێك وێنەیەك دەنگێك شتێکت بەبیردەهێنێتەوە،چونکە کاتێ تۆ ئەو شتەت بینیوە سەیری دیمەنێکت کردووە یان گوێبیستی مۆسیقایەکیش بووی شتەکانت بەبیردێتەوە . د. هیمدادی حسێن دەڵێت: (( مێشکی پێش هەست : ئەو ئاستەیە کەمرۆڤ بەئاسانی دەتوانێ ئەوشتانە بیرخۆی بخاتەوە کە مەبەستیەتی )) (٧٥) من پێم وایە شەرت نییە مرۆڤ بەئاسانی هەموو ئەو زانیاریانەی کە لە مێشکی خەزن بووین بیگەڕێنێتەوە ئاستی ئاگایی، بۆنموونە؛ زۆرجار مامۆستایەك لە یەکێك لە قۆناغەکانی ژیانی تەلەبایەتی وانەی پێگوتووی ڕەنگ و ڕووی دێتەوە پێش چاو، بەڵام جاری وا هەیە چەند خولەکێك بیردەکەیتەوەو مێشکی خۆت دەکوشیت ئینجا ناوی مامۆستاکەت بیر دێتەوە ، بۆ هەندێ زانیاری تریش هەروایە .

نارین صدیق دەڵێت: (( هۆش توانای بەرگری کردنی ئەم هەموو ئەزموونانەی تاکی نییە، بۆیە بەشێوەیەکی سەردەمی Periudical پاڵاوتنیان بۆ دەکات و ئەو ئەزموون و ڕووداوانەی لێیەوە ڕەت بوونە، دەیانگوازێتەوە بۆ ناوچەی ناهۆش بۆ ئەوەی دووبارە هێنانەوەیان بۆ بکرێت لەڕێگای پێش هۆش دا کە لەزۆر بەهرە پێکدێت، وەك لەبیرهێنان و لەبیرکردن ))(٧٦) دەبینین نووسەر لەو جۆرە دەربڕینەدا بەهەڵەدا چووە، چونکە هۆش زانیارییەکان دەنێرێت بۆ ( پێش هۆش ) نەك بۆ ناهۆش )، دواتر بەبیرهێنانەوە پرۆسەیەکی تێرامانە کە شۆڕبوەنەوەیە کە لە هەستەوە بۆ دونیای پێش هەست، بابەتە ( ناهۆشییەکان ) لەڕێی بیرکردنەوەوە نایێنەوە دونیای هۆش، بەڵکو لائیرادی بێ ویستی مرۆڤ بێ بەرنامە دارشتن و بەبیرهێنانەوە خۆیان دزە دەکەن و دێنەوە ناو دونیای نووسین و پێش ئاگایی (( ئەم ناوچەیە کە بەعەمباری ئەزموونەکان دادەنرێت ئەوانەی کە مرۆڤ لەکاتەکانی خۆی هەستی پێدەکات ئەمەش بۆ بانگکردنیان بەسوودە بۆ ئەوەی بێنە ئاستی هەست بەهۆکارە ئاساییەکانی وەك، تەداعی واتایی و ناوهێنان ( ئاگادارکەرەوەکان ) کەبەزۆری وشەن بۆ نموونە، ئەگەر لەپێش دا بەبێ ئەوەی تەوەقوع بکەیت ناوی ئاگادار کەرەوەیەك هێنرا بابڵێین، ( المتنبي ) یان هەر کەسێکی تر پاش دەربرینی ئەم وشەیە زنجیرەیەك بیر دێنە زەینتەوە هەمووشیان لەدەووری ئەم وشەیە یان ئەم دەربرینە دەسوورێنەوە، یاخود ئەو شتانەی دەربارەی ژیانی ئەو شاعیرە دەزانین لەگەڵ پلەوپایەی لەنێو شاعیرانی سەردەمی خۆیدا لەوانەشە لەنێو گشت شاعیرانی عەرەبیدا، کەواتە ئەم هەموو بیرە دەربارەی موتەنەبی لەکوێوە بۆت هات؟ لەوەڵامی ئەمەدا دەڵین بیرەکان لەئاستی پێش ئاگاییەوە هەڵگیراون، هەموو ئەزموونەکان کەلەئاستی ئاگاییدا دادەبەزن بۆ ئاستی پێش ئاگایی یانیمچە ئاگاییەوە لەوێدا دەمێنێتەوە تاوەکو جارێکی تر بەهۆی هۆکاری ئاساییەوە بانگ دەکرێنەوە بۆ ئاستی ئاگایی ))(٧٧) کەواتە ناوی ( موتەنەبی ) هەموو بەرهەمەکانی لەپشتەوەیەتی، ئەمەش وەك قەرینەیەکە وەك دەرگایەك وایە لەوێوە دەچیتە ژوورەوە بەرەو جیهانێکی فراوان تر، کەواتە گێرانەوەی ڕووداو و شتەبینراوەکان شتە تێپەڕیوەکان، بیرەوەرییەکان هەمووی دەچنە خانەی ( پێش هەست )ەوە . ((جا بۆ پاراستنی ئەزموونەکانی ڕابردوو لەئاستی نیمچە ئاگاییدا کاریگەریەکی گەورەی هەیە لەژیانی ئاسایی مرۆڤ دا، چونکە ئەزموونەکانی ڕابردوو ئەگەر لەبیربرانایە دەبوایە ژیانی عەقڵی سەر لەنوێ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ چرکە لەدوای چرکە دووبارە بکرابایەوە وە ڕابردووش دوورو نزیك هیچ کاریگەریەکی لەژیاندا نەدەبوو وە هیچ لە تواناییدا نەدەبوو سوود لەئەزموونی ڕابردوو وەربگرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی داهاتووی )
(٧٨) مرۆڤیش ژیانێکی ئاژەڵانە دەژیا کە دەڵێن ئاژەڵانە، چونکە ئاژەڵ زیاتر لەژیانی (هەست ) دادەژێت و شۆرنابێتەوە بۆ ناخی ( پێش هەست )، بەڵام ئەمەش مانای ئەوەنیە ئاژەڵ ( پێش هەست)ی هەر نەبێت لەتاقی کردنەوەکانی( بافلۆڤ )ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کاتێ زەنگی لێدا سەگەکە ئەوەی بەبیردەهاتەوە کە خواردنی بۆ دەهێنن . بەڵام ئاژەڵ وەك مرۆڤ نییە قسە بکات و ڕابردووی زۆر کۆن بگێڕێتەوە، بەڵکو زیاتر لەژیانی ( هەست ) دادەژێت .

کەواتە(( یادکردنەوەش پرۆسێسێکی مێشکییەو بریتییە لە تۆمارکردن و پاراستن و گەڕاندنەوەی شارەزایی و زانیارییە ڕابردووەکان ))(٧٩) لەگەڵ ئەوەشدا لە خەیاڵ جیاوازە کە خەیاڵ پێشبینییە بۆ داهاتوو یان دروست کردنی بابەتێکە لەنەبوونەوە یان بابەتێکە مرۆڤ خۆی دروستی دەکات، بەڵام بیرکردنەوە دەتوانرێت

بەبیرهێنانەوەی زانیاری کۆن بێت و دەتوانرێت بەرزتر بفڕێت و بەرەو فەزای خەیاڵ بڕوات . بێگومان (( ئەو زانیارییانەی کە لەتۆمارگەی یادی کورتخایایەندا بۆ تۆمارگەی یادی درێژخایەن بنێردرێ، بەزۆر هەنگاو کاری لەگەڵا دا دەکرێ، تا دەگاتەتۆمارگەی یادی درێژخایەن کە بەدرێژایی ساڵان دەپارێزرێ و لەیاد دا دەمێنێتەوە ))(٨٠) و دەبێت بەبەشێك لەزانیاری تاکە کەسی و لەکاتی پێویست دەتوانێت بیری لێبکاتەوەو هەوڵی لەگەڵادا بدات و بیهێنێتەوە ناوچەی ( هەست ). (( نەشتەرگەری بۆ کەسێك کرا کە نەخۆشی فێی لەگەڵدابوو، بەشێکی زۆر لەبەشی بیرکردنەوەی هەمیشەیی ئەو کەسە لابرا، کەسەکە وایلێهات تەنها لەئێستادا دەژیا، نەخاوەنی ڕابردوو بوو نەدەیتوانی بیر لە داهاتووبکاتەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەو کەسە تەنها خاوەنی یادەوری کورت خایەن بوو . زانایان بڕوایان وایە بیرهاتنەوەی هەمیشەیی دەکەوێتە بەشی دەرەوەی توێکڵی دەماغ، واتە بەشی چەپی مۆخ، کە وشەو ژمارەو بیرکردنەوەکانی بیردێتەوە، بەڵام بەشی ڕاستی مۆخ وێنەو دەنگ و بۆن و شتە ئەندێشەییەکانی بیر دەکەوێتەوە ))(٨١) کەواتە پێش هۆش یاخود ( پێش هەست ) ناوچەی یادگایەو شوێنی تۆمارکردنی زانیارییەکانەو مرۆڤ لەرێی ئەم تۆمار کردنەوانە دەتوانێت باس لەڕابردووی خۆی بکات و پەیوەستی کاتەوە بەداهاتووی خۆی و لێکدانەوە بۆ ژیان بکات و زنجیرەی ڕووداو بەسەر هاتەکانی پێکەوە پەیوەست بکات .

**٣-ئاستی بێئاگایی(ناهۆشیاری) :-**

ئاستی بێئاگایی ئەو ئاستەیە کە لەبێئاگایی کاری خۆی ئەنجام دەدات وەك لە خەون و لەکاتی بەدمەستی و بێهۆشی و ... هتد دەردەکەوێت شتە قەدەغەکراوەکان بەپێی کۆمەڵگاکە لەنێو جیهانی بێئاگاییان حەشاردەدەن.

(( ئەم ئاستە لەڕوویەکەوە لەئاستی پێش ئاگایی دەچێتەوە لە ڕوویەکی تریشەوە لێك جیاوازن، لێکچوونەکە لەم ڕووەوەیە کە هەندێك ئەزموونی ژێری هەڵدەگرێت، لەو ڕووەوە لێشی جیاوازە کە ئەو ئەزموونانەی کۆکراونەتەوەو دابەزیوونەتە ئاستی بێئاگایی ئەزموونی تاڵ و ئازاراوی بوون، زۆربەی ئەو ئەزموونانە ئەو ئارەزووانەبوون کەنەهاتوونەتە دی یان ئەو ترسانەبوون کە گیانی ئەو کەسانەیان هەژاندووە یاخود ئەو هیوایانەبوون کە لەکۆمەڵگا ڕێگا پێ نەدراون و بەندو کۆتی ژیانی کۆمەلایەتی نەیهێشتووە جێبەجێ ببن )) (٨٢) لەبەر ترسی کۆمەڵگا مرۆڤ دەیەوێت ئەم شتە قەدەغەکراوانە لەبیری خۆی بەرێتەوە، بەڵام لەناو ناچن، بەڵکو لەنێو کۆگای نەست دەگیرسێنەوەو لەدەرفەتێك کە مرۆڤەکە ئاگایی لێنەبێت سەردەردەهێننەوە ئەم بابەتانەش (( بۆیە دابەزیونەتە ناخی دەروونەوە چیتر ناتوانرێت بانگ بکرینەوە بۆ ئاستی ئاگایی تەنیا بەهۆکارە نائاساییەکانی وەك ( خەون، خەواندنی موگناتیسی، شیکاری دەروونی، حاڵەتەکانی بێ ئاگایی و دۆشدامان، شیپرزەیی، دەمارگیری، شێت بوون ) لەم حاڵەتە شازانەدا ئەو ئارەزووە کەبت کراوانە و ئەو بیرە شاردراوانە دەردەچن و لەئاستی بێ ئاگاییەوە بەرەو ئاستی ئاگایی دەڕۆن و بەمەش گرێیە دەروونیەکان دەکرێنەوە ))(٨٣) کەواتە لەناو دونیای ئاگایشدا شتە خەفەکراوەکان دزەدەکەن، بۆ نموونە؛ منداڵێك لەوپەڕی بەئاگایی خۆیەوە بووکەشووشەکەی خۆی دەشکێنێت و لێیدەدات و پارچە پارچەی دەکات، کاتێ لەمنداڵەکە بپرسین بۆچی وا لەم بووکە شووشەیە دەکەیت، ئەو نازانێ بۆچی وای لێدەکات، یاخوت وەڵامی نییە بۆ ئەم پرسیارە، بەڵام هۆکارەکەی ئەوانەی لە خۆی گەورەترن لێیانداوە و جنێویان پێداوەو ئیهانەیان کردووە، ئەویش لەبێئاگاییەوە ئەم کارە ئەنجام دەدات وەك تۆڵە سەندنەوەو دامرکاندنەوەی خەم و خەفەتەکانی . (( پاش

ئەوەی لەڕابردوودا مرۆڤ وادادەنرا کە ئازادو دەست نیشان کەرەو لەبەر ڕۆشنایی عەقڵی هەستیاریدا هەڵسوکەوتەکانی ئاڕاستە دەکات و بەئیرادەی خۆی بڕیار لەچارەنووسی خۆی دەدات، بەڵام ئەمڕۆ دەگۆڕێت بۆ ئامێرێکی بێدەنگ، پاڵنەرە نەستییەکان زاڵدەبن بەسەریداو پاڵی پێوەدەنێن ))(٨٤) لەئەنجام دانی هەندێ هەڵسوکەوت کەلەناخیدا پەنگیان خواردۆتەوەو ناوبەناو بەهۆکارێکەوە بەشێکیان دێنە دەرەوەو خۆیان خاڵی دەکەنەوە .

((سورياليستەكان دەيانويست ئەو وەڵامانەی كە كەسێك لەحاڵەتی خەوی موگناتيسيدا دەيداتەوە تۆماربكەن و ئەو وەڵامانە لەگەڵ ئەو ڕستانەی كە لەجيهانی بێداريدا لەڕێگەی نووسينی خۆبەخۆوە دەستيان هێنابوو لەبەرانبەر يەكدابخەن و پەيوەندی نێوانيان كەشف بكەن ))(٨٥) بێگومان شتەنهێنييەكان دزەدەكەنە نێو بەرهەمە ئەدەبييەكان، بەڵام نووسەران ڕاستەخۆ ئاماژەی بۆناكەن، بەڵكو لەشێوەی خواستن و بەجۆرێك تەمو مژييەوە بابەتەكە خۆی نمايش دەكات .

نەست (( ئەو شاڕێگايەی كە بەناهۆشمەندی ئەگاتە ( خەو) . خەو ڕێگای ئەوەمان پێ ئەدات، ئاوڕێكی خێراو بەرفراوان لە ناهۆشمەندی بدەينەوە ))(٨٦) و بابەتەكان جارێكی تر سەيربكەينەوە .

(( لاشعور هەميشە بەرەو لای كرداری ناشايستەو خۆپەرستی هانمان ئەدات، ويژدانيش فێری زەبت و ڕەبت كردنی ڕەوشتی چاكمان دەكات ))(٨٧) لاشعور شتە خودييەكانی تاكی مرۆڤ دەگرێتەوە، هەرچەندە بەپێی كلتوورەكانيش هەندێ شت لە شوێنێك ڕێگە پێدراوە لە شيوێنێكی تر قەدەغەيە، بەڵام بەشێوەيەكی گشتی ويژدان لەحاڵەتی بەئاگايی بوون زاڵە بەسەر لايەنەكانی تر . كەواتە (( تەنها هەست كاريگەری لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ نييە، بەڵكو هێزێك و پاڵنەرێكی زۆر گەورە تر هەيە كاريگەری لەسەر ڕەفتار دەبێت ئەويش نەستە ))(٨٨) بەڵام ئەو كەسەی كەڕەفتارەكە ئەنجام دەدات ڕاستەوخۆ نازانێت بۆ ئەم كارەی ئەنجام داوە بۆ ئەم ڕەفتارەی كردووە، لەبێئاگاييدا نەست دەست وەردەداتە ڕەفتارەكان و ڕەنگرێژيان دەكات .(( فرۆيد كاتێك هەست ونەستی جياكردەوە بۆ ئەوە نەبوو ئيتر ئەم دوو جيهانە لەيەكتر دابڕێ، نەخێر، بەڵكو ويستی ئەوە بسەلمێنێت هەركارێك مرۆڤ ئەنجامی دەدات بەتەنها يەك هۆی نييە، كە هۆی واقيعی بێت، بەڵكو هۆی دەروونيش هۆيەكە فشار دەخاتە سەر مرۆڤ، هەتا كارێك ئەنجام بدات، بۆ دواتر هات نەستی دابەشكرد بەسەر دوو ڕەهەندی جيادا :

أ-نەستی شاراوە :

ئەم جۆرە نەستە لای فرۆيد، شتێكە بەشێوەيەكی سروشتی لەمرۆڤداو هەيە توانای ئەوەی هەيە بێتە ناو جيهانی هەستييەوە ... ئەمەش بەكۆمەڵێك وزەی شاراوەی وەسف كردن لەناو مرۆڤدا هەيە، واتا نەستی شاراوە كۆمەڵێك وزەی شاراوەيە لەمرۆدا نيازی بەوە هەيە دەركەوێت . بەمانايەكی تر، نەستی شاراوە، كە بۆخۆی ... شتە دەروونييەكانی ناو مرۆڤ هەروا بەبێ جوڵە دانانيشن، بەڵكو هەوڵ دەدەن لەسەر ئاستی جەستە دەركەون و بێنە ناو واقيعەوە ....

ب- نەستی چەپێنراو :

ئەم جۆرە لەنەست توانای نييە بێتە ناو واقيعەوە ( هەست )، بۆچی ؟ چونكە ئەم جۆرە لەنەست كە دواتر خۆی لە ( ئەو id ) دا دەبينێتەوە، دەبێت بەفلتەری ( من Ego ) بڕوات و ( من ) يش نوێنەری جيهانی

واقیعه ڕێگه نادات هەموو نەستەکان دەرکەون لە واقیعدا، چونکه واقیع مەرجی هەیە بۆ دەرکەوتنی شتەکان مرۆڤ لەواقیعدا ئازاد نییە، لەوەی چی بڵێت و چی بکات، ئەوەش کە دەیکات دەبێت بەپێی چۆنایەتییەك و فۆرمێك بێت کە لە واقیعدا ڕێگه پێدراوه ))(٨٩) زۆرجار لەنێو خەونیش ترس هەیەو، چونکه ئەوکاتەی کە تۆ خەونەکە دەبینیت وا هەست دەکەی کە واقیعه بۆیه لەنێو خەونیش زۆرجار هەست بە سانسۆرو ترس دەکرێت . (( نەست بەعەقڵی ناوەکی ناو دەبرێت ))(٩٠) بۆسەلماندنی بوونی نەستیش زۆر بەڵگەی زیندوو هەیە لەوانە (( نەخۆشی، شت لەبیرکردن و ونکردن، زمان تەتەڵەکردن، یاری منداڵ، سەرخۆش بوون، خەوبینین ...))(٩١) ئەمانە دەروازەی دەربازبوونی شته کپ کراوەکانن لەنێو خودی مرۆڤدا.

## کەسایەتی لەدیدی فرۆیدەوە :

### ١- ئەو(بنە) ( iD ) ( هو ) (٩٢):-

( ئەو ) لایەنی نەست دەگرێتەوە، کۆگاو شوێنی شتە چەپێندراوە قەدەغەکراوەکانە کەمرۆڤ هەوڵ دەدات لە ژیانی خۆی بیسڕێتەوە،بەڵام بەتەواوی ناسڕێنەوەو بەڵکو لە ( نەست ) دەگیرسێتەوە، کەبتی جنسی یەکێکە لەشتە سەرکییەکان کە لەنەست دادەگیرسێتەوە، نەست کۆگایەکی بەهێزە لەکاری ئەدەبی دا لەکاتی نووسین لەبێ ئاگایی شتە حەشاردراوەکان لەو کاتەدا دێنە دەرەوە کەمنی باڵا ڕۆڵەکەی کەم بکرێتەوە یاخود لەئەنجامی تێرامان و خەیاڵات فلتەری من لادەچێت و ڕێگریەکە نامێنێت و شتە چەپێنراوەکان دێنە دەرەوە، جا ئەمە لەڕێی خەونەوە بێت یان لەڕێی بێئاگاییەوە بێت، بەشێك لە ئارەزووەکانی مرۆڤ تێردەبێت، ئەو فشارە دەروونییە بەهێزەی کەکەوتۆتە سەر مرۆڤ بەشێکی خاڵی دەبێتەوە، بەڵێ ئەگەر خەون نەبوایە مرۆڤ هەڵس و کەوتی بەشێوەیەکی تر دەبوو خەون مرۆڤ دەپارێزێت لەو فشارە دەروونییە بەهێزانەی کە ناخی داگیرکردوون بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەشێك لەحەزە چەپێندراوەکانی بۆ مەیسەر دەکات .

فرۆید گرنگییەکی زۆری بەلایەنی(بنە)داوەو تاقی کردنەوەکانی چڕ دەکردەوە، لێکۆڵینەوەی لەژیانی منداڵ و قۆناغەکانی بەهرەمەندەکانی دەکرد، چونکە (( نەست هەڵگری ئەو بەشە مت و چەپێنراوانەیە، هەر لەقۆناغی منداڵییەوە، سەرکوت کراون بەئاسانی ئەو حەز و ئارەزووانەی تێرنەکراون هەوڵی خۆ دەرخستن دەدەن لەڕێگای خەونەوە خۆیان لەو زیندانە ڕزگاردەکەن دوور لەچاودێر ( سانسۆر )، ئەمەش بە وێنەو دەربڕینی جۆراوجۆر خۆیان لەخەون و لەشێوەی ڕەمزو ئاڵۆزیدا پیشان دەدەن، خەون دەبێتە سەکۆیەکی ئازاد بۆ هەموو ئەو شتانەی کەلەنەستدان و لەوێ خۆیان حەشارداوە ))(٩٣) ئەم شتە چەپێنراوە زۆرانە لا ئەدیب و نووسەران دەبنە داهێنان و دەقی دەروونی بەهێزی لێدروست دەبێت،واتا خوێنەریش دەبێت بە بەشێك لەبیرۆکەو لایەنی دەروونی شێواوی نووسەر، چونکە نەست لەقوڵایی ناخی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێت و حەقیقەت دەخاتە ڕوو، لەکاری ئەدەبیشدا ئەو دەقانەی لەناخێکی ڕاستەقینەوە هەڵقوڵابن سایکۆیی بەهێز لەخۆیان دەگرن، i.D (( ئەو بەشە گرنگەیە، کە بوونێکی کاریگەرە لەمرۆڤ، ئەو بوونەی کەپاڵنەرو جوڵێنەری زۆر لە هەڵسوکەوتە نائاساییەکانی مرۆڤە و بایەخی نەست و گەڕان بەدوای نەست لە ئەدەبیاتدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەڕەخنەی ئەدەبیدا، چونکە ئەدەب بەگشتی قسەکردنە لەسەر مرۆڤ و قسەکردنە لەسەر ڕابردوو و داهاتوو و ئێستای بارە جۆراو جۆرەکانی مرۆڤ، هەر لەبەر ئەوەشە نەست لە دەقی ئەدەبیدا بەهاو بایەخی خۆی دەردەخات لە نەست لە دەق و پێوەندی نێوان خوێنەرو نووسەرو دەقدا ))(٩٤)ئەم پەیوەندییە سێ گۆشەیەش کاریگەری دەق دەخاتە ڕوو، بەپچڕانی یەکێك لەهێڵەکانی ئەم سێ گۆشەیە دەق بەهای کەم دەبێتەوە، چونکە دەق پەیامە پێویستە وەرگرێك هەبێت ئەگەر وەرگر نەبوو ئەوا پەیامەکە چ کەڵکێکی نابێت . نەست (( ئەو بەعەمباری نهێنییەکانی دەروون و ( لبید ) دادەنرێ، پڕە لە وزەی دینامیکی ناڕێك و بێ سەروشوێن، کاری ئەم بەشە ئەوەیە، بەپێی پێداویستییەکانی لبید ئارەزووەکانی دابمرکێنێتەوە ڕەوشت و ئەقڵ کاری تێناکەن، ئاگای چاکەو خراپەو عەیبە نازانێ ))(٩٥) بەڵکو لەهەوڵی تێرکردنی پێداویستیەکانیەتی، د. عەلی وەردی دەڵێت : (( ئەگەر هاتوو ئێمە ئامۆژگاری تاکەکانمان کرد بەوەی کە گوێ لەهێزە نەستییەکانی بگرێت و پشتی پێببەستێت لە ژیانی ڕۆژانەیدا، لەوە دەچێت تووشی کێشە ببێت

لەچەند لایەکەوە لەوانە ئەگەر هاتوو ئەو بەگوێی ئێمەی کردوو ڕێگەی سەرکەوتنی غەریزە سەرکوت کراوەکانی هەڵبژارد ))(٩٦) کەواتە بوونی من پێویستە بۆ ڕێکخستنی جۆری ڕەفتار و جۆری دەربڕینی بیرۆکەکان و بۆئەوەی مرۆڤ وەك ئاژەڵ ڕەفتار نەکات و ویژدانی ببزوێن من، کەسایەتی مرۆڤ دەپارێزێت سەرهەد دەڵێت:(( ئەو بریتییە لە سیستمێکی قووڵ کە گوزارشت لە شێوە ڕەسەنەکەی کۆئەندامی دەروون دەکات، هەر لەدایك بوونییەوە پاڵنەرە غەریزەییە خۆڕسکە حەزلێکراوەکان دەبیات بەڕێوە ))(٩٧) سەرهەد بەهەڵەداچووە، چونکە شتێك نییە بەناوی کۆئەندامی دەروونی، لە زۆر حاڵەتدا شتە نەستییەکان دێنەوە مەیدان و خۆیان نمایش دەکەن، پاڵنەرەکانیش بەشێوەی هێما دەردەچن وەك ئەمانە (( بەشێك لەیاری کردنی منداڵان و گەوران، هەندێ حەزو ئارەزوو، لەکاتی وێنە کێشان، لەقسە لەناکاوەکان و لەدەم دەرچووەکان و هەندێ جار لەنووسینەکان، هەندێ لە جووڵەکانی لەش و هەڵچوونەکانی کاتی جیاجیا بۆ نموونە؛ خەندە لەسەر لێو لەکاتی بۆنەیەکی ناخۆش، هەندێ نەخۆشی دەروونجەستەیی ( نفسجسمی ) ))(٩٨) لەم حاڵەتەدا شتە شاراوەکانی نەست سەردەکەونەوەو دێنە دەرەوە، نەست(( کۆگاو سەردابێکە کەپڕە لەڕەمەك و پێداویستییە فسیۆلۆژییەکان و کۆنترین پارچەو بەشی کەسیەتییە، کاتێك مرۆڤ لەدایك دەبێت تەنها ئەم بەشەی هەیەو لەتەکیا لەدایك دەبێت و بەدرێژایی ژیانیشی هەر لەتەکیا دەمێنێتەوە و پێك هاتووە لە گشت بۆماوەو پێداویستی و حەزوو ئارزووە ئاژەڵییەکان، دەبێت بە بەردی بناغەی کەسایەتی مرۆڤ و وزەیەکی دەروونییە ( الطاقە النفسیة ) بەکاردەهێنرێت بۆ تێرکردنی هەردوو ڕەمەکی مردن و ژیان ))(٩٩) .

بەڕای فرۆید تێرنەکردنی ئەم غەریزانەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەنێو بەرهەمی نووسەران و شاعیران و بەهرەمەندەکان، لەڕێی نووسینەوە ئەم شتە چەپێندراوانە دێنەوە نێو دونیای بوون.

(( ئەم میکانیزمە لەوکاتەدا دەردەکەوێت کەمرۆڤ شتێکی بەسەر دا دێت و لەتوانایدا نییە بەرەو ڕووی بێتەوە، ئەو دۆخە سۆزێك یان پەرچەکردارێك دەخوڵقێنێت کە مرۆڤ بەناچاری ئەو دەچەسپێنێت، چونکە لەتوانایدا نییە ئەو سۆزە دەربڕێت یان ئەو پەرچە کردارە ڕاگرێت ))(١٠٠) بەکەڵەکە بوونی ئەم هەموو شتە چەپێنراوانەش کاریگەری بەسەر دەروونی مرۆڤەکەدا دەبێت و هەمیشە لەدەرفەتێکدا دەگەڕێت بۆ خۆ خاڵی کردنەوە جا لەڕێگای خەونەوە بێت یان نووسین ... هتد. (( دەروونی مرۆڤ لێوان لێوە لەبەرامبەرکێ، چونکی گشت کەسێك خواست و خۆزگەی زۆرن کە دەیەوێت تێریان بکات . لەگەڵ ئەوەشدا لە گشت مرۆڤێکدا هەستی ترس و نادڵنیایی کار دەکات، داب و نەریتیش ئامادەیە، ئەمانە دەبنە ڕێگر لەبەردەم وەدیهێنانی ئەو حەزو خۆزگانەدا، ململانێی دەروونی پێکهاتووە لەبەرەو ڕووبوونەوەی هەردوو ئەو هێزە دەروونییە کەناومانان هێزی خواست و هێزی ڕێگرتن، واتا ئارەزووی سەربەخۆبوون و ترس، لەسەربەخۆبوون ))(١٠١) ئەم دوو هێزە بەدرێژایی تەمەنی مرۆڤ لەململانێ دادەبن مرۆڤ دەخاتە حاڵەتی دڵە ڕاوکێ و ترس ڕێگرە لەسەربەخۆ بوون ئەم ڕێگریەش لەپێناوی پاراستنی کەسایەتی مرۆڤە .(( خەفەکردنەوە ( کبت ) هەموو شارەزایی و ڕووداوە بەئازارو ترسناکەکانی قۆناغی منداڵی خەفەکردووەو لە بواری هەستی دووری خستوونەتەوەو لەسەردابی نەستیدا مۆڵیان خواردووەو خۆیان گرمۆڵەکردووەو بەدوای دەرفەتی خۆدۆزینەوەو هاتنە بواری هەستیدا دەگەڕێن کە ئەم حاڵەتەش تاك تووشی دڵە ڕاوکێ و ترس و گرژی دەروونی دەکات ))(١٠٢) وەك ئەوەی کەسێك دڵی پڕبێت و تووڕە بووبێت حەزدەکات بۆ

کەسێکی بگێڕێتەوە ڕەنگە ئەو کەسە دەردی دڵی بۆ چارەسەر نەکات، بەڵام کەسی گێڕەرەوە لەڕووی دەروونییەوە ئارام دەبێتەوە، بۆ نووسەرانیش هەر وایە لەنەستەوە بەشێك لەشتە چەپێنراوەکان دەخرێنە ڕوو، چونکە نووسەر کاتێ شتێك دەنووسێ خۆی دەدوێنێ و شۆڕدەبێتەوە ناخی خۆی .

## ٢- ( من ) Ego

من لە شێوەی پاسەوانێك یاخود فلتەرێك وایە چاودێری ڕەفتاری مرۆڤ دەکات و ژیانی ڕێکدەخات، نایێڵێت هەموو ئەو بیرانەی هەیە جێبە جێ بکرێن، تەنها لەو کاتانە نەبێت کە ( من ) بێئاگا بێت جا چ لەکاتی خەوتن یان لەکاتی بێئاگایی، لەو حاڵەتانە زۆرجار دزەدەکەن و بەدەردەکەون

(( من ( الانا ) (Ego) لەئەقڵ و خودی هۆشیاردا خۆی دەنوێنێت، درك بەجیهانی دەرەوە دەکات و حوکمی جوولەی مرۆڤ دەکات ))(١٠٣) و هەڵبژاردن لەنێوان شتەکان دەکات و بەئاگاییەوە مامەڵەدەکات .
(( دیارە خود لەماوەی چوار پێنج ساڵی یەکەمی تەمەندا پێدەگات و واتایەك بۆ ژیان دیاری دەکات، منداڵ لەوناوەندەی کەتێدا دەژیت و هەستەکانی تێدا گەشە دەکات و ڕێگەی خۆی دەدۆزێتەوە کە چەند کاریگەری بەسەرەوە هەیە ئا ئەوەیە ئەو چوارچێوەیەی پرسی سەرکوتن دروست دەکات و هەوڵدەدات و جێبەجێی دەکات ))(١٠٤) و وردە وردە خۆی لەگەڵ داب و نەریتی کۆمەڵگاکە دەگونجێنێت و کەسایەتی وردە وردە بەرەو پێشەوە دەچێت کەواتە (( من ئەو بەشەیە کەسایەتی مرۆڤ کە دەکەوێتە نێوان جیهانی دەرەوەو داواکاریی و پێداویستییەکانی ( ئەو .id ) ... هەڵسوکەوت دەکات و وەك ناوبژیوان و ڕێکخەرێك وایە ... )) (١٠٥) شتە تۆمار کراوەکان ڕێکدەخاتەوەو مۆنتاژیان دەکات و بەوریاییەوە نمایشیان دەکات (( من لەیەك کات دا بەرەنگاری فشارو داواکاری ئەو سێ زلهێزە دەبێتەوە، لەلایەن ( ئەو ) دەیەوێت وەك ئاژەڵ پێداویستیە فسیۆلۆژییەکانی تێربکات وە پاڵە پەستۆ دەخاتە سەر من، لەلایەکی ترەوە ( منی باڵا ) فشاری تایبەتی خۆی دەخاتە سەر( من )و ناهێڵێت بەشێوەیەکی ئاژەڵی سەرەتایی و منداڵانە هەڵسوکەوت بکات و تووشی ئازاری ویژدانی و هەستکردن بەگوناهو تاوانی دەکات ))(١٠٦) هەر ئەوەشە هەستی ترس و شەرم و بەزەیی و ... هتد لای مرۆڤ دروست دەکات، ئاژەڵان لەدیاردەی شەرمکردن بێبەرین ئەو جۆرە ڕێکخستنە لەژیانیاندا نییە و ژیانێکی هەرەمەکی و هەنووکەیی دەژین . کەواتە لەنێو خودی مرۆڤ دا،(( من درێژکراوەی ( ئەو )ە، بەڵام ( من ) ڕێکخراوەو لە واقیعدا بەدوای دەروازەیەك دەگەڕێت بۆ تێرکردنی پێداویستیەکانی ( ئەو ) بەشێوەیەکی گونجا و دروست بەمەرجێك نەبێتە هۆی تێکشکاندن و سوکایەتی پێکردنی ))(١٠٧) واتا من سانسۆرێکە کاری ڕێکخستنی(بنە)دەکات،(( منی منداڵ لەسەرەتادا لاوازەو ... پێویستی بەپارێزگاری و چاودێری دایك و باوك و کەسانی چوار دەوری هەیە، بەڵام ( من ) ی مرۆڤی گەورە پێگەیشتووەو لەتوانایدا هەیە کە بەکارو فەرمانەکانی خۆی هەڵسێت ))(١٠٨) ( من ) لە کولتوورێکەوە بۆ کولتوورێکی تر دەگۆڕێت تەنانەت لە ئاینێکەوە بۆ ئاینێکی تریش دەگۆڕێت، ( من ) بەدوای شتێکدا دەگەڕێت کە کۆمەڵگا پەسەندی کردووە ( من ) کەسایەتی خۆی لەنێو کولتوور دەبینێتەوە .

من (( وەکو توێکڵی درەخت وایە و لەئەنجامی زەبرو زەنگی هۆکارەکانی کەش و ئاو و هەواو ژینگەی دەرەوە ڕەق دەبێت و کرۆکی درەختەکە دەپارێزێت ))(١٠٩) وەك چۆن من کەسایەتی مرۆڤ دەپارێزێ، بەم شێوەیەش توێکڵی درەختەکە دەپارێزێت لە زەبری دەرەکی.

### ٣- منی باڵا ( Super Ego ) :-

بەلای ( فرۆید )ەوە کەسایەتی مرۆڤ لەمنی باڵا دا بەدەردەکەوێت، ( منی باڵا ) شێوە ڕێکخراوی مرۆڤە کە زۆر بەئاگاوە مامەڵەدەکات و بۆ ئەوەی کەسایەتی تاك بپارێزێت من هەمیشە وەکو پۆلیسێك لەهەمووشتەکان چاودێری دەکات.

(( ( منی باڵا ) باڵوێزو نوێنەری بەهاو دابو نەریت و ئاکاری کۆمەڵایەتییە لەناو خودی مرۆڤدا، ( منی باڵا) وەك دراوێك وایە دووڕووی هەیە، ڕووی یەکەمی ناو دەبرێت بە ( منی نموونەیی ) ( الانا المثالیة) کەبریتییە لەلاسایی کردنەوەو دەمەلاسکێی گشت بەهاو ڕەوشت و ئاکارە جوانەکانی دایك و باوك و مامۆستاو کەسە گرنگ و خۆشەویستەکانی ناو کۆمەڵ کە منداڵ بەنموونە و گەورەی خۆی دادەنێت ))(١١٠) و هەوڵ دەدات لاسایی بکاتەوەو هەوڵ دەدات وەك گەورەکان ڕەفتار بکات و وەکو وان بیربکاتەوە تاوەکو کەسایەتی خۆی کامڵ بکات و بیگەێنێتە ئاستی گەورەکان (( ڕووی دووەمی ( منی باڵا ) ناو دەبرێت بە ( ویژدان ) کە ئەمیش بریتییە لە هێزێکی ناوەکی، کە ئەگەر تاك کارێکی نابەجێ و ناشیرین دژبەدابو نەریتی کۆمەڵایەتی بکات ئەوا سزاو سەر زەنشتی من دەکات، منداڵ پێش ئەوەی ( منی باڵا )ی بۆ دروست بێت هێزی دەرەکی کەخۆیان لەدایك و باوك و پۆلیس و مامۆستایاندا دەبینێتەوە سزاو سەر زەنشتی منداڵ دەکەن، بەڵام دوای ماوەیەك لەڕێگەی پەروەردەکردنەوە ئەو هێزە دەرکییە دەگوێزرێتەوە بۆ ناو خودی مرۆڤ و هێزێکی دەروونی ناوەکی دروست دەبێت کە ناو دەبرێت بە ( ویژدان ) وە جێگەی کارو فەرمانەکانی ئەو هێزە دەرەکییە دەگرێتەوە ))(١١١) دەتوانین بڵێین ( منی باڵا ) لەهەردوو بارەکەدا ( منی نموونەیی ) ( ویژدان ) تەواوکەری یەکترن، چونکە منی نموونەیی بە ( ویژدان ) کامڵ دەبێت، چونکە ویژدان هەمیشە وەك فلتەرێکی بەهێز وایە ڕێگرە لەو شتانەی کە ناواقعین یان دوورن لەدابی کۆمەڵگا، کەواتە هەردووکیان دوو ڕووی دراوێکن و پێکەوە ڕێدەکەن .د. وەلید قەساب دەڵێت:(( منی باڵا ئەو هێزەیە کەداب و نەریت لەمنداڵییەوە دەگرێتەوە لەلای مرۆڤ دروست دەبێت))(١١٢) ئەمە ڕایەکی هەڵەیە، چونکە داب و نەریت بەم شێوەیە لەلای منداڵ نەچەسپاوە، بۆیە منی باڵا بەتایبەتی لایەنی ویژدان دوای گەورە بوون و هەراش بوون دروست دەبێت و گەشە دەکات و بەرەو کاملی دەڕوات .

(( منی باڵا لە ( من )ی منداڵ جودا دەبێتەوە دوای تەمەنی پێنج ساڵی دا بەکاریگەری پەروەردەی ئەخلاقی لەلایەن دایك و باوك و بەخێوکەرەکانی، نموونەی بەرزو عادات و تەقالیدی نێو کۆمەڵگاو ویژدانی تاکە کەسی دروست دەکات کە ئەو منی باڵایەش چاودێری خود دەکات و شتە چەپێنراوەکانیش دەگرێتەوە ))(١١٣) کەواتە منی باڵا سەرپەرشتی کارو کردەوەو قسەکردنی مرۆڤ دەکات و مۆنتاژیان دەکات و ڕێکیان دەخات.

## گرێی ئۆدیب :-

فرۆید هەوڵی داوە لەهەر دیاردەیەك بكۆڵێتەوە پەیوەستی بكاتەوە بەدیاردەیەكی مێژوویی یان بابەتێكی ئەفسانەیی بۆ ناولێنانی دەردەكەو جۆری نەخۆشییەكە بۆ ئەوەی لەبابەتەكانی تری جیابكاتەوە، بێگومان فرۆید ئەم زاراوەیەی لەتراژیدیای یۆنانییە ئۆدیب پاشای سۆفۆكلیس وەرگرتووە (( لەبارەی ئەدەبیشەوە گەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی پێنجەمی بەر لەدایك بوونی عیسا، ...لە شانۆنامە تراژیدیاییەكاندا .. بۆ نموونە شانۆ نامەی ( ئۆدیبوس پادشا) لەنووسینی ( سۆفۆكلیس )، تەماشا دەكەین ( ئۆدیبوس ) كە نموونەیەكی نامۆ بوون ویستویەتی هەرچۆن خوداوەند بابی وریا كردبووەوە كەمنداڵی نەبێت دەنا ئاكامی بەئاشوب و كوێرەوەری دەبێت، بەڵام گوێ بەوە نادات و كەدەبینێت پابەست دەكرێت و حەواڵەی سروشتی ڕووت و قووتی دەكەن بۆ مەرگ، بەڵام شوانێك ڕزگاری دەكات ئەمیش بەبێ ئاگایی لەو چارەنووسەی چاوەڕوانییەتی كە دەبێت وەك نامۆیەك لەشاری ( كونتە ) دەژی تا ئەو دەمەی خوا ڕق و كینە بەسەریاندا دەبارێنێت و دەردە ڕەشەو ڕشانەوە دەكەوێتە قەڵاجۆكردنی خەڵكەكە لەئاكام دا ڕاستی هۆیەكە ڕوون دەبێتەوە، ئەوسا كە ئۆدیبوس دەگاتە دوا ترۆپكی نامۆ بوون و ڕق و نەفرەت هەردوو چاوی خۆی پێ هەڵدەكۆڵێ و دەیەوێت بەتەواوی لەو بوون و دەوروبەرەی دابڕ و تەریك و تەرەبێت ))(١١٤)،چونكە لە نەزانی باوكی خۆی كوشتووە كە نەیزانیووە باوكیەتی، هەروەها دایكی خۆی مارە كردووە،كە پێشتر نەیزانیبوو دایكیەتی بۆ تۆڵەكردنەوە لەخودی خۆی چاوەكانی خۆی دەرهێنا . (( ئەو توێژینەوەی كە فرۆید كردوونی لەسەر ( ئۆدیب )ی پاشای سۆفۆكلیس و ( هاملێت )ی شكسپیر و هەروەها ( برایانی كارامازۆف )ی دیستۆفسكی ئەنجامی داون یەكەم هونەرمەندیان كە فرۆید سەرنجی بۆ ڕاكێشاوە ( سۆفۆكلیس )ە كە كوشتنی باوك لەلایەن كوڕەكەی كەناوی ( ئۆدیب )ە شێوەیەكی درامی وەرگرتووە ))(١١٥) لێكدانەوەی فرۆید بۆ قۆناغەكانی سێكس لەتەمەنی هەرزەكارییەوە دەست پێناكات، بەڵكو لەمنداڵییەوە دەست پێدەكات، بەلای فرۆیدەوە منداڵ لە (( تەمەنی سێ ساڵییەوە تەنانەت تاوەكو چوار ساڵیش هەستێكی جنسی بەرانبەر بەدایكی لەلا دروست دەبێت بۆیە غیرە لەباوكی دەكات و بەرەقیبی خۆی دادەنێت، هەر بۆیە كارامەییەكانی منداڵ كاریگەرییەكی گەورەی هەیە لەسەر ڕەفتاری ئادەمیزاد ))(١١٦) فرۆید ڕای وایە كە كچ باوكی زیاتر خۆش دەوێت لە قۆناغی منداڵیدا هەروەها كوڕیش دایكی زیاتر خۆش دەوێت پێی وایە ئەم كارە شتێكی عەفەوی نییە،بەڵكو لایەنێكی غەریزەی ( سێكس )ی لەپشتەوەیە .

(( كێشەی گرێی ئۆدیبۆس كە لەتیۆری فرۆید دا ڕۆڵێكی بەرچاوی هەیە بەتایبەتی لەڕووی ئەو كارانەوە كە لەئەدەبدا بەدەستی هێناوە، لەڕوانگەی ئەدەبییەوە خاوەنی گرنگییەكی تایبەتمەندە . ( ئارنست جۆنز ) كە دەقی شانۆگەری هاملێت بەرهەمی شەكسپیر شانۆگەری ( ئەدیبۆس ) شا بەرهەمی ( سۆفۆكیس )ە بەپێی لێكۆلینەوەیەكی ڕەخنەیی سەرنج ڕاكێش لەگەڵ یەك بەراوردی كردوون و بەدیاری دەخەن، كە ئەم گرێیە لەهەردوو بەرهەمەكە دا زۆر بەرچاو دەكەوێت و لەڕاستیدا گرێی هەردوو قارەمان جگە لەیەك كێشە هیچی دی نییە، بەڕای ئارانست شێوەی ڕەفتاری هاملێت لەگەڵ مامی خۆی ( كلۆدیۆس ) و لەگەڵ دایكی خۆی (( گرترود ) بوونی ئەم گرێی ئەدیبوسە لەویژدانیدا نیشان دەدات ))(١١٧) لێرەدا منی باڵا بێئاگا بووە لەبوونی

ئەم جۆرە شتە بۆیە کەسایەتی مرۆڤ دەروونی عەزاب دەخوات و حەز دەکات تۆڵە لە خودی خۆی بکاتەوە، ئەویش بەعەزاب دانی جەستەی خۆی بەرانبەر ئەو تاوانەی کە کردوویەتی .

(( جۆنس ناتوانایی هاملێتی ڕوونکردەوە لەبڕیاردانی کوشتنی مامی بەهۆی سەرچاوەی گرێی ئۆدێبی لەوەدا ئەمەش کپکراوە، بەڵام بەردەوامییەکی هەنوکەیی هەیە لەناهۆشیاری پێگەیشتوو لە ساوای نێرینەدا لەئارەزووی بوون خاوەنی دایك و ئەو بەربەرەکانی کردنەی لەگەڵ باوك هەیەتی لە دەرەوەی ئەم ڕێگەیە ))(١١٨) فرۆید لێکدانەوەکانی لە نێو دەقی ئەدەبی ئەنجامدا هەر ئەم بەسەرهاتەی کردە زاراوەی دیاردەکەو چەسپاندی و لەدوای خۆشی تا ئێستا بەکاردێت .

## ( خەون ) :-

هەر لەكۆنەوە خەون وای لە مرۆڤ كردووە بیخاتە بیركردنەوەوە، ئاخۆ چۆن دروست دەبێت ؟ هۆكارەكانی چین ؟ هەریەك لەتاكەكانی مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو لەهەوڵی وەڵام دانەوەی ئەم دووپرسیارە بووە، هەركەسەو بە بۆچوونی خۆی وەڵامی داوەتەوە، واتا زانایانی تریش هەوڵیان داوە لەخەون بكۆڵنەوەو ڕاڤەی خەونەكان بكەن،بەڵام فرۆید لەسەرووی هەموویانەوەیە، چونكە فرۆید ڕێگایەكی زانستی گرتەبەر بۆ ڕاڤەكردنی خەونەكان و ساڵانێكی زۆر كاری لەسەر كردووەو تاقی كردنەوەی لەسەر ئەنجام داوە . (( خەون كردەوەیەكی بەڕێكەوت و بەبێ مانا نییە، بەڵكو كەم یا زۆر ئەخرێتە خانەی مێشكەوە، لێكدانەوەی خەو یاری منداڵان نییە، بەڵكو ئەركێكی مەنتیقی و زۆر جوانە، پێویستە هەر خەونێك تەعبیری ئەوەندەی بۆ دابنرێت، كاتێك زانیاری پێویستت بەدەست هێنا ڕێگای چارەسەری وردە وردە دەركەوێت ))(١١٩) لێكدانەوەی خەون خوێندنەوەی فنجانە قاوەیەك نییە،كە هەندێ كەس هەر لەخۆوە لێكدانەوە بۆ خەونی كەسەكان دەكەن، خەون بنەمای هەیە، خەون لەسەر ژیانی كەسەكە بنیاد دەنرێت لەڕابردووی دوورەوە لەسەردەمی منالییەوە تاوەكو ئەو ساتەی تێیدا دەژێت . (( زانستی سەردەم لەڕێگای ئامێرە پزیشكییەكانەوە توانیویەتی بگاتە ئەوەی كەمرۆڤی نووستوو لەدوای پێنج خولەك چاوەكانی بچووك دەبنەوەو بیركردنەوەی پچڕاو دەبێت، بەڵام دوای نیوكاتژمێر نووستنەكەی قوڵ دەبێت و پلەی گەرمی جەستەی دادەبەزێت و ڕێژەی لێدانی دڵ و هەناسەدانی دادەبەزێت، هەر وەك چۆن ڕێژەی هۆرمۆنەكانی لەجەستەیدا كەم دەبێتەوە، بیركردنەوەی كورت دەبینێت، كۆی هەموو ئەمانەش مانای ئەوەیە كەنووستن برتییە لەحاڵەتی وەستانی كاریگەرییەكانی هەست و جوولەی لەگەڵ ژینگەدا، بەڵام هەندێ چالاكی هەر بەردەوامی دەبێتە وەك جوولەی جەستەو ...)) (١٢٠) لەوكاتەدا جەستە لەدەوروبەر دادەبڕێت مرۆڤ بەرەوناخی خۆی و بەرەو خودی خۆی دێتەوە، خەونەكانیشی هەیە پچڕ پچڕدەبێت هەشە خەونی شێوە چیرۆك دەبینێت، لەخەوندا جۆرە مۆنتاژكردنێكی نارێك هەیە جاری وا هەیە چەند شتێكی نەگونجاو لەنێو خەوندا یەكتر تەواو دەكەن .

(( لەبەر ئەوەی لەحاڵەتی خەوبینین دا مەودای وەرگرتنی زانیارییەكانمان فراوانییەكی زۆر بەخۆیەوە ئەبینێت، كاتێكی گونجاوە بۆ پەیبردن بەدەرەوەی هەستەكان ( هەستی باڵا ) لەزۆر حاڵەتدا لەكاتی خەوبینیندا ... بەشێوەی ڕەمزو سومبول هەواڵەكانمان پێ ئەگەێنێت، ئەوەی كە خەونەكان ڕوون و شەفاف بن یان ئاڵۆز، پەیوەستە بەڕادەی قووڵی خەونەكانمانەوە ))(١٢١)خەون ڕاستەوخۆ شتەكانمان بۆ ناگێڕێتەوە یا هەندێ كەس لەو بڕوایەدان هەرچی خەونێك كە دەیبینی لەداهاتوو جێبەجێ دەبێ یان لەڕابردوو سەد لەسەد ئەو شتە بوونی هەبووە، خێرا دەبێ لەنێو خەونەكاندا لێكدانەوە بۆ سێبەری پشت خەونەكان بكرێت، شتە چەپێنراوەكان لەنێو خەون بەدەردەكەون، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو خەونانە ڕەنگدانەوەی ئەم دەروونە شێواوەیە . كەواتە (( یەكەمین و سەرەكی ترین بابەتێك كە لە خەونی گەورەكاندا بوونی هەیە ئەوە ئارەزووەیەكە تێرنەكراوە، ئەم خەونانە لەگەورەكاندا زۆرجار ڕۆڵی خۆیان دەگۆڕن و بابەتی سەرەكی خەون كەهەمان ئارەزووی تێرنەكراوە لەبنەڕەت دا بەشێوەیەكی تر دەردەكەوێ ))(١٢٢) لەڕێی خەونەوە بەشێك لەپێداویستییە جەستەییەكانی مرۆڤ تێردەبن بەم شێوەیە هاوسەنگییەك دروست دەبێت و فشاری دەروونیش كپ دەبێتەوە و بەخەیاڵ مرۆڤ بەهەندێ شت دەگات . لەتیۆری شیتەڵ كردنی دەروونیدا (( فرۆید

لەو باوەڕەدابوو کەخەون پێشبینی لەداهاتوو ناکات، بەڵکو دیاردەیەکە پەردە لەسەر ململانێی سێکسی یان ویژدانی هەڵدەماڵێ و لەکاتی خەو بینەر لەو کاتەدا بەدەستیەوە دەناڵێنێت، یان گوزارشت لە ویستە چەپێنراوەکانی سەردەمی منداڵی دەکات ))(١٢٣) گوزارشت لەحاڵەتێك یان چەند حاڵەتێك دەکات ڕەنگە کەسی خەوبینەر هەندێ شتی لەبیر چووبێتەوە نەزانێ ئەو خەونە چییە، بەڵام ئەم شتانە لەکۆگای نەست گیرساونەتەوە ناوەناوە خۆیان نمایش دەکەن و بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕێن باشترین دەرفەتیش خەونە، بەڵام ئەمەش بەم مانایە نایێت کەخەون یەکپارچە چەپاندن بێت، بەڵکو زۆر جار خەون ڕەنگدانەوەی شتی ڕۆژانەیە، یان بینینی دیمەن و ڕنگڕێژکردنی بەسەرهاتێك کە هیچ پێوەندی بەلایەنی سێکسییەوە نییە .

نووستن بەلای ( بافلۆف )ەوە :- (( پڕۆسەیەکی فسیۆلۆژییە بۆ وەستانی جووڵە ناوەکییەکانی جەستە )) ( ١٢٤) زۆر تیۆر هەیە بۆ ڕاڤەی خەونەکان لەوانە ( تیۆری شیتەڵکردنی دەروونی، تیۆری کارڵ یۆنگ تیۆریی وروژێنەرە دەرەکییەکان، تیۆری فسیۆلۆژی، تیۆری ڕوانگەی تاقیکاری ) .

یۆنگ وەك فرۆید تەنها باوەڕی بەبوونی نەستی تاك ( لاشعور شخصي ) نییە، بەڵکو گریمانەی بوونی نەستی کۆمەڵەی ( لاشعور جمعي )شیکردەوە کە لە هەندێك پێکهاتەی خۆڕسکی وەرگیراو پێکدێت، کە لە خەوندا ڕێگای هەندێك وێنەی سەرەتایی، گوزارشت لەخۆی دەکات .(یۆنگ) گەیشتە ئەوەی ئەو بەشەی کە لە هەڵگرتنی خەونەکاندا بەرپرسە کۆنترین بەشە لە مێشکدا، لەبەر ئەوەی خەونەکان بەم پێکهاتە کۆنانەی مێشکەوە هاو پێوەندن، بۆیە پێشبینی ئەوە دەکرێت کە لەڕوانگەی ( یۆنگ ) ەوە، زمانەکەشی لەمرۆڤی کۆنەوە بخوازێ کە زمانی وێنەو هێمای ئەفسانەیە ))(١٢٥) یۆنگ تیۆرەکەی ئاراستەیەکی تری وەرگرت بەرەو نەستی کۆی برد، ئەو نەستەی بەلایەوە کۆمەڵگا تێیدا بەشدارە و کەڵەکە بووی هەموو داب و ئەفسانەی ئەو میللەتەن لەناخی تاکەکان ڕەنگ دەداتەوە، یۆنگ بەئاراستەی نەستی کۆ بۆچونەکانی دەخستە ڕوو، بەڵام ( فرۆید ) گرنگی بەنەستی تاك دەدا.

تیۆری وروژێنەرە دەرەکییەکان ئەمانە لایەنگری خۆیان هەیە و لەو باوەڕەدان هۆکارە دەرەکییەکان کاریگەرن لەدروست کردنی وروژاندن بۆ نموونە؛ پێویست بوو دایکەکە هەموو بەیانییەك لەگەڵ بیستنی دەنگی زەنگی کاتژمێرەکەیدا خەبەری بێتەوە و منداڵەکانی لەخەو هەڵسێنێ بەمەبەستی خۆئامادەکردن بۆ چوونە قوتابخانە، بەڵام دایکەکە بەردەوام دەبێت لەسەر نووستنەکەی، کاتێکیش گوێبیستی دەنگی زەنگەکە بوو دایکەکە خەون بەوەوە دەبینی کە خواردنی بۆ منداڵەکان ئامادەکردووەو بەڕێی کردوون بۆ قوتابخانە،بەڵام کاتێ لەخەو هەڵسا سەیری کرد منداڵەکانی لەخەو هەڵنەستاون .(١٢٦) ئەم تیۆرە وروژێنەرێکی دەرەکی وای کردووە خەون بەو واقیعە ببینێ کە ڕۆژانە دایکەکە بەزەنگی کاتژمێرەکە خەبەری بۆتەوەو منداڵەکانی لەخەوهەڵساندوون و خواردنی بۆ ئامادەکردوون، جگە لەمە زانایانی توێژینەوەی خەونەکان هۆکاری ( فسیۆلۆجی )ش دەکەنە هۆکارێکی تر بۆ دروست بوونی خەون وەك تێکچوونی و خراپی هەرسکردنی خۆراك، یان ئازارە جەستەییەکان یان هەوکردنی خانەی دیاری کراو لەمێشك (١٢٧) تیۆری ڕوانگەی تاقیکاری: دیاری کردنی ناوچەکانی مێشك کە کرداری خەونەکانی کۆنترۆڵ دەکات ئاشت بوون بەهۆکارە بایۆ کیمیاویەکان دەبێتە هۆکاری چالاك بوونی ئەم ناوچانە لەکاتی خەوندا (١٢٨) (( زۆربەی پسپۆڕە دەروونشیکارییەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە خەونەکان لایەنێکی گرنگیان هەیە لە شیکارکردنی دەروونی،

خەون چەند شتێکی ڕەمزی گەورەی گرنگە سوودی لێوەردەگیرێ بۆ زانینی شتە شاراوەکانی دەروون بەتایبەتی شڵەژانی ناوەکی ))(١٢٩) جا ئەو شڵەژانە هاتنە پێشەوەی شتە نەستییەکان بێت یان هۆکاری هەنووکەیی بایەلۆژی ئەو کەسە بێت دەبێت بەخەون .(( درك پێکردنی مرۆڤ تەنها پەیوەست نییە بەهێزی ئەقڵی، بەڵکو ئەم هێزە بەشدارە لەئاستی نەستدا هێزی نەست هەوڵدەدات چاو خشاندنەوەیەك بکات بەژیانی ڕۆژانەو ڕێکخستنی بەشێوەیەکی ڕێك لەگەڵا ڕوئیای کەسی بگونجێت لێرەوە خەون وەکو چالاکییەکی تایبەتی بەدەردەکەوێت و شوێنێکی گرنگ لەئاستی لاشعور داگیردەکات بۆ ڕێکخستنی ژیان ))(١٣٠) مرۆڤ تەنها لەڕێگای خەونەکانەوە خۆی ناگەیێنێتە شتەکان، بەڵکو بە خەیاڵیش هەوڵ دەدات، هەروەها بەهۆی زندە خەونەوە هەوڵ دەدات جیهانێکی خەیاڵاوی خۆش بۆ خۆی دروست بکات بەتایبەتی لەلایەن هەرزەکارانەوە کەنوقمی زیندەخەون دەبن و چێژێکی زۆری لێوەر دەگرن .(( کاتێ منداڵ یان هەرزەکار ئەو بروایەی لا دروست دەبێت کە ژیانی واقیعی زۆر زەحمەت و دژوارەو ناتوانێت حەزوو ویست و ئارەزووەکانی تیا بهێنێتەدی، بۆیە بەناچاری پەنا بۆ زیندە خەو و خەیاڵی خۆش دەبات و هەوڵدەدات لەڕێگەیانەوە حەزوو ئارەزووە تێرنەکراوەکانی ژیانی واقیعی تێربکات، لەلایەکی تریشەوە ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کەخەو و خەیاڵ زۆر ئاسانترە ))(١٣١) لە هێنانەدی ئەو واقیعەی کەخۆی دەیەوێ، نقوم بوون بەنێو جیهانی زیندە خەون بەشێك لەئارەزوو حەزە چەسپێنراوەکانی تێردەبن، چونکە کاتێ مرۆڤ کە خەون دەبینێ یاخود نقومی دونیای زیندە خەون دەبێت، لەو کاتەدا وادەزانێت واقیعە نەك زیندەخەون بۆیە بەکامی دڵ چێژیش لەم زیندە خەونە وەردەگرێت . کەواتە،(( زیندەخەون بریتییە لەهیواو ئاوات و بیری خۆش و بەتام کە مرۆڤ زۆرجار پەنای بۆ دەبات، ئەم جۆرە خەو و خەیاڵ و بیرە خۆشانە بەڕێژەیەکی گونجاو پێویست و بە سوودن، بەڵام ئەگەر لەڕێژەی ئاسایی خۆی دەرچوون و مرۆڤ بەبەردەوامی و بۆ ماوەیەکی زۆر پەنای بۆ بردن، ئەو کاتە زیان بەخش دەبێت و تاك لەژیانی واقیعی دوور دەخاتەوەو شوێنەواری خراپی لەسەر بەدیار دەکەوێت ))(١٣٢) و دەکەوێتە نێو وەهمێك و خۆی تیا نقوم دەکات و لەدەوروبەر دادەبڕێ و بیرکردنەوەو لێکدانەوەی گۆڕانکاری بەسەردا دێت و وای لێدێت بەبەردەوامی لە واقیع ڕابکات و شەرم بکات و هەمیشە پەنا بۆ خەیاڵ و زیندە خەون ببات .

## وزەی لیبدۆ :- ( libdo ):-

وزەی لیبدۆ لای هەموو مرۆڤێك بوونی هەیە، بەڵام خەڵکی ئاسایی وا دەزانن کە ئەم وزەیە لەتەمەنی هەرزەکارییەوە بەدیاردەکەوێت و پێشتریش هیچ بوونێکی نییە، بەڵام ( فرۆید ) سێ قۆناغی بۆ دیاری کردووە کە ئەمانەن، دەمە قۆناغ ( المرحلة الفمیة ) ( oral stage ) کەسەرەتای ژیانی منداڵی دەگرێتەوە قۆناغی دووەم ( قۆناغی کۆم ) ( المرحلة الشرجیة ) ( anal stage ) لەڕێی فرێدانی پاشەڕۆ منداڵ چێژ وەردەگرێت، قۆناغی سێیەم قۆناغەکانی ئەندامی زاوزێ ( مرحلة لاعضاء التناسلیة ) ( Pnallic stage ) . (( فرۆید بڕوای وایە ڕەمەکی سێکسی گەوهەری فرمانی مرۆڤ و ئێش و ئازارە دنیاییەکانی پێکدێنێت، ئەم وزە بایەلۆژییە بزوێنەری بنەڕەتییە بۆ ململانێ دەروونییەکان و پاشان بەرپرسیارە لەپێکهێنانی جیهانی دەروونی مرۆڤ و ڕواڵەتەکانی ڕەفتارو خاسیەتە خودییەکان ))(١٣٣) لە هەمان کاتیشدا زۆر بەوردی قۆناغەکانی وزەی ( لیبدۆ ) ی جیاکردۆتەوەو لەسەری دواوە . (( لەدەورانی منداڵی لەکاتی بوونییەوە تاوەکو تەمەنی یەك ساڵ و نیو تەمەنی دەمی پێدەڵێن کەبەتێپەڕبوونی ئەو دەورەیە منداڵا بە بێ ئیرادە لەبواری شیرخواردن و سەرپەرشتی کردنی دایك جگە لە گەشەکردن، هەستێکی لەزەتی تایبەت لەڕێگەی دەمییەوە بەو دەدات،لەو دەورانەدا دەمی منداڵا بنکەی لەزەتی ئەوە، چونکە بەشێکی مەمکی دایك و مژینی ئەو دووبارە ئەو لەزەتە لەدەمی ئەودا دروست دەکات ))(١٣٤) فرۆید بۆ ئەم قۆناغە ساڵ ونیوێك بۆ دووساڵی بۆ داناوە (( منداڵی شیرە خۆرە لەپێناوی شیر مەمکی دایکی ئەمژێت، بەڵام لەئەنجامدا بۆی دەرئەکەوێ ئەو چالاکییە لەبنەڕەتەوە چالاکیەکی بایەلۆژی و چێژ بەخشە، بەپێی بۆچوونی فرۆید ئەمە سەرەتای سەرهەڵدانی چالاکی سێکسییە دەمی منداڵ نەك تەنها وەکو ئەندامێکی گرنگە بۆ ماوەی ماتریالی بوونی ئەو، بەڵکو ئەبێتە ناوچەیەکی شەهوەت ئامێز، کەمنداڵ پاش چەند ساڵێك ئەم کارانە دووبارە ئەکاتەوە، بەمژینی پەنجە کەڵەکەی و دوای ماوەیەکی دیکەش بەماچکردنی))(١٣٥) لەدوای ئەوە قۆناغێکی تردەست پێدەکات ئەویش قۆناغی کۆمی( Anal stage)یە، (( ئەم قۆناغە دەکەوێتە نێوان ساڵی دووەم و ساڵی سێیەم لەتەمەنی منداڵدا، کە تێیدا منداڵا زیاتر جەخت لەسەر خۆ ڕاهێنان بۆ پرۆسەکانی دەرهاویشتن دەکات و هەست بەجۆرێك لەزەت و خۆشی دەکات کاتێك کە دەتوانێ لەڕێگەی پرۆسە جیاوازەکانی دەرهاویشتنەوە خۆی لەپاشەڕۆیەکان دەرباز بکات .

فرۆید لەوبڕوایە دابوو کە سەر چاوەی لەزەت لەم قۆناغەدا لەدەمەوە دەگوازرێتەوە بۆ کۆم، یان بەواتایەکی تر منداڵ هەست بەجۆرێك لەزەت دەکات کاتێك کە لە پاشەڕۆکانی ڕزگاری دەبێت . ئاشکرایە کە ڕزگاربوون لەپاشەڕۆ جۆرێکە لە خۆشی بەتاك دەبەخشێ بەهۆی دوورخستنەوەی سەرچاوەی ڕاڕایی، پاشان لەڕێگای ئەو تاقیکردنەوانەی کە لەزەت دەبەخشن و دەبنە هۆی کەمکردنەوەی ڕاڕایی لەڕێگەی فڕێدانی پاشەڕۆوە ... ))(١٣٦) هەست بەئارامی دەروونی دەکات قۆناغی سێیەم لە وزەی ( لیبدۆ ): ئەم قۆناغە لەساڵی سێیەمەوە دەست پێدەکات تاساڵی شەشەم (( کە تێیدا بایەخ پێدانەکانی منداڵ زیاتر لەگەڕان بەدوای جیاوازییە فسیۆلۆژیەکاندا دەبێت لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکە ( نێر و مێ )، هەروەك چۆن هەوڵا دەدەن بۆ ئاشنا بوون بە چالاکییە سێکسیەکانی نێوان باوان . هەر لەو قۆناغەدا منداڵان ئەوە ئاشکرا دەکەن کەیاری کردن بەئەندامەکانی زاوزێ جۆرێك لەخۆشی و لەزەتیان بۆ دابین دەکات ))(١٣٧) واتا بەڕای

فرۆید مرۆڤ لەسەرەتای لەدایك بوونییەوە هەستی سێکسی لەناخیدابوونی هەیە و ورده ورده بەگەورەبوون گەشەدەکات، ئەم دەست لێدانی ئەندامەکانی زاوزێ وا لەتاك دەکات چێژی لێوەربگرێت، زۆر جار لەلایەن گەورەکانەوە منالآن دەشکێنرێنەوەو ئیهانە دەکرێن بەوەی ئەو شوێنە بڤەیە و نابێ دەستی لێبدرێت، سەرەتای ترس و شەرمێکی زۆر لەناخی منداڵەکەدا چەکەرە دەکات، پرسیار دەکات کە بۆچی دەست بۆ هەرکام لەئەندامەکانی بەرێت عەیب نییە؟ بەڵام دەست بۆ ئەم ئەندامە بەرێت عەیبە. فرۆید لەو باوەڕەدابوو (( کە ئەو ماوەیەی دەکەوێتە نێوان ساڵی شەشەم و سەرەتای قۆناغی پێگەیشتن، هێزی ڕەمەکی لیبدۆ لە هیچ بەشێکی جەستەیدا بەدیارناکەوێت، بۆیە هیچ چالاکی دیارکراو نییە بۆ هێزی ڕەمەکی لەلای منداڵا . ئەم قۆناغەش بەتەواوی دەکەوێتە ناو قۆناغی قوتابخانەی سەرەتاییەوە . لەم قۆناغەدا هیچ جۆرێك لەگۆڕانکاری یان گەشە ( سێکسی – دەروونی ) دەرناکەوێت کە ئەمەش یارمەتی منداڵ دەدات بۆ جەخت کردنەوە لەسەر کۆمەڵێ شتی کۆمەڵایەتی یان زانستی وەك هاوڕییەتی و ئاشنابوون بەژینگەی دەووربەر ))(١٣٨) دوای ئەوەی تەمەنی مرۆڤ هەڵکشاو سەرەتای هەرزەکاری دەست پێدەکات (( ئەم قۆناغە سەرەتای قۆناغێکی ترە لەژیانی منداڵا، لەو تەمەنەدا منداڵا بەرگی منداڵی دادەکەنێ و بەرگێکی تر دەپۆشێت کە بە مێرد منداڵ یان هەرزەکار ناوی دەبرێت ))(١٣٩) لەم قۆناغەدا کۆمەڵێ گۆڕانکاری جەستەیی و فسیۆلۆژی لەلای هەرزەکار دروست دەبێت لەلای نێر کە ئەندامی سێکسی دەکەوێتەکار و دەنگی گڕ دەبێت و گرێی قوڕگی خڕدەبێت و مووی جەستەی زیاد دەبێت، لەلای کچانیش مەمیان گەورە دەبێت و سووڕی مانگانەیان دەست پێدەکات، لەلای کوڕ و کچانیشەوە خەیاڵ و زیندە خەون گەشە دەکات و لەمناڵی خۆی دەترازێو دەچێتە جیهانێکی ترەوە، قۆناغی ئەندامەکانی سێکسی Genital stage: (( ئەم قۆناغە بەوە دەناسرێتەوە کە دەکەوێتە ناو قۆناغی هەرزەکاری، کە تێیدا چالاکییەکانی هێزی ڕەمەکی دەکەوێتە سەر ئەندامەکانی سێکس و لەلای کوڕان و کچان، ئەم قۆناغەش بە بۆچوونی فرۆید کۆتایی گەشەی دەروونی سێکسییە لەلای منداڵ کە لە هیچ قۆناغێکی تردا گەشە ناکات ))(١٤٠)لە قۆناغەکانی تری گەشەی سێکسی ڕێگرییەکی وەها نییە پرۆسەکە بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە دەچێت، بەڵام لەقۆناغی کامڵ بوون و گەشتنە هەرزەکاری کێشەی سێکسی و چەپاندن دەست پێدەکات کە بێگومان ڕەنگدانەوەیەکی زۆری دەبێت بەسەر باری دەروونی تاك بەتایبەتی بەهرەمەندان کە لە بواری هونەرییان دا ڕەنگدەداتەوە .

**تیۆرەکەی ئەلفرێد ئەدلەر(١٤١) :-**

ئەدلەر یەکێکە لە دەروونناسە بەتواناکان کە لەسەر بنەمایەك کاری کردووەو لەلێکۆڵینەوەکانی سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە تاکو ئێستاش تیۆرەکەی کارپێدەگرێت، ئەدلەر لەسەر تیۆری ( هەستی خۆ بەکەم زانین ) کاری کرد، خۆی لەڕووی جەستەیی و نەخۆشییەوە کەسێکی نابووت بوو، بۆیە تیۆرەکەی لەناخی خۆیەوە هەڵقوڵاو بەسەر شاعیرو بەهرەمەندە کەم ئەندام و نەخۆشەکانی پراکتیزەکرد.

سەرەتا ئەدلەر لەگەڵ ( فرۆید ) کاری دەکردو کاریگەر بوو بە بۆچوونەکانی، بەڵام دواتر خۆی شێواز و ڕێگاو میتۆدی لێکۆڵینەوەی خۆی دۆزییەوەو گەشەی پێدا .(( ئەلفرێد ئەدلەر، خاوەن قوتابخانەی دەرونزانی تاکییە و بەم دواییانە کێبرکێیەکی چالاکی لەگەڵا قوتابخانەی دەرونشیکاری فرۆید دروست کرد، واتا وای لێهات بەوە ناوزەدیان کرد کە دژی یەکترن، بەڵام ناساندنی قوتابخانەی دەروونزانی تاکی لەسەردەستی ئەدلەر ناوبانگی زۆر مەعریفی بەخشییە ئەو زاتەو ئێستاش ڕێنمایی و شێوە چارەسەرییەکانی لەزۆربەی دامودەزگا تایبەتیەکانی تایبەت بەو نەخۆشییانە پەیڕەو دەکرێت ))(١٤٢) پێی وایە هەموو مرۆڤێك تاڕادەی خۆی هەست بە کەمی دەکات و لەهەوڵی ئەوەش دایە ئەم کەم وکوڕیانەی پڕبکاتەوە، ئەدلەر پێی وایە هەموو منداڵێك هەستی ( خۆ بەکەم زانین )ی تێدایە، چونکە ئەو منداڵە هەست بەوە دەکات ناتوانێت پێداویستیەکانی خۆی جێ بەجێ بکات، ئەو منداڵە هەست بەوە دەکات کە جەستەی لاوازە توانای جەستەیی وەك هی گەورەکان نییە، بەڵام بەتێپەڕ بوونی کات وردە وردە ئەو هەستی خۆ بەکەم زانینەی کەم دەبێتەوە .

(( ئەدلەر لەبیرۆکە یان غەریزەی حەزکردن لەخۆ بەدەرخستن بۆ قەرەبوو کردنەوەی هەست کردن بە کەمی لەگەڵ فرۆید دا هاوڕایە، بەڵام لەناوەڕۆك دا لەگەڵی هاوڕا نییە و لێی جیاوازە . لەکاتێك دا کە فرۆید وای دەبینێت هونەر و داهێنان تەنها قەرەبوو کردنەوەیەکی دەمامك دارانەی چەپاندنی سێکسین، یان تەنها جۆرێکن لەخۆ خاڵیکردنەوە لەپێناو گونجان لەگەڵ دەرەوەو خۆلادان لەنەخۆشی دەروونی، ئەدلەر پێی وایە گرێی سێکسی بەهەموو دیاردەو پێکهاتەکانییەوە بە ئەندازەی گرێی هەستکردن بەکەمی سەرکەوتوو نییە لەلێکدانەوەی داهێناندا، چونکە داهێنان لای داهێنەر هەوڵێکی قەرەبووکارییە بۆ پڕکردنەوەی هەست کردن بەکەمی ))(١٤٣) لێرەدا دەبینین بیرو ڕاکان جیاواز دەبنەوەو ( فرۆید ) و ( ئەدلەر) هەریەکەیان دەبنە خاوەن تیۆری خۆیان، ( ئەدلەر ) پێی وایە هێزی داهێنان لەگرێی هەست کردن بەکەمی بەهێزترە لەگرێی سێکسی، بێگومان تیۆری هەردووکیان کاریان پێکراوەو هەردوو تیۆرەکەش تیۆری پەسندن و تاکو ئێستاش کاریان پێدەکرێت و ڕەخنەگران کردویانە بەسەر مەشقی کارەکانیان، من پێم وایە تیۆری ( فرۆید ) و ( ئەدلەر ) لەو خاڵەدا یەکدەگرنەوە، بۆ نموونە؛ کەسێك لەژیانی دا بێبەش بێت و تووشی چەپاندنێکی زۆر هاتبێت لەنێو کۆمەڵگاو بێبەش بێت لە سێکسی بێگومان هەست بەکەمی دەکات . ئەدلەر دەڵێت : (( بۆ ئەوەی هەست بکەن کەمرۆڤین، دەبێت لەخۆماندا هەست بەکەمی بکەین ))(١٤٤)ئەو هەست بەکەمی کردنە هانمان دەدات خۆمان کامڵ بکەین و کەم وکوڕییەکان پڕ بکەینەوە، منداڵ لەڕوانگەی ئەدلەرەوە سێ هۆکار وای لێدەکەن هەست بەکەمی کردن بکات (( یان بەهۆی کەم ئەندامی یان بەهۆی نازپێدانی زۆرەوە، یان بەهۆی پشت گوێ خستن فەرامۆش کردنی منداڵەوە ))(١٤٥) گرێی هەست کردن بەکەمی لەلای هونەرمەندان و بەهرەمەندان داهێنان دروست دەکات، چونکە کەسی شاعیر هەوڵ دەدات بونی خۆی بسەلمێنێ و کەم

وكورییەكانی لەڕووی بیرو بەهرەوە دەربڕێت ناخی خۆی زاڵ بكات ئەقڵ و ڕوئیاو داهێنانی زاڵ بكات بەسەر جەستەی وا هەست بكات ڕاستە مرۆڤەكانی تر لەو جوانترن لەڕووی بەژن و باڵاوە مرۆڤەكانی تر كەم ئەندام نین كەم كوڕی جەستەییان نییە، بەڵام لەڕووی ئەقڵ و بیركردنەوەوداهێنانەوە كەم و كوڕییان هەیە و ناگەن بەو، هەر بۆ نموونە؛ بتهۆڤن هەرچەندە كەڕبوو، بەڵام داهێنانی لە نۆتەكانی مۆسیقادا كرد، ( طه حسین ) نابینابوو، كەچی ڕەخنەگرێكی بەتوانای عەرەب بوو، لەنێو ئەدەبیاتی كوردیشدا ( د.كامل بصیر ) هەرچەندە نابینابوو، بەڵام خزمەتێكی زۆری بەڕەخنەی ئەدەبی كوردی بەخشی .

(( شاعیر لەیەك كاتدا نیشتەجێی نێوان دوو جیهانە، ئەویش جیهانی خواستە بەدیهاتووەكان و جیهانی خواستە بەدینەهاتووەكان، ئەوەی بەدی دێت شاعیر وازیان لێدەهێنێت، بەڵام خواستە بەدی نەهاتووەكان شاعیر دەكەنە ئەو گەڕیدەیەی كە بۆ ناو ماڵی شیعر بیانگوازێتەوە ))(١٤٦)،چونكە مرۆڤ كاتێك بەشتێك گەیشت ئیتر ئەم شتە دەبێتە ڕۆتین و كۆتایی دێت، بۆیە مرۆڤ هەمیشە بیر لەو شتانە دەكاتەوە كە بەدی نەهاتوون مرۆڤ هەمیشە پرۆژەی نوێی پێیە بۆ ژیان .

كۆمەڵێ لێكۆڵەر لەهەوڵی ئەوە دابوون تیۆری نوێ بدۆزنەوەو كاری نوێ بكەن لەوانە (( ئادلەر، كارن هۆڕنای، ئەرك فرۆم، هاری ئیستاك، سۆلیڤان، لەوكەسانەبوون، كە هەوڵیان ئەدا خۆیان لەو چەمكە فیزیۆلۆژیانەی سەدەی ( نۆزدەهەم ) كە لە تیۆرەكەی فرۆید دا هاتبوون دووربگرن، چەمكی تازەی دەروونزانی كۆمەڵایەتی بهێننە ناو دەروون شیتەڵییەوە، بەم شێوەیە ئەوان كەسایەتی و دەروونی مرۆڤیان لەڕوانگەی جیاواز لەیەكتریەوە سەیركرد ))(١٤٧) تیۆرەكەی ( ئەدلەر ) هەروا بەئاسانی نەچەسپا،بەڵكو ئەو كاتیش دژایەتیان دەكردو دژی ئەوە بوون لەوانە زانای دەروونزانی ( ڕۆلۆمای ) (( ئەو تیۆرە ڕەت دەكاتەوە كەپێیوایە بزوێنەری داهێنان قەرەبووكردنەوەی لاوازییەكی ناوخۆییە ... ئەمە مانای ئەمە ناگەێنێ كە داهێنان بەرهەمی ناخۆشی گرفتەكانە، ئەو هاوڕایە لەگەڵا ( ماسلۆ )دا لەوەی كە داهێنان دەربڕینی خەڵكە لەپێكهێنانی خۆیان، هاوكات گەیشتن بە بەرزترین پلەی تەندروستی و سۆزداری ))(١٤٨) ئەدلەر سەرەتادا زۆر كاریگەر بوو بە ( فرۆید ) خۆی بەموریدی فرۆید دەزانی بەفرۆیدی گوت (( هەموو ئەوروپا قەرزاری تۆیە بۆ دەروونزانی لە بیست و پێنج ساڵ لەسەردەستی تۆ ئەم زانستە پێشكەوت ))(١٤٩)كەدەڵێن ( ئەدلەر ) باسی گرێی هەست كردن بەكەمی كردووە، وەنەبێ فرۆید لێی نەدوابێ (( فرۆید لەو بڕوایە دایە هەست كردن بە كەمی لەئەنجامی هەست كردن بەكەمی لاوازی و سستی چالاكی ئەندامەكانی زاووزێوەیەو تاك تووشی خەم و خەفەت ترس و دڵە ڕاوكێ دەكات و ناچار من ( الانا) هەوڵی دوورخستنەوەی ئەو ترس و دڵە ڕاوكێیە دەدات لەبواری هەستییەوە بۆ بواری نەست ( لاشعور ) و لەویدا بەخەفەو سەركوتكراوی دەمێنێتەوەو دواجاریش دەبێتە ناوكی دروست بوونی گرێی كەمی ))(١٥٠) لێرەدا تیۆری هەست كردن بەكەمی جودا دەبێتەوە كە ( فرۆید ) پێی وایە هەموو شتەكان دەچێتەوە ناو لایەنی جنسی، كەم و كوڕی لەجنس دەبێتە هۆی هەست كردنی بەكەمی، بەڵام ئەدلەر ڕای جیاوازە بۆ نموونە ؛كەسێكی نابینا، شەل، گوێ گران، نەخۆش .... هتد هەموو ئەوانە دەبنە هۆی هەست كردن بەگرێی كەمی . بە بڕوای ئەدلەر منداڵ هیچ كەموكوڕییەكی جەستەیشی نەبێت و تەواو كامڵ و جوانیش بێت هێشتا هەست بەكەمی دەكات، بێگومان بە گەورەبوون و كامڵ بوون بەشێك لەو هەست بەكەمی كردنە پڕدەبێتەوە .

داهێنان لەهەموو بوارەکاندا لەڕێگەی هەست کردن بەکەم وکوڕی و پڕکردنەوەی کەلێنەکان دروست بووە، هەر لەکۆنەوە مرۆڤ هەستی بەکەمی کردووە کەنەیتوانیوە وەك؛ باڵندە بفڕێت و ئاسمان تەی بکات بۆیە بیری کردۆتەوە هۆکارێك بدۆزێتەوە بەئاسماندا بفڕێت، یاخود کاتێك ڕووبەڕووی دڕندەیەك بۆتەوە هەستی بەکەمی کردووە کە لەڕووی جەستەوە ناتوانێت ڕووبەڕووی ئەم دڕندەیە ببێتەوە بۆیە بیری کردۆتەوە داهێنان لەشتێك بکات و لەجیاتی دەست و بازو چەپۆك، بە بیرکردنەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە شتی نوێ بدۆزێتەوە، واتا هەست بەکەمی کردن بەدرێژایی مێژوو بوونی هەبووە، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەوەیە لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگا چەند تاکێك هەن کە لەڕووی جەستەوە کەم و کوڕییان هەیە ئەمە زیاتر خاڵی تێرامانی زانایانە، ئەو کەسانەی کە لەڕووی جەستەوە کەم و کوڕییان هەیە زیاتر لەڕووی بابەتە ئەدەبییەکانەوە حەز دەکەن داهێنان بکەن نەك لەبواری تەکنەلۆجیادا، چونکە کەم وکوڕییەکان کاری کردۆتە سەر لایەنی دەروونی و هەست و سۆزو دەربڕینەکانیش لەو دەروونە شێواوەوە هەڵدەقوڵێن .

مازنی لەبارەی ( بشار بن برد )ەوە (( لێکۆڵینەوەیەکی کردووە، کە نموونەیەکی ڕوونی چەمکی گرێی هەست کردن بەکەمییە لای ئەدلەر، چونکە داهێنانی بەشار و ئارەزووی داشۆرینی خەڵك و جنێوپێدانیان، دەگەڕێتەوە بۆ گرێی هەست بەکەمکردن، کەبەشار بەهۆی ئەوەی شاعیرێکی مەدالییەو دووەم شاعیرێکی کوێر بووە، بەدەستییەوە دەیناڵاند ))(١٥١) و ئاخ و داخ و خەفەتی خۆی بەو جۆرە شیعرانە هەڵدەڕشت بۆ ئەوەی دەروونی خۆی ئاسوودە بکات، چونکە دەربڕینی شتە خەفەکراوەکان لەڕووی دەروونییەوە هاوسەنگییەك بۆ مرۆڤەکە دروست دەکات .

(( ناپلیۆن لە زەمانی منداڵیدا بەردەوام هۆکاری پێکەنینی هاوپۆلەکانی بووە . لەو هەلو مەرجەدا ( ناپلیۆن ) بەدبین و شەرمن و خۆپەسند لەبواری ژیانداو کورتە باڵایی خۆیدا، لەترسی ئەوە نەك ئەو غرووری بۆچوونەی هەیبوو تێیدا سەرکەوتوو نەبێت لەتەمەنی شانزە ساڵیدا دەیەوێ خۆی لەناو بەرێت، بەڵام چارەنووس وەك دەڵێن یارمەتی دەری دەبێت ))(١٥٢) ئەم مرۆڤە قاڕەی ئاسیای خڵتانی خوێن کرد، وەك تۆڵە سەندنەوەیەك و وەك سەلماندنی خودی خۆی کەمرۆڤێکی بەتوانایە لەڕووی سەربازییەوە وەك تۆڵە کردنەوەش لە مرۆڤایەتی کە کاتی خۆی ئەو مناڵبووە قەشمەری پێکراوەو پێی پێکەنیوون . نموونەوکەسانی تر زۆرن لە جیهاندا کە بەهۆی کەم و کوڕیی جەستەیی هەوڵیان داوە لەبوارێك لەبوارەکاندا پێشبکەون لەوانە (( ( بابیرۆن ) پێیەکی خوار بووە، ( بروست ) نەخۆشیی دەروونی هەبووە، ( کیتس ) کورتەباڵا بووە، ( تۆماس وۆلف ) زۆر کەتەو درێژ بووە ... ))(١٥٣) بێگومان بوونی ئەم کەم و کوڕیانە بەتەنها بەس نین، واتا مرۆڤ بەتەنها لەڕووی جەستەییەوە کەم و کوڕی هەبێت هەست بەکەمی ناکات،بەڵکو زۆر جار نەبوونی و دەست کورتیش وا لەمرۆڤ دەکات هەست بەکەمی بکات، چونکە ئەو مرۆڤە دەستی کورتە و ناتوانێت پێداویستیەکانی ژیانی جێبەجێ بکات، ئەم بارە وای لێدەکات تووشی خەمۆکی و ڕەشبینی و هەست بەکەمی بکات .

## پەراویزەکانی بەشی یەکەم :-

(١ ) هەژار، هەنبانەبۆرینە – فرهنگ کوردی – فارسی، چ ٤، انتسارات سروش، ایران، ١٣٨٤، ل ٣٦٤

( ٢) فازیل نیزامەدین، فەرهەنگی شیرینی نوێ، عەرەبی – کوردی، چ١،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٢٦٥ .

( ٣) راجح احمد عزت، اصول علم النفس، ط ٧، دارالکاتب العربی للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٦٨، ص٣

.( ٤) فلوگل .چ .ل .، علم نفس فی مائه عام، ت . لطفي فطيم، دار الطيعة، بيروت، ١٩٧٣،ص٧

( ٥) راجح احمد عزت، اصول علم النفس، ص٣

( ٦) مستەفا پەژار، بەرەو سایکۆلۆژیا، گ ( کاروان )، ژ ٣٦، ساڵی ١٩٨٥، ل٧٥.

(٧ ) عزەدین احمد عزیز،بنەماکانی دەروونزانی گشتی، چ(٢)، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ڕۆژهەڵات،٢٠١١،ل١٩

(٨ ) د. شکری عزیز الماضي، و. پ. ی. د. سەردار ئەحمەد گەردی، تیۆری ئەدەب، چ١، چاپخانەی ماردین، هەولێر، ٢٠١٠، ل ١٧٠ .

( ٩) ئیحسان سابیر سەعید، ڕوانینێکی سایکۆلۆژیانە لەدیاردەی جیاوازی و پێچەوانەیی لە شیعری کوردی دا، گ(ڕامان )، ژ( ١٧١ )، ٢٠١١، ٦٢ .

( ١٠) پ . د . زاهیر لەتیف کەریم، سایکۆلۆژیای دەق، ڕ. ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ژ ( ٥٣٨٩ )، پێنج شەم، ٢٠١١/١/٢٧، ل ٤

( ١١) س . پ . ل ٤

(١٢ ) هەڵمەت بایز ڕەسول، ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن دا، زانکۆی بەغدا، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، ماستەر، ٢٠٠٦، ل٨

( ١٣) س . پ . ل ٤٢

(١٤ ) د . بەسام قطوس، و/ د . محمد تاتانی، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، چ١، چاپخانەی شڤان، ، ل ٦١

( ١٥) ئەحمەد ڕەزا، لە دەروونشیکارییەوە بۆ لێکدانەوە، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١١١ .

(١٦ ) شنۆ ئەحمەد عەزیز، شیکردنەوەی دەروونی بۆ هەردوو چەمکی ( نەفسی ) و ( نامۆیی ) لەلای صابری، گ . گرنگ، ژ ٩٢، ٢٠١١، ل٦٧ .

( ١٧) M.H ئەبرامز، و . عوسمان ئەحمەد، تیۆرەمۆدرێنەکانی ئەدەب و ڕەخنە، چاپەمەنی ژیر، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٢٦ .

( ١٨) پ. د . زاهیر کەریم، سایکۆلۆژیای دەق، ڕ. ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ژ ( ٥٣٨٩ )، پێنج شەم، ٢٠١١/١/٢٧، ل ٤

( ١٩) محەمەد تەها حوسێن، ڕامانێکی سایکۆلۆژیانە بۆ ئەدەب، گ( ڕامان )، ژ ( ١١٣ )، ٢٠٠٦/١٠/٥ . ل ٢٠٨ .

(٢٠ ) سەردار ئەحمەد گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردی دا ( ١٩٧٠ – ١٩٩١ )، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٨٨ .

(٢١ ) د. شکری عزیز الماضي، و. پ. ی. د. سەردار ئەحمەد گەردی، تیۆری ئەدەب، ل ١٤٧ .

(٢٢ ) د . عزالدين اسماعيل، التفسير النفسي للادب، دار العودت و دار الثقافه، بيروت، ص ٢٧ .

( ٢٣) مجد محمد الباكير البرازى، فى النقد والآدب الحديث، ط ١، مطبعه الرساله الحديثه، عمان – أردن، ١٩٨٦، ص ٤٠ .

( ٢٤) هۆراس، و/ حەمید عەزیز، هونەری شیعر، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٢٢ .

( ٢٥) د. شکری عزیز الماضي، و. پ. ی. د. سەردار ئەحمەد گەردی، تیۆری ئەدەب، ل١٦٩ .

( ٢٦) ڕێبین خەلیل، میتۆدی ڕەخنەی دەروونی لەبواری ئەدەبدا، گ ( ڕامان )، ژ( ١٧٠)، تەمووزی ٢٠١١، ل٥٤ .

(٢٧ ) M.H ئەبرامز، و . عوسمان ئەحمەد، تیۆرەمۆدرێنەکانی ئەدەب و ڕەخنە، ل١٢٥ .

(٢٨ ) د. مصطفى سويف، الاسس الفنية للابداع الفني في الشعر خاصة، ط ٢، دار المعارف بمصر – قاهرة، ١٩٥٩، ل٧٤ .

( ٢٩) د. كامل السوافيري، دراسات فى النقد الادبي، ط١، مكتبة الواعي العربي، ١٩٧٩، ص١٠٨ .

( ٣٠) عەلی طاهر حسین، نەرگسییەت یان خود لەشیعری لەتیف هەڵمەت دا، گ . ( زانکۆی سلێمانی )، ژ (٩)، ٢٠٠٢، ل ٨٥ .

( ٣١) عبدالرحمن محمد العيسوي، سايكولوجيهة الشخصيهة، مطبعه عصام جابر، الاسكندرية، ٢٠٠٢، ص ١٥٣ .

( ٣٢) د. ريكان ابراهيم، نقد الشعر في المنضور النفسى، ط١، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٩، ص ١٣ .

(٣٣ ) M.H ئەبرامز، و . عوسمان ئەحمەد، تیۆرەمۆدیرنەکانی ئەدەب و ڕەخنە، ل١٣٤ .

( ٣٤) د . بەسام قطوس، و . د . محمد تاتانی، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، ل٧١ .

( ٣٥) مستەفا پەژار، بەرو سایکۆلۆژیا، ل٧٦ .

( ٣٦) س . پ . ل٧٧

( ٣٧) عزەدین احمد عزیز، بنەماکانی دەروونزانی گشتی، ل٢٣ .

( ٣٨) سەعید محەمەد نوودی، دەروازەیەك بۆ سایکۆلۆژیای نووستن و خەو بینین، گ ( ڕامان )، ژ ( ١٥٢ )، ٢٠١٠/١/٥، ل١٠٥ .

(٣٩ ) س . پ . ل ١٠٥ .

( ٤٠) سعيد أبو الرضا، الاتجاه النفسي في نقد الشعر العربي اصوله و وقضاياه، ط١، مكتبه المعارف، الرياض، ١٩٨١، ص ١٣ .

(٤١ ) د . طه بعثر، د . محمد عماد فصلي، المرشد في الطب النفسي، منظمة الصحة العامة، ١٩٩٩، ص٥

( ٤٢) د. شكری عزيز الماضي، و. پ . ی . د . سەردار ئەحمەد گەردی، تیۆری ئەدەب، ل ١٦٩ -١٧٠ .

( ٤٣) س . پ . ل ١٧٠

(٤٤ ) د . بەسام قطوس، و . د . محمد تاتانی، دەروازەیەك بۆ میتۆدەكانی ڕەخنەی هاوچەرخ، ل ٦٢ .

(٤٥ ) د. عادل گەرمیانی، ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆكی دێژی من و قالە و سەگەكەی باڤلۆڤدا، دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوكردنەوەی كوردی، بەغدا، ٢٠٠٦، ل ١٧ .

(٤٦ ) د . بەسام قطوس، و / د . محمد تاتانی، دەروازەیەك بۆ میتۆدەكانی ڕەخنەی هاوچەرخ، ل ٦٣ .

(٤٧ ) هەڵمەت بایز ڕەسول، ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆكەكانی شێرزاد حەسەن دا، ل٣١ .

( ٤٨) سعيد أبو الرضا، الاتجاه النفسي في نقد الشعر العربي اصوله و وقضاياه، ص ١٤ .

( ٤٩) مستەفا پەژار، بەرەو سایكۆلۆژیا، ل ٧٧ .

( ٥٠) د. عادل گەرمیانی، پێوەندی رەخنەی دەروونی بەدەق و داهێنانی ئەدەبی، گ ( ڕامان )، ژ ( ٩٧ )، ٢٠٠٥/٦/٥، ل ٦٤

( ٥١) ڕێبین خەلیل، میتۆدی ڕەخنەی دەروونی لەبواری ئەدەبدا،ل٥٦ .

( ٥٢) د . بەسام قطوس، و . د . محمد تاتانی، دەروازەیەك بۆ میتۆدەكانی ڕەخنەی هاوچەرخ، ل ٧١ .

( ٥٣) پێشڕەو عەبدوڵڵا، شیعرەكانی ( بەختیار عەلی ) لەڕوانگەی دەروونشیكارییەوە، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١١، ل٨ .

( ٥٤) د. عادل گەرمیانی، دەروونشیكاری و ئەدەبی دەروونی، گ ( ئاینده )، ژ ( ٤٣ )، ٢٠٠٣، ل ٣٦ .

(٥٥ ) M.H ئەبرامز، تیۆرە مۆدرێنەكانی ئەدەب و ڕەخنە . و. عوسمان ئەحمەد، ل ١٣٢.

(٥٦ ) شارل مۆرۆن ( ١٨٩٩ – ١٩٦٦ ) دەستێكی باڵای هەبوو لە كاركردن لەبواری ڕەخنەی دەروونی .

( ٥٧) د. كەمال مەعروف، میتۆدی ڕەخنەی دەروونی، گ( مێرگ )، ژ( ٦٥ )، تشرینی یەكەم ٢٠١٠، ل ٩٧ .

( ٥٨) ڕێبین خەلیل، میتۆدی ڕەخنەی دەروونی لەبواری ئەدەبدا، ل٦٠

(٥٩ ) د. ئیبراهیم مەحمود خەلیل، و. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، زانستە مرۆڤایەتییەكان و ڕەخنەی ئەدەبی گ( سەردەم )، ژ ( ٥٦ )، ٢٠٠٨، ل ١٠٦ .

( ٦٠) M.H ئەبرامز، و . عوسمان ئەحمەد، تیۆرەمۆدرێنەكانی ئەدەب و ڕەخنە، ل١٣٢ .

(٦١ ) ت . و . عناد غزوان اسماعیل و جعفر صادق الخلیلي، خمسه مداخل الى النقد الآدبي، ويلبريسی . سكوت . دارالرشيد، للنشر، ص ٧٦ .

(٦٢ ) د. شكری عزيز الماضي، و. پ . ی . د . سەردار گەردی، تیۆری ئەدەب، ل ١٧٢ .

(٦٣ ) M.H ئەبرامز، و . عوسمان ئەحمەد، تیۆرەمۆدرێنەكانی ئەدەب و ڕەخنە، ل ١٣٦ .

( ٦٤)جاك لاكان لەدایك بوون و مردنی ( ١٩٠١ – ١٩٨١ ) .

(٦٥ ) ڕیبین خەلیل، میتۆدی ڕەخنەی دەروونی لەبواری ئەدەبدا، ل ٦١ .

(٦٦ ) س . پ . ل ٦١

(٦٧ ) د. عادل گەرمیانی، دەروونشیکاری و ئەدەبی دەروونی، ل ٤٣ .

( ٦٨) د . بەسام قطوس، و / د. محمد تاتانی، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، ل ٧٢.

(٦٩) - لەساڵی ١٨٥٦ لە فیابۆیبۆرگ لەدایك بووە،لە ساڵی ١٨٨١ بڕوانامەی بزیشکی لە زانکۆی ڤیەننا وەرگرتووە،خاوەنی تیۆری شیکردنەوەی دەروونییە، لەساڵی ١٩٠٠ کتێبی لێکدانەوەی خەونەکانی بڵاو کردۆتەوە، لە ٢٣/سێپتامبەری ساڵی ١٩٣٩ لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە.

( ٧٠) د. شکری عزیز الماضي، و. پ . ی . د . سەردار گەردی، تیۆری ئەدەب، ل ١٥٠ .

(٧١ ) د. هیمداد حوسێن، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی، چ٢، چاپخانەی باز، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٦٥٩ .

( ٧٢) ئا . و . ڕێباز عەزیز، فێربوونی سەرکەوتوو، چ ١، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٢٠ .

(٧٣ ) عزالدین احمد عزیز، بنەماکانی دەروونزانی گشتی، ل ٥٣ .

( ٧٤) س. پ . ل ٥٤

( ٧٥) د. هیمداد حوسێن، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی، ل٦٦٠ .

(٧٦ ) نارین صدیق مام کاك میرخان، شەپۆلی هۆش لەچیرۆکی نوێی کوردیدا ( ١٩٧٠ – ١٩٨٠ )، زانکۆی بەغدا، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، نامەی ماستەر، ٢٠٠٤، ل ١٢ .

( ٧٧) د. شکری عزیز الماضي، و. پ . ی . د . سەردار ئەحمەد گەردی، تیۆری ئەدەب، ل ١٥١ .

(٧٨ ) س. پ. ل١٥١ .

( ٧٩) د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، چۆنیەتی سەعیکردن و خۆ ئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوە، چ١، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٦١ .

(٨٠ ) ئا . و . ڕێباز عەزیز، فێربوونی سەرکەوتوو، چ ١، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٢١ .

( ٨١) هانی سلێمان، و. ئامانج محمد، دەروونزانی گشتی هەموو لایەنەگرنگەکانی دەروونزانی، چ٢، ٢٠٠٩، ل ٢٢٦ .

( ٨٢) د. شکری عزیز الماضي، و. پ . ی . د . سەردار ئەحمەد گەردی، تیۆری ئەدەب، ل ١٥٢ .

(٨٣ ) س. پ. ل ١٥٢ .

(٨٤ ) د.عەلی وەردی، و/ کەمال عەلی، هێزەکاراکانی نەست یان نهێنییەکانی کەسێتی سەرکەوتوو، چ٢، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٢٢١ .

( ٨٥) ڕەزا سەید حوسێن، و/ حەمە کەریم عارف، قوتابخانە ئەدەبیەکان، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٦، ل ٢٣٨ .

(٨٦ ) تێری ئیگۆن، و/ سەڵاح حەسەن پاڵەوان، شیکردنەوەی دەروونی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٢٧ .

(٨٧ ) فرانگ .س. کابریز، و/ سۆران خورماڵی، دەروونزانی ڕەفتار بۆ بەرەو لوتکەی کامەرانی، چ٤، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩،ل٢٤.

( ٨٨) عزەدین احمد عزیز، بنەماکانی دەروونزانی گشتی، ل ٧٢ .

(٨٩ ) پێشڕەو عەبدوڵا، قوتابخانەی دەروونشیکاری لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، گ ( ئاینده )، ژ ٨٩، ل ٢٥ .

( ٩٠) د. عبدالعزيز عقيق، في النقد الادبي، ط ٢، بيروت، ١٩٧٢، ص ٦٤ .

( ٩١) د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای گشتی،چ٢،چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر،٢٠٠٧، ل٣١٢ ـ ٣١٣ .

(٩٢)- لەم بارەیەوە د.محەمەد ناسر دەڵێت:((لەکتێبە فارسیەکاندا، چەمکی (بُن)بونیان بەکارهێناوە، کە مانای بنە دەبەخشێت لە زمانی کوردیدا، د.محەمەدی مەنسور دەڵێت: بەکارهێنانی(ئەو)(هوە)هەڵەیە، چونکە ئاماژەدەکات بەکەسێکی تر یان بە بونەوەرێك لەدەرەوەی کەسایەتی لە حاڵەتێکدا هەرسێ بنکەی کەسایەتی، هەر لەیەك شوێندا لەناخی تاکێکی تەنهایە))دیدەنی(هاوژین صلیوە)لەگەڵ د.محەمەد ناسر مستەفا- مامۆستا لەبەشی دەرونزانی زانکۆی کۆیە، کۆیە،ڕۆژی دووشەم، ڕێکەوتی ٢٠١٢/٩/١٠. هەڵبەتە (بنە )بەو مانایەش دێت کەمرۆڤ لەدایك دەبێت تەنها ئەوبەشەی دەبێت، واتا ئەوبەشە بنەماو بناغەی کەسایەتی مرۆڤە لەدایك بوونیەوە لەگەڵی دایە، هەرچەندە لەکتێبە کوردی و ئەرەبییەکان بەکاریان نەهێناوە، ئێمە هەوڵ دەدەین لە چەند شوێنێك لەگەڵ زاراوەکانی تر یاخود بەجوداش بەکاری بهێنین.

( ٩٣) هەڵمەت بایز، ڕەهەندەکانی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن دا، ل ٨٨ .

(٩٤ ) س. پ. ل ١٨٤ .

( ٩٥) زاهیر ڕۆژبەیانی، چیرۆکی هونەری کوردی ( شێوە، شێواز، بونیاد )،چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧، ل ١١ .

( ٩٦) د. عەلی وەردی، و. بەرزان ئەحمەد، کارە نائاساییەکانی نەست،چاپخانەی چوارچرا، ٢٠٠٤، ل ٣٥

(٩٧ ) سەرهەد، دەرونشیکاری ئیرۆس، گ ( زانستی سەردەم )، ژ ( ٣٧ )، بەشی دووەم، ل ٩٢ .

( ٩٨) عزەدین احمد عزیز، بنەماکانی دەروونزانی گشتی، ل ٧٣ .

( ٩٩) د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای گشتی، ل ٣٠٣ .

( ١٠٠) ئازاد قەزاز، کەسێتی و ململانێی دەروونی، چ ١، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١٠، ل ١٨ .

(١٠١)-س.پ.ل٣٧

(١٠٢) د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای ڕێنمایی کردنی دەروونی، چ ( ١ )، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ١٩ .

(١٠٣) ثامر حسن جاسم، و/ حەمەی ئەحمەد رسوڵ، توێژینەوەی سایکۆلۆژی لەداهێنانی شیعریدا، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٥٥

( ١٠٤) و. شوکر سلێمان، ڕاڤەی ئەدلەر بۆ سەرکەوتن و هەستی خۆ بەکەم زانین، گ ( ڕامان )، ژ ( ١٠٣ )، ٢٠٠٥/١٢/٥، ل ١٣٠ .

( ١٠٥) د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای گشتی، ل ٣٠٤

( ١٠٦) س. پ. ل ٣٠٥

( ١٠٧) س. پ. ل ٣٠٥ .

( ١٠٨) س. پ. ل ٣٠٧ .

( ١٠٩) س. پ. ل ٣٠٦ .

( ١١٠) س.پ. ل ٣٠٧ .

( ١١١) س. پ. ل ٣٠٧ – ٣٠٨ .

( ١١٢) د. وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، ديمشق، دار الفكر، ط ١، ٢٠٠٧، ص ٦٥ .

( ١١٣) احلام حادى، جماليات اللغة في القصة القصيرة، قراءات لتيارالوعي في القصة السعودية، ١٩٧٠ – ١٩٩٥، ط ١، المركز الثقافي العربي، بيروت – لبنان، ٢٠٠٤،ص ٩٠ .

( ١١٤) ئەحمەد سالار، هونەر وژیان، چ ١، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١١ .

( ١١٥) هەڵمەت بایز، ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن، ل ٤٣ .

( ١١٦) د. شكري عزيز الماضي، و. پ . ی . د . سەردار ئەحمەد گەردی، تیۆری ئەدەب، ل ١٧١

( ١١٧) و/هاوار ئەحمەد، فرۆید و ئەدەب، گ ( ڕامان )، ژ ( ٧٥ )، ئەیلولی ( ٢٠٠٢ )، ل ١٤٧ .

( ١١٨) M.H ئەبرامز، و.عوسمان ئەحمەد، تیۆرە مۆدێرنەکانی ئەدەب و ڕەخنە،ل ١٣٢ .

( ١١٩) فرانگ . س . کاپریز، و . سۆران خورماڵی، دەروونزانی ڕەفتار بۆ بەرەو لوتکەی کامەرانی، چ ٤، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٥٨ .

( ١٢٠) سەعید محەمەد نووری، دەروازەیەك بۆ سایکۆلۆژیای نووستن و خەوبینین، گ ( ڕامان )، ژ ( ١٥٢ )، ٢٠١٠/١/١٥، ل ١٠٥ .

( ١٢١) زاك مارتین، و/ قادر حەسەن عەلی، بەهێزکردنی توانا گیانی و دەرونییەکان، چ ٢، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٤٣ .

( ١٢٢) سیگمۆند فرۆید، و / صباحی مەلا عەولا، پێنج وانە لەدەروونشیکاریدا، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاوێر، ل ٩٤

( ١٢٣) سەعید محەمەد نووری، دەروازەیەك بۆ سایکۆلۆژیای نووستن و خەوبینین، ل ١٠٨ – ١٠٩ .

( ١٢٤) س . پ . ل ١٠٦ .

( ١٢٥) س . پ . ل ١٠٩ .

( ١٢٦) س . پ . ل ١٠٩ .

( ١٢٧) س . پ . ل ١٠٩ .

( ١٢٨) س . پ . ل ١٠٩ .

( ١٢٩) د. قيس النوري، الانثرو بولوجيا النفسية، بيت الحكمة، ص ١٣٥ .

( ١٣٠) گوڵاڵە كاظم عبدالفتاح الحويزي، الصورة الشعرية بين أدونيس ولطيف هلمت، كليهالاداب، جامعه صلاح الدين، اربيل، ماجيستر في اللغة العربية وأدابها، ٢٠٠٣، ص ٧١ .

( ١٣١) د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای گەشە (منداڵ و هەرزەکار)، ل ٤٨٣ -٤٨٤ .

( ١٣٢) س . پ . ل ٤٨٣ .

( ١٣٣) عدنان عبدالرحيم، و/کامال کاکەیی، فرۆید و سروشتی مرۆڤی، گ ( ڕامان )، ژ ( ٥٠ ) ە ئاب ٢٠٠٠، ل ٦٦ .

( ١٣٤) د. محەمەد علی ئەحمەد وەند، و.حەمە ڕەشید حەسەن، ناسینی بیری مرۆڤ میکانیزمی پارێزگاری دەروونی، چ١،چاپەمەنی سایە، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٧٦ .

( ١٣٥) تێری ئیگتون، و/ سەلاح حەسەن پاڵەوان، شیکردنەوەی دەروونی لەڕەخنەی ئەدەبی دا، ٢٠٠٤، ل ١٥ .

( ١٣٦) سەعید محەمەد نوری، کەسێتی منداڵ لەتیۆری گەشەی سیگموند فرۆید دا گ( ڕامان ) ژ ( ١٢٦)، ٢٠٠٧/١١/٥، ل ١١١ .

( ١٣٧) س. پ. ل ١١٢ .

( ١٣٨) س. پ. ل ١١٣ .

( ١٣٩) مظفر مصطفی اسماعیل، ڕوخسار و ناوەڕۆکی چیرۆکی منداڵان لای لەتیف هەڵمەت، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١،ل٣٧.

( ١٤٠) سەعید محەمەد نوری، کەسێتی منداڵ لەتیۆری گەشەی سیگموند فرۆید دا، ل ١١٣ .

(١٤١)- ئەلفرید ئەدلەر لە (٧) شوباتی ١٨٧٠ هاتۆتە دنیاوە،ئاستی ئەدلەر لە قوتابخانە مام ناوەندی بوو، چونکە کەسێکی نابوت و نەخۆش بوو، ئەم زانایە خاوەن (قوتابخانەی دەروونزانی تاکی)یە، لە ساڵی ١٩٣٧ لە (ئیسکۆتلند)بە نەخۆشی ڕاوەستانی دڵ کۆچی دویی کرد.

( ١٤٢) ئەدلەر، ت / عبد علی الجسمانی، و. شوکر سلێمان، ڕاڤەی ئادلەر بۆ سەرکەوتن و هەستی خۆم بە کەم زانین، گ ( ڕامان )، ژ ( ١٠٣ )، ٢٠٠٥/١٢/٥، ل ١٢٥ .

( ١٤٣) د . بەسام قطوس، و / د . محمد تاتانی، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، ل ٦٧ .

(١٤٤ ) دوان شڵتز، و. ڕێبوار ئەحمەد، ئەدلەرو سایکۆلۆژیای تاکە کەسی، ل ٢٤٤ .

( ١٤٥) س. پ. ل ٢٤٥ .

( ١٤٦) پێشڕەو عەبدوڵڵا، نالی و ( ئەو ) ڕێژکردنی جەستەی مەستوورە، گ ( ڕامان )، ژ ( ١٧٨ )، ٢٠١٢/٣/٥، ل ٦٤ .

( ١٤٧) د. سەعید شاملۆ، و/فرمێسك ڕزگار محەمەد، سیدۆ داود عەلی، قوتابخانەو تیۆرەکانی دەروونزانی کەسایەتی، چ ١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ١٣٦ .

( ١٤٨) دیل کارنگی، و/ ئەرسەلان ئەردەڵانی، زرنگ و هۆشیاریە، چ ١، چاپخانەی گەنج، ٢٠١٠، ل ١٢٧ .

( ١٤٩) ئەلنبسی، و/ئامانج عوسمان حەمەد، زانای دەروون زانی ئەلفرێد ئەدلەر، گ(ڕامان ) ژ ( ٢٧ )، ٥ی ئەیلولی ١٩٩٨، ل ١٨٠ .

( ١٥٠) د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای گەشە (منداڵ و هەرزەکار ) ل ٢٥٤ .

(١٥١ ) د . بەسام قطوس، و / د . محمد تاتانی، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، ل ٧٢ .

( ١٥٢) د. محەمەد علی ئەحمەد وەند، و/حەمە ڕەشید حەسەن، ناسینی بیری مرۆڤ/ میکانیزمی پارێزگاری دەروونی، چ ١، چاپخانەی سایە، ٢٠٠٩، ل ٤٤ .

( ١٥٣) د. موحسين ئەحمەد عومەر، ئەدەب و سايكۆلۆژيا، گ( ڕامان )، ژ ( ١٠٩ )، ٢٠٠٦/٦/٥، ل ١١٢ .

# بەشی دووەم:

## تەوەرەی یەکەم:

## پاڵنەرە دەروونییەکان و ڕەنگدانەوەیان لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا:

## ١-خۆ بە کەم زانین ( شعور بالنقص )

منداڵا لەقۆناغەکانی سەرەتای تەمەنیدا لەبەر لاوازی و بێهێزی جەستەی، هەست بەکەمی دەکات، کاتێ دەیەوێ شتێك ئەنجام بدات، لەتوانایدا نییە خۆی ئەنجامی بدات، لەو کاتەدا داوای یارمەتی دەکات، ئەم منداڵە هەست دەکات لەڕووی جەستەییەوە توانای ئەنجامدانی ئەو ئیشەی نییە، زۆر جاریش لەڕووی ئەقڵییەوە وا هەست دەکات ئەقڵی بەئیشێك ناشکێت و داوای یارمەتی لەکەسێکی تر دەکات، ئەمە سەرەتای خۆ بە کەم زانینە، بەڵام بەگەورەبوونی منداڵەکە وردە وردە ئەم هەستەی لانامێنێ، بەڵام ئەو منداڵانەی کە لەڕووی جەستەییەوە کەم ئەندامن ئەوا هەمیشە هەست بەنەقس دەکەن، ئەو منداڵانەی لەڕووی جەستەوە ناشیرین بن ئەوا هەست بەنەقس دەکەن.

کەمن ئەو مرۆڤانەی لەڕووی جەستەوە سەدا سەد ڕازیین لەخۆیان، چونکە هەرچەندە جوانبێت هەست دەکات لەو جوانتر هەیە، زۆر جار لەدەست دانی دایك و باوك هەستی خۆ بەکەم زانین لەلای دروست دەبێت، سەیردەکا مناڵانی تر لەلایەن دایك و باوەکەکانیانەوە گرنگیان پێدەدرێت و ئەویش لەم سۆزو خۆشەویستییە بێبەشە و لەوکاتەدا هەست بەخەم و خەفەت و نەقسێکی زۆر دەکات .(( ئەدلەر یەکەمین تاقی کردنەوەی تاکەکەسی لەگەڵا دنیای جیاواز لەخۆی بەسەرچاوەی هەست کردن بە ناوەرۆکی لاوازی زانیوە، لەو بڕوایەدایە کەمنداڵ بەڕاشکاوی دەبینێ لەدەوروبەری ئەو مرۆڤی سەربەخۆ و بەتوانا دەژین ئەوان دەتوانن بەویست و ئارەزووی خۆیان هەرئیش و کارێك بیانەوێ بیکەن، لەکاتێکدا ویست و ئارەزووەکانی ئەو لغاو کراوەو پێوەندی بەکەسانی ترەوە هەیە، هەرلەبەر ئەوە منداڵ لەسەرەتاوە لەهەوڵی ڕزگاریدایە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات ))(١) لەهەوڵی ئەوە دایە گەشەبکات و گەورە بێت ئەم قۆناغە تێپەڕێنێت،( ئەدلەر) لەتاقیکردنەوەکانی دا ئەوەی سەلماندووە، هەست کردن بەنەقس زۆرجار دەبێتە هۆکاری داهێنان لەبواری هونەریدا، چونکە ئەو کەسە هەست دەکات کەلێنێك، ناتەواوییەك، کەمو کوڕییەك لەژیانیدا هەیە دەیەوێت بەهونەر پڕی بکاتەوەو بگاتە ئاستی داهێنان .(( خۆ بەکەم زانین هەندێ کات دروست دەبێت کە مرۆڤ هەوڵ دەدات لاسایی کەسێك بکاتەوە یان بگات بەکەسێکدا لەئاستی زانیاری یان لە شتێکی دیکەدا بێت )

(٢) گەیشتن بەم ئاستەش لە ئەنجامی ئەو هەوڵەدا دەبێت کە تاکە کەس هەست بە دڵەڕاوکێ و جۆرێك لەنوقستانی بکات، ئەمانە وا دەکەن تاکە کەس کەم و کوڕییەکانی پڕ بکاتەوە . دەتوانین بڵێین لەتیف هەڵمەت لەچەند ڕوانگەیەکەوە هەست بەکەمی دەکات لەوانە ؛ بێبەش بوون لە سۆزی دایك، لەهەندێ لەقۆناغەکانی گەنجی بێبەش بوون لە خۆشەویستی ( یار )، زۆر جاریش هەست بەکەمی دەکات و لەجەستەی خۆی ڕازی نییە، بێبەش بوون لەمنداڵ، لەتیف هەڵمەت کەتاکو ئێستا شەش جار مناڵیان مردووە، ئەمانە هەمووی هۆکارن و لەنێو شیعرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە،وا یەکە یەکە بەنموونەوە دەیانخەینە ڕوو .

**١-لەدەست دانی ( دایك ) و هەست بەكەمی كردن :-**

مەرگی ( دایك ) ڕەنگدانەوەیەكی دەروونی بەهێزی لای لەتیف هەڵمەت دروست كردووەو شیعرێكی زۆری لەناخی دەروونێكی پڕ لە گڕو جۆش بۆ دایكی نووسیووە، بەشێك لەم شیعرانەش لەئەنجامی هەستكردن بەبێ دایكی بۆ پڕكردنەوەی ئەم كەم و كوڕییەی كە دایكی لەدەستداوە .

لەتیف هەڵمەت سەبارەت بەكۆچی دایكی دەڵێت: (( ١٩٦٧/٤/٤ قۆناغێكی ناخۆش دەستی پێكرد، هەستكردن بەبێ دایكی زۆر پرسیار و ئیستیفساری نوێی لا دروست كردم،ئەتوانم بڵێم زیاتر هانی دام بۆ ئەوەی هاوڕێیەكی كە بدۆزمەوە بۆ خۆم لەبری دایكم ئەویش شیعر بوو، ئەگەر چی لەساڵی ( ١٩٦٣ ) وە كاتێ بیست و هەشت پێشمەرگە لەزەمانی زەعیم سدیقدا شەهید كران ؛یەكەم شیعرم بۆ وان نووسی، بەڵام جوانترین شیعرم لەخوا و شارە بچكۆلەكەمان بۆ دایكم نووسیووە و بڵاوم كردۆتەوە، خۆشەویستی دایكم كە قەناعەتم نەدەكرد، كە شیعرم بۆ دەنووسی وەك ئەوە وابێ بۆ كەسێكی زیندووم دەنووسی،ئێستاش ڕەنگە زۆرجار باوەڕنەكەم كە مردووە، هەربەكەسێكی زیندوو بێتە پێش چاوم، وە لەڕاستیشدا لای من هەرگیز نەمردووە، شتەجوانەكان هەرگیز نامرن، هیچ شتێكی جوان نامرێ، لای من دایكم ئەو شتەیە كە نامرێت ))(٣) لەو دەربڕینانەوە ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە لەدەست دانی دایك كەلێنێك و نەقسێكی بۆ دروست كردووە، ئەم نەقسەش بەشیعر پڕدەكاتەوەو، لەو گوتەیەی كە دەڵێت دایكم نەمردووە، بێگومان مادەم خۆشەویستی دایك لەلای شاعیر وجودی هەیە و بەردەوام لەیادیدا دەمێنێتەوە ئەوا لەناخەوە هەر خۆشی دەوێت و بەزیندوویەتی دەمێنێتەوە .

((جۆن بولبی خاوەن بیردۆزێكی ناسراوەو لە شەستەكانەوە لە توێژینەوەكانیدا ئاماژە بەوەدەكات، دابڕان لەدایك دڵڕاوكێیەكی بنەمایی دروست دەكات، ئەگەریش كەسەكە لەبارو دۆخێكی خراپدابێت چەق دەبەستێت لە ناوكەسایەتی ئوو ئازار دەبینێت)) (٤) شاعیر لەتەمەنی سەرەتای گەنجییەتیدا دایكی لەدەست داوە، لەهەمان كاتیشدا بێبەش بوون لەیارو خۆشەویست وای كردووە كە زیاتر عیشقی وشە بێت و داهێنانەكانی خۆی، كەم كوڕییەكانی خۆی لە وشەدا دەرببڕێت، ئەوەتا لەم شیعرەدا دەڵێت:

**كچێ منی بێ دایك و بێ خۆشەویست**
**بووم بەهەورو هەر دڵۆپە بارانێكم ...**
**گۆرانی بۆ ئافرەتێ وت**
**هیچ ئافرەتێ خۆشمی نەویست**
**هیچ ئافرەتێ دەنگی ناخی هۆنراوەكانمی نەبیست**
**كە ڕۆحانەكەم كەم كەم وەك شێت**
**شەوانی زستان هەڵدەچێت**
**گشت چیرۆكێ دەبێ بەمەم**
**گشت چیرۆكێ دەبێ بەدەم**
**گۆرانی بۆ چرای ژووری زینی گوندی نووستوو دەڵێت ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب١ : ٢٢١ )

شاعیر هەست بەکەمییەکی زۆر دەکات،لەدەست دانی دایك و نەبوونی یەکێك کە شوێنی دایك بگرێتەوە، نەبوونی خۆشەویستێك، ئەوەتا وەکو هەوری خەمبار و خەمگین دادەبارێت و گۆرانی بۆ ئافرەت دەڵێت لەگوتەی ( هیچ ئافرەتێك دەنگی ناخی هۆنراوەکانمی نەبیست ) دا لایەنی دەروونی و ژیانی ناوەکی شاعیر بەدەردەکەوێت ( دەنگی ناخ ) ئەو دەنگە کپەیە لەناخێکی ڕاستگۆوە هەڵدەقوڵێت و شیوەن دەکات، ( ئەدلەر ) لەو باوەڕەدایە هونەر پڕکردنەوەی لایەنە کەمو کوڕییەکانی ژیانی هونەرمەندە لەئەنجامی هەستکردن بەنەقس هونەرمەند گەشەدەکات و دەگاتە حالەتی ئەفراندن .

شاعیر لەشیعرێکی تردا دەڵێت :-

**کە دارێکی سەوز دەبڕنەوە**

**هەزاران پاساری بەدوایدا**

**گریان دەبارێنن خەمێکی چەور دایان دەگرێ**

**بەڵام کەمن دەمرم ...**

**نەدایکم هەیە ... پرچم بۆ بڕنێ‌و**

**بملاوێنێتەوە ...**

**نە وێنەیەکشم لەجانتای کچێکی جواندا**

**بەجێ دەمێنێ ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب١ : ٤٢٥ )

شاعیر هەست بەکەمییەکی زۆر دەکات تەنانەت خۆ بەراورد کردن بەدارێکی سەوز کاتێ دەبڕدرێتەوە چۆلەکەکان بەدەوریدا دەخولێنەوەو دەجریوێنن و دەگرین و خەمی بۆ دەخۆن، خەمی چەور کە خوازەیە بۆ خەمێکی زۆر، بەڵام کاتێ شاعیر دەمرێت، واهەست دەکات ئەوەندە بێکەس و غەریبە هەست بەنەقسێکی زۆر دەکات کە دایکی نییە شیوەنی بۆ بگێڕێ کچێکیش نییە خەم لەشاعیر بخوات و وێنەی شاعیری لە جانتکەی خۆی هەڵگرتبێت .

لەتیف هەڵمەت لەوەڵامی ئەم پرسیارەی ئایە بۆچی لەشیعرەکانیدا یار دیارنییەو هەمیشە بەدوای یاردا عەودالە دەڵێت (( ناکرێ کوڕێك بڵێ قەت دڵداریم نەکردووە، ناکرێ بڵێم لە تەمەنی منالیمدا خۆشەویستیم نەکردووە، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کۆتایی شەستەکان و کۆتایی حەفتاکان ئەتوانین بڵێین تەمەنی من لەناوەندی شەستەکاندا بۆ دڵداری شیاوە، تا کۆتایی حەفتاکان، من لەو تەمەنە دا بەڵێ ناوی ئەو کچانەشم بردووە، کە خۆشم ویستوون، بەڵام دڵداری ئەو دەمە هەر ئەوەندە دەکرا لەوە زیاتر نەبوار هەبوو نەڕێگاش ئەدرا وەکو ئێستا نەبوو مۆبایل و ئینتەر نێت و چوونە دەرەوە و زانکۆ و ...، هیچ کام لەم شتانە لەو سەردەمەی ئێمەدا نەبوو، بەش بەحاڵی خۆم خۆشەویستیم کردووە، بەڵام باوەڕتان بێت من خۆشەویستیم بۆ وشە کاتێ کە هۆگری شیعربووم، ئیتر کاتەکانم هەمووی بۆ شیعرو وشە تەرخان کرد، کاتێکی زۆر کەمم مایەوە بۆ ئەوەی دڵداری تیا بکەم، زیاتر دڵداریم لەگەڵ شیعر و وشەدا کردووە ))(٥)لەم دەربڕینانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کەزۆربەی جار دڵدارییەکان یەك سەری بووین و تەنها لەلای شاعیرەوە هەست و خۆشەویستییەکە بوونی هەبووە، یاخود وەك خۆی دەڵێت ڕێگانەدان و نەبوونی هۆکارەکانی ئاسان کاری بۆ دڵداری و ... هتد وای کردووە شاعیر زیاتر دڵداری لەگەڵا وشەدا بکات و وەك ئەڵتەر ناتیفێك لەبری ئافرەت

شاعیر لەشیعری ( ئەی مانگە دوورەکە ) دا دەڵێت :

**ئەی مانگە دوورەکە خۆمن دەزگیرانم نییە**
**بڕۆم بەدزی دایك و باوکییەوە**
**لە پەنجەرەیەك بە نهێنییەوە**
**نامەی لێ بدزم و**
**لەدەرگایەکی نهێنییەوە**
**بمباتەوە ژورەوەو**
**لەژێر پرچەکەیدا بمحەسێنێتەوە ..**
**خۆمن دایکم نییە**
**نانی گەرمم بۆ هەڵگرێ و**
**هەرکە لەدەرگاکەماندا**
**تەقەی دەستم بناسێ و**
**ئەملاو ئەملام ماچ بکات و**
**بڵێ :**
**ئەرێ کوڕە شیرینەکەم**
**دنیا ئاڵۆزە و مەرگ دەبارێ و**
**زەوی دەقلیشێتەوەو**
**پیاو قوت دەدات ...**
**تۆ بۆ ئەم ئێوارەیە ...**
**وا درەنگ هاتیەوە**
**ئەی مانگە دوورەکە**
**لەشەقامێکدا ڕادەوەستم و**
**سەیری خۆم دەکەم ..**
**تیشکەکانی تۆ**
**بۆنی وڵاتە دوورەکەمیان لێ دێ ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب١ : ٢٥١ – ٢٥٢ )

شان بەشانی نەبوونی دایك، نەبوونی دەزگیرانیش کەلێنێکی گەورەی بۆ شاعیر دروست کردووە، ئەوەتا پەنا بۆ مانگ دەبات دیالۆگ لەگەڵ مانگدا دەکات و ڕازو نهێنی و هەستە پەنگ خوار دووەکانی خۆی بۆ هەڵدەڕێژێت، سەیر کردنی مانگە ڕۆژانی ئارامی و وڵاتەکەی خۆی بیر دێنێتەوە، شاعیر لە کۆپلە شیعرێکی تردا دەڵێت :

**بای جیهان پڕە لە ناپاڵم .. لەپۆلیس**
**لەخەونی کوژراو ..**
**لەکچی جوان**

**بای جیهان پڕە لەنەخشەی وڵاتان**

**لەناوی هەزاران هەزار ئافرەت**

**بەڵام من .. نەدەسگیرانم هەیە**

**نەوڵات**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب١ : ١٢٨ – ١٢٩ )

خۆ بە کەمزانین لە شیعرەکانی پێشوودا لەدەست دانی دایك و نەبوونی دەست گیران، نەبوونی ئافرەتێك کەلێنی بێ دایکی بۆ پڕ بکاتەوە، بەڵام لەم شیعرەدا ( هەست کردنی بەنەقس) لە ئەنجامی نەبوونی دەست گیران و نەبوونی وڵاتێکی ئازاد، دروست بووە، شاعیر دەبینێ زۆربەی میللەتانی جیهان ئازاد بووین و خاوەن دەوڵەت و وڵاتی خۆیانن ئەم لەم ڕوانگەیەشەوە هەست بەکەمی دەکات خوازیارە وڵاتی هەبێت وەك میللەتانی تر .

لەم کۆپلەیەش دا دەڵێت :

**کچێکی جوان**

**نییە ... بمکا بەدەست گیران**

**بەماچ لەگەڵما بدوێ**

**شەوانی بەفری زستان ڕووت بێتەوە لەڕەشماڵی**

**برینەکانما بخەوێ ...**

**دەبم بەساقەی کچێ**

**بۆیەکەم جار خۆشمی دەوێ و دەمکا بەیار**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب١ : ٢٢٣ )

لەم شیعرەدا، هەست کردن بەکەمی لەو ڕووەوەیە کە، ئەو دەستگیرانێك، دڵدارێك، کچێك، لەژیانیدا نییە برینەکانی سارێژ بکات و ئارامی و هێوری بەدڵی بداتەوە، واتا لە شیعرەکانی پێشتر هەستکردن بەکەمی بەهۆی مەرگی دایك، نەبوونی دەست گیران و ئازاد نەبوونی وڵات بوو، بەڵام لەم شیعرەدا تەنها نەبوونی یارە شاعیر سەرگەردان دەکات .

**ب-هەست بەکەمیکردن بەهۆی ڕازی نەبوون بەجەستەی خۆی :**

( ئەدلەر ) باس لەوە دەکات کەسێك لەڕووی جەستەوە کەم ئەندام بێت، یاخود لەجەستەی خۆی ڕازی نەبێت زۆر جار ئەم ڕازی نەبوون و کەمو کوڕییە، بەهونەر پڕی دەکاتەوە، واتا نارێکی شێوە و ڕوخسار، بە هونەری بەرزی ناوەکی و خەیاڵ و بیر پڕی دەکاتەوە، ئەگەر چی لەتیف هەڵمەت لەڕووی جەستەوە کەم و کوڕی نییە و خۆشی دەڵێت : (( من نازانم ئەوەی بەخەیاڵم دا بێت چاو و دەست و گوێو هەموو جەستەم ڕێکە هەستم بەمەنەکردووە، قژیشم ئەوەندە زۆر بوو بەهەر شێوەیەك بمویستایە بۆ سەرەوە بەخەنافس دای بهێنم کێشە نەبوو ))(٦) ڕاستە شاعیر لەڕووی جەستەوە ئەم کەم و کوڕییانەی نییە، بەڵام مرۆڤ کاتێ دەڕوانێتە دەوربەری هەست دەکات لەڕووی جوانی جەستەوە، لەڕووی ئەو ئەندامانەی جەستەوە کە لە ئەنجامدانی کارەکانیان کەمو کوڕییان نییە، بەڵام لەڕووی جوانییەوە ناگەنە ئاستی زۆر جوان،واتا مەرج نییە هەر کەم ئەندام بێت، لەوانەیە سیمای جوان نەبێت، یان لەش و لاری نارێك بێت،یان دەم و ددانی شاش و واش بێت، یان زۆر درێژبێت،یان زۆر کورت بێت، یان لووتی خواربێت،یان گوێی گەورەبێت...، ئێمە بەنموونەی شیعرییەوە هەست کردن بەناشیرینی جەستە لای شاعیر دەخەینە ڕوو .

لەم کۆپلە شیعرەدا لەتیف هەڵمەت دەڵێت :

**کچێ نەکەی شەیداو تینووی دیدارم بی**

**کچێ نەکەی خەیاڵ بکەی دەستگیران و دڵدارم بی**

**من سەرەڕای ئەوەی کە زۆر لات و زگار و خەمگینم**

**هەتا بلێی لەڕو سیس و ناشیرینم**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٢٩٨ )

شاعیر لەئاست جوانی ئەم کچەدا لەڕووی جەستەوە خۆی کەمتر و ناشیرین دێتە بەر چاو ئەوە تا خۆی لە بارەی ئەم شیعرەدا دەڵێت (( ئیحتمال هەیە بەجۆرێك لەجۆرەکان ویستبێتم نەگەتیڤی ئەو بیرو ڕایە بڵێم کەمن هەم قۆزو جوانم ڕەنگە مەبەستم ئەوەبێ نەگەتیڤی ئەوە بخەمە پێش چاو ئێستا لە سات و ئانی نووسینی شیعرەکە دا نیم، ڕەنگە هەر شتێکی کەم و زیادیش بڵێم ئەم ئان و ساتە پڕ نەکاتەوە، کە شیعرەکانم تیا گوتووە، ... ئەشێ واش بێ ئەو لەحزەیەی ئەو کچەم زۆر لاجوان بووبێ و خۆم زۆر بەناشیرین زانیبێ ئەمە هێنی ئەوەشە کۆمەڵێ شیعرم بڵاوکردبوەوە، هەندێ کچ خوێندبوویانەوە، یەکیان وتبووی وەکو بیستوومە، خۆزگە خۆشی وەکو شیعرەکانی جوان بوایە، ئەوەکەی تر گوتوویەتی بەخوا مادام ئەو شیعرەی وا جوانە خۆشی جوانە، لەکوێیە من شووی پێدەکەم، قسەکەم ئەوها بۆ هاتووە . منیش خەبەرم بۆ هات و ئەم شیعرەم بۆ هات ))(٧) کەواتە کاریگەریی دەربڕینی ئەم شیعرە ئەوەیە کە لەئاست کچێکی جوان ئەم خۆی پێ ناشیرینەو ناگاتە ئەو، دواتر خۆی بیستوویەتی کە کچێك پێی گوتووە لەتیف هەڵمەت ناشیرینە .

شاعیر لە شیعرێکی تردا دەڵێت :

**هەندێ مێ چ ژن و چ کچ**

**وەکو ئاوێنە وشك و زڕن و**

**هەر ئەو شتانە لەپیاودا بەدی دەکەن**

**کەلە ئاوێنەدا بەدی دەکرێن ...**

**...**

**هەموو ئاوێنەکان**

**ناپاکی لەمن دەکەن ...**

**ڕوخسارە لەخەم سیس بووەکەم و**

**ڕەنگ و ڕووە**

**تێربووی زامی ئاوارەیی و گڕەی**

**دەربەدەرییەکەم و**

**لەشە لاوازەکەم ..**

**دەنوێنن و**

**هەموو لایەنێکی جوان و ناشیرین**

**ڕواڵەتم دەردەبڕن ..**

**بەڵام، هیچ ئاوێنەیەك**

**شاعیرێتیم نانوێنێ و**

**نازانێ پشکۆی چەند هۆنراوەی هەنگوین**

**لەدڵمدا پێدەکەنێ ...**

**هیچ ئاوێنەیەك جیاوازی لەنێوانی**

**شاعیرێك و جەندرمەیەکدا**

**ناکات ...**

**ئای ئاوێنە چەند ناپاکی لەگەڵ مرۆڤ دا دەکاو**

**ئەو چاوانەش چەند کوت و کوێرن ..**

**کەهیچ شتێکی تر**

**لەدارستان دا بەدی ناکەن و**

**نای دۆزنەوە، جگە لە :**

**سەوزایی دارەکان ..!**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ۱ : ٤٤٩ – ٤٥١ )

شاعیر هەست بەکەم و کوڕیی جەستەی خۆی دەکات، ئەوەتا گلەیی لەکچان و لە ژنان دەکات گلەیی لەو مرۆڤانە دەکات،گلەیی لە ئاوێنە دەکات کە پێی وایە ئاوێنە خیانەتکارەو وێنەی جەندەرمەیەك و مرۆڤێکی پاك وەك یەك پیشان دەدات، دیارە ئاوێنە وەك فۆتۆگراف ڕوخساری شتەکان پیشان دەدات، شاعیر دەیەوێت لەڕووی ناوەوە یاخود بڵێین بەهرەو توانا هونەرییەکەی بکاتە خاڵی جوان و سەرنج ڕاکێش نەك جەستەی ڕووت، لەگوتەی ئاوێنە جەستە لاوازو ناشیرینەکەی دەخاتە ڕوو، ئەو چاوانەش بەکورت بین پیشان دەدات کاتێ سەیری دارستان دەکەن تەنها ( سەوزایی ) دەبینین و هیچی تر، بینینی سەوزایی نیشاندانی حاڵەتی ڕوخسار و ڕواڵەتی دارستانەکەیە، شاعیر دەیەوێت بڵێت من مرۆڤێکی گەلێ جوانم پێویستیم بە ئاوێنەیەك

هەیە ناوەوەو جوانی و هونەری مرۆڤ پیشان بدات، ئەوسا بەدەردەکەوێت،کە من زۆر جوانم، واتا شاعیر دەیەوێت بەهای جەستەو جوانی ڕوخسار کەم کاتەوەو بەهاو جوانی ناوەوەو بیرو بەهرەو شیعری بەهێزو زاڵ بکات بەسەریدا .

لەکۆپلە شیعرێکی تردا لەتیف هەڵمەت دەڵێت :

**هەموو ئەو کچانەی کە خۆشم دەوێن ..**

**ڕوخسارە ناشیرینە جوانەکەم و**

**لەشە لاوازەکەم ... لەیاد دەکەن و**

**شیعرەکانم دەخوێنەوەو**

**هەرناویشم نازانن...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٤٢٥ )

شاعیر بەرانبەر ڕوخساری خۆی دوو وشەی دژی بەکارهێناوە، ڕوخسارە ( ناشیرین ) ە ( جوان )ەکەم، لەبەرانبەر دوو دڵییەك دایە لەئاست ڕوخساری خۆی، دواتر دەڵێت لەشە لاوازەکەم، بەلای شاعیرەوە جەستە شتێکی کاتییەو لەناودەچێت و تەنها هونەرە دەمێنێتەوەو خەڵك دەیخوێننەوە، جەخت کردنەوە لەسەر ئەوەی کە شیعرەکانی دەخوێننەوە، مانای ڕازی بوونە لەبەهرەی خۆی، زاڵ کردنی بەهرە و بیرە بەسەر جەستەی خۆی کەبەلاوازو ناشیرین ناوی دەهێنێت .

**ج-بێبەش بوون لە منداڵ و هەست بەکەمی کردن:**

غەریزەی مرۆڤ وایە کچ کاتێك کە شو دەکات، یاخود کوڕ کاتێك کە ژن دەهێنێ پێیان خۆشە منداڵیان هەبێت و خێزانێکی بەختەوەربن، کاتێ سەیر دەکەن دەوروبەر خزم و کەس هەمووی منداڵیان هەیە ئەوان هەست بە نەقس دەکەن و خەمو خەفەت دایان دەگرێت، هەموو هەوڵێکی خۆیان دەخەنە گەڕو سەردانی دکتۆر دەکەن و بەهیوای ئەوەی منداڵێکیان هەبێت و بێبەش نەبن لەسۆزو خۆشەویستی منداڵ، شەش جار خێزانەکەی لەتیف هەڵمەت هاتۆتە ئەوەی منداڵی ببێت کەچی هەر شەش جارەکە مردوون و هیچ کام لەو منداڵانە نە ژیاون، ئەم بێبەش بوونە لە منداڵ لەڕووی دەروونییەوە خەم و خەفەتێکی زۆری بۆخۆی و خێزانەکەی دروست کردووە .

ئەوەتا شاعیر لەشیعری ( بۆ هاوسەرەکەم ) دا بەهەستێکی زۆر خەمباراوی و بە گوڕەوە ئەم شیعرە دەڵێت :

**بۆچی دەگریت**

**بۆ چوار پێنج کۆرپەی لەبارچوو**

**بۆچ بەپشکۆی فرمێسك دڵم دەسوتێنیت**

**بۆچی گوڵیش لەرۆحما دەکەی بەچزوو**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٩٠٢ )

شاعیر بەهەستێکی خەمبارانەوە باس لە گریانی خێزانەکەی دەکات، فرمێسکەکانی خێزانەکەی لەشێوەی پشکۆ دێتە بەرچاو کە دڵ و دەروون دەسوتێنن، لایەنی خۆشی و گەشبینی لەڕۆحیا دەکوژێتەوە، ( گوڵ ) دەبێت بە ( چزوو )، لەدرێژەی ئەم شیعرەدا دەڵێت :-

**دەی گریمان**

**کوڕێکمان هەیە ... بژێوە ...**

**قوتابییەکە ژیرو جوان**

**هەمیشە خەندەی لە لێوە ...**

**کەلەدەرگا دەدات**

**یا کە خۆی بەماڵدا دەکات**

**وشەی باوەو وشەی دایە**

**وەك دوو خەندە لەدەمیایە ...**

**بەچی دەچێ ... هەرچەن باڵای بەرزبێ دەستی**

**کورتترە لەشالقی خۆری مەبەستی**

**خەوی خۆشی و ئاسوودەیی**

**گۆشی ناکات**

**چاوی تامی هێشووی تیشکی**

**خۆشی ناکات ...**

**کە گەورەش بوو ... دوای هەزاران**

**گۆڕەوشارو سوێ و دەردی سەر**

**کێ ئەڵێ سەرمایەداران**

**نایکەن بەپشکۆی سێیەم شەڕ ...!**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٩٠٢ - ٩٠٣ )

شاعیر دڵنەوایی خۆیی و خێزانەکەی دەداتەوە بەوەی کەمناڵیان نییە و حاڵەتی نێگەتیفی بوونی منداڵ زاڵ دەکات بەسەر حاڵەتی پۆزەتیف، گریمانە دەهێنێتەوە کە ئەم کۆرپەیەی کە بەچەند زەحمەت و ناخۆشی پەروەردە دەکرێ، کێ دەڵێ کە مناڵمان بوو خۆشی لێدەبینین یاخود منداڵەکە کە گەورە بوو خۆشی لەخۆی دەبینێ، کێ دەڵێ زەمانێك نایێت و ئەو مناڵەش نابێتە پشکۆی سێیەم شەر مەبەست لەهاتنی سێیەمین شەڕی جیهاننییە، بەم شێوەیە دڵنەوایی خۆیی و خێزانەکەی دەداتەوە، کە هەرچەندە کۆپلەی سەرەتا لەکۆتایش دا دووبارە دەکاتەوەو هەست بەو خەمە زۆرەش دەکات کە بێبەشن لەسۆزی منداڵ .

شاعیر لە پۆستەرە شیعرێکدا کە بەناوی ( مناڵ )ە دەڵێت :-

**هەتا ئێستا**

**نەمن و**

**نەهاوسەرەکەم**

**لەهیچ جەژن و بۆنەیەکی پیرۆزدا**

**دیارییەکمان**

**بۆ مناڵەکەمان**

**نەکڕیوە ...**

**مناڵەکەمان**

**پێش جەژن و بۆنەکان**

**مرد**

( لەتیف هەڵمەت، گ . گەلاوێژی نوێ، ل ١٩٢ )

شاعیر هەست بەناخۆشییەکی زۆر دەکات کە تاکو ئێستا خۆی و خێزانەکەی لەسۆزی منداڵ بێبەشن، چونکە منداڵەکانیان بەر لەدایك بوون مردوون، ئەم هەستە لەناخی شاعیردا هەست کردنە بەخەم و مەینەتی، شاعیر منداڵی زۆر خۆش دەوێت، هەرچەندە دەبینین زۆربەی چیرۆکنووس و ئەو شاعیرانەی کەوا مامۆستای سەرەتایین یاخود منداڵیان هەیە بابەتی منداڵان دەنووسن، بەڵام ( لەتیف هەڵمەت ) نەمامۆستابووە نەمنداڵیشیان هەیە، کەچی بابەتی لێکۆڵینەوەو چیرۆکی منداڵانیش دەنووسێت و تەواو شۆڕبۆتەوە بۆ جیهانی منداڵان .

شاعیر لەهەندێ لە شیعرەکانی دا ناڕەزایی خۆیی بەرانبەر بە دکتۆرەکان دەردەبڕێت و لەشیعرەکانی دا باسیان دەکات، لەتیف هەڵمەت لەوەڵامی پرسیارێك دا دەڵێت: (( من بەگشتی باسم نەکردووە، بەڵام بەشێوەیەك هەمووی نەگرێتەوە، ڕەنگە لەسەدا نەوەتی بگرێتەوە، ڕەنگە ئەم سەدا نەوەتە تۆزێك کەمتری بکەینەوە هەموو بوارەکان بگرێتەوە، مەسەلە ئەوەیە بابڵێین دکتۆرەکان نەیان توانی چارەسەری دایکم بکەن لە نەخۆشخانە، خوشکەکەم ئەو خوشکەی دوای دایکم هۆگری بووم بەکاریگەریی نەخۆشی سەرەتان مردو دەیان دکتور نەیانتوانی چاکی بکەنەوە، براکەم ترومبێل لێیدا لەحادیسەی سەیارە تا هەشت نۆ ڕۆژێك هەرچی دکتۆرە نەیان توانی چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، لێدانەکەی زۆر بەسیت بوو، تووشی نەخۆشی تربوو لەخەستەخانە وابزانم ( داو سحایە ) ی پێ دەڵێن بەوە مرد، یەعنی بەکاریگەریی دەعمەکە نەمرد، خێزانەکەم شەش جار هاتوتە ئەوەی منداڵی ببێ هەر شەش جارەکە منداڵەکەمان مردووەو هیچ دکتۆرێك نەیتوانیوە چارەسەری بکات هەرچی پارەشمان هەیە کە وەرمان گرتووە کردومانە بەقوڕگی دکتۆرەکان، بۆ ئەوەی منداڵێ لەو منداڵانە بمێنێ ئەمانە هەمووی کاریگەری هەیە ))(٨)

لەتیف هەڵمەت لەشێوەی هەواڵێکی تەلەفزیۆنی وەسفی دکتور دەکات و دەڵێت :

**خۆزگە خوێندەوار بوومایە .. وەڵاهی**

**نامەیەکم بۆ تەلەفزیۆن دەنووسی**

**بۆچی : دکتۆر بەئارەزووی خۆی**

**پارەی سەیرکردنی نەخۆش زیاد دەکات و**

**بەئارزووی خۆی دەرزی و دەرمان بۆ نەخۆش دەنووسێ ..!**

**+ من پێت دەڵێم : بۆ**

**بۆ؟**

**بۆئەوەی خۆیی و دەرمانساز وەکو قەیسەری**

**یەکەم و چالزی دووەم و خاشقچی بژین**

**-من نامەکەم بەناسیاوێکی خوێندەواری خۆم هەر**

**دەنووسم .**

**+ ئەگەر نووسیت باسی ئەوەش بکە :**

**کە جێگای هەندێ دکتۆر**

**وەکو خانووی پاشماوەی جوولەکەکان پرت و پیسە ...**
**منالّی ساغ بەباوەشی دایکییەوە**
**لەتینواندا گەرووی هەڵدەوەرێ ..**
**شتی تریش و**
**شتی تریش و وەکو ... خۆتان دەزانن .**
**کوڕە بێ دەنگ بە**
**نەبا خوانەخواستە نەخۆشی بتدۆزێتەوەو**
**بچیتە بەر دەستی دکتۆرێك**
**من سوێندم خواردووە**
**بەخاکی نیشتمان**
**بەگڵکۆی شەهیدان**
**بەوشەی جوان**
**بەنێرگزی دەوروبەری بەردە قارەمان**
**هەمیشە قسەی ڕاستی**
**لەزارم بتکێ**
**خوشك و برایانی بەڕێز**
**لێردا کۆتای بەم فلیمە دێنین**
**هیوادارین فیلمی سبەی شەو**
**لەمەش خۆشتر بێ‌و**
**هەتا سبەی شەو**
**ئەی گەلی برادەران**
**خۆشترین خەو**
**خەو .. خەو .. خەو ... خەو .. خەو .. خەو**
**خەو...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ١٠١٣ – ١٠١٥ )

ئەم شیعرە پارچەیەك بوو لە شیعری ( شیعرێکی سیناریۆیی ژەنگی کرمە ئاگرینەکان ) یا ( کۆمیدیای خەوە قورسەکان )، شاعیر داخ لەدڵە لە دکتۆرەکان، بەڵام هەمیشە گشتاندن ناکات، چونکە دکتۆر کارەکەی زۆر پیرۆز و مەزن و خۆشەویستە و ڕۆژانە بەهەزارەها کەس بەدەستی دکتۆرەکان چارەسەردەکرێن، بەڵام ئەم ڕاستییەش ناشارێتەوە کە هەندێك لە دکتۆرەکان زۆر بێ ویژدان و گران جان و مرۆڤی نەخۆش بەدیل و کۆیلەی خۆیان دەزانن و لەپێناوی پارە نەشتەرگەری بۆ دەکەن کە نەخۆشەکە پێویستی بەم شتە نییە،هەندێك لە دکتۆرەکان زۆر توندڕەون، شاعیر هەستە پەنگخواردووەکانی خۆی دەخاتە ڕوو . چونکە زۆر سەردانی دکتۆرەکانی کردووەو ئەو بارە دەروونییەی لەم وتە ڕاستیانەدا داڕشتووە، شاعیر دەیەوێت، چی لەدڵ و دەروونیدا هەیە سەبارەت بەخراپی دکتۆرەکان دەریببڕێت،شاعیر گرێیەکی لەلا دروست بووە بەرانبەر بە

دکتۆر،دیاره مافی خۆشیەتی ئەو هەموو خۆشەویستەی کە بەرەو فەنا چوون،دکتۆرێك چی بۆ نەکردووه، بۆیە دەبینین ئەم شیعرە لەڕووی هونەرییەوە لاوازی پێوە دیارە، شاعیر زیاتر مەبەستی دەربڕینی بیرۆکە بووە، نەك لایەنی هونەری .

لەتیف هەڵمەت لەم بارەیەوە دەڵێت :

**لەماڵی پزیشکێك نانم خوارد**

**بۆنی خوێنی هەزاران نەخۆشی لێ دەهات**

**لەماڵی ڕەخنە چییەك شێوم خوارد**

**بۆنی خوێنی هەزاران شاعیری لێ دەهات !**

**لەماڵی سیاسەتمەدارێك نانم خوارد**

**بۆنی خوێنی نەتەوەیەکی لێ دەهات .**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ٣ : ٨٠ )

شاعیر لەم دەربڕینەدا ناوی ( دکتۆرو ڕەخنەچی و سیاسەت مەدار )ی هێناووە، هەریەکەی پەیوەست کردۆتەوە بەکارەکەی خۆی و ئەوەتا ئەو نانەی لەماڵی دکتۆرێك خواردویەتی بۆنی خوێنی هەزاران نەخۆشی لێهاتووە، هی ڕەخنەچی و سیاسەت مەدارەکەش ئاشکراو دیارە .

شاعیر درەبڕینی هەستی لەئەنجامی کۆمەڵێ هۆکار بووە، کە ئەوها بەرانبەر بەدکتۆرەکان بەسەرهاتەکان دەگێڕێتەوەو دەڵێت : (( خۆم لەشارێك لەشارەکان یەك ساڵ هاتووچۆی دکتۆرم کرد ئێستاش نەیانزانی چیمە کەچوومە تاران گوتیان بابە هیچت نییە خوێنت زۆرەو کۆڵسترۆڵت زۆرە، دە ئەمە لەشارەکەی خۆما هیچ دکتۆرێ کەساڵێك موراجەعەم کرد پێی نەوتم ئەوە هەمووی دەبێتە هۆی ئەوەی لەلای من ململانێیەك پەیدابکات لەگەڵ دکتورا، نەخۆشی وا دەهات بۆ ماڵی ئێمە بەو پێیەی ماڵی ئێمە عیادەیەك بوو، نەخۆشخانەیەك بوو لە لادێوە دەیان هێنا دوو شەویش ئەمایەوە خۆی و دوومناڵ و ڕەنگە بەشێوەیەك ئەهاتن پێیان پەتییە یان قوڕاوی بووبێت، ڕەنگە هەندێك کەسمان تیا بێت ڕەنگە تەبیعەتیان وا بووبێ ئەوە قبوڵ نەکرێ، بەڵام هەر قبوڵمان کردووە، ئەگەر زانیبێتمان فەقیرە پارەشمان داوە پێی ئینجا ڕۆیوە، بەڵام دکتۆرێ دێت پارەشت لێوەردەگرێ و عییادەکەشی زستان سارد هاوین بێ گەرم ئاوێکی باشی لێنیە،ئێمە نەخۆش خانەکەی ماڵی خۆمانە ئاوی سارد و چێشتی خۆشمان بە نەخۆش دەدا، وەکو گوتم فەقیر بوایە جلیشمان بۆ دەکردوو پارەشمان دەدایێ ڕەوانەمان دەکرد، ئەوانە وایلێکردووم باشە لەدکتۆر نەبینم، چونکە من باشەم لێیان دەوێ، بابڵێین جگە لەتەکییەی خۆمان تەکییەی ترم بینیوە خەڵك تیا حەواوەتەوە، بەڵام لەتەکیەی دکتۆر کەس تیا نەحەواوەتەوە، ...جارێك لەبیرمە بۆ دکتۆرێك دەگەڕاین، لەگەڵ خێزانەکەما خۆمان کرد بەژورێکی دیکەدا وتمان دکتۆر : وتی چوزانم... ، ئەمانە هەمووی هۆکارە، ئینسان ململانێ پەیدابکا لەگەڵ دکتۆر، دکتۆر هەر خەریکی پارە پەیداکردنن، ئەگینا کوا لەوڵاتی ئێمە دا دکتۆرێك دەرمانێکی دۆزیوەتەوە چارەسەری نەخۆشێك بکات ئەو هەموو دکتۆرەش هەیە، نەخۆشییەکی زۆر سەخت کەچەند ساڵێك پێش ئێستا ئەبوایە بچوویتایە بۆ تاران یان بۆ ئەستەنبوڵ یا بۆ بەریتانیا، یا بۆ هەر وڵاتێك، بەهەر حاڵ ڕەفتاری دکتۆر ناڵێم عیلمەکەی زۆر دکتۆرەکان لەلای من بەرەئی من نەخۆشی دەروونیان هەیە ئەبێ چارەسەر بکرێن، [ بەپێکەنینەوە ] بێن بۆلای شێخ چارەسەریان بکا، ئەوان بێن بۆلای ئێمە بزانن چۆن موڕاعاتی لایەنی دەروونییان دەکەین ڕێزی

ئینسانیان لەلانییە کێشەی دکتۆر ئەوەیە ڕێزی ئینسانی لەلا نییە، بەعام نایڵێم، بەگشتی نایڵێم لەسەدا نەوەتیان ڕێزی ئینسانیان لەلانییە، وادەزانن کە ئەو نەبێ ئەم ئینسانە ناژێت، یان ئەو ئینسانە کە چوو بۆ لای ئەو بۆ چارەسەر دەبێ عەبدی ئەو بێ، بەڵام ماڵی ئێمە کە خەڵك دەهات بۆ نەخۆشی ڕێزمان لێدەناو بە حەفتەش دەمایەوە، لەوانەیە هەندێکیان نەخۆشییەکەیمان بەدڵ نەبوایە دوایە ئەو شتانەشمان فڕێ دەدا کەتێیدا دەنووستن، یان یەکێکمان بانگ بکردایە بیویستایە،چونکە خۆمان پێی نەئەنووستین، کەچی دکتۆر هیچی پیس ناکەین، کورسییەکی ڕەق و تەقی داناوە، بەڵام موراعاتی دەروونیمان ناکا، بەفیزەوە مامەڵەمان لەگەڵ دەکا، ناتناسێ، نازانێ کێی، ئێمە کە نەخۆشێك ئەهات بۆ لامان، ئەمانزانی، ئەمان پرسی، خەڵکی کێی، ئیتر بەگوێرەی خۆی ڕێز و ئیحترامامان دەگرت ))(٩)

## ٢- ڕەشبینی :

ڕەشبینی دیاردەیەکی دەروونییەو ڕووبەڕووی هەموو مرۆڤێك دەبێتەوە لەقۆناغێك لەقۆناغەکانی ژیانیدا بەشێوەیەکی پچڕپچڕ، مرۆڤ لەژیانی دا لەنێو خۆشی و ئازار دا دەژییت، مرۆڤی گەشبین ئەو کەسەیە پێشوازی لەشتە خۆشەکانی جیهان بکات و شتە ناخۆشەکان لەلای خۆی ڕەتبکاتەوە یاخود وانەو پەندیان لێوەربگرێت و ئایندەی خۆی پێ جوان بکات، کەسی ڕەشبین ئەو کەسەیە تروسکایی و ڕووناکی لەنێو ژیاندا نابینێ و هەمیشە بیر لەمردن دەکاتەوە هیچ بڕوایەکی بەداهاتوو نییە، لەفەرهەنگی دەروونی وا هاتووە (( ڕەشبینی بریتییە لە کێشەی هزری، ئەویش بەوەی لایەنی خراپی هەموو شتێك وەردەگرێت، جگە لەو باسی هیچی تر ناکات، ئەمیش یەکێکە لەو حاڵەتانەی بەرەو ڕووی دەروونی مرۆڤ دەبێتەوە ))(١٠) زۆرجار بەرەو کارەسات و گۆشەگیری و خۆکوژیشیی دەبات، چونکە ژیانێك هیچ خۆشییەکی تیا نەبێت و تروسکایی تیا نەبینێتەوە ئەوا ئەو پەڕی ڕەشبینییە . کەواتە (( ڕەشبین ئەو کەسەیە کە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کۆمەڵگادا ناگونجێ و درك کردنی لاسەنگ دەبێت و ناتونێ ڕاستی و خەیاڵ لێکجیابکاتەوە، دەبێتە کۆیلەی وڕێنەو وەهم و دەست بەرداری بیرکردنەوەو سۆز دەبێت و دەست لەدونیا دەشوات ))(١١) و هیوای بەژیان نامێنێ و برستی لێدەبڕێ . لەم بارەیەشەوە لەتیف هەڵمەت دەڵێت: (( باری دەروونی وەکو سروشت وایە، زستان ئەگۆڕێ ...، ئەبێ بەهاوین خەسڵەتەکان دەگۆڕێن، باری دەروونیش بەڕای من هیچ ئینسانێك لەم گەردوونە دا تەنانەت پێغەمبەرەکانیش، پیاوچاکەکانیش، هەر باری دەروونیان سابت نییە، ( ئەدۆنیس ) لەشیعری عەرەبی دا یان لە ئەدەبی عەرەبیدا باسی سەوابت و موتەحەویل ئەکا مەسەلەن سەوابت ئەوەیە ناگۆڕێ، بەڵام موتەحەویل ئەوەیە کە ئەگۆڕێ، بەدڵنیاییەوە ئەیڵێم باردۆخی هیچ ئینسانێك سابت نییە، ئینسانێك لەدایك ئەبێ باروو دۆخێکی دەروونی هەبێ خەتێکی ڕاست بەڕاستەیەکا کێشابێ هەتا ئەمرێ ئەوبارو دۆخەی نابێ ))(١٢) شاعیریش مرۆڤێکی هەست ناسکەو ئەو ڕەشبینانەی ژیانی لەنێو شیعرەکانیدا ڕەنگدەداتەوە، ئەوەتا لەکۆپلە شیعرێك دا دەڵێت :-

**لەکوێ خۆم بشارمەوە**

**ئایندەیەك**

**بەشمشێرێکەوە**

**دوام کەوتووە**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ٣ : ٢٨٣ )

لەم شیعرەدا شاعیر لەئێستا دا دەژییت کەچی ڕەشبینە بەئایندە، ئایندەیەك بەشمشێرەوە بەدوای دەکەوێ شمشێریش خوێنی لێدەتکێ، شمشێر ڕەمزی لەناوبردن و برین و تیاچوونی مرۆڤە، یەکێك لە دیاردەکانی ڕەشبینی ئەوەیە مرۆڤ هیچ هیوایەکی بەداهاتوو نەبێ .

لەکۆپلەیەکی تردا شاعیر دەڵێت :

**هەموو ڕۆژێ**

**خەونێك ون دەکات**

**هەموو ڕۆژێ**

**تەرمێك**

**بەخاك ئەسپێرێ دڵم**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب٣ : ٣٢٠ )

ڕەشبینی شاعیر لەوەدایە کە تروسکایی و هیوای نەهێشتوتەوە، ئەوەتا دڵی، هەموو ڕۆژێ تەرمێك بەخاك دەسپێرێ، بێگومان ( تەرم ) و ( مردن ) دوو زاراوەی ڕەشبینین .

شاعیر لەشیعری ( ئایەتی گلەیی )دا لەم کۆپلەیەدا دەڵێت :

**هەمیشە درەختێك ... گلەیی لە ڕووبار دەکات**

**دەڵێ ڕۆژێ بۆ لەگەڵ خۆیدا نامبات**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب٣ : ٢٩٧ )

شاعیر ڕاستەوخۆ لەخودی خۆیەوە ڕەشبینییەکەی ناخاتە ڕوو،بەڵکو لەزاری درەختێکەوە هەستی خۆی دەردەبڕێت کە درەختێك گلەیی لەڕووبار دەکات کە لەگەڵ خۆی بیبات، بێگومان درەختێك لەقەراغ ڕووبار ڕووابێت و پاراوبێت ئەگەر ڕەشبین نەبێت، چۆن تەمەنای ئەوە دەکات ڕووبار بیبات و تێکوپێکی بشکێنێت و ئەم درەختە نەزانێت داهاتووی بەرەو کوێ دەچێت و چی لێدێت .

شاعیر لەشیعرێکی تردا دەڵێت :

**پەنجەرەکە بکەرەوە**

**بۆنی تەرمێك دێ**

**بزانە بۆنی داهاتوومان نییە !**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب٣ : ٦٨ )

ڕەشبینی شاعیر گومانی ئەوەی لا دروست دەکات،کە بۆنی تەرمێکیش بێت ئەوا ڕەنگە داهاتووی ئەوبێت و مردبێت، بێگومان ( مردن ) کۆتایی هێنانە بەشتەکان، لێرەشدا ڕەشبینی شاعیر بۆ داهاتووە، کە خێرو خۆشی لێچاوەڕوان ناکات و هەمیشە گومانی لەداهاتووی خۆی هەیە کە گەشبین بێت . شاعیر هەر لەسەر ئەم شێوازە لەشیعری ( کەڤاڵە بێ ناوەکان )

لەم کۆپلە یەدا دەڵێت :

**پەنجەرەیەك هەیە**

**بەخوێن سواغ دراوە**

**ئەوە پەنجەرەی پاشە ڕۆژە**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب٣ : ١٣٤ )

شاعیر هەر بەتەنها لەڕێی بۆن کردنەوە گومانی لە پاشەڕۆژ نییە، بەڵکو لەڕێی بینینەوەش گومانی لەپاشەڕۆژ هەیەو ڕەشبینە پەنجەرەیەك بەخوێن سواغ درابێت، خوێن؛ ڕەمزی لەناوچوون و کوشتن و بێ هیواییە، بەلای شاعیرەوە ئەوە پەنجەرەی پاشە ڕۆژە، مەرگی دایك ڕەشبینییەکی زۆری لا لای ( لەتیف هەڵمەتەوە ) دروست کردووە، چونکە لەتەمەنی مێرمنداڵیدا دایکی مردووە زۆر هۆگری دایکی بووە .

شاعیرە لە کۆپلە شیعرێکی تردا کەلەڕێی هەستی بیستنەوە ڕەشبینی و نا ئومێدی خۆی دەخاتە ڕوو دەڵێت :

**بێ هیوا ... بەبێ ئاوات .. ئەڕۆم و دێم**

**بەئاوازی نائومێدی کاس بووە گوێم**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٥٢٠ )

شاعیر کەسێکی نائومێد و ڕەشبینە لەتەماشاکردن، لەبۆن کردن، لەگوێ گرتن نائومێدی و ڕەشبینی بەدی دەکات لەتیف هەڵمەت سەبارەت بەڕەشبینی خۆی دەڵێت (( ئان و ساتی مردنی دایکم ڕەشبین ترین کەس بووم، بەڵام دواتر لەحەزات هەبووبێ ڕەش بین بووم،لەحەزات هەبوو بێ ڕەش بین نەبووبم، مەسەلەن کە شۆڕش لەساڵی ( ١٩٧٥ ) بەپیلانی جەزائیر تووایەوە، ڕەنگە ئەو کاتە ئەو پەڕی ڕەشبینی کردبێتم ))(١٣) بێگومان کارەسات و ڕووداوی لەناکاو مرۆڤ تووشی سەدمەو ڕەشبینی دەکەن، ئەوە شاعیر لەو شیعرەدا کە بۆ مەرگی دایکی نووسیویەتی لەو پەڕی ڕەشبینی دایە دەڵێت :

**کە دایکم مرد ... ئەو جیهانە گەورەیە ڕووخا کەمن شای**

**بووم و هەموو سووچێکی**

**لەژێر ڕکێفی دەستە بچکۆڵەکانی مندابوو ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٤١٩ )

مەرگی دایك شاعیر بەرەو ڕەشبینی دەبات و هیواو گەشبینیەکانی هەموو لەناوچوون. جیهانە خۆشەکەی ڕووخاو گەشبینی تیا نەما، ئەوەتا شاعیر دەڵێت :(( ئەتوانم بڵێم خۆشترین تەمەنی منداڵیم بەسەربردووە تا ( ١٩٦٧/٤/٤ ) ئەو ڕۆژەی کەدایکم مرد ))(١٤) لەدوای مردنی دایکی ڕەشبینیەکانی شاعیر دەست پێدەکات، زۆر هۆکار هەبوون وایان لەشاعیر کردووە کە ڕەشبینی دایگرێت، ئەوەتا دەڵێت :(( فەترە هەبووە بەهۆی کارەساتێك و ڕووداوێك زۆر ڕەشبین بوویم یان ژیانی میللەتەکەم هەبووە، ئەگەر کارەساتی هەڵەبجە بووبێ چۆن لەو ماوە ڕەش بین نابێ، من سی چل ئامۆزا و پورزاو ..هتد هەمووی ئینسانی بێتاوان و شێخی تەکییە یەعنی خەڵك لەماڵیان ئەحەوایەوەو نەخۆشیان چاك ئەکردەوە، ئەو حاڵەتانە ئەبێ ڕەشبینی تێدابێت ))(١٥)دەتوانین بڵێین دیاردەی ڕەشبینی بەنێو سەرجەم دیوانەکانیدا پەرت بۆتەوەو لەزۆربەی دیوانەکانیدا هەستی پێدەکرێت، بەشی زۆری ڕەنگدانەوەی ناخی دەروونی شاعیرە، یان هەستی شاعیرە بە چەوسانەوەی میللەتەکەی کەوای لێکردووە ڕەشبین بێت و لەهەندێ لەشیعرەکانیدا هیوای بەداهاتوو نەبێت .

### ٣-توورەیی و هەڵچوون :

تووڕەیی و هەڵچوون لایەنێکی سایکۆیییەو هەموو مرۆڤێك تێدا بەشدارە تەنانەت؛ ئاژەڵانیش لایەنی توڕەیی و هەڵچوونیان هەیە، توڕەبوون و هەڵچوونی ناو بەناو پێویستە بۆ مرۆڤ بۆ خاڵی کردنەوەی کەف و کوڵی دەروون، چونکە مرۆڤ دوای توڕەبوون پاش چەند ساتێك هەست بەئارامی دەروونی دەکات، هەر خودی ( هەڵچوون ) ئەگەر لە شلەمەنیشدا بێت، هەموو هەڵچوونێك دواتر هێور بوونەوەو دامرکانەوەی بەدواوە دێت، چونکە حەپسکردنی خەم و خەفەت دەروونی مرۆڤ تێکدەدات، بۆیە مرۆڤیش لەدیاردەکاندا هەڵدەچێت و توڕەدەبێت، ئەم هەڵچوون و توڕەبوونە لەتەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی تر لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، هەڵچوونی بەردەوام و توڕەبوون لەسەر شتی بچووك دەرچوونە لەمانا ئاساییەکەی هەڵچوون .

کەواتە (( هەڵچوون حاڵەتێکی جەستەیی دەروونی هەڵچووە، ئادەمیزاد لەڕووی جەستەیی و دەروونییەوە پێی تێك دەچێت و بارودۆخی دەشێوێت و شوێنەواری لەسەر دەردەکەوێت، هەڵچوون دەرناکەوێت تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت کەغەریزەیەك لەغەریزەکان لەحاڵەتی چالاکیدا بێت، وەك ترس و تۆقاندن و توڕەیی و شادی و دڵتەنگی و قێزکردنەوەو سەرسوڕمان و هەوەس ))(١٦) بەڕای من لەحاڵەتی نووستنیشدا مرۆڤ خەون دەبینێت بەشێك لەو خەونانە هاوارکردن و شەڕو هەڵچوونیشی تێدایە، چونکە مرۆڤ لەحاڵەتی نوستنیشدا لەچالاکی دایە، واتا؛ هەڵچوون ڕەنگدانەوەی باری دەروونی ئەو کەسەیە، تۆ دەبینی کەسێك زووتر توڕە یان دەبێ زیاتر هەڵدەچێت، ئەگەر دیراسەیەکی ژیانی ئەو کەسە بکەین دەبینین کۆمەڵێ هۆکار وای کردووە ئەو کەسە زوو هەڵچێت .

هەڵچوونەکانیش سێ جۆرن (( سەرەکی و لاوەکی و داتاشراو، هەڵچوونی سەرەکی ئاوێتەیە لەئەنجامی دووهەڵچوون یان زیاتر لەچالاکیدایە وەك ؛ گاڵتە پێکردن لەتووڕەیی و قێزکردنەوە پێکدێت و ئەو هەڵچوونە پێی دەوترێت داتاشراو، ئەگەر پەیوەست بوو بە ڕووداوێك کە لەڕابردوو دا ڕوویدابێت یاخود پەیوەست بوو بەڕووداوێك کە لەداهاتوودا ڕوودەدات، ... ئاخ و داخ و پەشیمانی و سەرکۆنەکردنی ویژدان و هەڵچوونی داتاشراون ))(١٧) هەموو هەڵچوونێکیش جا لایەنی خۆش بێت یان ناخۆش هۆکارێکی هەیە، هەڵچوونیش بەدوو شێوە دروست دەبێت هەڵچوونی هەنووکەیی، ئەو هەڵچوونەیە لەئەنجامی ڕووبەڕوو بوونەوەی شتێك دروست دەبێت هەڵچوونی بەبیرهاتنەوەش، ئەو هەڵچوونەیە مرۆڤ لەپڕ شتێکی کۆنی بیردێتەوە کە لەپێش هۆش خەزن کراوەو دەبێتە هەڵچوون، هەڵچونی تریش هەیە لەنێو خەون و لەنەستدا سەرچاوە دەگرن .

ئەگەر(( مرۆڤ بەردەوام مێشکی بەکار بهێنایەو وەك کۆمپیوتەر پرۆسە عەقلییەکانی جێبەجێ بکردایەو بەردەوام بیری لەژیان و دیاردەکانی بکردایەوەو هیچ هەڵچوون و تام و چێژ و خۆشی و ناخۆشییەکی لەگەڵ نەبوایە، ئایا ئەو ژیانە چۆن دەبوو ؟ بێ گومان ژیانێکی زۆر ناخۆش و وشك دەبوو ))(١٨) بێگومان مرۆڤ ئەوکاتەی چێژ لەخۆشییەکان دەبینێ کە ناخۆشی بینیبێ و تێپەڕاندبێ، هەڵچوونیش لایەنێکی دەروونییە و کارلەهەست و سۆز دەکات و دەیوروژێنێ و بەشێکی زۆر لەهەڵچوونەکان چارەسەرن و لایەنی دەروونی باش دەکات و هەندێ لەهەڵچوونەکانیش بۆ کەسی هەڵچوو خۆشییەکی هەنووکەین.

لەنێو شیعریش دا مەبەستمان لەو شیعرە نییە کەشاعیر لەکۆڕێك دا بەهەڵچوونێکی زۆرەوە دەیخوێنێتەوە یان لەکاسێتێك و سیدییەك هەست بەنەبراتی دەنگەکەی و هەڵچوونەکانی دەکەین، مەبەستمان لەو شیعرانەیە

کەلە هەناوی خۆیان هەڵچوونیان هەڵگرتووەو خوێنەر هەستی پێدەکات، نموونەی ئەم جۆرە شیعرانەش لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا بەئاشکرا دیارە شاعیر لەشیعری ( ئاگادارییەك ) دا دەڵێت :

**من ناتوانم ... بەزمانی ئێوە بدوێم**

**ناتان ناسم .. ناتان ناسم**

**ئەی ئێوە ئەزانن من کێم ؟**

**میوانێکم پەنجەکانم ڕەشەبایە**

**فەرهەنگێکم ... وشەکانم ..**

**وشەی پێش لەدایك بوونی یاسایە .**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٨١ )

شاعیر بەهەڵچوونێکی زۆرەوە ڕووبەڕووی کەسانێك دەبێتەوەو لەدووبارە بوونەوەی ( ناتان ناسم ) دا ئەوە بەدەردەکەوێت، وەك ئەوەی کەسێك پێشتر کەسێکی ناسیبێ و لێی توڕەبێ و بڵێ ئیتر من تۆ ناناسم، بەڵام شاعیر خۆی دەناسێنێتەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر ناسیویانەش با باشتر بیناسن کە کێیە، شاعیر پەنجەکانی خۆی دەکاتە ( ڕەشەبا ) بێگومان: ( با )، ( نەسیم ) ( شنەبا ) هەموو ئەوانە بۆ پیشاندانی ئارامی و خۆشی بەکاردێن، بەڵام ( ڕەشەبا )، لایەنی توڕەییە، چونکە بەهەر شوێنێك دابڕوات دەست دەوەشێنێت و تووڕەیی خۆی هەڵدەڕێژێت، ئەو وشانەی کە شاعیر دەیەوێ دەریبڕێت لەو فەرهەنگە ئاساییە کە لەبەردەستمانە جیاوازە، هی فەرهەنگێکی تایبەتی خۆیەتی کەبەر لەدایك بوونی یاسا هەبووە . شاعیر لەشیعری ( هەردێمەوە )دا هەستە هەڵچووەکەی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت :

**لە هەر کوێبم من ئاژاوە دەنێمەوە**

**هەزار لافاو یاساوڵی نێوانمان بێ**

**بەسەر پردی هۆنراوەدا**

**بۆسای تیشکی خۆرە تاوی چاوانی تۆ دێمەوە .**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٢٦٣ )

شاعیر هەڵچوون و تەوژمی خۆی کە لەقووەتی شیعریدا دەبینێتەوە، دەتوانێ بەسەر شەپۆلە هەڵچووەکانی لافاودا سەربکەوێ لەپێناوی گەیشتن بەخۆرەتاوی چاوانی کچێك، لەگوتەی ( من ئاژاوە دەنێمەوە ) لەڕووی دەروونیەوە ئاژاوەنانەوە، هەڵچوونێکی دەروونی بەهێزە و کۆمەڵێ خەڵك سەرگەردان دەکات نەك کەسێك، بەم جۆرە هەڵچوونانەش ڕووبەڕووی ئەو بەربەستانە دەکات کەڕێگربن لە شاعیر لەو شتانەی کەخۆی دەیەوێ .

**لەتیف هەڵمەت لەکۆپلە شیعرێکی تردا دەڵێت :-**

**هەمووکانییەکان خوێنی دڵی منن و**

**هەموو گەردەلوولەکانی زەویش**

**لافاوی توڕەیی منن**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٧٣٨ )

شاعیر بەهەستێکی نەرگسیانە هەستەکانی خۆی دەردەبڕێت و بەهەڵچوونێکی زۆرەوە شیعرەکە دەخاتە ڕوو، گوتەی ( کانییەکان خوێنی دڵی منن ) هەڵچوونی تێدایە، کانی لایەنی هەڵچوون و هەڵقوڵانی تێدایە لەگوتەی گەردەلوولەکانی زەوی، بەلافاوی توڕەیی خۆی دەزانی لەگوتەی ( گەردەلول )، ( لافاو )، ( توڕەیی )، لایەنی هەڵچوونەکانی دەخاتە ڕوو .

لەکۆپلە شیعرێکی تردا شاعیر دەڵێت :

**ئەی بروسکە تین و گڕی خۆتم بەرێ**

**باجەنگەڵی تاریکە شەو بسووتێنم**

**ئەی ڕەشەبا هێز و قینی خۆتم بەرێ**

**با ئەم شوورە نابووتانە برووخێنم ..!**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٧٩٦ )

لێرەدا شاعیر هانا بۆ سروشت دەبات و داوای یارمەتی لێدەکات بۆ ئەوەی بەتین وگڕی بروسکەو جەنگەڵستانی تاریکی بسوتێنێ، داواش لە ( ڕەشەبا ) دەکات کە هاوکاری بکات بۆ ڕووخاندنی شورەکان .

هەڵچوونی شاعیر هەڵچوونێکی بەهێزە و دەیداتە پاڵ شتە هەڵچووەکانی سروشت، کە ڕەشەبا و بروسکەن .

هەڵمەت لەشیعرێکی تردا کە بەناوی(هۆنراوەیەکی تووڕە)یەو دەڵێت:

**ساڵانێکی دوور و درێژ خۆشم ویستی و دەمردم بۆت**

**حەزم دەکرد قۆڵ و باسکت بۆ گەردنم بکەی بە کۆت**

**ئەگەر ئیتر خۆشتم نەویست**

**ئەگەر ئیتر وشەیەکی نەرم و نۆڵت لە من نەبیست**

**لێم ببوورە...**

**کەم خایەنە تەمەنی گوڵاڵە سوورە...**

**من ئەوەندە بێزارم لێت**

**گەر بۆم بلوێت**

**ئیتر نانووم لێك نانێم چاوی شیرینم**

**نەوەك جارێ لەجاران**

**لە خەوێکدا بتبینم**

**من ئەوەندە بێزارم لێت**

**گەر بۆم بلوێت**

**هەردوو گوێی خۆم**

**ئەئاخنم بە قاو و مۆم...**

**نەك جارێ گوێم لە دەنگت بێت...**

**من ئەوەندە بێزارم لێت**

**گەر بۆم بلوێت**

**زمانی خۆم لە بێخەوە دەردەهێنم...**

**نەك جارێ ناوت بێنم...**

(دیوانی لەتیف هەڵمەت،ب١ :٢١٢)

هەڵبەتە ناونیشانی شیعرەکە (هۆنراوەیەکی تووڕە)یە،شاعیر زۆر تووڕەیە تووڕەبوونەکەی گەیشتۆتە لوتکە،لە کوردەواریدا کەسێك ڕقی لەکەسێکی تر بێتەوە دەڵێ(بەمن بی کۆرەبم بەس ئەو کەسە نەبینم)، یاخود دەڵێ(وادەزانم من ئیش دەکەم و ئەوکەسە ڕەنجەکەم دەخوات)،واتا کەسێك ڕقی لە کەسێك بێتەوە وا حەز دەکات چارەی نەبینێت، ئەوەتا تووڕە بوونەکەی هەڵمەت گەیشتۆتە ترۆپك، لەبەر ئەوەی لەناخی دڵەوە ئەم کچەی خۆش دەویست ئێتر حاڵەتێك وای کردووە شاعیر ڕقی لەم کچە بێتەوە،شاعیر تەمەنا دەکات لەخەونیشا ئەم کچە نەبینێت،ترسی ئەوەشی هەیە بنوێت نەوەك بێتە خەونی،شاعیر ئارەزوو دەکات کوێچکەکانی خۆی بئاخنێ بۆئەوەی گوێی لە دەنگی ئەو کچە نەبێت،دەیەوێت زمانی خۆی دەر بهێنێت،بۆئەوەی نەتوانێ جارێکی تر ناوی ئەم کچە بهێنێت،شاعیر بەهیچ شێوەیەك بیری لە تۆڵەکردنەوەو ئازاردانی ئەم کچە نەکردۆتەوە، بەڵکو دەیەوێت لەڕێی عەزاب دان و کۆنترۆڵ کردنی جەستەی خۆیەوە ئەم کچە لەبیر بکات، ئەمەش ئەوپەڕی لایەنی بیرکردنەوەی ڕۆشنبیرانەی مرۆڤە.

شاعیر لەدیوانی ئەم ڕووبارە وشك ناکات لەشیعری ( قۆزاغەی وشە دوورەکان ) لەم کۆپلەیەدا دەڵێت :-

**ڕەشەباش وا بەهێز نەبوو**

**بەڵام کە وشەی منی دی**

**چۆن سەر دەدەن**

**لەچی دیوارو شورایە**

**ئەویش بوو بەم ڕەشەبایە**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٩١٢ )

شاعیر زۆر جار پشتی بەهێزی سروشت بەستووە لەشیعرەهەڵچووەکانیدا زۆر ( ڕەشەبای ) بەکارهێناوە، بەڵام لەم شیعرەدا توڕەیی و هەڵچوونی خۆی لە ڕەشەبا بەهێزتر داناوە، ئەم شیعرە ( بەهونەری جوانی بایس ) دروست بووە، چونکە هۆیەکی دۆزیووەتەوە بۆ بەهێزی ڕەشەبا کە ڕەشەبا چاوی لەشاعیر کردووەو تووڕەو هەڵچووە، لەتیف هەڵمەت سەبارەت بەهەڵچوونەکانی ئاماژە بەوە دەکات ؛شیعرە سەرەتاییەکانی هەڵچوونی تێدایە، لەدوای ڕاپەڕینەوە بەهێمنی دەنووسێت دەڵێت (( بەتایبەتی شیعری قۆناغی دوای ڕاپەڕینم کە خەڵك زۆربەی هەڵچووە، بەڵام من زۆر بەهێمنی شتەکان تەرح دەکەم وەکو خۆی عەرزی دەکەم ))(١٩) ئەوەی سەرنجمان دابێت دوا شیعر کە لێکۆڵینەوەمان بۆ کرد، لەدیوانی ( ئەم ڕووبارە وشك ناکات )مان وەرگرتبوو کە ساڵی ( ١٩٩١ ) چاپ کراوە، شیعرەکانی تریش پێش ئەو مێژووە بوون، هۆکاری هەڵچوونی شاعیر لەسەرەتای شیعر نووسین و پێش ڕاپەرین، بەشێکی بۆ ئەو زوڵم و زۆرە دەگەڕێتەوە کەبەسەر میللەتی کورد داهاتووە،لەکوشتن و ئەنفال کردن و ماڵ وێرانی خەڵك، بۆیە لایەنی هەڵچوون و تووڕەییش زیاتر زاڵە بەسەر شیعرەکانی شاعیردا، شیعرەکانی دوای ڕاپەرین بەتایبەتی دیوانی سێیەم شێوازێکی تری هەیە کە جیاوازە لەو شیعرانەی کە پێش ڕاپەڕین نووسراون .

### ٤-هەژاری :

هەژاری دەردێکی کوشندەیە، لەوەتەی مرۆڤ لەسەر ڕووی زەمین ژیاوە هەندێ کەس لەژیانێکی خۆش ژیاون و تێرو پۆشتە بوون و هەندێ کەسیش برسی و ڕووت و ڕەجاڵ، لەوڵاتێکیش دا بەپێی بارو دۆخی سیاسی لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر گۆڕاوە، هەژاری دەبێتە مایەی پڕنەکردنەوەی حەزو ئارەزووەکانی مرۆڤ لەهەموو ڕوویێکەوە، ئەو شاعیرانەی بەهەژاری ژیاون لەڕووی دەروونییەوە لە شیعرەکانیاندا، ڕەنگی داوەتەوە بۆ نموونە ( قانع ) کەسێکی هەژار بووە، دەردی هەژاری و نەبوونی ڕەنگدانەوەیەکی زۆری هەیە لەنێو شیعرەکانیدا، زۆرجاریش دەبینین شاعیرێك هەژار نەبووە، بەڵام هەمیشە خەمی چینی هەژارانی لەبەر بووەو خەمی بۆ خواردوون و لەکێشەو ئازارەکانیان بەئاگابووەو شیعری بۆ گوتوون، ( لەتیف هەڵمەت ) ئەگەر چی لەهەندێ قۆناغی ژیانی هەژاری و نیمچە هەژاری بینیوە، بەڵام ئەو هەردەم شیعرەکانی بۆ کۆمەڵگاکەی گوتوە شیعری بۆ چینی هەژاران گوتووە، ئەگەر چی هەندێ جاریش بەجۆرێك لەجۆرەکان خۆشی بەشداربووە لەم هەژارییە، ئەوەتا لەتیف هەڵمەت دەڵێت : (( قەت وانەبووە کەزۆر باش نەبێ، بەڵام پڕبەپێی پێویستیش نەبووە، ئەتوانم بڵێم لەناوەندی هەشتاکان دا چەند ساڵێك نەمئەتوانی بەئارەزووی خۆم کتێب بکڕم،نەمئەتوانی بەئارەزووی خۆم برادەران لەشارەکانی ترو ..، فلان شاعیر هاوڕێمە بتوانم بەئارەزووی خۆم ببینم و مناقەشەی ئەدەبی بکەین و گەلێ جار لەوانەیە لەکۆڕێ شتێ بانگ دەکرام، ڕەنگە زۆرجار نەچووبێتم، چونکە ئەو پارەیە کەئەمدا بەم سەفەرە، بڕۆم و بێم ڕەنگە ئەوسا پانزە دیناری تێچوو بوایە، ئەو دە پازدە دینارە، هەستم دەکرد کەئەبێ لەشتێکی تردا سەرفی بکەم، کەڕەنگە هەندێ حالاتی ئەدەبی و بازنەی ڕۆشنبیری تیا بێبەش بووبێتم،لە بەر ئەوەی نەم توانیووە سەفەر بکەم بۆ ئەم شوێنە لەهەشتاکانا، لەنەوەتەکانیشە لەسەرەتای نەوەتا تەنگ و چەڵمەی ئابووری هەمووی گرتبووەوە ئەو چەند ساڵە منیشی گرتبووەوە ))(٢٠) بۆیە دەبینین نەبوونی و هەژاری لەشیعرەکانی شاعیردا ڕەنگان داوەتەوە ئەوەتا لەم شیعرەدا دەڵێت :

**ئەو شەوانەی کە لەژووره پەڕپووتەکەمدا**

**هۆنراوەیەکی نوێ دەنووسم و**

**دژەبای زستانی خەست**

**دەستم دەڕچێنێ**

**حەز دەکەم بێم و دەستم لەژێر باڵتدا بشارمەوە**

**تابزانی ... شەوانی زستان**

**دەستی شاعیرە هەژارەکان**

**چەندێ ساردە ..!**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٣٦٢ )

بێگومان هەژاری ونەداری زیاتر لەوەرزی زستانان دا بەدەردەکەوێت و مرۆڤە هەژارەکان سەرگەردان دەبن، چونکە لەوەرزی زستان بواری کارکردن کەم دەبێتەوەو خۆراکەکانیش کەم و گران دەبن، مرۆڤ پێویستی بەسووتەمەنی و جل و بەرگ و ... هتد هەیە، شاعیر باس لەژیانی خۆی دەکات، بەڵام لێرەدا

هەژاری، ژیانی شاعیرە هەژارەکان پیشان دەدات، یاخود هەژاری لەم شیعرەدا بەواتای بێبەش بوون و دووری لەخۆشەویست و لەیاریش دێت،چونکە ئەگەر شاعیر یاری لەلا بوایە بەم شێوەیە هەستی بەهەژاری نەدەکرد .
شاعیر لەشیعری ( هەڵوێست وەڵامە ) دا دەڵێت :
**خۆشەویستەکەم ئەگەر ئەم جارە**
**لێیان پرسیت : بۆ**
**دڵدارەکەی تۆ**
**ئاوا پەڕپووتە ..**
**هەمیشە برسی و بێ کارو ڕووتە**
**تۆ پێیان بڵێ :**
**دڵدارەکەی من بۆیە هەژارە ..**
**بۆیە هەمیشە برسی و بێ کارە**
**لەگشتتان زیاتر**
**عاشقی خۆری بەهاری شارە**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ١٧٧ )

لێرەدا هەژاری بەستراوەتەوە بەخۆشەویستی نیشتمان، خەمی نیشتمان و هەست کردن بەژێردەستی، بووەتە مایەی هەژاری بەو مانایەش دێ، کە لە زۆربەی شۆڕشەکان زیاتر خوێنی هەژاران ڕژاوەو زیاتر ئەوان بوون بەژیلەمۆی ئاگری شۆڕشەکان،چونکە هەژار ئەوەندە سەرقاڵی پارە کۆکردنەوە نییە،زیاتریش مەدلولێکی سیاسی لەدواوەیە، لە شیعرێکی تردا شاعیر وەسفی بازاڕی هەژارەکان دەکات و لەم کۆپلەیەدا دەڵێت :
**ئەو هەموو پانتۆڵە کۆن و**
**کراسە شڕو**
**کاسکێت و قەمسەڵە عەنتیکانە**
**هی هەژارانن و هەر لەباڵای هەژاران دێن و**
**تەنها هەژارانیش**
**هەست بەتام و لەزەتی ئەو بازاڕە ئەفسوناویی و**
**عاجباتییانە، دەکەن ..**

(دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٤٦٩ )

شاعیر وەسفی بازاڕی هەڕاچ خانە دەکات کە ئەو بازارە تەنها هەژارەکان سەردانی دەکەن و جل و بەرگی ئەوها عاجباتی و کۆنەی تێدایە هەر لەباڵای ئەوان دێت، شاعیر ڕۆچۆتە نێو ژیانی هەژاران و لەڕووی دەروونییەوە بارو گوزەرانی هەژاران کاری تێکردووەو ئەوەتا لەشیعرەکانی دا ڕەنگی داوەتەوەو باسیان دەکات .
**ئەی ئەگەر ژن بێنم لەکوێ بخەوین**

**لەکوێ ماڵداری بکەین ...**
**ئێمە لەچەرخ و زەوییەکدا دەژین**
**گۆڕێ زۆرترو هەرزانترە لەخانوو**
**بۆ مرۆڤ ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٤٦١ )

شاعیر باسی ئەم بارە دەروونیە ناخۆشەی هەژاران دەکات، کە بەهەزارەها گەنج هەیە تەمەنی گەنجی تێپەڕ بووەو لەبەر هەژاری و نەبوونی نەیتوانیووە هاوسەرگیری ئەنجام بدات کەواتا لەبەرانبەر بەماڵ و خانووێك گۆڕێك دێتە پێش چاوی ئەویش ئەو پەڕی نەبوونی و ڕەشبینی و ئازاری دەروونییە بۆ هەژارەکان ئەوەتا شاعیر لەم پۆستەرە شیعرەدا دەڵێت :-

**سنگێکی جل هەڵواسینی**
**کۆنی کڕی**
**جلی نەبوو پیای هەڵواسێ**
**جگە لەجلەکانی بەری**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ٣ : ٢٩٩ )

شاعیر دیسان دیمەنێکی ئەوپەڕی هەژاری و نەداری پیشان دەدات، کە ئەو کەسە هەژارە کە شەو و ڕۆژ هەریەك جلکی لەبەرەو جلی تری نییە، لەنەبوونی جل و بەرگەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە لە شتەکانی تریش و لەخۆراکیش ژیانێکی کولەمەرگی بەڕێ دەکا.

کەواتە دەبینن هەژاری کاری لەشاعیر کردووە، هەمیشە دیمەنە ناخۆشەکان و ژیانی هەژاران بخاتە ڕوو، ئەگەر چی هەندێ جار خۆشی تێکەڵە لەگەڵ ژیانی هەژاران، واتا کەم و زۆر هەژاری بینیووە، بەڵام خۆی زیاتر هەستی بەژیانی کەسە هەژارەکان کردووە، بەخەمەوە بەکۆمەڵێك باری دەروونی سەرنج ڕاکێش باسی کردوون و هەستی خۆی دەربڕیووە لەچۆنییەتی ژیان و گوزەرانیان دواوە، ( هێمن )ی شاعیر لەخێزانێکی دەوڵەمەند بووە، بەڵام لەسەرەتاوە خەمی هەژارانی خواردووە، دواتر کە خۆی ئاوارە بووە ئەم هەژاری و نەدارییەی بینیوە، واتا زۆر جار شاعیر لەناو پڕۆسەکانەو زۆرجاریش سەردەمێك لەناو پرۆسەکان بووە، زۆرجاریش لەدەرەوەی بابەتەکە ڕوانیویەتە ناوەوەی بابەتەکەو درکی پێکردووە .

## ٥-دڵە ڕاوكێ ( القلق النفسي ) :

هەموو مرۆڤێك لەژیانی دا تووشی دڵەڕاوكێ دەبێت، چونكە دەروونی مرۆڤ لەبارێكی جێگیردا نامێنێتەوە، بەڵكو گۆڕانكاری بەسەردادێت بەگوێرەی كات و سەردەم و هەڵوێستی تاكە كەسی بەرانبەر پێشهاتەكان و ڕووبەڕوو بووەكان . دڵە ڕاوكێی دەروونی (( یەكێكە لەهەستە مرۆڤایەتییە گرنگەكان، وەك، خۆشی و ناخۆشی و ترس، دڵە ڕاوكێ بەواتای ( توتر)، چاودێری و هەست كردن بەترسناكی و بەواتای نائارامی دەروونیش دێت ))(٢١) ئەو نائارامییەش لەیەك هۆكارەوە سەرچاوە ناگرێ، یاخود بڵێین تەنها هۆكارێك نییە بۆ دروست بوونی دڵەڕاوكێ زۆر بابەت و هۆكار وا لەتاكەكەس دەكات تووشی دڵەڕاوكێ بێت، بێگومان (( هەست كردن بەدڵە ڕاوكێ و ترس بەرپەرچ دانەوەیەكی سروشتییە، لەهەندێ هەڵوێست دا سودیشی هەیە بۆمرۆڤ، كاتێ مرۆڤ تووشی هەڵوێستێك دەبێت لەوانە، وەك ؛ چاوپێكەوتنی یەكەمی دەست گیران، یان هاوسەرگیری، یان چاوپێكەوتنی كەسایەتییەكی گرنگ بۆ دابین كردنی كار یان ڕۆژی تاقی كردنەوە، شتێكی سروشتییە كەمرۆڤ هەست بەنائارامی بكات، ئارەقە دەكات و هەست بەئازاری سەرەتایی گەدە دەكات، ئەوكاردانە كارێكی گرنگن، ئاگادارمان دەكەنەوە بۆ بەرپەرچ دانەوەی بۆ چارەسەركردنی هەڵوێستی چاوەڕوان كراو ))(٢٢) واتا مرۆڤ ناو بەناو تووشی ئەم حاڵەتە دەبێت و شتێكی ئاساییە، بەڵام ئەگەر لەوە زیاتر بوو سەریكێشا بۆ نەخۆشی دڵەڕاوكێ ئەوە لەبارە ئاساییەكەی خۆی دەردەچێت و پێویستی بەچارەسەركردن هەیە . د.ئەحمەد شیشانی دەڵێت: (( نەخۆشی دڵەڕاوكێ گوزارشتە لەهەست كردن بەترسێكی زۆر، هۆكارەكەی زۆر دیارنییە، بەهۆی نەبوونی هۆكارێكی ڕوون، ئەو هەستانە درێژە دەكێشن و بۆ ماوەی زیاتر لەشەش مانگ ))(٢٣) مەبەست لەدیارنەبوونی هۆكارەكە ئەوەیەزۆر لەدیاردەو هەڵوێستەكانی ژیان ئەم حاڵەتی دڵەڕاوكێیە دروست دەكەن، بێگومان نیشانەكانی نەخۆشی دڵە ڕاوكێی دەروونی زۆرن، بەڵام ئێمە ئەولایەنەمان وەرگرتووە، واتا دڵەڕاوكێ بەبارە ئاساییەكەی نەك دڵەڕاوكێ وەك نەخۆشی، چونكە ئێمە ڕاڤەی ئەو شیعرانە دەكەین كە لەبارێكی دڵە ڕاوكێ نووسراون و بنەمای دڵەڕاوكێیان تێدایە، بنەمای دڵەڕاوكێش لەشیعری لەتیف هەڵمەت دا بوونی هەیە .

شاعیر لەكۆپلە شیعرێك دا دەڵێت :-

**بەبێ هیوا بەبێ ئاوات .. ئەڕۆم و دێم**

**بەئاوازی نائومێدی كاس بووە گوێم**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٥٢٠ )

شاعیر لەبارێكی دڵەڕاوكێ دایەو بێئارامە و بێئومێدە، بێگومان لەحاڵەتی دڵەڕاوكێدا زۆر كەس لەبەر خۆیەوە قسەدەكات، یاخود بەتەنها پیاسە دەكات لە ڕۆیشتنەكەیدا هەست دەكەی ئەم كەسە لەحاڵەتی دڵەڕاوكێ دایە،لەم شیعرەدا ئەم جۆرە دڵەڕاوكێیە بوونی هەیە،لە كۆپلە شیعرێكی تردا دەڵێت :

**ئەمە دڵمە وا لێ دەدا**

**یا دەسڕێژی دەمانچەیە**

**ئەمە شیعرە لەسەرمدا**

**یا ئەوینی ئەو كچەیە**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٦٦٦ )

شاعیر لەحەژمەت ئەوینی کچێك دا تووشی دڵەڕاوکێ بووە، ئەوەتا جۆری دڵە کوتێکەی لەشێوەی دەست ڕێژی دەمانچە نیشان داوە، دیارە هەر زاراوەی دڵەڕاوکێ لەوەوە هاتووە کە دڵ بەخێرایی لێدەدات و بێگومان کەسێك کە قەلیق بوو لەوحاڵەتەدا دڵی خێراترلێدەدات و شپرزەیی پێوە دیاردەبێت، واتا جۆری دەربڕینەکان وانیشان دەدات کە حاڵەتێکی دڵە ڕاوکێیە .

لەتیف هەڵمەت لەشیعری ( دڵ ) دا دەڵێت :

**ئەوەی دڵێکی شاعیرانە بێ**

**لەم گەردوونەدا جێی نابێتەوە**

**ئەوەی دڵێکی شاعیرانە بێ**

**تا خۆر دەبێتە چەمی خۆڵەمێش**

**هەر دەسووتێت و دەکوژێتەوە**

**ئەوەی دڵێکی شاعیرانە بێ**

**وەك ئەم زەمینە تا دەتوێتەوە**

**بەدەوری ڕۆژدا دەسوڕێتەوە ..!**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٨١٩ )

شاعیر لەدیدی خۆیەوە گشتاندنێك دەکات و بەناوی هەموو شاعیرانەوە قسە دەکات باری دەروونی خۆی، ئەو بارەی کە لەحاڵەتی دڵە ڕاوکێ دایە و دەڵێت، تەنانەت ئەوەی دڵیشی لەشاعیران بچێت ناحەسێتەوە، سووتان و کوژانەوە، گەڕان و سووڕان و سەرگەردانی هەموو ئەمانە حاڵەتی دڵە ڕاوکێی شاعیر پیشان دەدات .

شاعیر لەدەربڕینێکی تردا دەڵێت :

**کچێ منیش دەترسم بمرم و**

**ئافرەتێك خۆشی نەوێم ...!**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٤٩٧ )

دڵەڕاوکێی شاعیر لەو ئاستەدایەو ترسی هەیە کە تاوەکو بمرێت ئافرەتێك خۆشی نەوێت، ئەمە ئەوپەڕی حاڵەتی دڵەڕاوکێی شاعیر پیشان دەدات بەرانبەر بەژیان .

**٦سايكۆلۆجييەتی خۆشەویستی نیشتمان :-**

خۆشەویستی نیشتمانیش هەر لەو کاتەوە دروست دەبێت کەمرۆڤ لە منالْییەوە لە نێو خاك و ئاو و هەوایەك بژێت و یادگاری و خۆشەویستی لادروست دەبێت و دیمەن و شێوەی وڵات و شارەکەی دەبێتە بەشێك لە کەسایەتی مرۆڤەکە، میللەتی کورد بەدرێژایی مێژوو لەلایەن میللەتانی بێگانەو میللەتانی دەرو جیرانیش چەوساوەتەوەو هەمیشە لە هەوڵی ئەوە دابوون لەناوی بەرن و ناسنامەی بسڕنەوە، بۆیە دەبینین میللەتی کورد هەمیشە لە شۆڕش و بەرگری کردن دابووە، ئەم شۆڕش و بەرگری کردن و کۆڵ نەدانەش لە نێو شیعرو ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکانی تردا ڕەنگیان داوەتەوە، لەم خاکەدا بەملیۆنەها مرۆڤی کورد شەهید بوون بەس لەسەر ئەوەی کە کوردن، واتە کورد بوون قەدەغەکراوە، بێگومان ئەو بارودۆخەی کە لەتیف هەڵمەت تێدا ژیاوە بارودۆخێکی ناخۆش بووە، چونکە بەچاوی خۆی نەهامەتیەکانی بینیووە، هەر لەساڵانی هەشتاکاندا کە کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالەکانی کوردی بینیوە، خۆشەویستی نیشتمان و بینینی ئەم بارە لەڕووی دەروونییەوە کاریگەریی هەبوەو لە بەشێکی زۆر لەشیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام ئێمە چەند دانەیەکیان دەخەینە ڕوو و ڕاڤەیان بۆ دەکەین . لەتیف هەڵمەت لەشیعری ( یەکەم خۆشەویستمە ) دا دەڵێت :

**هێشتا چلەم نەچووبوو**
**نەمدەزانی لەبێشکەدام**
**یا زیندان ...**
**نەمدەزانی دایکم ناشیرینە یا جوان ...**
**هیچی ترم نەدەزانی**
**هەر گریان**
**خەوم بینی فریشتەیەك**
**سپی وەك شەستە باران**
**چاو سەوز وەکو دارستان**
**هێدی ... هێدی**
**هاتە خوارەوە لەئاسمان**
**جومگەی سینگمی یەکەیەکە**
**لێك ترازان ...**
**ئەڤینی ئەم : چەم و دۆڵ و**
**شاخ و داخەی**
**لەدڵما چان ...**
**ئێستا دڵم**
**هیچی تری تیا نییە**
**هەرکوردستان و کوردستان ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٣٩٩ – ٤٠٠ )

شیعر زمانی خەیاڵە،بەڵام ڕەگێکی لەواقیعە، واقیع و خەیاڵ دروست دەکات نەك خەیاڵ واقیع دروست بکات، شاعیر هەر لەمنداڵییەوە خۆشەویستی نیشتمان لەدڵ و دەروونی چەسپاوەو وڵاتەکەی خۆی خۆش ویستووە، بەڵام ئەم مێژووەکەی بۆ ئەوکاتە ناگەڕێتەوە کەفامی کردووەو ڕەش و سپی لێکدی جوداکردبێتەوە، ئینجا فێری خۆشەویستی نیشتمان بووبێت، بەڵکو خۆشەویستی شاعیر بۆ نیشتمان زۆر لەمێژە کە هێشتا لەبێشکەشدا بووە ئەو خۆشەویستییە هاتوتە دڵیەوە، ئەمەش خەیاڵێکی شاعیرانەیەو جەختکردنەوەیە لەسەر خۆشەویستی نشتیمان ئاماژەکردن بەخەون بۆ کاری ئەدەبی دەروازەیەکی باشە بۆ بەرزکردنەوەی خەیاڵ بۆ فانتازیاو خەیاڵ بەئارەزووی خۆیان سەربکەون و هونەر دروست بکەن، ئەوەتا شاعیر لەڕێی خەونەوە کاتێ کەفریشتە هاتوون جومگەی سینگیان کردۆتەوەو عەشقی نیشتمانیان لەئاسمانەوە بۆ هێناوە، ژیانی شاعیرش پڕ پڕ بووە لەخۆشەویستی نیشتمان و جێگای خۆشەویستیی تری تیا نابێتەوە .

شاعیر لەشیعری ( خۆر )دا دەڵێت :

**وڵاتەکەم تابووت نیە بینێنە چاڵ**

**لەژێر ژەنگی پێڵاوی ساڵەکاندا**

**وڵاتەکەم بۆمبایە**

**هەر دەتەقێ لەژێر پۆستاڵەکاندا**

**جا ئەوساتە خۆر وەك گڵۆپ**

**دڵۆپ دڵۆپ**

**دابەش دەکرێ بەسەر هەموو**

**ماڵەکاندا**

(دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٤٠٨ )

خۆشەویستی شاعیر بۆ وڵاتەکەی، نائارامی باری دەروونی شاعیر لەبەر ئەوەی وڵاتەکەی ئازاد نییە و لەژێر چەپۆکی بێگانەکانە کەساڵەهایە ئەو میللەتە دەچەوسێننەوە، لەگوتەی ( لەژێر ژەنگی پێڵاوی ساڵەکاندا ) دیارە ژەنگ گرتن مانای کۆنی و دێرینی چەوسانەوە دەگەێنێت، شاعیر وڵاتەکەی خۆی دەکات بەبۆمبا کەلەژێر پێی دوژمنان دەتەقێتەوە بۆ ئەوەی خۆری ئازادی بەدەرکەوێت، ئەوکات ئەم خۆرە بەشی هەموو ماڵەکانی وڵاتەکەی دەکات ئەوساکە ئەو تاڵە خۆرانە وەك گڵۆپ ڕۆشنایی دەبەخشن بەماڵەکاندا .

شاعیر لەپۆستەرە شیعرێك دا دەڵێت :-

**فەنەرێك لەدوورەوە دیارە**

**فەنەرنییە گوندێکە**

**دەبێ بەزێی خۆڵەمێش ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ٣: ٤٨ )

شاعیر بەم شیعرە کارەساتی تێکدان و سووتاندنی دێهاتەکانی کوردستانمان دێنێتەوە یاد کە پرۆسەکە هەر لەساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم دەستی پێکردوە تاوەکو ساڵی ( ١٩٨٨ ) کە گەیشتە ترۆپکی کاول کارییەکان، شاعیر زۆر لەدوورەوە ئاگری سوتانی گوندێکمان پیشان دەدات، ئەو بارە دەروونییە ناخۆشەمان دێنێتەوە بیر کە گوندەکان چۆڵ دەکران و دەسووتان و کاول دەبوون .

شاعیر لەپۆستەرە شیعرێکی تردا کە دیمەنێکی ماڵوێرانییەکان دێنێتە بەرچاو و دەڵێت :

**ئەو پیرەژنە پریاسکەیەکی بچووکی**

**بەکۆڵەوەیە**

**ئەی ڕێگرەکان لێی نەدزن ئەوە لیرەکانی نیە**

**خۆڵەمێشی گوندەکەیەتی ..!**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ٢ : ٤٩٨ )

شاعیر وەسفی پیرەژنێکی داماو و لێقەوماومان بۆدەکات کە بەتاقی تەنێ ڕێگای گرتووەو پریاسکەیەکی بچووکی لەکۆڵدایە، کە جگە لەم پریاسکە کە ڕەنگەنەختێ نانی ڕەق و خۆراکێکی سادەی تێدابێت، هیچی تری نییەو ماڵ و گوندەکەی سووتاوەو هیچی نەماوە، ئەم پریاسکەیەش شاعیر بەخۆڵەمێشی گوندەکەی وەسفی کردووە، دیمەنێکی چەند کاریگەرو غەریبە لەچەند ڕوویکەوە، تەنیای ئەم ژنە، پیری ئەم ژنە، لێقەوماوی ئەم ژنە، نەبوونی ...هتد ئەمە لەشێوەی وێنەیەکی فۆتۆگراف دێتە پێش چاو کە دیمەنی پیرە ژنێکی لێقەوماومان پیشان دەدات .

شاعیر لەشیعری ( سەمای چڵی دار ) دا دەڵێت :

**لەمێژەوە من شەیدای هۆنراوەو خەونم**

**لەمێژەوە من تامەزرۆی**

**ماچی دەمی :**

**ناسکە کچ و بارە ژنم**

**کچی : تەڕ : تەڕ وەکو باران**

**ژنی خۆش خۆش**

**وەك گەرمەنان**

**بەڵام هەرگیز**

**نەکچی تەڕ وەك باران**

**نەژنی شۆخ وەك گەرمەنان**

**شادی لەدڵمان ناچێنن**

**وەکو سەمای**

**چڵە دارێکی نیشتمان**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٥٨٩ )

شاعیر خۆشەویستی نیشتمان بەسەر لایەنەکانی تردا فەرز دەکات و ئەوەتا جوانترین دیمەنی کچی جوان و ناسکەژن دەهێنێتەوە، کەچی لەئاست جوانی و لەئاست عاشق بوونی بۆ نیشتمان بەهای هەموو جوانییەکانی تر کاڵ دەکاتەوە، ئەوەتا سەمای چڵەدارێکی نیشتمان بەلایەوە لەهەموو جوانییەکانی تر دڵگیرترە، بێگومان لەتیف هەڵمەت لەساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم ئەم شیعرانەی لەشارەکانی کوردستان و لەبەغداو ..هتد، لەکۆڕو کۆبوونەوەکان یان لەکۆڕە شیعرییە تایبەتیەکانی خۆی دەخوێندەوە، حەماسەتێکی زۆر لەلایەن جەماوەرەوە دروست دەبو و گڕوتینی بەناخی گوێگران دەبەخشی .

شاعیر لەشیعری ( لاوكی ئازادی ) دا دەڵێت :

**هەرچیم هەیە لێم بسێنن**

**بەڵام توخوا بەرلەوەی كە بممرێنن**

**چنگێ خۆڵی وڵاتەكەم**

**لەدڵەكەم بپژێنن .**

***

**هەرچیم هەیە لێم بسێنن**

**هەرچی یەسقان لە لەشمایە**

**یەكە یەكە**

**هەمووی بەگاز دەربهێنن**

**بەڵام توخوا**

**نەكەن هەرگیز**

**چڵی داری ئەم نیشتمانە بشكێنن ..!**

***

**هەرچیم هەیە لێم بسێنن**

**مووی لەشی خۆم**

**تەڵە تەڵە دەربهێنن**

**وەكو گوریسێك بیچنن و**

**بمخنكێنن**

**بەڵام نەكەن**

**توخوا نەكەن**

**یەك بەردێكی ئەم وڵاتە بسوتێنن**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٦٢٦ – ٦٢٧ )

شاعیر ئەم شیعرەی لەسەر بنەمای كۆپلەیی دامەزراندووەو گوتەی ( هەرچیم هەیە ) بووە بەدەستپێكی كۆپلەكان و مۆسیقایەكی گشتگیری بەسەر شیعرەكەدا دابەش كردووەو كۆپلەكانی پێكەوە گیرۆدە كردووە،شاعیر بەهەستێكی شاعیرانەی بەرزو ناسك باسی خۆشەویستی نیشتمان دەكات و تەمەنای ئەوە دەكات بەر لەمردنی چنگێ خۆری وڵاتەكەی بەڕوویەوە بپژێنن، شاعیر ئامادەیە هەموو ئێسكی جەستەی دەربهێنن و بیشكێنن، بەڵام لە خۆشەویستی بۆ نیشتمان حەز ناكات چڵی داری ئەم نیشتمانە بشكێ، ئەوەتا داوای قورس ترین تەعزیبی جەستەیی دەكات كە تەڵە تەڵە هەڵكێشانی مووەكانی لەشی و دواتر بەم موانەش كە دەكرێن بەگوریس بخنكێنرێت، پێشی خۆشترە لەوەی وڵاتەكەی بسووتێت و خاپوور بێت، بێگومان شاعیر دەیان شیعری تری لەم شێوەیە هەیە، ئەم شیعرانە لەناخی دەروونێكی پاكەوە هەڵقوڵاون، ئەم شیعرانە لەئەنجامی هەستكردنی بە ژێرچەپۆكی نیشتمان و لەئەنجامی خۆشەویستی نیشتمان نووسیوە، یاخود

لەئەنجامی بینینی دیمەنی تراژیدی میللەتەکەی کە تووشی هەژان و خەمێکی زۆر بووە، لەقوڵایی برینەکانییەوە لەناخی ئازارو ژانەکانییەوە ئەم گوتانەو ئەم وێنانەی بەجیهانی شیعرەکانی بەخشیوە .

### ٧-سایکۆلۆجییەتی پیری :

مرۆڤ لە منالّییەوە واتا لەوڕۆژەی فام دەکات و دەوروبەری خۆی دەناسێت و ڕۆژ بە ڕۆژ گەورە دەبێت، بیرلەوە دەکاتەوە کەڕۆژێك دەبێت پیربێت و جوانییەکانی جەستەو هێزو بڕستی کەم بێتەوە، زۆر کەس، زۆر نووسەرو شاعیر هەر لەگەنجیەتییەوە خەمی پیری دەخۆن، سپی بوونی تاڵە مووێکی سەر مرۆڤ خەمبار دەکات، مرۆڤ لەبوونی خۆی حەز دەکات هەر بەگەنجی بمێنێتەوەو پیرنەبێت، پیر بوون بەواتای بەرەو کۆتایی ڕۆیشتنی مرۆڤ دێت، بەواتای نەمانی جوانییەکان دێت، لە قۆناغی پیریدا هەموو ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ لەکورتی دەدەن و نیشانەکانی بەدەردەکەون، کێشەی پیری بەلای شاعیر لایەنی سایکۆییەکی بەهێزی دروست کردووەو لەشیعرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە، لەتیف هەڵمەت دەڵێت : (( لەپیری ئەترسم ئەتوانم بڵێم هەر شوێنێکی سەرو ڕیشم سپییەکانی دیاربێ، گورج ئەگەر لەسەفەرێکیشا بم ئەو شتانەی کە ئەو سپیەتییانە پڕ دەکەنەوە لەگەڵ خۆم ئەبەم نایەڵم ئەو سپیاتیانە دیاربن، بۆ ئەوەی نەڵێن پیر بووە ))(٢٤) ئەم بۆیەکردنەوەیە بە شێوەیەك لەشێوەکان مرۆڤ هەست دەکات پرچی وەك زەمانی گەنجی ڕەش و جوانە، چونکە یەکەم نیشانەی پیری کەمرۆڤ خەمی زۆر پێدەخوات، سپی بوونی سەرو ڕیشە .

مرۆڤ هەر لەکۆنەوەهەوڵی داوە داودەرمان بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی جەستە پیر نەبێت، یاخود پیریەتی دوابخرێت، بۆ ئەو مەبەستەش ڕۆژبەڕۆژ نەشتەرگەریی جوانکاری جەستەو دەم وچاو پێشدەکەوێت و خەڵکێکی زۆر شەیدا دەبن و هەوڵ دەدەن ڕوخساری پیرییەتی لەجەستەی خۆیان ڕامالّن : لەتیف هەڵمەت لەشیعری ( تیری پیری ) دا کەلەشەش کۆپلە پێکهاتووە هەر کۆپلەیەکی لایەنێکی دەخاتە ڕوو دەڵێ ئەم شیعرەم ( پێشکەشە بەو کچەی گوتوبووی لەتیف هەڵمەت چ زووپیربوو ) لەکۆپلەی پێنجەم دا دەڵێت :

**کچێ ئەڵێن : تۆگوتووتە :**

**لەتیف هەڵمەت چ زوو پیربوو ...**

**سوێندم بەم دەمە یاقووتە**

**بەلەشی گەرمی وەك پەموو**

**ئێستاش سەرچاوەی ئارەزووم**

**بۆ لەشی کچ دەکەم بێزوو ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٩٤١ )

شاعیر هەست بەئازارێکی دەروونی دەکات کە کچێك گوتوویەتی پیربووە، تادوێنێ گەنج بووە، ئیمڕۆ بەرەو پیری هەنگاو دەنێت، شاعیر دەیەوێت تەحەدای ئەوەبکا و بڵێت پیرنەبووم، پیرنابم،لەکوردەواریدا زۆرجار بەکەسێك بڵێن پیری دەڵێ بەدڵە نەك بەجەستە، واتا نەفسی خۆی بەوە پردەکاتەوە کەهێشتا دڵی گەنجانەیەو پیر نەبووە، شاعیریش باسی جەستەی خۆی ناکات کە سەرەتاکانی پیری تیا دەرکەوتووە، بەڵکو باسی ئارەزوو خولیای خۆی دەکات کەهێشتا وەکو گەنجێك لەکاردایە مادام حەزو ئارەزووی گەنجانەیە واتە هەر گەنجەو پیر نەبووە.

لەکۆپلەشیعرێکی تردا شاعیر دەڵێت :

**چەرمەکەم لەبری ئەوەی کەپیربم و بچرچێ**

**یا لەتوێی قۆزاخەی تاریکی گڵکۆدا هەڵقرچێ**

**دەیکەم بەچەترێکی بچکۆڵەو دەیدەمە دەس کچێ**

**کەپرچی لەخۆری سەر لووتکەیشاخ بچێ**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ۱ : ۹٤٤ )

شاعیربیردەکاتەوەو دەیەوێ جەستەی خۆی بەجوانی بهێڵێتەوەو نایەوێت جەستەی بزربێت و لەناوبچێت، ئەوەتا پێستی خۆی دەکات بەچەترێك دەیداتە دەست کچێکی جوان، ئەوکاتە پێستەکەی جێی سەرنجی خەڵك دەبێت، چونکە لەدەستی کچێکی جوانە کەپرچی کچەکە وەك خۆری سەر لوتکەی شاخە، شاعیر دەیەوێت بەخەیاڵ و فەنتازیاش ئەگەر ڕۆژێ لەڕۆژان زۆر پیریش بوو پێستەکەی ئەو ناشیرین نەبێت و جوانی خۆی لەدەست نەدات، بۆئەوەی جوانی خۆی لەدەست نەدات دەیکات بەچەتری شا کچێکی جوان و بەنەمری دەیهێڵێتەوە .

شاعیر لە شیعرێکی تردا دەڵێت :

**ئەم تارماییەی دێ بەرەو ڕووم**

**نەگریسەو شووم**

**هاکا بینیت گۆچانێکی**

**لەدەستما چان**

**جا ئەو ساتە**

**چ کچێکی نازدارو جوان**

**ماچ دەداتە شاعیرێکی**

**پشت کۆماوەی دەست بەگۆچان ...؟**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ۱ : ۱۰۰٦ )

لێرەدا شاعیر بەهوونەری خواستن کە ( پیری ) بەتارماییەکی پیس و شوم لەقەڵەم دەدات دوژمنێکە بێ ئەوەی ئەو حەزبکات دێتە جەستەیەوەو گەنجییەتی دەردەکات، گۆچانێکی پێدەبەخشێت، ترسی شاعیر ئەوەیە ئیتر کەپیر بوو جوانییەکانی نەما کچیش سەیری ناکەن و لەدونیای جوانی بێبەش دەبێت، شاعیر بەقەڵەم تابلۆی پیریەتی داهاتووی خۆی دەکێشێت، تابلۆیەکی پڕ لە دڵەڕاوکێو خەم و خەفەت .

لەکۆپلەیەکی تردا شاعیر دەڵێت :-

**ئاخ ... ئاخ پیری لەکوێوە دێی**

**لەکوێوە ... تۆ**

**دەیکەی بەچاوگەی خۆڵەمیش**

**دڵێکی پڕ هێشووی گەشی**

**گڕو پشکۆ ...!**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ۱ : ۱۰۰۷ )

شاعیر بەباری دەروونی شێواوەوە وشەی ( ئاخ ... ئاخ ) دەست پێدەکات، سەری سوڕماوە کەپیری وەك دێوە زمەیەك و دڕندەیەك دێتە نێو جەستەی گەنجەکان و لەناویان دەبات، گەنجیەتی وەك پەنگرە ئاگری گەش و بڵێسە و جوانی و ڕووناکی لێدەبێتەوە، بەڵام پیری خۆڵەمێشە خۆڵەمێش واتای خامۆش بوون و لەناوچوون دەگەێنێ .

شاعیر لەشیعرێکی تردا گفتوگۆیەکی سایکۆیی لەنێوان هێزی گەنجی و هێزی پیری لەجەستەی خۆی دروست دەکات و لەم شیعرەدا دەڵێت :

**ئەوە کێیە**

**دەرگای دڵم دەکاتەوەو**

**خەریکە دەڕواتە دەرێ ؟**

**+ منم لاویم**

**لەم زیندانە بێزار بووم و دەڕۆم**

**- بڕۆ خۆتۆ**

**لەمنداڵێتی بەئەمەکترنیت ...**

**+ ئەوەکێیە**

**بەبێ ئەوەی لەدەرگای**

**دڵم بدات**

**کردیەوەو هاتە ژوورەوە ؟**

**- منم ... پیریم**

**+ ئەو جانتایە چییە**

**بەکۆڵتەوە ؟**

**ئەوە پەڵە هەورێکی سپی و**

**هەندێ پشووە**

**بەدیاری بۆم هێناوی**

**بەدارستانێکیشم گوتوە**

**گۆچانێکی جوانت**

**بۆ بێنێ ..!**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ٢ : ٦١٩ – ٦٢٠ )

شاعیر گفتوگۆیەك لەگەڵ خودی خۆی دەکات، گەنجی و پیری بەدووکەس داناون و جەستەی خۆشی وەکو خانوێك نیشان داوە، گەنجی بەبێ ئەمەك لەقەڵەم دەدات وەك؛منداڵیش چۆن لەجەستەی دەرچوو و ماڵئاوایی لێکرد، پیری هاتووە هەورێکی سپیی پێیە کە ئاماژەیە بەسپی بوونی مووی مرۆڤ، مژدەی گۆچانی پێیە، ئەم ململانێی نێوان گەنجی و پیرییە لایەنێکی دەروونی و خەمی بۆ شاعیردروست کردووەو لەچەندین شیعری تریش هەست بەم حاڵەتە دەکرێ، واتا ترسی پیری کێشەی شاعیرەو بەهیچ شێوەیەك ناتوانێ لێ ڕابکات، چونکە ئەو بێ ئەوەی لەدەرگا بدات دێتە ژوورێ و خۆی دەبێتە ساحێب ماڵ و خانە خوێ .

## ٨-كێشەی مەرگ :

هەموو مرۆڤێك ڕووبەڕووی كێشەی مەرگ دەبێتەوە، مرۆڤ بە بەردەوامی بیر لەوە دەكاتەوە بۆچی هاتۆتە دونیاوە؟ بۆچی دەمرێت؟ كەمرد بۆ كوێ دەچێت؟ مردن چییە... ؟ ئەم پرسیارانە بەرەو ئاراستەی فەلسەفەش دەچن و هەر لەكۆنەوە سەری زانایان و بیرمەندانی تێكداوەو بە بەردەوام لەهەوڵی وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە بێ وەڵامانەن، مرۆڤ حەز ناكات بمرێت و جەستەی لەناوبچێت، تەنانەت لەئەفسانە كۆنەكانیش دا مرۆڤ بەدوای داواو دەرمانێك گەڕاوە كەنەمری پێ ببەخشێت وەك؛ لەداستانی ( گلگامێشی ) سۆمەریدا، كە كێشەی مەرگ ململانێی بۆ مرۆڤ دروست كردووە، كێشەی مەرگ ڕەهەندێكی دەروونی بۆ نووسەران و شاعیران و ئەدیبان و فەیلەسوفانیش دروست كردووە، كێشەی مەرگ زۆرجار مرۆڤ بەرەو ڕەشبینی دەبات وابیردەكاتەوە كە ڕۆژێك دادێ دەمرێت و ئەم جیهانە جێدێڵێت،لای لەتیف هەڵمەت كێشەی مردن كێشەیەكی گەورەیەو لەبەشێكی شیعرەكانیدا ڕەنگی داوەتەوە ئەوەتا شاعیر دەڵێت : (( تەنها لەدوو شت دەترسم لەپیری و لەمردن، ئەم دووشتە كێشەی منن لەژیاندا، باوەڕت بێ من بۆ نوێترین تەوژمی شیعری ئەگەڕێم ئەمەوێ نوێترین شیعر بنووسم كە گەنجێك نەینووسیبێ، مەبەستم ئەوەیە بڵێم كەمن هێشتا گەنجم، بابڵێین شتێك دەنووسم لەسەرووی مۆدێرنیزمەوە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم كەمن هێشتا زیندووم، ئەتوانم موعاسەرەو هاوچەرخایەتی ئەوشتانەش بكەم كەهێشتا نەهاتوونەتەكایەوە، مردن و پیری كێشەی منن، وەك هەست پێبكەم لەگەنجییێتییەوە من خۆزگە و خەونم زۆر بوو حەزم نەئەكرد بمرم هەر ئەو هۆیەش وای لێكردووم دەیان سەفەر نەكەم. پار برادەرێك ناویشی ئەهێنم كاك ( هەژار خۆشناو ) لەئیتالیا لەڕێگای وا بزانم ( سۆلیداریەتییەوە ) لەئیتالیا سەفەرێكی یەك مانگی بۆ ڕێكخستبووم بۆ كۆڕی شیعر خوێندنەوە، لە ( ئیتالیا، ئیسپانیا، سوید، ئەڵمانیا ) ئینجا بە ( یۆنان ) یش دابڕۆم، ئەمە كەسێك نییە لەدونیا سەفەری وا لەكیس خۆی بدا، بەڵام من لەپێشا قەناعەتم كردو پاشان وتم كاك هەژار بەخوا شەرمەزارم ناوێرم سواری تەیارە ببم داوای لێبوردن دەكەم، گوتی ئاخر ئێشمان بۆ كردووە بەشارەوانی ئیتالیامان وتوە، وتم بەخوا بمكوژی من ناوێرم سواری تەیارەبم، ناشمەوێ وازوو بمرم دڵنیام بێمە تەیارەكەوە، تەیارەكە ئەكەوێ، جا بۆچی بچم و كۆمەڵێ خەڵكی تریش بەبۆنەی منەوە بمرن، یەعنی لەمردن ئەترسم ))(٢٥) لەشیعرەكانیشیا ئەو كێشەی مەرگە زۆر بەزەقی ڕەنگی داوەتەوە شاعیر، لەكۆپلە شیعرێكدا دەڵێت :

**بشێ مردن وەكو لووت . چاو . دەم ...**

**دڵ ... بەشێك نەبێ لە لەشم ؟**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٧٣٩ )

شاعیر باس لەو حاڵەتە دەكات،كە مردن بەشێكە لەجەستەی مرۆڤ و لێی جودا نابێتەوە، وەك چۆن لووت و چاو و دەم ...هتد، بەشێكن لەئەندامی جەستەو بەچاو دەبینرێن و هەقیقەتن، ئەوها مردنیش بەشێكە لەجەستەی هەموو مرۆڤێك بەهیچ بارێك لێی نابێتەوە .

لەكۆپلە شیعرێكی تردا دەڵێت :

**ئەگەر دڵم**

**وەكو چاوگەی كانییەكی بچكۆلانە وشكی كرد**

**وام بنێژن ... کونە گوێم پڕنەبن لەلم**

**با نەبڕێ لەگوێم چپەی**

**ئەستێرەی شەوی گوێی سیروان**

**هاژەی ڕەشەبای سلێمانی**

**گرمەی هەوری سەر ترۆپکی هەیبەت سوڵتان ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٨٧٧ )

شاعیر حەز ناکات بمرێت، ئەگەر مردیش حەزی لێیە ئاگای لەدەوروبەری بێت، بەخەیاڵ دڵی خۆی دەداتەوە ئەگەر بەچاویش دیمەنەکان نەبینێت بەهەستەکانی تریش هەستیان پێنەکات هەر هیچ نەبێت هەندێك دەنگ دزە بکەن و لەنێو قەبرا گوێبیستیان بێت،ئەوانیش چپەی ئەستێرەی گوێ سیروان و هاژەی ڕەشەبای سلێمانی و گرمەی هەوری سەر ترۆپکی هەیبەسوڵتانن، شاعیر حەز ناکات لەم دیمەنانە لەم وڵاتە بترازێ و لەناوبچێت . ئەوەتا لە شیعرێکی تردا دەڵێت :

**ئاخر من حەز لەمەرگ ناکەم**

**گەر بمریشم من حەز دەکەم ...**

**لەناو سینگ و مەمکی تۆدا بتوێمەوە**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٢٦٣ )

دیسان شاعیر ڕەفزی مردن دەکات و ئەگەر دادەنێت بۆ ئەوەی بمرێت، حەز ناکات بڵێ من دەمرم، بەمردوویش دەیەوێ ئاسەواری بزر نەبێ و ئاگای لەدونیا بمێنێ، شاعیر حەز دەکات لەنێوانی سینگ و مەمکی کچێك بتوێتەوە، نەك لەدووتوێی خاکدا، شاعیر بەخەیاڵ حاڵەتی مردنی خۆی نەمردەکات و حەزدەکات ئاگای لەژیان بمێنێت . شاعیر لەکۆپلەیەکی تردا خۆی لەنێوان ململانێیەکی دەروونی دەبینێتەوەو دەڵێت :-

**لە شانەکردنی**

**پرچی درێژی ژیان بێزارم**

**لەزرەی بانگی بووکی مەرگ**

**دەترسم**

**بۆ کوێ بڕۆم ؟**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ٢ : ٥٠٢ )

شاعیر لەنیوان ململانێی مەرگ و ژیاندا بێزارە، تووشی ڕەشبینییەك بووە، حەز ناکات لەم ژیانە دابێت، لەهەمان کاتیش ئەگەر چی زۆر بێزارە تەمەنای مردن ناکات، چونکە لەمردن دەترسێت، نازانێت لەم دووڕیانە بۆ کوێ بچێت، واتا شاعیر لەو پەڕی ڕەشبینیشدا کە لەژیان بێزارە تەمەنای مردن ناکات، لە نێو زۆر شیعری شاعیران دا ئەوە بەدی دەکرێ شاعیر تەمەنای لەناوچوون و مردن بکات، بەڵام لەتیف هەڵمەت لەو پەڕی ڕەشبینی و بێئومێدیشدا حەز ناکات بمرێت . لەنێو شیعرەکانیدا کێشەی مەرگ کێشەیەکی دەروونی شاعیرەو بیری لێدەکاتەوەو لێکیدەداتەوە .

# تەوەرەی دووەم:-

# خەسڵەتە دەروونییەکان و ڕەنگدانەوەیان لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا:

## خەسڵەتە دەرونییەکان و ڕەنگدانەوەیان لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا:

### ١-ململانێی خود :

ململانێنی خود ئەو جۆرە ململانێیە دەگرێتەوە کە مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆی دەیکات لەنێو خودی خۆیدا دەبێت بەدووکەسی نێو یەك جەستەو ململانێ لەگەڵ یەکتردا دەکەن . ململانێی خود بریتییە لە ململانێی نێوان بەشەکانی حەز لە مرۆڤ و منی باڵا ؛ئەم ململانێیە ناجێگرییەکی دەروونی دروست دەکات،چونکە مرۆڤ ناتوانێ هەموو شەهوەتەکانی تێر بکات، ئەم حەزانە پێچەوانەی داب و نەریت و کۆمەڵگان(٢٦) . کەواتە ململانێی دەروونی بارێکە کە تاك پێی تێپەڕدەبێت، لەوکاتەدا کەناتوانێ دوو پاڵنەر یان چەند پاڵنەرێك پێکەوە ئەنجام بدات(٢٧)، هەڵبەتە ململانێ لەڕووی زمانەوانییەوە لە نێوان دوو کەسدایە،بەڵام ئێمە ئەوجۆرەی ململانێمان مەبەستە کەشتێکی ناوەکییە،فرۆیدیش باسی ئەقڵی ناوەکی کردووە کە ئەم بارە دروست دەکات(٢٨)، زۆر سروشتییە کە هەندێ جار خۆمان لەململانێی دەروونیدا دەبینین بە بارێك دا تێدەپەڕین ناتوانین دووپێداویستی یان دوو پاڵنەر ڕازی بکەین، ئەم بارە وا لەتاك دەکات کە هەست بە هەڵچوون و بێتاقەتی و دڵڕاوکێ بکات(٢٩) بێگومان سێ جۆر ململانێ دیاری کراوە؛ یەکەم ململانێی خود، دووەم ململانێ لەگەڵ کەسانی تر، سێیەم ململانێ لەگەڵ سروشت، هەر لەکۆنەوە ئەو سێ ململانێیە هەبوون، بەمەبەستی زاڵبوون بەسەر یەکتردا، ململانێی دووەم و سێیەم مرۆڤ بۆ مەبەستی زاڵ بوون و باڵا دەست بوونی خۆی لەڕووی جەستەو فیکرەوە ئەنجامیان دەدات، ئەگەر لەسنوورێکی دیاریکراوی خۆی دەرنەچێت و لەسەر بنەمای ئەفراندن بێت ململانێی نێوان کەسەکان پێویستە، بەڵام ململانێی خود بارێکی دەروونییەو ڕووبەڕوی مرۆڤ دەبێتەوە . شاعیر لەشیعری ( تەنایی و ململانێی نێوان هاو وڵاتییە ئەلەکترۆنی یەکانی کۆماری لەتیف هەڵمەت ) دا دەڵێت :

**لە بیرمە لەوێ لەگەڵ خۆم دا بووم**
**خۆمم لەخەونێکدا**
**بزرکرد**
**ئەمەیە هۆی سەرەکی**
**ململانێی نێوان**
**من و خۆم و**
**خۆم ومن ..**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب٢ : ١ )

شاعیر وەك ئەوەی دوو کەس بێت لەنێو یەك جەستەدا، ئەو دووکەسە ململانێ لەگەڵ یەك دەکەن و ناتەبان و کێشەیان هەیەو وەك ئەوەی مرۆڤەکە لەنێوان دڵەڕاوکێ و دوو دڵی دا بێت، ئەم دووهێزە ناوەکییە هەر یەکەیان ڕای خۆیان هەیەو هەر یەکەیان گوریسەکە بۆلای خۆی ڕادەکێشێ و ململانێی ( خود ) دروست دەبێت .

لە پۆستەرە شیعرێکی تردا شاعیر دەڵێت :-

**كە لە خۆم جیادەبمەوە بیری دەكەم**

**كە خۆم دەدۆزمەوە**

**شەڕی لەگەڵدا دەكەم ...!**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب٢ : ٥١٧ )

شاعیر ناتوانێ واز لەو ململانێیە خودییە بێنێت، بەڵكو حەزی لێدەكات و ئەوەتا كە لەناخەوە لەخۆی جیادەبێتەوە بیرلە ململانێكە دەكاتەوە، لەكاتی خۆ دۆزینەوەش لەناخەوە ئەم دووكەسە شەڕدەكەن، شەڕ لەسەر بڕیارەكان، شەڕ لەسەر سەپاندنی بیری یەكتر، چونكە مرۆڤ ململانێی خودی لەپێناو ئەوەدا دەكات زۆر جار دەكەوێتە نێوان دووڕیانێكەوە و نازانێت كامیان هەڵبژێرێت، ئەلەوێدا تووشی دوودڵی و دڵە ڕاوكێ دەبێت و ململانێی خود دەست پێدەكات .

لەكۆپلە شیعرێكی تردا هەڵمەت دەڵێت:

**من بووم بەتۆو..تۆیش بووی بە من**

**كەس نازانێ هەردووكمان**

**دوو دۆستین..یان دوو دوژمن**

**خۆم و.. من..**

(دیوانی لەتیف هەڵمەت،ب٣ :٢٣٢)

لە دێڕی یەكەمی ئەم شیعرەدا واهەست دەكرێ ئەو(من و تۆ)یە مەبەستی یارە، بەڵام لەكۆتایی شیعرەكەدا ئەوە بەدەردەكەوێ كە ئەو من و تۆیە هەردووكیان هەر شاعیرن، وەك دوو كەسی ئاوێتە بووی نێو جەستەیەك،شاعیر گومانی لەو من و تۆیە هەیە نازانی دۆستی یەكترن یان دوژمن، چونكە لەهەندێك حاڵەتدا هەردوو من و تۆ یەكە دەبن بە یەك؛ بەتایبەتی لەو شتانەی كە گومانیان لەسەر نییە، بەڵام لەو بابەت و شتانەی كە گومان و دوو دڵییان لەسەرە من و تۆ دەكەونە ململانێ كردن، ئەو ململانێیەش وەك ئەوە دێتە پێش چاو كە دوژمنی یەكن،چونكە هەردوو لا ڕكەبەرایەتی یەك دەكەن.

لە كۆپلەیەكی تردا شاعیر دەڵێت:

**وا هەستدەكەم كە من خۆم لە خۆمدا ونم**

**لێم تێكچووە**

**كاممان خۆمم..كاممان منم؟!..**

(لەتیف هەڵمەت،ب٣ : ٢٣٦)

ونبوونی شاعیر لەخودی خۆی مانای سەرلێشێواوی و تێنەگەیشتنە لەم خودە، ئەم سەرلێشێواوییە لەئەنجامی ململانێیەكی دەروونییەوە دروست دەبێت، لەم شیعرە دا حەوت جار ڕاناوی لكاوی (م) بەكارهاتووە، پێنج جاریش ڕاناوی سەربەخۆی (من)،واتا دوازدە جار شاعیر بەرەو خودی خۆی چووەتەوەو شیعرەكە یەك پارچەیە لە خودی شاعیر،بوونی ئەم هەمووەش دەقە شیعرییەكە ئەوەندەی تر لایەنی سایكۆلۆجییەتی زیاتر دەكات.

## ٢-نامۆیی :

نامۆیی دیاردەیەکی دەروونییەو ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوەو کەسی نامۆ هەست دەکات ئەم جیهانە بەپێچەوانەی خواست ئەو بەڕێوەدەچێت و هیواو ئاواتەکانی نایێتەدی، کەسی نامۆ هەست بەتەنیایی دەکات . ئەحمەد سالار وا پێناسەی نامۆیی دەکات :(( نامۆ Allien ... وشەیەکی دێرینی ڕەسەنی کوردییە، بەکەسێك دەوترێت کەڕێو شوێنی لێ گۆڕدرابێت، کەوتبێتە نێو کۆمەڵگایەکەوە کە ئاکارو نەریتە میللیەکانی تێدا جیاواز بێت و خۆی لەو ناوەندە نەبینێتەوە ))(٣٠) دەبینین ئەحمەد سالار تەنها لەڕوانگەی نامۆیی دوورە وڵاتییەوە پێناسەی کردووە، جگە لەوەش نامۆیی لەناوەوەی وڵاتیش ڕوودەدات، واتا کەسێك لەشارەکەی خۆی و لەماڵەکەی خۆی هەست بەنامۆیی بکات، هەرچەندە لەزمانی کوردیدا، بەهەردوو حاڵەتەکە هەردەڵێن ( نامۆیی )، کەچی لەزمانی عەرەبی لێکدی جودا کراونەتەوە، ( غربة) بەوحاڵەتە دەڵێن کە کەسێك وڵاتی خۆی جێهێشتبێت و لەئاوارەیی بژیت و دووربێت لەدۆست و برادەرو خزم و خاك و وڵات و عادەت و تەقالید، بەڵام زاراوەی ( اغتراب ) بەو کەسە دەگوترێ کە لە شارو ماڵی خۆی بێت و هەست بەغەریبی بکات، مرۆڤ هەمیشە بیر لە ڕابردوو دەکاتەوە، ئێستاش بەشێوەیەکی خێرا دیزاین و شوێنەکانی شار دەگۆڕدرێت، کاتێ مرۆڤ هەست دەکات ئەم کوچەو کۆڵانانە ئەم مرۆڤانەی دەوربەری گۆڕاون و کە لە شاری خۆشی بێت هەست بەغەریبی دەکات، بەڵام هەست کردنەکەی زۆر نییە،چونکە پەیتا پەیتا لەبەرچاوی وردە وردە گۆڕانکارییەکان ڕوویان داوە، بەڵام کەسێك ساڵانێکی زۆر وڵاتی جێهێشتبێت و لە غەریبی ژیابێت، کاتێ دێتەوە وڵاتەکەی هەست دەکات ئەو هەر مرۆڤێکی نامۆیە، چونکە هەست دەکات ئەو شارەو ئەو گەڕەکەو ئەو شوێنەی کە ئەو بەجێی هێشتووە، ئەوە نەماوە، ئەمە لەڕووی خاك و شوێنی ژیانی تاکە کەسەکان، بەڵام جۆرەکانی نامۆبوون زۆرن لەوانە نامۆیی سنووری جوگرافی، نامۆیی سیاسی، نامۆیی هۆکاری ڕۆشنبیری، نامۆیی هۆکاری سروشتی، نامۆیی خودی، نامۆیی تەکنەلۆژیا،نامۆیی ئاینی،نامۆیی کۆمەڵایەتی ... هتد، زاراوەی نامۆیش کە (( بنجی وشەکە لە ئەڵناسیوە ( Alienasn ) ی لاتینی یەو لەفەرمانی ئەلینیر ( Alienare ) موە هەڵێنجراوە کە بەواتای شلۆقی و شپرزەیی ( with drawal ) و دژایەتی ( Hastiltliy ) دێت، یاخود بەواتای ئاوەزلەنگی ( Mental insanity ) دێت ))(٣١) لەزمانی ئینگلیزی Ent frem dung یان بۆ هەمان مەبەست بەکارهێناوە، (( ئەڵمانییەکان زیاتر لەچاخەکانی ناوەڕاستەوە ( Fremd ) یان بەمەبەستی تاڵانکردن و داگیرکردن بەکارهێناوە ))(٣٢) کارڵ مارکس k.marx ئەم زاراوەیەی لەدیمانە ئابوورییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکار هێناوە، (( لای مارکس ئەو بارودۆخەی کارکردن کە کۆمەڵگای سەرمایە داری خولقاندوویەتی دەبێتە مایەی نامۆبوونی کرێکار ))(٣٣)هۆکارەکانی خودییەتی کەسی نامۆ بنەمایەکی بەهێزە بۆ کاردانەوەی بابەتی لەشاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر هۆکارو جۆری نامۆیش دەگۆڕێت، چونکە بارودۆخ و جۆری بیرکردنەوەی تاکەکان جیاوازە.(٣٤) ((نامۆبوون بارودۆخێکی نائاساییە تەنها مرۆڤ تووشی دەبێت جا لەهەر ڕەگەزێك بێت،واتا نێر بێت یان مێ، گەورەبێت یان بچووك، لە هەر پلەو پایەیەك یان لە هەر چینێکی کۆمەڵگە بێت، یاخود لەهەر کۆمەڵە یەك بێت))(٣٥) ،دیاردەی نامۆ بوون لەنێو هەموو هونەرەکان ڕەنگی داوەتەوە لەوانە شانۆ، مۆسیقا، وێنەکێشان، ڕۆمان، چیرۆك ...هتد بەڵام (( ڕەنگە شاعیری هەست ناسك لەهەموو کەسێك زیاتر هەست بەنامۆیی بکات بەتایبەتی

ئەگەر بەتەواوەتی درکی بەژیانی ستەم و چەوسانەوەی خودی خۆی و گەلەکەی بکات ))(٣٦) شاعیر کاتێ دەبینێ وڵاتەکەی داگیرکراوە، وتا هەست دەکات وەك باڵندیەك لەقەفەس نراوە ئازاد نییەو خاك و وڵاتی خۆی بۆنی نامۆیی لێدێت و هەست بەنا ئارامی دەروونی دەکات .

د.کەریم شەریف قەرەچەتانی دەڵێت : (( نامۆیی دیاردەیەکی دەروونییەو لەئەنجامی کارلێککردنی کۆمەڵێك هۆکاری کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبێت، لەوانە هەژاری و لێقەوماوی و کارەساتی دڵتەزێن و ون بوونی هێزو پاڵپشتو پەناو چارەسەرنەکردنی گرفتەکانی ژیان ))(٣٧) هەموو مرۆڤێك جار جارە تووشی نامۆیی دەبێت، بەهۆی بوونی گرفتێك،بەڵام دوای ماوەیەك وردە وردە گرفتەکان دەڕەونەوەو کەسی نامۆش دێتەوە باری ئاسایی خۆی، بەڵام نامۆ بوون زیاد لە سنووری خۆی مرۆڤ بەرەو ڕەشبینی و گۆشەگیری و لێکدانەوەی خراپ دەبات .

(( سەختترین نامۆییش ئەو جۆرەیانە، کاتێك تاکی داهێنەر لە وڵاتی خۆیدا دووچاری دەبێ ))(٣٨) چونکە ئەم جۆرە نامۆییە زیاتر نامۆییەکی چەسپاوەو بەسەر کەسەکەوە کاریگەرە . زیاتر لە ئەنجامی لێکدانەوەو بیرکردنەوەی زۆر لەژیان و تێنەگەیشتن لە چەمکەکان، ناڕوونی ژیان و مردن مرۆڤ تووشی نامۆبوون دەکات، چونکە (( مرۆڤێکی ڕووت و قووت لەناکاوەوە خۆی لەسەر هەسارەیەکی مەزن و فراوان و ساردو سڕ دەبینێ ! کە دواتر ناوی بەزەوی براوە، لەو کاتەوە دەپرسێ : من بۆ لێرەم بۆ تەنیام ؟ بۆ بەندکراوم و بەرەو کوێ دەڕۆم ))(٣٩) ئەم جۆرە بیرکردنەوانەش بەنامۆیی ئاینی ناودەبرێت، کە مرۆڤ هەمیشە تووشی سەرسامی دەبێت، چونکە مرۆڤ بەو تەمەنە کەمەی هێندەی پەپولەیەك دەژێت بەبارتاقای ئەم کەونە کۆنەی کەبەملیارەها ساڵە هەیە، مرۆڤ لێی تێناگات و تووشی نامۆیی دەبێت و گرێیە دەروونییەکانی بۆ ناکرێتەوە .

ئەریك فرۆم دەڵێت : (( نامۆ بوون ئەو کاتەیە کەمرۆڤ هەست بەوە دەکات خۆی خاوەنی خودی و ماڵ و موڵك و توانای نییە، بەڵکو هەست بە لاوازی و دەستە کۆڵەیی دەستە وەسانی دەکات، بۆیە دەبێ پشت بە توانای خەڵکی تر بەدەر لەخۆی و دەرەوە ببەستێت ))(٤٠)، چونکە نامۆبوون مرۆڤ تووشی خامۆشی و کپی و بێ تاقەتی دەکات و هێز و برستی لێدەبڕێت .

بەلای زانای کۆمەڵناسی ( کورن ماوسەر )ەوە،(( هەستی نامۆ بوونی کۆمەڵایەتی کە زادەی لەناو چوون و توانەوەی کۆمەڵە نیمچە سەربەستەکانی لەکۆمەڵگا فراوانەکاندا ))(٤١) دەبینین هەرلێکۆڵەرێکی دەروونناسی بەشێوەیەك پێناسەی کردووە، یاخود بڵێین لەگۆشەنیگای خۆیەوە سەیری کردووە،بەڵام ئەم گۆشەنیگایانەش دیدو بۆچوونی ڕاستن، چونکە ( نامۆیی ) دیاردەیەکی ئاڵۆزەو زۆر هۆکار دروستی دەکا .

لەبەرهەمەکانی ( ئەفلاتوون ) دا (( هەست بەگیان و بوونی هەستی نامۆ بوون دەکرێت، بۆنموونە ؛ سەرنجێکی کتێبەکەی ( کۆمار ) بدەین، هەست بەو ڕاستییە دەکرێت کە مرۆڤێکی نامۆ بووە، لەو کۆمەڵگایەی ئەپینا کەتێیدا ژیاوەو لەتەك ڕەوشت و داب و نەریت و لایەنی ڕامیاریدا نەگونجاوەو بەهیچ جۆرێك ناتوانێت خۆی پێ ڕەزامەند بکات ))(٤٢) زۆر هۆکار کاردەکاتە سەر نامۆ بوون کەم ئەندامی و ناڕێکی جەستەش مرۆڤ بەرەو نامۆبوون دەبات ( سوقرات ) یەکێکە لە فەیلەسوفە ناودارەکانی یۆنان، (( بەهۆی ئەوەی شێوەی لەشی بەگشتی و دەم و چاوی بەتایبەتی ناشیرین و سەیر بووە هەر بۆیە لەتەمەنی منداڵیدا لەناو منداڵە هاوڕێکانی گاڵتەی پێکراوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی لەخودی خۆیدا تووشی ململانێ و

حەپەسان و بێزاری بێت، ئەم بێزارییەی ناوەوەی دواتر لەڕەفتاریشیدا ڕەنگی داوەتەوە واتا دەتوانین بڵێین سوقرات تووشی نامۆییەکی بەزۆرە ملێ هاتووە بەهۆی ڕوخسارییەوە ))(٤٣) کەواتە دەتوانین بڵێین سادەترین پێناسەی نامۆ بوون، (( نەگونجانە لەگەڵ دەوروبەر یا لەگەڵا خود دا ))(٤٤) کەسی نامۆ هەمیشە کێشەی لەگەڵ خودی خۆیدا هەیە ململانێ لەگەڵ خودی خۆی دەکات و باری دەروونی نا ئارامە . لەڕووی نامۆیی ئابوورییەوە بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت (( نامۆیی واتە گواستنەوەی تەواوی مافەکانی ژیانی کەسێ بۆ کەسێ یاخود جێگایەکی تر ))(٤٥) ، کە ئەو کەسە هەست دەکات ئەو بێبەرییە لەو مافە سروشتیانەی کە دەبێ هەیبێت کەچی کەسێکی تر پێی دەدرێت .

بیرو ڕای ( هیگڵ ) لەتوێژەرانی تر لەبارەی نامۆییەوە جیاواز ترە، ئەو پێی وایە کە (( نامۆ بوون ڕووداوێك نییە بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی سەپاندبێتی، بەڵکو حاڵەتێکی زەروورییەو بنەمایەکی میتافیزیکی هەیەو دەبێت زات تەجروبەی بکات وەکو قۆناغێك پێیدا تێپەڕێت ))(٤٦) زانایان پێیان وایە بەشێوەیەکی زانستی لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا لەلایەن ( هیگڵ )ەوە بەکارهاتووە .( فرۆم ) نامۆیی بەم شێوەیە پێناسە دەکات (( شێوازێکە لەئەزموون کە مرۆڤ تێیدا دەژێت لەخودی خۆیدا، دەتوانین بڵێین ئەو کەسە بێگانە یە لەخودی خۆیدا ))(٤٧) بەکەسی بێگانەش هەر لەکۆنەوە گوتراوە ( غەریب )، بەواتای نەناسراو کەسێك پێشتر نەتبینیبێت، مرۆڤیش کاتێ لە خودی خۆی بزر دەبێت خۆی بەغەریب دەزانێت . لەژیانی ئێستادا زیاتر دیاردەی نامۆیی بڵاوبۆتەوەو ڕووی لەزیادی کردووەو شێوەی جۆراوجۆری وەرگرتووە لە دەلالەت و تێگەیشتنی مەفهومەکانی و داتاکانی لە ئەنجامی حالاتی مرۆیی و دڵە ڕاوکێ و دوورە پەرێزی دوورکەوتنەوە لەنیشتمان و جیابوونەوەی لەکەسانی تر (٤٨) دیاردەی نامۆییش پانتاییەکی گەلێك زۆری لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا داگیرکردووە، دیارە هۆکاری ئەم هەموو نامۆ بوونەش زۆرن هەوڵ دەدەین لەچەند گۆشە نیگایەکەوە ڕاڤەی کۆمەڵێ دەق بکەین و لێیان بدوێین .

### أ- لەدەست دانی ( دایك ) و هەست كردن بەنامۆیی :-

لەتیف هەڵمەت شیعرێكی زۆری بۆ دایكی نووسیووە، لە هەندێك شوێن شیعرێكی بۆ نووسیووە، لەزۆر شوێن كۆپلەیەك خراوەتە نێو شیعرێكەوە واتا بەهەمووی زیاتر لە ( ٩٠) شیعری بۆ دایكی نووسیووە، شاعیر سەبارەت بە جۆری مردنی دایكی دەڵێت (( خانوێكمان هەبوو لایەكمان ڕووخاندبوو، بەشێكی بچووكمان ڕووخاند بەشێكی گەورەی مایەوە نەمان ڕووخاند كە خۆمان تیا ماینەوە، لەبیرمە حەمامەكەمان ڕووخاندبوو، چوو نەوت بكاتە حەمامەكە لەبەر ئەوەی دوای ئەو هەموو تەپ و تۆزە خۆمان بشۆین، نازانم چۆن نەوت یان چمكی كەواكەی بەنەوت ببوو، جاران ئافرەت كەوای شۆڕیان لەبەردەكرد چمكی كراسەكەی كەوتبووە ناو نەوت كاتێ لەئاگری حەمامەكەی دابوو ئەو چمكە گڕی گرتبوو، من بە بەرچاومەوە دایكم گڕی گرت نەشم توانی بیشی گوژێنمەوە، ئەوەندە نەبووم بتوانم بیكوژێنمەوە، بە بەرچاومەوە بابڵێین عەمری خوای كردوو مرد ))(٤٩) ئەو كاتەی شاعیر تەمەنی یازدە ساڵان بوو، بینینی سوتانی دایك و مردنی بەو كارەساتە تراژیدییە كاریگەرییەكی زۆری لەسەر دەروونی شاعیرەوە جێهێشتووەو تووشی نامۆیی و سەرگەردانی كردووە، ئەوەتا لەزۆربەی دیوانە شیعرەكانیدا چەند شیعرێكی خەمباری بۆ دایكی نووسیووە، شیعری بەهێز، چونكەئەم شیعرانە لەناخی دەروونێكی ڕاستگۆوە هەڵقوڵاون، شاعیر سەبارەت بەمەرگی دایكی دەڵێت (( لەڕووی دەروونییەوە كاریگەریی بووە، جگە لەوەی ( دایك )یشم بوو هاوڕێشم بوو، یانی كەس نەبوو لەهەموو ژیاندا بەقەد دایكم منی خۆش ویستبێ خۆشەویستییەكی تایبەتی لەنێوان من و دایكما هەبوو ))(٥٠) شاعیر لەتەمەنی گەنجیدا كاتێ دەبێت بەسەرباز باسی ئەو بارە دەكات كە لەبەر دەرگای تەجنید دا، دایك و دڵدارانی هاوڕێكانی خوا حافیزیان لێكردوون، بەڵام شاعیر دایكی نەبووە، ئەوندە زۆر هەستی بەغەریبی كردووە، هەستی بەنامۆبییەكی ئاگرین و گریاناوی كردووە لەكۆپلەی كۆتایی شیعرێكیدا دەڵێت :

**كە سەربازیش بووم**

**جانتای هاوڕێ سەربازەكانم**

**كە لەئیجازە دەهاتنەوە**

**بۆنی دایك و دەستگیرانەكانیان لێ دەهات ...**

**بەڵام جانتای من بۆنی گوڵی شیعری نامۆیی و**

**خەمی ئاگر ...!**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٤٩٤ – ٤٩٥ )

شاعیر هەستی بەنامۆیی یەكی زۆر كردووە، كە هاوڕێكانی كاتێ بەئیجازە بۆ ماڵەوە دەهاتنەوەو بەو نیازەی دۆست و هاوڕێیان و دایكیان ببینن، كاتێ دەگەڕانەوە شوێنی سەربازییان دڵیان خۆش بوو دایكیان بینیوە، بەڵام شاعیر هەست بەنامۆیی دەكات، بێ دایكی و بێ دەستگیرانی كە شتێكی گەورەی بۆ دروست كردووە، هەست بەغوربەتێكی زۆر دەكات ئەوەتا لەدەربرینی گوتەی ( بۆنی گوڵی شیعری نامۆیی )، خەمی ئاگر، واتا خەمێكی سووتێنەر خەمێكی نامۆ .

ئەوەتا لەشیعرێكی تردا دەڵێت :

**دایە من ناوم چییە ... من خەڵكی كوێم**

**ئەو کەپرە دووکەڵە کوێیە ؟**

**منالێك ئەوەی وت ..**

**وردە وردە بەناو ونبوونی تەما شۆڕەوە بوو**

**دیوارە مۆنەکان**

**لەقۆزاخەی کپیا**

**دەنگی زەنگڵەکانیان کوشت**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٨٥ )

شاعیر بەهەستێکی گەلێ نامۆوە کە خۆی ون کردووە لەناوی خۆی دەپرسێ، خۆی بەغەریب دادەنێ و دەپرسێ ( من خەڵکی کوێم )، مەبەست لەئاماژەی ( کەپری دووکەڵ ) ئەوە سەر و پرچی دایکیتی کاتێ ئاگری تێبەربووەو بەبەردەمیەوە سووتاوە، لەگوتەی ( وون بوون )، ( دیواری مۆن ) کە ئاماژەیە بەنامۆیی ئەو شوێنەی کەتیایدا دەژی .

لەتیف هەڵمەت لەشیعری ( دڵم هۆنراوەی لێ دەبارێ ) دا دەڵێت :-

**من گوێ نادەمێ لەم شارە تەسکەدا**

**ئەگەر زوو بڕۆمەوەو**

**ئەگەر درەنگ بڕۆمەوە ...**

**دەربەست نیم ...**

**گەر لەپەنای تاریکی شەقامێکدا**

**بخەوم ...**

**یالە ژووری ئوتێلێکدا ...**

**من هەر تەنهام**

**نەدایکم هەیە دڵی لام بێ و**

**نەدەست گیرانیشم هەیە**

**لەچاوەڕوانی من دا**

**دڵی ژەنگ بگرێ ..**

**دڵم وەکو دەستی هەژارە لادێیەکان**

**قلیشاوەو**

**لەباتی ژان هۆنراوەی لێدەبارێ**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٢٣٩ – ٢٤٠ )

بێ َدایکی بەلای شاعیرەوە خەمباری و نامۆییەکی زۆرە، تەنانەت شاریش تەسك بۆتەوە، شاعیر هەست بەنامۆیی دەکات،چونکە بچێتەوە ماڵەوە نەچێتەوە بەلایەوە یەك شتە، چونکە دایکی نابینێت، دەستگیرانیشی نییە ببێتە ( ئەڵتەر ناتیفێك ) و ئەم کەلێنەی بۆ پڕبکاتەوە، بەلای شاعیرەوە لەپەنا دیواربێ دا بخەوێ یان لەنێو ئوتێلێکی خۆش، هەر دوو شوێنەکان نامۆن، چونکە ئەو هەست بەتەنیایی دەکات، هەست کردن بەتەنیایی و

دووره پەرێزی سیفەتێکە لەسیفەتەکانی نامۆبوون، ئەم هۆنراوانەی کە دەیڵێت لەناخی دڵێکی بریندارەوە هەڵدەقوڵێن . شاعیر لەکۆپلە شیعرێکی تردا کە بۆ مەرگی دایکی گوتوویەتی :

**کە دایکم مرد**

**لەڕێگای گۆڕستان**

**منداڵیم بزرکرد ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ٣ : ١٧٧ )

شاعیر بەمەرگی دایکی هەستێکی غەریبی لەلا دروست دەبێ ئەو دایکەی کە زۆر هۆگری بووەو لەمنداڵییەوە بەخێوی کردووە، شاعیر مناڵی لێبزربووە، یەك لەتایبەت مەندییەکانی کەسی غەریب ئەوەیە ون بێت لەشوێنێك، بزربوونی مناڵ واتای بزربوونی شاعیرە و واتای نامۆیی دەگەێنێ .

ئەوەتا شاعیر لەم کۆپلە شیعرەدا دەڵێت :

**تیرێکی ژەهراویان لەدەستی دایکم دا چاند**

**بڕوانن ئەوە خوێنە پیرۆزەکەیەتی**

**لەبەر ماڵماندا بووە بەکانی**

**ماڵەکەشمان ئەمەتانێ لەسووچی چەپی دڵمدا**

**حەشارم داوە**

**ناوێرم لەهیچ زەوییەکدا داینێم ...**

**ئەرێ بشێ ماڵەکەمان شانەی نەخۆشییەکی نامۆ نەبێ**

**وا هەمووپاسەوانەکانی جیهان لێی دەترسن !!**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٩٦٠ )

مەرگی دایك جۆرەها وێنەی شیعری کاریگەری دروست کردووە، لایەنی نامۆیی لەوەدا بەدەر دەکەوێ کەشاعیر ماڵەکەیەتی و لەدڵی خۆیدا هەڵیگرتووە، نازانێت و ناوێرێت لەهیچ زەوییەك دایبنێت، چونکە هەموو شوێنەکان بە نامۆ و نائارام دادەنێت، شاعیر دەڵێت ماڵەکەشمان شانەی نەخۆشییەکی نامۆیە پاسەوانەکانیش لێی ئەترسن .

شاعیر لەکۆپلە شیعرێکی تردا دەڵێت :

**هەر چەندی خەم دامدەگرێ**

**حەز دەکەم سەفەر بکەم**

**بەڵام نازانم بۆ کوێ**

**خۆ من نەدایکم هەیەو**

**نەدەست گیران ...**

**تەم و مژی غەریبی و**

**تەپ و تۆزی ئاوارەیی پرچە ژاکاوەکەم**

**کەبۆنی مەرگی لێدێ بتەکێنێ ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٤٦٥ )

شاعیر لەحەژمەتی خەم و ئازارەکانی نازانێت بەرەو کوێ سەفەر بکات، ئەم نامۆییە چۆتە ناخی دەروونیەوەو لێی جودا نابێتەوە، هەمیشە هەست بەکەمییەك دەکات و ناخی خۆی دەخواتەوە کە دایکی نەماوەو دەست گیرانیشی نییە، بۆیە ( تەم و مژی غەریبی ) لێناڕەوێتەوە، ( تۆزی ئاوارەیی ) لەقژی نابێتەوە، بۆنی ( مەرگ )یش وازی لێ ناهێنێ .

جگە لەم چەند شیعرانە لەزۆر شیعرو کۆپلەی تریشدا مەرگی دایك بەلای لەتیف هەڵمەتەوە مەرگێکی کاریگەرەو بۆنی غوربەت و نامۆییەکی زۆری لێدێت، مەرگی ( دایك ) بووە بە بەشێك لە شاعیر و هەرگیزاو هەرگیز لەبیری ناکات و لەو پەڕی نامۆیی و غەریبیدا دەیلاوێنێتەوە .

## ب- هەست کردن بەنامۆیی :

بێگومان مەرگی ( دایك ) نامۆییەکی زۆری بۆ شاعیر دروست کردبوو خستمانە ڕوو، بەڵام جگە لەمەرگی دایك شاعیر بۆ ڕووەکانی تری ژیانیش هەست بەنامۆییەکی زۆر دەکات و دەزانێت لەوڵاتی خۆی ناژێیت و ئاوارەو دەربەدەربووە، چونکە لەوڵاتێکدا ژیاوە کە وڵاتەکە ژێردەستەبووە، ئێستاش بەشێکی زۆری کوردستان لەژێر چەپۆکی بێگانە دایە، شاعیر هەست بەنامۆیی و نا ئارامی دەروونی دەکات، ئەوەتا لەم کۆپلە شیعرەدا دەڵێت :

**کێ لەدوورگەی نامۆیی خودی خۆماندا**

**ئێمە دەدۆزێتەوە ...**

**کەی نیشتمان**

**لەتاراوگە بێزار دەبێ و**

**بۆ لای ئێمە دێتەوە ..**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ٣ : ٢٠٣ )

ئەم شیعرە دوو وێستگەی هەیە، وێستگەی یەکەم شاعیر باسی ون بوونی خۆی دەکات نەك کەلەدوورگەی نامۆیی ناخی خۆی تووشی ئیغتراب هاتووە و ڕێگای لێ نابەڵەد بووەو سەری لێ شێواوە، لە وێستگەی دووەمدا نیشتمان بەتاراوگە دادەنێت و هیوای وایە بگەڕێتەوە، بێگومان لەتاراوگە هەست بەغەریبی دەکات، هەرچەندە شاعیر لەوڵاتی خۆی دەژێیت، بەڵام وڵاتەکەی بووە بە بێگانەو تاراوگەو تەمەنا دەکات ڕۆژێك لەڕۆژان بگەڕێتەوەو ئەم نامۆییەش لەدەروونی شاعیردا برەوێتەوە .

شاعیر لەم پۆستەرە شیعرەدا دەڵێت :

**گەلێ جار**

**نیشتمان جێدێڵین و**

**ناشڕۆین بۆ :**

**هیچ شوێنێ**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ٣ : ٣٦٧ )

ئەم جۆرە هەست دەربڕینە جۆرێکە لەئیغتراب، واتا ئەو جۆرە نامۆییەی لەناو ماڵ و نیشتمانی خۆت هەستی پێدەکەی، واتا لەنێو نیشتمانی خۆت هەست بەغەریبی دەکەی . شاعیر لە پۆستەرە شیعرێکی تر دا دەڵێت :-

**دەبا لە هەردەی تەماوی گیانما**

**قوڵپی فرمێسکی خوێنین بڕێژم**

**لەبیابانی چۆڵی ژیانما**

**دڵەی ئاوارە و پەستم بنێژم**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٧٧ )

لە دەربڕینی وشەی ( تەماوی، خوێنین، بیابان، چۆڵی، ئاوارەیی، پەستی، بنێژم ) دا سەرا سیمەی شیعرەکە نوقمی نامۆییەکی بەهێز بووە، بیابانی چۆڵی ژیان، واتای دوورە پەرێزی دوور لە دۆست و خۆشییەکانی دونیاش، شاعیر دڵەی ئاوارەو غەریبی خۆی لەبیابانێکی چۆڵ دەنێژێت، کە بیابان ڕەمزی غوربەتی و بێ کەسییە .

شاعیر لەکۆپلە شیعرێکی تردا دەڵێت :

**کە هەست بەتەنهایی خۆم دەکەم**

**خەم وەکو خوێن هەمووڵەشم دەگرێتەوە**

**کەهەست بەئاوارەیی خۆم دەکەم ..**

**لەدڵما کۆدەبێتەوە**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ١٧٦ )

شاعیر هەست بەتەنیایی خۆی دەکات، کەسێك لەنێو کۆمەڵگادا هەست بەتەنیایی بکات کەسێکی نامۆ و دوورە پەرێزە، خەمی شاعیر کە سەرتاپای گیانی گرتۆتەوە، ئاوارەیی شاعیریش، کە ئاوارەبوونێکی خودییە و شاعیر ئاوارەی خودی خۆیەتی شاعیر لەناخەوە ئاوارەیە نەك بەپێ ڕۆیشتبێت و سنووری بڕیبێت، شاعیر لە چەندجار دووبارە کردنەوەی ڕاناوی کەسی یەکەمی ( خۆم، دەکەم، لەشم، لەدڵما ... )) ئەوەندەی تر بەرەو ناخی ئاوارەیی خۆی دێتەوەو نامۆییەکەی پیشاندەدات .

شاعیر لەشیعرێکی تر دا دەڵێت :

**لە وڵاتی غەریبیدا کێ دەتناسێ و کێ دەزانێ**

**تۆشاعیری وڵاتێکی هەزار هەزار**

**بەردەقارەمانی تیایە**

**کێ دەزانێ .. دڵی پیرت هەزار هەزار**

**شیعری تەڕو جوانی تیایە ..؟**

**کە مردیشی کێ دەزانێ**

**لەژێر گڵکۆی تۆدا گیانێك دەنوێ**

**نەخشەی وڵاتێکی تیایە**

**چەقۆی ستەم ئەیکێڵێت و ئەیگرِوێ ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٣٧٠ )

نامۆ بوونی شاعیر لە وڵاتێکی غوربەت دا، دوورە پەرێزی تێکەڵ نەبوونە، چونکە وڵاتێکی نامۆیەو لەرووی کولتوورو عادات و تەقالید کەس ناتناسێ، لەم جۆرە وڵاتەش هەر بەنامۆیی دەمرێت و گۆڕ غەریب دەبێت .

بێگومان لایەنی نامۆیی پانتاییەکی زۆری شیعرەکانی شاعیری گرتۆتەوە بە سۆزێکی لەکوڵ هەستەکانی دەربڕیووەو باس لە ئازار و خەمەکانی نامۆیی دەکات .

## ٣-شەرم : snyness

شەرم یان شەرمکردن؛ دیاردەیەکی سایکۆییەو هەموو مرۆڤێك دەگرێتەوە، هیچ مرۆڤێك نییە لەسەر ڕووی زەمین شەرمی نەبێت و شەرم نەکات، بەڵام ڕێژەکە دەگۆڕێت کەسی وا هەیە ڕێژەی شەرمەکەی زۆر کەمە ئەمە شتێکی ئاساییە، بەڵام کەڕێژەی شەرم کردنەکە زۆربێت ئەوا دەبێتە بارێکی دەروونی کار لە هەڵوێستی کەسەکە دەکات و پێویستە چارەسەر بکرێت، هۆکارەکانی شەرم زۆرن، خێزان سەرچاوەی دروست کردنی شەرمە، دواتر کولتوورو کۆمەڵگا، پێکهاتەی فسیۆلۆژی کەسەکانیش جیاوازە ئەمەش کاریگەری خۆی هەیە، تاکو ئێستا بەلێکۆڵینەوەش ئەوە ساغ نەبۆتەوە کە دیاردەی شەرم کردن لەنێو هیچ ئاژەڵێکدا هەبێت، تەنها لەنێو مرۆڤ دا هەیە، چونکە مرۆڤ بیردەکاتەوەو ڕابردوو داهاتوو پێکەوە گرێ دەدات و پێکهاتەیەکی سایکۆژی ئاڵۆزە .

زۆر جاریش سنوورەکانی ( شەرم و ترس ) هێندە لێکدی نزیکن و تێکەڵاوییەك دروست دەکەن، هەندێ مرۆڤ هەیە لەقۆناغێکی منداڵیدا شەرمنەو لەقۆناغەکانی تر وردە وردە ئەو تەوقەو بازنانە دەشکێنێ و دیاردەکە کەم دەکاتەوە،بەڵام بەتەواوی هەر بنە بڕ نابێت، بوونی شەرم پێویستییەکی گرنگە بۆ هەموو مرۆڤێك، بەڵام لەڕادە ئاساییەکەیدا خۆی بێت .

(( شەرم دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی دوو دەستەواژەی پێکەوە پەیوەستن، بەڵام هاوشێوەی یەکترنین . واژەی شەرم ( snyness ) ئاماژەیە بەهەبوونی ئارەزوویەك لەگۆشە گیری، یان لەدوودڵی یان هەست نەکردن بەئاسوودەیی لەناو ئەو بارودۆخانەدا کە پێویستە تیایاندا پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی تێدا بکرێت ))(٥١) لەڕاستیدا مرۆڤ پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە لەنێو یەك تاکە مرۆڤ دا چەندان دیاردەی دەروونی بوونی هەیە دەیاردەکانیش لێکدی نزیکن، یاخود دیاردەیەك دەبێتە هۆی سەر هەڵدانی دیاردەیەکی تر، بۆ نموونە ؛شەرمنی هۆکارە بۆ گۆشەگیری و نامۆ بوون ... هتد . د.کەریم شەریف قەرەچەتانی دەڵێت :- (( شەرم کردن یەکێکە لەو شتانەی کەمتر لەدیاردە دەروونیەکانی تر سەرنجی کەسانی چوار دەوری ڕاکێشاوە هەندێك لەدایکان و باوکان و مامۆستایان بەدیاردەیەکی ترسناکی لەقەڵەم نادەن و هێندە گرنگی پێنادەن، بەڵام لەڕاستیدا هیچی لەدیاردەکانی تر کەمتر نییەو بگرە هەندێك جاریش لەباری دەروونی کەسایەتیی مرۆڤ لەوان مەترسی زیاترە، کاریگەریی شەرم کاتێك دەردەکەوێت کەمرۆڤ لەناو کۆمەڵدا بێت و ببێتە خاڵی سەرنج دان و بابەتی لێدوان و گفتوگۆکردن، واتا ئەگەر تاك هەر خۆی بێت یان لەناو کۆڕو کۆبوونەوە دابێت و کەس ئاگاداری نەبێت و ئەو نەبێتە مایەی سەرنج دان و لێدوانیان، ئەوا بەهیچ شێوەیەك هەست بەشەرم ناکات و بەئاسانیش خۆی دەکات بەناو هۆڵی سینەماو شانۆو ناو بازاڕو شوێنە گشتیەکاندا ))(٥٢) زۆرجار کەسی شەرمن خۆی لەبوونی خۆیدا هەست دەکات خەڵك تەماشای دەکەن کە ڕەنگە تەماشای نەکەن، کەسی شەرمن زۆرجار کاتێ بەتەنهاش دەچێتە نێو خواردنگەیەکیش بێ ئەوەی کەس سەیری بکات ئەو لەناخەوە شەرم دەکات و وا دەزانێت هەموو ئامادەبوان سەیری دەکەن، (( ترس لەحاڵەتی بێ تێکەڵ بوون زۆر جار ڕوودەدات، بەڵام شەرم لەگەڵ هەڵسوکەوت کردن و تێکەڵ بوون و قسەکردن لەگەڵ کەسانی چواردەوری خۆی شەرم ڕوویی تێدەکات ))(٥٣) ڕاستە شەرم لەحاڵەتی تەنیاییدا ڕوونادات، بەڵام ترس لەهەردوو حاڵەتەکەدا ڕوودەدات

لەتەنیایش مرۆڤ خۆف دەکات و دەترسێت لەتێکەڵ بوونیش ترس بوونی هەیە، تاوانبارێك کاتێ دادگایی دەکرێ خۆ تەنها نییە کەچی دەترسێ، لەکاتی شەڕکردندا خۆ ئەو مرۆڤە تەنها نییە،بەڵام ترسی مردنی هەیە.
ڕەنگدانەوەی دیاردەی شەرم لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا بەئاشکرا دیارە،شاعیر لەشیعرێك دا دەڵێت :

**تۆ دەزانی ... شەرم سەگی چ ئازارێك**
**لەجەرگم بەردەدات ...؟**
**من هەر لەمناڵییەوە**
**شەرمم لەگەڵ خۆمدا هەڵگرتووە ..**
**مناڵ بووم، هێشتا سمێڵم نەبوو ...**
**هێشتا .. نەشیعرو نەدڵداریم**
**نەدەزانی ...**
**هێشتا نەمدەزانی**
**بۆچی هەندێ مناڵ پۆشتەیەو**
**هەندێ مناڵ پێ خاوسە ...**
**شەرمم دەکرد ...**
**هەرلەمناڵییەوە**
**ئەم ڕیخۆڵە کوێرەی شێتی یەم هەیە ...**
**ئەشێ شەرم بووبێتە بەشێك**
**لەسمێڵم ...**
**لەخوێنم ...!**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٤٥٦ – ٤٥٧ )

شاعیر سەرەتاو بناغەی شەرمکردنی خۆی دەردەبڕێت کە هێشتا زۆر بچووك بووەو ڕەش و سپی بەتەواوەتی لێکنەکردۆتەوە کەچی شەرمێکی زۆر دایگرتووەو بووە بەشێك لەجەستەو لەکەسایەتی، شەرم بەلای شاعیرەوە ئازاراوی و بەژانە دەربڕینی شەرم بووە بە بەشێك لە سمێڵ و خوێنی، بە واتای ئەوەی کە گەورەش بووە ئەم شەرمە لەگەڵیدا هاتووەو بەردەوام بووە، ئەوەتا لەتیف هەڵمەت دەڵێت: (( من لەمناڵییەوە شەرمن بووم، ئەتوانم بڵێم کەسێکی تر وەك من لەماڵمان نەبووە بەقەد من شەرمن بێت، ماڵیشمان قەڵەباڵغ بووە، بەڵام من هەمیشە لەژنەکان شەرمم دەکرد ))(٥٤) هۆکاری شەرمکردنیش لەژنان ئەوە بووە شاعیر لەخێزانێکی ئاینی بووە، کوڕە شێخ بووە، سەیر کردنی ئافرەت وا ڕێ پێداو نەبووە تاوەکو قسەی لەگەڵ بکات، ئەمە بووەتە هۆکاری دروست بوونی شەرمکردن لە ئافرەت، هەرچەندە شاعیردەڵێت : (( ڕێشم پێ درا بێ خۆم هەستم کردووە، بازنەیەکم بۆ دانراوە مادام من لەخێزانێکی ئاینی دام مادام، من کوڕی کەسێکم ڕێنمایی خەڵك دەکا بۆ چاکە خوازی ئەوەی کە دوور بکەوێتەوە لەهەموو خراپییەك، دڵداری بەخراپەکاری لەقەڵەم دراوە لەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا لەوپەڕی پاکییەتی دابێ لەبەر ئەوەی من ناچار بووم لەهەندێ قۆناغی تەمەنمدا ملکەچ کەم بۆ بازنەی ئەو داب و نەریت و ئەو هێڵانەی کە بۆم دانرابوو ))(٥٥) ئیتر ئەمە سەرەتای دروست بوونی شەرم بووە لای شاعیر .

شاعیر لەشیعرێکی تردا خۆی دەکاتە کانی و کچێکی جوانیش دەکات بەئەستێرە داوا لەکچەکە دەکات گۆزەیەك لەکانیەکە پڕبکات،بێ گومان کانییەکە شاعیرە بیباتەوە ماڵەوەو لەژوور سەری خۆی دایبنێت ئەوەتا لەم کۆپلەیەدا دەڵێت :

**بەکەس نەڵێی ... منم ئەوە ...**

**لەتەنیایی شەو ترساوم ...**

**دەرم نەکەی تۆ بەم شەوە**

**تووڕەنەبی لەهاتنم**

**توخوا دایکت هەڵنەسێنی**

**دوایی دەمرم ... زۆر شەرمنم ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٢٤٢ )

شاعیر ئەم شیعرەی لەناخی نەستەوە نووسیووەو لایەنی شەرم کردن لەئافرەتان لەنەستی شاعیردا بوونی هەیە،شاعیر چەند زاراوەیەك دەردەبڕێت لەوانە ( شەو ترساوم، تووڕەنەبی ) ئەمانە هەمووی بۆ ئەوەن تاوەکو کچەکە ڕازی بکات کەوا هانا بۆ دایکی نەبات،چونکە شاعیر زۆر شەرمنە، لە کۆمەڵگایەکی باوك سالاری هەمیشە ( باوك ) نێر، بووەوەتە بکوژی ئەم حاڵەتانە کەچی شاعیر تەنها ترسی لەدایکی کچەکەیە، بوونی ئەم ترسەش شەرمێکی زۆرەو تا ئاستی مردن و لەناچوون شەرم دەکات لەتیف هەڵمەت باسی مناڵی خۆی دەکات و دەڵێت:(( کێشەم ئەوەبووە، میوانی ژن بێت لەپیاو قەد شەرمم نەکردووە، بەڵام کێشەم ئەوەبوو ژنمان بێت ... زۆرجار بووە بەخێرهاتنی میوانی ژنم نەکردووە، دوای دوو ڕۆژ ناچار بووم دایکم گوتوویەتی عەیبە بەخێرهاتنیان بکە، خۆمم پیشان نەداون، کارێکم کردووە، ڕووبەڕوویان نەبمەوە، ئێستاش ئەوە پاشماوەی هەر لەلام ماوە، ئەتوانم بڵێم نەمتوانیوە لەسەدا سەد بازنەکە بشکێنم یاخۆم واهەست دەکەم کە نەمتوانیوە لەوانەشە توانیبێتم و خۆم لەڕووی دەروونی خۆم وا ئەگەێنێ وام پێدەڵێ کە هێشتا ماوتە بیشکێنی ))(٥٦) ئەم شەرمەش لەم شیعرەدا بەدەرکەوت کە لەنەستی شاعیر گیرساوەتەوەو لەڕێی شیعردا جارێکی تر خۆی نمایش دەگاتەوە .

شاعیر لەشیعرێکی تردا دەڵێت :

**زۆرجار سەرنجی خەست و قووڵم**

**لەکچێکی جوان دا دەتوێنمەوە**

**وا هەست دەکەم کە دەڵێ :**

**ئای لەم کوڕە لاوازە سەردانەهێنراوە**

**چەندبێ شەرمانە تەماشا دەکات**

**دەڵێی باڕە کەوی ئەم کێوانەیەو**

**لەگەڵ بەفری بەرمانگە شەودا**

**دڵداری دەکات**

**ئیتر منیش شەرمێکی خەست ئەمووشێ و**

**دڵۆپ دڵۆپ ...**

**دڵۆپ دڵۆپ ...**

**دەتوێمەوە**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ۱ : ٤۳۱ – ٤۳۲ )

باری دەروونی کەسی شەرمن، یاخود حاڵەتی شەرم کردن لەوەوە دێت: کاتێ کەسێك سەیری کەسێك دەکا، کەسی شەرمن وا هەست دەکات ئەو کەسە شتێکی پێدەڵێت یاخود کەسی شەرمن وا هەست دەکات ناشیرینە، ئەوەتا شاعیر کاتێ سەیری ئەو کچەی کردووە کچەکەش سەیری کردۆتەوە ئیتر بۆچی لەناخی شاعیردا ئەم لێکدانەوانە هەیە، شاعیر لەگوتەی ئەوەی ( ئای لەم کوڕە لاوازە سەردانەهێنراوە ) دا، هەست بەوە دەکات لەئاست جوانیی ئەم ئافرەتەدا ئەم ناشیرینەو شەرم دەکات، دواتر شاعیر لەگوتەی ( شەرمێکی خەست )دا ئەو پەڕی شەرمنی و دڵەڕاوکێی خۆی دەردەبڕێ و سێ بارە کردنەوەی ( دڵۆپ دڵۆپ )یش لایەنێکی دەروونییەو تەئکیدلەسەر بوونی شەرمە زۆرەکە دەکاتەوە تا ئاستی توانەوە، دیارە توانەوەی کانزایەك یان بەفر یان هەر شتێکی تر لەئەنجامی گەرمییەکی زۆرو فشارێکی زۆردا دەتوێتەوە، توانەوەی شاعیر لەئەنجامی ئەم شەرمە زۆرەیە کەناخی دەروونی گرتۆتەوە .

شاعیر لە کۆپلە شیعرێکی تردا دەڵێت :

**... دەمت نەکەی بەیەك دڵۆپە بارانێ ...**

**بۆ شاعیرێك کە تینوێتی زمانی لێ زەوت کردووەو**

**دەمی نییە هاواربکا : تۆم خۆش دەوێ**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ۱ : ۲۹۲ )

لێرەدا بەبێ ئەوەی شاعیر ئاماژە بەوشەی شەرم بکات دیاردەکە خۆی لایەنی شەرمە، چونکە شەرمنییەکەی شاعیر گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە کچێکی خۆش ویستووەو نەیتوانیووە بڵێ خۆشم دەوێ، لەگوتەی ( هاواربکا تۆم خۆش بوێ ) بەدەرخستنی ئەو لایەنە شەرمە زۆرەیە، چونکە هاوار کردن نەك هەر کچەکە گوێی لێدەبێ،بەڵکو کەسانی تریش گوێیان لێدەبێ شاعیر دەیەوێ بازنەی ئەم شەرمە بشکێنی نەك ئەوەی بەچپەو بەهێواشی بڵێ خۆشم دەوێی، بەڵکو دەیەوێ هاوار بکات بڵێت خۆشم دەوێ بەڵام لایەنی شەرم زۆر زاڵە بەسەریەوەو دەمی نییەو زمانی زەوت کراوەو شەرم کوتی کردووە،هاوارکردنیش مانای خۆشەویستی لە ڕادە بەدەر بەرانبەر بەکچەکە واتە؛لەناخی دەروونەوە خۆشی دەوێ. ئەوەتا شاعیر دەڵێت (( زۆرجار لە دڵداری بێبەش بووم و ڕەنگە ئەگەر ئەم هێڵە سوورانە نەبوایە بمتوانیبوایە لەڕێگەی خۆشەویستییەوە تەعویزی دایکم بکەمەوە، بەڵام ڕەنگە ئەوەندە هۆگری شیعر نەبوومایە، هۆگری کچێك بوومایە، ڕەنگە لەلایەنی ئەدەبییەوە لەقازانجم نەبووایە ))(٥٧) ئەو هێڵە سوورانەی شاعیر ئەو شەرمە زۆرەیە کە هەر لەمناڵییەوە دروست بووە، لەتیف هەڵمەت لەدەربڕینی ئەوەی کە تەعویزی دایکم بکردایەوە، ( ئەدلەر ) لەوە دواوە کەسێك لەشتێك بێبەش بێت دەیەوێت بەشتێکی تر ئەم نەقسەی خۆی پڕبکاتەوە شاعیرش بەخۆشەویستی و بەیار بۆی پڕنەکراوەتەوە بەشیعر پڕی کردۆتەوە، لەتیف هەڵمەت لەدەربڕینی ( ڕەنگە )، کە چوارجار دووبارەی کردۆتەوە خۆشی گومانی هەیە بەشیعر پڕی دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر دڵداری بکردایە ئەوا پرۆسەی شیعر نووسینی ڕانەدەوەستا،چونکە دڵداری کردنیش چێژی خۆی هەیە بۆشاعیر

گڕوتینی شیعری پێدەبەخشێ و بەتایبەتی لەکاتی دوورکەوتنەوەی دووعاشق و لێکدابڕان و یەکتربینینیش دا .
لەشیعرێکی تردا شاعیر دەڵێت :

**ئای دایکم نازانێ ئێستا کوڕە شەرمنەکەی**

**گەورە بووەو**

**ئێستا ئەگەر ژنێکی شیرین**

**یاکچێکی بەناز ببینێ**

**وەکو کلۆبەفری ناو گۆمێك لەشەرمێکی گەرم دا**

**ناتوێتەوە**

**ئێستا کوڕە شەرمنەکەی شاعیرەو**

**لەگەڵ کچە چاو بازەکاندا**

**دڵداری دەکاو**

**کچێکی خۆش دەوێ ناوی ناوە :**

**شیرین ...!**

( دیوان لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٣٩١ )

شکاندنی تەوقی شەرم تا ئاستێك لەم شیعرەدا بەدی دەکرێ،چونکە ئەو کوڕە شەرمنەی جاران نەماوە کە دووڕۆژ خۆی بشارێتەوە لەترسی ئەوەی کە بەخێرهاتنی کچێك یا ژنێك بکات، ئێستا سەیری ئافرەتی جوان دەکات و دڵداریشیان لەگەڵ دەکات و ئەوەش دەهێنێتەوە یادی خۆی کە دایکی هەروا دەزانێ ( لەتیف هەڵمەت ) وەکو جاران شەرم لەئافرەتان دەکات کەچی ئەو بازنەی شەرمەی تا ئاستێك شکاندووە، بەڵام دیسان لەگوتەی ( کچێکی خۆش دەوێ ناوی ناوە شیرین ) واتا کچەکە خۆی ناوێکی تری هەیە شاعیر لەبەرداب و نەریت ناوی ناوە شیرین تاوەکو ئاشکرا نەبێت شەرم دەکات بزانرێت ئەو کچە ناوی ڕاستەقینەی چییە، یاخود ڕەنگە مەبەستی ئەوەبێ یەکتریان زۆر خۆش دەوێ خۆی وەکو فەرهاد هاتۆتە پێش چاوی و خۆشەویستەکەشی ( شیرین )ە .

## ٤-خەم :

خەم و خەفەت زاراوەو بازنەیەکە هیچ کەسێك ناتوانێ بەتەواوی لێیەوە بێتە دەرەوە،بەڵکو کەم و زۆر لەنێو بازنەکەو لەدەوروبەری بازنەکەش دەخولێتەوە، هەموو مرۆڤێك تووشی کارەسات و خەم دەبێت، بەرانبەر خەم شادی هەیە، بۆیە زۆرجار پاشی خەمێکی زۆر تروسکایی ئاوات و شادی دێت و خەمەکان کاڵ دەکاتەوە، بەرانبەر گریان پێکەنین بوونی هەیە، بەڵام زۆر کەس هەیە لایەنی خەم وخەفەتی زۆرترەو کەمتر دەرگای شادی و پێکەنین و کامەرانی بەڕوویدا دەکرێتەوە، زۆر کەسیش هەیە درەنگتر شتە خەمبارەکان لەبیردەکات و کەمتر ئامێزی دەکاتەوە بۆ شتە خۆشەکانی ژیان، بەڕادە ئاساییەکەی خەم بوونی هەیە لەنێو هەموو مرۆڤێك، لەنێوکاری هونەریش دا ڕەنگ دەداتەوە، وەك مردنی کەسێکی نزیك خەم خواردن لەدیاردەیەك، بەڵام ئەگەر لەڕادە بەدەر بوو ئەوا دەبێت بەنەخۆشیی خەمۆکی، کەواتە خەمۆکی دەروونی (( بریتییە لەبڵاوترین نەخۆشییە دەروونییەکان، کە لەهەستکردن بەخەم و پەژارەو دڵ تەنگی و هەست کردن بەبێزاری لەژیان و هەوڵی خۆکوشتن، ئەم نەخۆشییە دوو هێندە زیاتر تووشی ژنان دەبێت وەك لەپیاوان، گەنجان زیاتر لە منداڵان تووشی دەبن ))(٥٨) زۆر هۆکار وا دەکات کەسێك تووشی نەخۆشی خەمۆکی بێت و گرنگترین نیشانەکانی نەخۆشی خەمۆکی ئەمانەن :

١-هەستکردن بەخەمێکی زۆرو بیرکردنەوەی ڕەشبینی و زۆر بیرکردنەوە لەمردن .

٢-بێتاقەت بوون و ئارەزوو نەکردن لەکارو برست لەخۆبڕین .

٣-لەدەستدانی چێژ وەرگرتن لەشتە خۆشەکانی دونیا، زیاتر قوولبوونەوە لەشتە ناخۆشەکان و بەسەرپێی سەیرکردنی شتە خۆشەکان .

٤-بەخۆداشکانەوەو گۆشەگیری و هەست کردن بەنامۆیی .

٥-هەست کردن بەتاوان و لۆمەکردنی دەروونی بەشێکی کەم وژدانی خۆت ئازار بدەیت و خۆ تووشی دڵەڕاوکێکردن .

٦-کەمخەوی یان زۆرخەوی و پشوودانی درێژ، زۆر خەوی زۆرجار هەڵاتنە لەواقیع، لەو واقیعە خەماوییەی کە تووشی تاك بۆتەوە .

٧-نەبوونی حەزی خواردن یان زۆرخۆری واتە، بەپێی کەسەکە کەوتووە هەیە خەمبارە زۆر دەخوا هەیە ناخوات .

٨-کەمی سەرنج گرتن و بیرچوونەوە (٥٩) ئەمانە لەگرنگترین نیشانەکانی نەخۆشی خەمۆکین، کەواتە دەبێ ئەوە لێکدی جودا بکەینەوە کە خەم خواردن شتێکی ئاساییە و هەموو مرۆڤێك تووشی دەبێت، بەڵام خەمۆکی نەخۆشییەو مرۆڤ لەکۆمەڵ دادەبڕێت . لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا دیاردەی خەم خواردن بوونی هەیە و ڕەنگی داوەتەوە، دەتوانین لایەنی خەم لەلای لەتیف هەڵمەت بکەین بە دووبەش :

١- خەمی کۆچی دایك ٢- خەم خواردن لەدیاردەکانی ژیان .

١- خەمی کۆچی دایك :- لەدەست دانی دایك لای لەتیف هەڵمەت خەمێکی قورسەو لەنێو شیعرەکانیدا زۆر لایەنی دەروونی لەئەنجامی کۆچ کردنی دایك ڕەنگی داوەتەوە، وەك؛ نامۆیی، ڕەشبینی، هەست بەکەمی کردن ...، هەست کردن بەخەم و خەفەت و ئازار (( ئەو شتانەی کە کاریگەرن بەسەر لایەنی دەروونی،

لەوانە هەژاری، خۆشەویستی دایك و گەڕان بەدوای سۆزی دایکدا )) (٦٠) گەلێ شتی تر . لەتیف هەڵمەت پاش ئەوەی دایکی کۆچی دوایی دەکات زۆر خەمبار دەبێت و ئەوەتا دەڵێت (( من وتوومە چ لە ئوتێلێك بنووم چ لە شەقامێك هیچ کەسێك نییە پێشوازیم لێبکات بەلامەوە عەینی شتە ))(٦١) ئەم هەستە وای لێدەکات لەچەندین شیعردا ئەو بارە خەمبارییە ڕەنگ بداتەوە، ئەوەتا شاعیر لە شیعری ( سێ هۆنراوە بۆ دایکم ) دا دەڵێت :-

**نیگای ئازار وەکو باران**
**سۆسەی ژینمی تەڕ ئەکرد**
**پەپوولەی ناو ئاواتی ژان**
**وەك پەلکە زێرینە ئەمرد**
**لەبروسکەی پشکۆی زاما**
**هاواری دەم ئەتەزی**
**لەلافاوی هەوری ساما**
**ئەژنۆی تەمەن ئەلەرزی**
**لەباوەشی تەنیاییدا**
**ژوورەکانم پشکنی**
**خەم لەتاریکاییدا**
**هەڵیمژیم هەتا بنی**
**کە خەو چاومی پۆشیەوە**
**تۆم لەدڵما دۆزیەوە**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٥٦ – ٥٧ )

شاعیر بەهەستێکی زۆر خەماوی ئازارو خەمە پەنگ خواردووەکانی دەردەبڕێت، ئەوەتا ئازار وەکو باران تەڕی دەکات، ئاواتەکانی وەك پەپوولە هەڵدەوەرن، لەگوتەی ( خەم لەتاریکایی دا هەڵی مژیم هەتا بنی )،واتا دوا ترۆپکی خەمبارییە بەرانبەر بەدایکی، تەنانەت لەکاتی خەویش دا دایکی خۆی لەیاد ناکات و دەیبینێت، ئەگەر چی زۆر بنووسێتەوەو باسی بکات کەمتر خەونی پێوە دەبینێ، لەوەلامی پرسیارێکی لەم شێوەیە لەتیف هەڵمەت دەڵێت :

(( ئەتوانم بڵێم لەبیرم نایی چەند جار خەونم پێوە دیوە، یەعنی زۆر زۆر بەدەگمەن ئەتوانم بڵێم بەهەموو تەمەنم دووجار ڕەنگە بینیبێتم، وەکو عەرەب دەڵێت بە ( لمحەبصر ) بینیوومە، بیرم نایی دانیشتبێتین گفتوگۆیەکمان کردبێ یان نانمان پێکەوە خواردبێ یان لە لای دا خەوتبێتم ))(٦٢)

شاعیر لە شیعرێکی تردا دەڵێت :-

**بەیانی بوو چاوی یادم**
**بە تەزووی ئاخ کرایەوە**
**هەستم پێ کرد کەناشادم**
**کلۆی خەمم توایەوە**

**چەند پیتێکم لێدروست کرد**

**لەدڵما بوون بە هەڵبەستێ**

**گریا وەکو مناڵی ورد**

**کەس نەبوو زامی بەستێ**

**هەرچەن خامەم لکان پێوە**

**دەستم بۆ برد وەك ناسکە سێو**

**بۆم نەخرایە ناو چوارچێوە**

**لەرەی نەهاتە سەر لێو**

**وەکو چۆلەکەیەکی تینوو**

**لەقوڵایی دڵما ون بوو**

**ئەی ئەو دایکەی کەلە دڵمای**

**وا چۆلەکەیەکی تینوو**

**بەشاباڵی ئارەزوو**

**گیانی منی بۆ هێناوی**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ۱ : ٥٧ – ٥٨ )

خەمباری شاعیر بەرانبەر لەدەست دانی دایك خەمبارییەکە هەمووی ئاخ و ناشادی و ئازارە، ئەم شیعرەی کە نووسیوویەتی لەکلۆ تواوەکانی خەمەوە سەرچاوەی بەستووە، شاعیر تەمەنای مردن دەکات، مردنێك کە ڕووحی وەك چۆلەکە بفڕێت و بەرەو ڕوحی دایکی بچێت، واتا فەزای ئەم شیعرە لایەنێکی خەمباری داپۆشیووە خەمێك بۆ دایك بۆ ئەومرۆڤەی هەرگیزاو هەرگیز لەبیری ناکات و هەمیشە لەنێو شیعرەکانیدا هەیە .

شاعیر لەشیعرێکی تردا دەڵێت :

**دایە چاوەڕێم بکە لەهەموو ڕێگاکانا**

**چاوی خۆشەویستەکەم**

**گلۆڵەی ناخۆشیم لە قووڵایی**

**برینی هەنگاوەکانما ون ئەکات**

**سەهۆڵی چەرخی خەم و مەرگم پێ لاڵ ئەکات**

**دەرگای شەوم پێ ئەشکێنێ**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ۱ : ۷۱ )

شاعیر بەخەم و ئازارێکی زۆرەوە بەخەیالیش دەیەوێت جارێکی تر دایکی ببینێتەوەو بەدیداری شاد بێت، بەم شێوەیە لەدەست دانی دایك خەمێکی هەمیشەییەو لەزۆربەی دیوانە شیعرییەکاندا چەند شیعرێکی خەماوی دەبینین کە بۆ مەرگی دایکی نووسیوویەتی و لەو پەڕی سۆزو خۆشەویستییەکی قوڵەوە هەستەکانی دەربڕیون.

**٢- خەم وەك بەشێك لەژیان** :- ئەم جۆرە خەمە بەرانبەر دیاردەیەك یان هەڵویستێك مرۆڤ تووشی دەبێت، لای شاعیریش ئەم جۆرە خەمە لەنێو شیعرەكانیدا ڕەنگی داوەتەوە، لەشیعرەكانی لەتیف هەڵمەت دا هەست بەخەمێكی زۆر دەكرێت، شاعیر مرۆڤێكی هەست ناسكە و زۆر زوو درك بەشتەكانی دەوروبەر دەكات و زۆرجار چەرخی ڕۆژگار بەئارەزووی ئەو و بەئارەزووی میللەتەكەی ناگەڕێ و شاعییر خەمی لێدەخوات .

ئەوەتا لەشیعری ( دابەشكردن ) دا دەڵێت :

**خەمی خۆمم**

**دابەش كرد لەدارستانێك**

**دارەكان گریان و گوتیان :**

**ئەم ڕەشەبایە**

**لەكوێوە هات**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ٢ : ٥٨٤ )

شاعیر هەست بەخەمبارییەكی زۆر دەكات و وا هەست دەكات بارێكی قورسی خەمی بەشانەوەیە، ئەگەر ئەم خەمەش بەسەر دارستانێكیش دابەش بكرێت، دارەكان دەگرین بەرگەی ئەم خەمە سامناكە ناگرن و بەڕەشەبایەكی كاولكار لەقەڵەمی دەدەن، هەست كردن بەم هەموو خەمە زۆرە ناخی شاعیر پڕ لەئازار دەكات.

شاعیر لەشیعری ( نازانم حیكمەت بۆ مرۆڤایەتی دەدوێ ...) دا دەڵێت :-

**كە لەدایك بووم ... خەم وەكو با ...**

**مردن ... وەكو بەردو سێبەر**

**ئاسایی بوو**

**شادیش وەكو : جگەرەو شقارتەی بەر**

**بەنزینخانە ... قەدەغەبوو**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٤٠٥ )

شاعیر هەر لەدایك بوونییەوە، هەر لەمناڵییەوە هەستی بەخەمێك كردووە، كەوەكو با لەهەموو شوێنەكان بوونی هەبووەو مردنیش وەكو سێبەر بەدوایەوە، بەڵام شادی قەدەغە بووە، وەكو جگەرەو شقارتەی نێو بەنزینخانە، شاعیر دوو هێزی دژبەیەكی هێناوەتەوە كە هەمیشە هێزی خەم زاڵ بووە بەسەر ژیانیداو هێزی خۆشی بوونی نەبووەو قەدەغەش بووە، ئەم جۆرە دەربڕینە مانای بوونی خەمێكی گەورە دەبەخشێت .

لەكۆپلەیەكی تردا دەڵێت :

**پەڕەسێلكەی هۆنراوەی تازەم**

**بەرەو گوڵزاری مەبەست نافڕێ**

**هەرگیز بروسكەی لەرەی ناوازەم**

**گەردی ژەهراوی خەمم ناسڕێ**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٥٢٨ )

بێگومان شیعر بەتاڵ بوونەوەیە لەو هەست و سۆزو خەم و ... هتد، واتا کاتێ شاعیر هەست و سۆزی بەرانبەر دیاردەیەك شتێك دەبزوێ و کاتێکیش شیعرێك دەنووسێت وەك لافاوێکی بەوروژم وردە وردە کەف وکوڵی دادەمرکێتەوەو هەڵچوونەکانی نامێنێت و ئارام دەگرێت و هەستە پەنگ خواردووەکانی دەردەبڕێت، بەڵام بەلای شاعیرەوە لەتوانای شیعردا نییە ئازارو خەمەکانی کەم کاتەوە، بەڵکو ئەم خەمە بەردەوامەو کۆتایی نایێت . ئەوەتا لەشیعری ( باخچەی زام )دا زەق و دیارتر ئەو هەستە دەردەبڕێت و دەڵێت :

**خەم بیرێکە لەناخی دام**

**خەونیش تیرە**

**دڵم دەکا**

**بەباخچەی زام .**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ ٦٥٢ )

شاعیر خۆی لەنێو بیرێکدا دەبینێتەوە کە بیرەکەش خەمە و دەرچوونی تێدا نییە، تەنانەت شاعیر لەنێو خەونەکانیشی دا هەر خەمبارەو ئاسوودە نییە،ئەوەتا خەونەکانیشی وەکو تیر دڵەکەی دەکەنە باخچەی زام، باخچەی زام واتا؛ زامێکی گەورە .

شاعیر لەم کۆپلەیەدا دەڵێت :

**من ئەمەوێ ئاگرەکەم گەشاوەبێ**

**من ئەمەوێ فرمێسکەکەم هۆنراوەبێ**

**من ئەمەوێ ڕوخسارەکەم**

**تابلۆیەك بێ ... تیا بکێشرێ**

**وێنەی خەمی شارەکەم**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ١٠٣ )

شاعیر خەمی خۆی گەورە دەکاتەوە، ئەم تەنها خەم لەشتە خودییەکانی خۆی ناخوات، بەڵکو خەم لە گەل و نیشتمان و نەتەوەکەشی دەخوات، شاعیر دەخوازێ فرمێسکە خەماوییەکانی هۆنراوەبێ، ڕوخسارەکەی زەردو هەڵبزرکاو و خەماوی بێت وێنەی خەمی شارەکەی تیا ببینرێ .

## ٥-خود شەیدایی(خۆویستن)(خود پەسندی)(نەرگسییەت ):( النرجسية )
## : ( nareissism )

نەرگسیەت بەواتای خۆویستنی خود دێت، بێگومان هەموو کەسێك تا ئاستێك نەرگسییە ؛ حەز دەکات خۆی باڵادەست بێت ؛حەز دەکات باسی خودی خۆی بکات؛ حەز دەکات لەدەوروبەری خۆی دەست ڕۆیشتو و زیرەکتربێت و باسی خۆی بکات، بەڵام ئەم بابەتە بۆ ئەدەبیات ڕەهەندێکی تر وەردەگرێت، ئەدیب لەخودی دەدوێت و خۆی دەکاتە پاڵەوانی شتەکان و دەروونی خۆی دەدوێنێت . نێرسیس narcissism، نێرسیزی، زاروەیەکی یۆنانی کۆنە لە وشەی ( Narciss )ەوە وەرگیراوە، لە سەرچاوەیەکی ئەفسانەی یۆنانی کۆن.(نارسیس ) ناوی کوڕێکی ئەفسوناوی جوانە لەناو ئاودا وێنەی دەم و چاوی خۆی دەبینێ و شەیدای خۆی دەبێت و خۆی بەئاوەکە دا دەدات و دەخنکێت (٦٣) ئازاد قەزاز دەڵێت : (( کاتێ کە دەمرێت خودا دەیگۆڕێت بۆ گوڵە نێرگز بۆیە ئەم گرفتە دەروونییە ناو نراوە خود شەیدا )) (٦٤)لەزۆربەی زمانەکانیش هەمان ناو یان نزیك لەم ناوە بەگوڵە نێرگز دەڵێن، لەوانەش لە زمانی لە فارسی(نرکس)لە زمانی پەهلەوی (نارکس)لە زمانی عەرەبیدا)نرجس)لە زمانی لاتینیدا بە(نارگسیوس)هاتووە، لە زمانی فەرەنسیشدا بە(نارگس) هاتووە... (( نێرگزی بەمانای عاشق بوونی خود جەستە دێت، زیادە ڕۆییەکی زۆری تێدایە تا دەگاتە ئەو ئاستەی کە لە تام و چێژ وەرگرتن و پەرستنی خودو بەشان و باڵا هەڵدانی خۆیدا نقوم دەبێت ))

(٦٥) تاك موعجیبی خۆی دەبێت لەئیش و کارەکانی یاخود لەجۆری بەرهەو کارە هونەرییەکانی و لەنووسینەکانیدا بەدەردەکەوێت، (( نارسیوزمی یەکەمی لەمنداڵدا نەخۆشی نییە، بەڵکو خەسڵەتێکی سروشتی ماوەی پێش جێنیتالییەو لەگەڵ گەشەی دەروونی و سێکسوالی دوورو درێژی پێگەیشتن و کامڵبوونی سۆزداریدا منداڵ دەستبەرداری دەبێت لەکاتێکدا کە پێشتر بەتەواوەتی نارسیزمییەو وزە لیبدۆکەی سێکسوالەکەی بەهەرەمەکی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی و پاراستنی بوونی تەرخانە ))(٦٦) هەروەها ((خۆشەویستی زۆر لەخود ڕازی بوونە، تادەگاتە ئەو ڕایەی کە هەموو کردارو چالاکییەکانی خۆی زۆر بەرز بنرخێنێت و بەپێچەوانەوە کارو دەسهاتەکانی خەڵکی بەلایەوە هیچ و کەم بایەخن ))(٦٧) زۆرجار ئەم نەرگسییەتە قۆناغێکی تەمەن دەگرێتەوە؛ دواتر کاڵ دەبێتەوە یاخود بەپەرش و بڵاوی لەنێو بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەدیبێکدا دەبینرێت، واتا نەرگسییەت وەك نەخۆشییەکی دەروونی جیاوازە لەچاو بابەتێکی ئەدەبی واتا کاتێ زاراوەکان وەردەگیرێن لە نێو ئەدەبیات گۆڕانکارییان بەسەر دادێت .

د. عزدین اسماعیل دەڵێت : (( شاعیر دەبێت بەشێکی زۆری نەرگسییەتی خۆی دووربخاتەوە، لەخەڵکی ئاسایی زیاتر خۆی لێ َدورە پەرێز بکات و لە خەڵکی ئاسایی خۆڕاگرتربێت بۆ دوورخستنەوەی ))(٦٨) ڕای من پێچەوانەی ( د. عزەدین ئیسماعیل )ە، چونکە کاتێ ئەدیبێك باس لەخودی خۆی دەکات مانای ڕازی بوونە لەخۆیی و لەبەهرەکەی و بەبێ دوو دڵی دێتە مەیدانەکەوە، زۆرجاریش بۆ نموونە شاعیر لە خۆی دەدوێ مەبەستی خودی کەسانی ترە، بەڵام ئەم خۆی دەکاتە پاڵەوانی بابەتەکە، جگە لەوەش بەرهەمی ئەدەبییەکان لەخودی تاکە کەسەکانەوە لەخودی ئەدیبەکانەوە هەڵدەقوڵێن، واتا شاعیر باس لەخەم و مەینەتی و مەشاعیرەکانی خۆی دەکات، کەواتە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی لایەنی نەرگسییەتی تێدایە، بەڵام بێگومان لەو دەقانەی کەزیاتر بەرەوناخی خود دێنەوە لایەنی نەرگسییەت زاڵ ترەو مایەی سەرنجدانی خوێنەرانە .

لەتیف هەڵمەت لەبارەی هەبوونی نەرگسییەت لەشیعرەکانیدا دەڵێت : (( من سەرەتا دەفتەرێکم پڕکردبووەوە لەشیعرو ئەموت من لە ( نالی ) شدا و لە ( مەحوی ) شدا باشترم، ئەوە گۆران و ئەوانەم هەر بەهیچ نەدەزانی، ئەمەو ئەم خۆ بەگەورە زانینە لەوێوە دەست پێدەکا، ئینسانە تەنها من نیم کە بابڵێن وەسفی خۆمم کردبێت، بەڵام خۆپەرستیەتی من لەنێو شیعرەکانما شاراوە نییە و هیچ کەسێك ناتوانێ بیشارێتەوە . من وا پەروەردە بووم ئەگەرچی خۆشم لا خۆشەویست بێت و شت بێت، ڕەنگە لەوەوەبێ کەمن خۆم خۆش نەوێ ؟ چۆن ئەتوانم ئینسانێکی ترم خۆش بوێ، ئەگەر من بەرژەوەندی خۆمم نەوێ چۆن ئەتوانم بەرژەوەندی ئینسانێکی ترم بوێ ؟ چۆن ئەتوانم بەرژەوەندی نەتەوەکەم بوێ ؟ بەڕەئی من چۆن ئەڵێن دۆزینەوەی زاتەکان لەزاتی خۆتەوە دەست پێدەکا،خۆشەویستیی خەڵکی تریش لەخۆتەوە دەست پێدەکا، خۆتت خۆش دەوێ، کەواتە خەڵکی ترت خۆش دەوێ، ڕقت لەخۆتە، کەتۆ ئامادە بووی خۆت بکوژی ئامادەی هەموو خەڵکێك بکوژی، بەڵام کە تۆ ئامادە بووی خۆت خۆش بوێ خۆت عەزیەت نەدەی، جگەرەیەك نەنێی بەدەستی خۆتەوە یەعنی هەست بەئازار دەکەی ئامادە نی جگەرەیەك لەدڵی هیچ کەسێك نزیك کەیتەوە، ئەگەر دوژمنیشت بێت بەزەییت پێدا دێتەوە، خۆتت خۆش دەوێ خەڵکت خۆش دەوێ، ڕقت لەخۆتە ڕقت لەخەڵکە من وابیردەکەمەوە ))(٦٩)

ئەوەتا لەتیف هەڵمەت لەم پۆستەرە شیعرەدا دەڵێت :

**خۆپەرستی**

**بەرزترین قۆناغی مرۆڤایەتییە**

**ئەگەر کەسێك خۆی خۆشنەوێ**

**چۆن کەسانی دی خۆشدەوێ**

(دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ٣ : ١٤٥ )

بێگومان دەتوانین بڵێین لەم شیعرەدا هەمان بیرۆکەی چاوپێکەوتنەکەیەتی کە شاعیر بڕوای بەوەیە کە مرۆڤ دەبێت خودی خۆی خۆش بوێ، بەها بۆخۆی دابنێ تاوەکو بتوانێ کەسانی تری خۆش بوێ و بەهایان بۆ دابنێ، ئەوەتا شاعیر خۆویستنی خودی بە ( خۆپەرستی ) ناو بردووەو بە بەرزترین قۆناغی مرۆڤایەتیش ناوی دەبات .

شاعیر لەکۆپلە شیعرێکی تردا دەڵێت :-

**پێش گشت کەسێ**

**من زمانی خۆشەویستیم دۆزیەوە**

**من**

**من**

**من**

**من**

**هەر منیشم**

**هەرعاشقم هەتا مردن ...!**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٥٥٧ )

نەرگسییەتی شاعیر لەوەدا بەدەردەکەوێ کە چەندین جار ئاماژە دەکات و جەخت دەکاتەوە کەوا ئەو زمانی خۆشەویستی دۆزیووەتەوە،ئەوەتا پێنج جار جێناوی لکاوی سەربەخۆی ( من ) و سێ جاریش ڕاناوی لکاوی ( م ) بەکارهێناوە واتا ؛لەم کۆپلە بچوکەدا هەشت جار شاعیر ناوی خۆی هێناوە، شاعیر تەنها خۆی بەخاوەنی زمانی خۆشەویستی دەزانێت و تەنیا خۆشی بەعاشقی حەقیقی نیشان دەدات هەتا مردن . د. کەریم شەریف قەرەچەتانی سەبارەت بە ( نەرگسییەت – نەرگزی ) یەوە دەڵێت: (( ڕەگ و ڕیشەی لەسەردەمی منداڵییەوە داکوتاوەو زیاترمنداڵانی ئەو خێزانانە تووشی دەبن کەبەنازداری بەخێوکراون ))(٧٠) بێگومان لەتیف هەڵمەت لەبنەماڵەیەکی ئاین پەروەر بووەو باوکی شێخ بووەو لەلایەن دەوروبەرەوە ڕێزێکی زۆریان لێگیراوەو لەماڵەوەش لەتیف هەڵمەت زۆر بەنازداری بەخێوکراوە، ئەوەتا خۆی دەڵێت : (( دەتوانم بڵێم خۆشترین تەمەنی منداڵیم بەسەر بردووە ))(٧١) شاعیرلەپۆستەرە شیعرێکی تردا دەڵێت :

**من دەتوانم**

**ڕووناکی گشت خۆرەکان**

**بدزم و بیکەم بەقژێ درێژ بۆ :**

**دەزگیرانم**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٥٧٨ )

شاعیر بەرەو خودو ناخی خۆی دەچێتەوە هەست بەهێزێك و توانایەکی سیحراوی دەکات، کەوا دەزانێت هەر ئەوە دەتوانێت بەسەر کۆسپ و تەگەرەو شتە قورسەکانیشدا زاڵ بێت، نەرگسییەت بەواتای بڕوا بوون بەخود دەگەیێنێت، ئەم هەڵوێستەش لای لەتیف هەڵمەت بەرەو ئەفراندنی بردووە، چونکە بڕوایەکی لەڕادەبەدەری بەخودی خۆی هەیە،بێگومان کەسی ڕووخاو بڕوای بەخۆیو بەهێزی تواناو هزری خۆی نییە، بەڵام کەسی نەرگسی زیاد لەحەدی خۆی بڕوای بەتواناو شەهامەت و لێهاتووی خۆی هەیە، ئەم بڕوا بەخۆبوونە، ڕەنگە لای هەندێ کەس بەرەو لەخۆبایی بوون و نەگەیشتن بەمەرام بگەیێنێت، بەڵام لای لەتیف هەڵمەت بەرەو ئەفراندن و کۆڵنەدانی بردووە.

ئەوەتا شاعیر لەم کۆپلە شیعرەدا دەڵێت :

**ئەم دارانە**

**عەشقی منن دەیبەخشمە ئەم وڵاتە**

**ئەو کێوە بەرزانەش منم**

**چی گوریسی زەوی هەیە**

**بیکەن بەیەك**

**هەر ناگاتە گەردنم ...!**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٥٨١ )

ڕووی نەرگسیەتەکە گەیشتۆتە حالەتی تەحەدا کردن و سەلماندنی خودی نێرگزی شاعیر ئەوەتا هێند بەخۆیدا هەڵدەڵێت کەوا دارو درەختەکانی کوردستان عاشقین و کێوەبەرزەکانیش خودی شاعیرەو هەموو گوریسەکانی زەویش ناگاتە گەردنی، بێگومان شیعر بەشێوەیەکی گشتی لایەنی نەرگسیەتی تێدایە، چونکە شاعیرخۆی دەدوێنێ لەبەر ئەوەش شیعر زمانی مەجازە بۆیە زێدەڕۆیی لەوێنەکانیش دا دەکات، بەڵام مانای

ئەوەش نییە کە شیعری نەرگسی جودا نەکرێتەوە لەجۆرە شیعرەکانی تردا واتا؛ بە شێوەیەکی گشتی بەشی زۆری شیعر نەرگسییە، بەڵام شیعری نەرگسی تەواو ئەو شیعرەیە کە لێوان لێو نوقمی نەرگسیەت بووەو دەناسرێتەوە .

شاعیر لەکۆپلەیەکی تردا دەڵێت :-

**من ئەو بازەم کە هەموو لووتکە**

**بەرز بەرزەکانی هەموو گێتیم**

**بەجێ پێی خۆم**

**مۆرکردووە**

**هەر لوتکەیەك شوێن پێی منی**

**پێوە نەبێ**

**لووتکە نییە ...!**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٧٠٨ )

شاعیر خودی خۆی زۆر بە بەرز دەزانێت ئەوەتا خۆی بە ( باز ) چواندووە کە ئەوەتا لوتکە بەرزبەرزەکان گێتیی مۆر کردووە، مۆرکردن واتا خاوەندارییەتی و بەموڵك کردنی شتێك دەگەیێنێت، ئەوەتا شاعیر هەموو لوتکەکانی تر کە شوێن پێی ئەوی لێنەبێت ڕەفزی دەکاتەوەو تەنانەت بەلوتکەشی دانانێت، د. کەریم شەریف قەرەچەتانی دەڵێت (( هەمووکەسێك خۆی خۆش دەوێت و حەز دەکات لەناو کۆمەڵەکەیدا ڕێزو پلەوپایەی هەبێت، بەڵام دەبێت لەسنووری ئاسایی خۆی بێت و لەسەرحیسابی کە سانی تر نەبێت، ئەم جۆرە خۆش ویستنە پێویستە و هیچ مەترسیی تێدا نییە، بەڵام ئەگەر ڕێچکەیەکی بەردەوامی وەرگرت و زیادە ڕۆیی تێدا بوو هەروەها لەسەر حیسابی کەسانی تر بوو ئەوا ئەو کاتە لەسنووری خۆی دەردەچێت و دەبێت بە نەخۆشی ))(٧٢) هەڵبەتە لەتیف هەڵمەت، ڕەفزی تواناکانی هەموو کەسێك دەکاتەوە تەنها خۆی بەپاڵەوانی شتەکان دەزانێت .

لەتیف هەڵمەت لەزۆر شیعری تردا زۆر بەزەقی لایەنی نەرگسییەتی خۆی دەربڕیووە لێرەدا بەپێویستی دەزانین تەنها ئاماژە بەلاپەڕەکانی بکەین لەدیوانی یەکەمی لەتیف هەڵمەت لە لاپەڕەکانی ( ١٩٣،٢٧، ١٩٦، ٢٥٢، ٢٧٠، ٧٠٩، ٧٤١، ٧٩٦، ٩٢٩، ٩٣٨، ٩٥٧، ٩٨٣ ) لەبەرگی سێیەمی دیوانەکەشی لەلاپەڕەکانی ( ٢٦٦، ٣٠٤ ) دا نموونەی شیعری نەرگسین .

### ٦-سادیزم ( sadism ) :

سادیزم بەواتای نواندنی توندو تیژی دێت لەکاتی کردەی سێکسیدا، ئەم دیاردەیە هەرلەکۆنەوە لەنێو مرۆڤەکاندا هەبووە، چونکە دیاردە دەرونییەکان پێوەندییان بەخودی مرۆڤەکانەوە هەیە، ئەم دیاردانەدا وەك بابەتی تەکنۆلۆجیا نییە بلێین لەپڕ ئالەتێك دۆزراوەتەوە، واتا ئەگەر ئێمە باسی کۆمپیوتەر بکەین مێژووەکەی دیارە، بەڵام مێژووی دیاردە دەروونییەکان دیارنییە و هەرلەکۆنەوە هەبوون، بەڵام دواتر بەوردی لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کراوەو ناویان لێنراوەو بەپێی خاسیەت و سیفاتی نەخۆشییە دەروونییەکان لێکدیش جودا کراونەتەوە، کەواتە (( زاراوەی ( سادی ) ناوی ( مارکیزدی ساد )ی ڕۆمان نووسی فەڕەنسییەوە وەرگیراوە، کە لەنێوان سالآنی ( ١٧٤٠ – ١٨١٤ ) ژیاوە، ناوەڕۆکی چیرۆك و ڕۆمانەکانی و ژیانی تایبەتیی خۆشی پڕبووە لە توندوتیژی و ئازاردان، لەوانە پڕۆسیس و چالاکییە سێکسییەکانی نێوان پاڵەوانەکانی، خۆشی بەوە ناوبانگی دەرکردبوو کەلەتەك هاوسەرەکەی خۆی و ئافرەتی تریش دا زۆر دڕندەو توندوتیژو بەئازار بووە ))(٧٣) لەبەر ئەوەی خۆی کەسێکی وا بووەو لەڕۆمانەکانیشی دا ئەم کەسایەتییەی ڕەنگی داوەتەوە کەلایەنی توندوتیژی خستۆتە نێو ڕۆمانەکانی توند و تیژی بەرانبەر بەئافرەت لەکاتی کردەی سێکسیدا، بۆیە ئەم دیاردە دەروونیەش بەناوی ئەوەوە ناونراوە . کەواتە (( ناوەڕۆکی زاراوەی سادی بریتییە لە خۆشی و چێژ وەرگرتن لە ئازاردانی کەسانی تر لەکاتی پڕۆسیسیدا بەتایبەتی و گشت بوارەکانی ژیان بەگشتی ))(٧٤) ؛ واتا لەبنەڕەتدا بۆ توندو تیژی سێکسی بەکارهاتووە، بەڵام دواتر زاراوەکە فراوان تر بۆتەوەو توندو تیژی و ئازاردانی لایەنی تریشی گرتۆتەوە کە بەرانبەر بە مرۆڤەکان دەکرێ (( ئیتر ئەم ئازارە ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ جەستەیی بێت یان دەروونی وە یا هەردووکیان پێکەوە ئیتر بەرانبەرەکەی ڕازی یان بەزۆر بێت ))(٧٥)گوتەی بەرانبەرەکەی ڕازی بێت یان بە زۆر واتای ئەوەیە لەکاتی ڕازی بوون مانای وایە کەسی بەرانبەر ماسۆشیزمەو حەز بەم ئازارە دەکات .مارکیزدی ساد (( خراپترین تاوان کەپێی تاوان بار کرا، ئەوەبوو کە چەند چەقۆیەك لەئافرەتێك دەدات و پاشان مۆمی تواندبووەو کردبووی بەشوێنی چەقۆکاندا، کارێکی زۆر ناشیرینە، ... نهێنی ( مارکیزدی ساد ) ئەوەبوو حەزی دەکرد کە خەڵك تووشی حاڵەتێکی ناخۆش بکات، خاوەنی ژیرییەکی باش نەبوو، دەوڵەمەند بوو، بەڵام بەرانبەر بەئارەزووەکانی بێدەسەڵات بووە هیچ شتێکی لا باشتر نەبوو لەوەی کەلەسەرەتای تەمەنیدا لەماڵە لەشفرۆشەکاندا کات بەسەر بەرێت، هەر لەسەرەتای تەمەنیدا کێشەی ڕۆمانی ( مۆمی گەرم )، هەندێ کێشەو سەر ئێشەی یاسایی بۆ دروست کرد . جگە لەوەش لەو سەردەمەدا ئافرەتێکی چێشت لێنەری فڕاند، زۆر بەکەمی لەکێشە یاساییەکان ڕزگاری دەبوو، پاشان زۆر بەخێرایی هەڵوێستێکی یاخی بوونی وەردەگرت و دژا یەتییەکی گەورەو ئاشکرای کۆمەڵگای دەکرد ))(٧٦) ( دی ساد ) بەکردەوە چێژی لەتوندوتیژی بەرانبەر وەردەگرت لەژیانیشی دا تووشی زۆر گرفت و کێشە بووەوە، ئەم بارە دەروونییەش وەك ئاوێنەیەك لەنێو ڕۆمانەکانیدا بەدەرکەوت و چێژی لەم جۆرە نووسینانە وەردەگرت . (( توندو تیژی و سادیزم ( لەلایەن پیاو ) بەمەبەستی پیشاندانی ماسولکەی ... دۆن جوان ( Don Guan ) پیاوێکی نموونەییە بۆ ئەم هەڵوێستە کەنەیدەتوانی تەنیا لە لایەنی سێکسییەوە سێکسی ببەخشێ بەئافرەتەکەی، هەروەها ( هەندێك پیاو ) ئەندامی نێرینە بەکار دەهێنن بۆ تۆڵە سەندنەوە لەئافرەت ))(٧٧) بێگومان ( سادیزم ) تەنها پیاو ناگرێتەوە،

بەڵکو ژنیش هەیە سادیزمە لەکاتی جووتبووندا حەز دەکات بەرانبەرەکەی خۆی ئازاربدات، چونکە بەئازاردانی بەرانبەرەکەی خۆی بەلێدان و نواندنی هەڵوێستی توندوتیژی چێژ وەردەگرێت واتە ؛ (( سادیزم Sadism بریتییە لەچێژ وەرگرتن و گەیشتن بە ئۆرگازم لەئاکامی کردارێکی سێکسیدا بەشێوەیەکی توندو تیژو ئازاردانی هاوبەشەکەی، واتا کەسی دووەم، کرداری سێکسی لەگەڵ ئەنجام دەدات، لەئاکامی ئەو شێوە ئازاردانەی هاوڕێکەی یان هاوبەشەکەی کەدەنگ و هاواری لێ بەرز دەبێتەوە چێژو خۆشی لێ وەردەگرێت ))(٧٨) ئەم بابەتانەش لەنێو نووسینەکان دا ڕەنگ دەدەنەوە، بەتایبەتی لەنێو نووسینی ئەدەبی، لەنێو چیرۆك و ڕۆمان و شیعرو ... هتد، (( ئەگەرچی ئەم چالاکییە ماسولکەیی و جەستەییانە لەبوارەکانی جەنگ و وەرزش و چالاکییەکانی تردا دەردەکەوێت، جگە لەبابەتە جەستەییەکان، تەنانەت ڕەنگدانەوەی لەبابەتی فیکری و دەروونی و خەیاڵیش دا دەردەکەوێت وەك ؛لە وێنەی فیلم و ڕۆمان و چیرۆك و بابەتە هونەرییەکانیشدا ڕەنگدانەوەی زەبروزەنگ و توندوتیژیی پێوە دیارە ))(٧٩) هەڵبەتە لایەنی سادیزم لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا بەئاشکرا دیارە .

شاعیر لەم پارچە شیعرەدا دەڵێت :

**شەوێك وەك پیاوە مرۆخۆرەکانی پێش مێژوو**

**بەزیندوویێتی کەوڵت دەکەم**

**چەرمەکەت دەکەم بە پاڵتۆیەك بۆ خۆم**

**گۆشتەکەت بەچەنگاڵ دەخۆم**

**بەخوێنەکەت هۆنراوەیەکی سامناك**

**دەنووسم**

**لە لوولاقەکانت چەند شمشاڵێك**

**دروستدەکەم**

**بۆ ئەوەی هەرچەندە فووم پیاداکردن**

**گوێم لەبۆنی دەنگی گریانت بێت**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ٣ : ٢٣٣ )

شاعیر زۆر سادیزمیانە دەیەوێت زۆرترین ئازار بەم کچە بگەێنێت، تا دەگاتە ئەوەی کەوڵی بکات و پاڵتۆی لێدروست بکات؛ گۆشتەکەی بخوات؛ لە خوێنەکەی هۆنراوە بهۆنێتەوە، لە قاچەکانی شمشاڵ دروست بکات، دروست کردنی شمشاڵ لەلوولاقی ئافرەتەکە بۆ ئەوەیە شاعیر گوێی لەدەنگی گریانی کچەکەبێت و چێژی لێوەربگرێت، واتا شاعیر لەلوتکەی ( سادیز )مەوە هەڵوێستەکانی دەردەبڕێت، بەوە دڵی ئاو ناخواتەوە کە ئەم ئافرەتە زۆر ئازار بدات و پارچە پارچەی بکات، بەڵکو دەیەوێت بارێکی سادیزمی هەمیشەیی بۆ خۆی دروست بکات ئەویش دڵ خۆش بوونی شاعیرە بەئاوازی گریانی ئەم کچە .

ئەوەتا شاعیر لە پارچە شیعرێکی تردا دەڵێت :

**تەرزەی سادییەتێکی زۆر**

**بەسەر کیشوەری دڵمدا بارییوە**

**گوڵ و کەلەمی لیبیدییەت**

**کەنارەکانی داگیر کردووم**

**کوا ئافرەتە ماسۆشییەکە**

**لەقوڵایی چ ئاوێنەیەکدا**

**چاوشارکێنم لەگەڵ دەکات ؟**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ٢ : ٣٥٨ )

دەبینین شاعیر زۆر بەڕوونی و ئاشکرا دیاردەو زاراوەکانی ( سادیزم ) و ( ماسۆشییەت ) و ( لیبیدییەت ) دەخاتە ڕوو، شاعیر لەشێوەی تەرزە بارینێکی زۆر بوونی سادییەت لەخۆی دادەبینێتەوە، کە لایەنی سێکسی وروژاندووەو کەنارەکانی داگیرکردووە،بێگومان لێرەدا داگیرکردن بەمانای تەسلیم بوون بەئیرادەی داگیرکەر، شاعیر پێویستی بەئافرەتێکی ( ماسۆشییە ) بۆ ئەوەی کەشاعیر لەگەڵی توندوتیژ بوو، کەشاعیر ئازاری بدات ئەمیش چێژ وەربگرێت و بەکامی دڵی یەك بگەن .

شاعیر لەشیعری ( کچ / تاشەبەرد ) دا دەڵێت :-

**کچێك هاوڕێم بوو**

**( لەڕاستی دا نازانم کچ بوو یا تاشەبەرد ) لەوانەیە**

**درەختێك بووبێ**

**کە یەکدیمان دەبینی**

**بەچەکوشێك**

**ماچم دەکرد**

**بەهەڕەیەك**

**بەرۆکیم دەترازان**

**بەتەورێك**

**سکیم پڕ دەکرد ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ٢ : ٨٣ )

شاعیر مامەڵەیەکی سادیزمانەی توندو تیژی لەگەڵ ئەم کچەدا بەکارهێناوە لەگوتەی چەکوچیش، مانای دەنگی ماچەکانیشە کە مرچ و شرپەی ماچەکان دەگەیێنێت،(بەچەکوشێك ماچم دەکرد ) دا ئەوپەڕی ڕەقی و بێ بەزەیی نیشان دەدات کەماچ زۆرنەرمە، کەواتە دەبێ چ جۆرە ماچێك بێت کەوەك چەکوش بەنێو دەمی بکەوێت، شاعیر چێژ لەنواندنی توندوتیژی وەردەگرێت بەرانبەر ئەم ئافرەتە، ئەوەتا بەهەڕەیەك بەرۆکی دەترازێنێت، ئەوەتا شاعیر تەوری لەبری ئەندامی نێرینەی خۆی بەکارهێناوە بۆ سك پڕکردنی، لێرەشدا تەور خواستراوە بۆ ئەندامی نێرینە، تەور نیشانەی بڕین و ئازاردان و ئەو پەڕی توندو تیژی دەنوێنێت .

شاعیر لەشیعرێکی تردا دەڵێت :

**ئەستێرە بەدبەختە**

**ددانی نییە**

**پشکۆی ناوکی کچان بکرۆژێ و**

**گلۆڵەی لەزەتی مەمکی کچان**

**ونجڕ ونجڕ بكات**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ۲ : ۳۲٥ )

شاعیری سادییەتی خۆی دەگوێزێتەوە بۆ سروشت و گڕی ناخی خۆی دەردەبڕێت و ئەستێرە بە بەدبەخت دادەنێت كە ددانی نییە ناوكی كچان بكرۆژێ، بێگومان مژین حاڵەتی نەرمی و لەزەتە، بەڵام كرۆشتن حاڵەتی تێكشكاندن و ئەو پەڕی توندییە، لە گوتەی ونجڕ ونجڕ كردنی مەمكی كچانیش ئەوپەڕی سادیزمی تێدایە .

شاعیر لەپارچە شیعرێكی تردا دەڵێت :-

**لە سەر هەموو مەمكێكدا**

**جێ ددانێك هەیە**

**ڕەنگە جێ ددانی من بێ**

**چونكە من ڕقم لەهەموو شتێكی خڕە ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ۲ : ٤۳۷ )

لەم پارچە شیعرەدا نەرگسییەتی شاعیر پیشان دەدات كە ددانی ئەو بەسەر گۆی مەمكی هەموو ئافرەتێك كەوتبێت، شاعیر ڕقی لەهەموو شتێكی خڕە لەوانەش مەمك، ئەوەتا ئازاری داوەو گەزتوویەتی و جێی ددانەكەی بەسەرەوە ماوە .

## ٧-ماسۆشیزم Masicnism :

ماسۆشیزم پێچەوانەی سادیزمە بەمانای ئەوە دێت ئەو کەسە خۆی حەزی لەوەیە ئازار بکێشێت لەم ئازار کێشانە چێژ وەردەگرێت . (( ماسۆشییەکان چێژی سێکسی بەدەست ناهێنن تا ئازار نەدرێن لەلایەن بەرانبەرەکە یانەوە، ناوی ئەم لادانە لەناوی ڕۆمان نووسی نەمساوی ( لیونالردی ساشرماسوش ) ( ١٨٣٦ ــ ١٨٩٥ ) وەرگیراوە، کەناسراوە بەخۆبەدەست دان و ڕازی بوون بەئازاردانی لەلایەن کەسانی ترەوە وەك لەڕۆمانەکانیدا دەردەکەوێت، پاڵەوانی ڕۆمانەکانیدا هەست بەچێژی خۆشییەکی سێکسی گەورە دەکەن، ئەگەر ئەو ئافرەتەی خۆشی دەوێ ئازاری بدات، زۆر جار هەندێ لەگۆڤارە سێکسییەکانی ڕۆژئاوا نموونەی پیاوێکی کڕنوش بردوو نیشان دەدا کە ژنێك بەدیار سەریەوە بەقامچییەکەوە ڕاوەستاوە و پیاوەکەشی ڕاکشاوە لەبەردەمیدا ... ))(٨٠) بێگومان دیاردەی ماسۆشیزم لەگەڵ بوونی مرۆڤەوە هەبووە، بەڵام ئەم ناوەی نەبووە، بەڵکو لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم بەهۆی بوونی ئەم دیاردەیە لە ڕۆمانەکانی ( ماسۆش ) دا، ئەم ناوەی بەسەردا بڕا د. نەوال سەعداوی دەڵێت : (( ئەم تێڕوانینەی دوای پەیوەندی ( سادی ) پیاو و ( ماسۆشی ) ئافرەت دەردەخات، کە ڕەنگدانەوەیەکە بۆ هەموو پەیوەندییەکانی پیاو لەگەڵ ئافرەتدا . پیاو بەسادی دادەنرێ، چونکە خۆ تێهەڵقورتێنەرەو داگیرکەر، ئەگەر بێت و ئافرەت خوار بجوڵێتەوە ئێسکی ئەشکێنێ . ئافرەتیش بەماسۆشی دادەنرێ چونکە داگیرکراوە . پیاو هەموو کات بکەرەو ئافرەتیش کارتێکراوە ئافرەت دادەنرێ بەلایەنی خراپەو پیاو بەلایەنی چاکە . کۆمەڵ ئەم لایەنە خراپە و ماسۆشییەتی بەسەر ئافرەتدا سەلماندووە، دوایش دەڵێ سروشت ئەو سیفاتانەی داوەتێ ))(٨١) دەبینین د.نەوال سەعداوی لەتێڕوانینی چەوسا نەوەی ئافرەت و ماف خوراوی . ئافرەت و توندوتیژی نواندن بەرانبەر بەئافرەت، بەوەی کەپیاو ماسولکەی بەهێزترەو لە ژن دەدات و دەیچەوسێنێتەوە، ئەمە ڕاستە ئێستا لەنێو هەموو کۆمەڵگاکان دا بەتایبەتی لەنێو کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا توندو تیژی دژی ئافرەت زۆرەو بە بەردەوامی ئافرەت دەچەوسێندرێتەوە دەکوژرێت و ئەتکی پێدەکرێت، بەڵام لەسەر خودی بابەتەکە من لەگەڵ ڕاکەی (د. نەوال سەعداوی) نیم، چونکە دیاردەی سادیزم و ماسۆژیزم لایەنێکی دەروونییەو بوونی هەیە، بەڵگەی ئەوەش ژنی ماسۆژی خۆی داوا لەپیاو دەکات لێی بدات و ئازاری بدات تاوەکو چێژ لە سێکس وەردەگرێت و بگاتە ئۆرگازم، واتا ئەگەر لەگەڵ ژنێکی ( ماسۆژی ) پیاو بەشێوەیەکی نەرم مامەڵەی سێکسی بکات، ئەم ژنە لەڕووی دەروونییەوە چێژ لەکردەی سێکسی وەرناگرێت، واتا دیاردە دەروونییەکە بوونی هەیە، بەپێچەوانەشەوە پیاوی ماسۆشیزم هەیە حەزدەکات لەکاتی کردەی سێکسی ئافرەتەکە لێیبدات و ئازاری بدات .

کاتێ (( من ( Ego ) ئەو کەسە لەڕێگەی میکانیزمە بەرگرییە دەروونییەکانەوە، هەڵدەگەڕێتەوەو ئاڕاستەی خۆی دەکات و ڕق و کینەو گازاندەی زۆر لەخۆی دەبێت و لەئازاردان و سوکایەتی پێکردنی خۆی تام و چێژ وەردەگرێت، ئەمەش خۆی لەخۆی دا بەسەرچاوەی ماسۆشیەت( الماسوشیە ) ))(٨٢) ناو دەبرێت، کەواتە ماسۆشییەت هەر لەبارە تەسکەکەی سێکسی نەماوەتەوە، بەڵکو زاراوەکە فراوان بۆتەوەو بۆ لایەنی دەروونی و وەك ئەوەی کەسێك گازەندە لەخۆی بکات و چێژ لەم گازاندەو لەم خەیاڵ و ناڕەحەتییە

وەربگرێت، کەواتا ماسۆشیەت هەر ئەو بوارە تەسکەی د. نەوال سەعداوی نییە کە دەمارگیرانە لێی دواوە .
هەڵبەتە ئەم لایەنەش لەشیعری لەتیف هەڵمەتدا هەیە .
شاعیر لەم کۆپلە شیعرەدا دەڵێت :

**ئەوانەی وا ئەیانەوێ نەورۆز بمرێ**

**ڕێگا بگرن لەو کۆترەی کە ئەفڕێ**

**بەستە بڵێ بۆ بەهاری نەمری ساڵ**

**بەزیندویەتی دامان کوتن بەبزمار**

**زامی لەشمان پرکەن لەڕەگی درك و داڵ**

**خەم چەسپ کەن لەدڵمانا وەکو دیوار ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٢٣ )

بێ گومان زاراوەکان فراوان بووین ئەوەتا ماسۆشیەتی شاعیر بۆ نیشتمانە کاتێ ڕێگا لەچەژنی نەورۆز دەگیرێ شاعیر حەز دەکا ئازاری بدەن بۆ ئەوەی چێژ لەخۆشەویستی نیشتمان ببینێ ئەوەتا ئازاری قورس قورس بۆ خۆی دادەنێ وەك ( داکوتانی بە بزمار ) ( زامەکانی پرکەن لە درك و داڵ )، خەمیش ببێتە میوانی هەمیشەیی دڵی بۆ ئەوەی نەورۆز لەبیرنەکات .

شاعیر لە شیعری ( یەکەم دڵدار ) دا دەڵێت :

**من ئازارم بۆ جێماوە وەکو میرات**

**پاسەپۆرتەو پێی دەگەڕێم**

**هەزار بەندەر هەزار وڵات ..**

**کەس ناتوانێ ئازارم لێقەدەغە کات ...**

**ئەشێ ڕۆژێ لەڕۆژان**

**بەهەزاران وشەی جوان**

**پەیکەرێك دروست کەم بۆ ئازار**

**ناوی بنێم یەکەم دڵدار**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ١٨٣ )

شاعیر ئازاری وەکو میرات حیساب کردووە کە بۆی بەجێ ماوە، حەزیش ناکات لەم ئازارە دەرباز بێت، چونکە پەساپۆرتی ئەمەو پێی دەگەڕێت، حەزیش ناکات کەس ئازاری لێقەداغە بکات، چونکە ئازار بۆ ئەو کەوەك لایەنێکی ( ماسۆشی ) چێژ بەخشە و نازنامەیەتی و پێی دەگەڕێت، شاعیر دەیەوێت ئازار بەنەمری بهێڵێتەوەو نەهێڵێت لەناو بچێت ئەوتا بەهەزارەها وشەی جوان پەیکەری بۆ دروست دەکات، بێگومان لەهەموو دونیا وایە پەیکەر بۆ شتی شایستە دروست دەکرێت ئازاریش بەلای شاعیرەوە شتێکی شایستەیەو نایەڵێت کەس لێی وەربگرێت و بەڵکو پەیکەریشی بۆ دروست دەکات .

شاعیر لە پۆستەرە شیعرێك دا دەڵێت :

**منیش ڕاوچیم**

**تۆڕی شیعر هەڵدەدەم ( یاتۆڕی سێکس )**

**ئێ کێ دەڵێ**

**مەمکی کچێکی دڕندە**

**یالێوی ژنێکی ئەلەکترۆنی**

**ڕاو ناکەم ..!**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ٢ : ٣١٩ )

شاعیر تەمەنا دەکات لە دانانەوەی ئەم تۆڕی سێکسییە مەمکی کچێکی دڕندە ڕاوبکات، بێگومان لەگوتەی ( کچێکی دڕندە ) ئەوە بەدەردەکەوێت کە دڕندە ئازار بەخشە شاعیر تەمەنا دەکات لەگەڵ ئەم کچە دڕندەیە بێت، چونکە شتی دڕندە ئازار بەخشە، شاعیر چێژ لەم کچە دڕندەیە وەردەگرێ، کاتێکیش کە شاعیر ئازار بدات، چێژ وەردەگرێت لە توندو تیژی و ئازار پێگەیاندن، ئەمەش بەرەو لایەنی ماشۆسیزمی دێتەوە.

## ٨-سادۆ ماسۆشیزم :

وەك لەزاراوەکەیەوە دیارە کە ئەم دوو دیاردەیە لەیەك کەس دا دەبینرێن، واتا ماوەیەك ئەو کەسە حەز دەکات لەکاتی کردەی سێکسیدا ئازار بدرێت و دوای ماوەیەك و سەردەمێکی تر یان کاتێك حەز دەکات ئەو ئازاری بەرانبەرەکەی بدات لەکاتی کردەی سێکسیدا ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر سادی و ماسۆشی کردووە (( ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە کە ( مارکیزدی ساد ) ی سادیزم هەندێ جار چێژ لەلێدانی خۆی وەردەگرێت، ئەگەر ئافرەتێك لێی بدات ))(٨٣) کەواتە دەبینین دیاردە دەروونییەکان زۆر بەتەواوەتی جێگیر نین،کەسێك نەخۆشییەکی دەروونی هەیە ڕەنگە تاسەر لەگەڵی نەمێنێتەوەو دوای ماوەیەك چاك بێتەوە کەسێکیش هیچ گرفتێکی دەروونی نییە، تووش دەبێت، ئەوە دەبینین ( مارکیزدی ساد ) زۆر حەزی لەتوندو تیژی سێکسی بووە و بەناوی ئەویش ناو لەو دیاردەیە نراوە، کەچی لایەنی ( ماسۆشیزمیش )ی هەبووە . فرۆید دەڵێت: (( ئەوە بەڵگەیە بۆ بوونی ڕەمەکی ( غریزە ) ی مردن لەوانەشە ئەم سادییە هەڵگەڕێتەوە بۆ ماسۆشی و هەردوکیانیش لەیەك کەسدا هەبن ))(٨٤) کەواتە زۆر ئاساییە کەسێکی سادی بگۆڕێت بۆ ماسۆژی، یاخود هەر دووکیان لەنێو دەروونی کەسەکە دا هەبێت، من پێم وایە ڕەنگە لەکەسێکدا یەکێك لەم دوو شتەی تێدا هەبێت و دوای ماوەیەك نەمێنێت .

هەندێ جار لە کردارێکی سێکسیش دا هەر دوو لایەنەکە هەیە وەك؛ ئەوەی ئەو کەسە حەز بکات ئازار بدرێت و ئەویش کەسی بەرانبەر ئازار بدات و هەردوو چێژەکە تێکەڵ بکات .

بێگومان سادیزم بەڕێژەیەکی زۆر لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا ڕەنگی داوەتەوە، ماسۆشییەت کەمترە، ( ساد و ماسۆشیوم ) یش زۆر کەمتر ڕەنگی داوەتەوە .

لەتیف هەڵمەت لەشیعری ( دڕندە ) دا دەڵێت :

**من دڕندەیەکی ئۆتۆماتیکیم ...**

**ڕەنگە ڕۆژێ لە ڕۆژان بتخۆم ...**

**سەرەتا لێوەکانت**

**( نازانم لێون یا دوو لەتە گوێزانی خوێناوی ...! )**

**ڕەنگە دوای ئەوسا**

**ئەو دووقازە سپیە ونجڕ ونجڕ کەم**

**کەلەسەر سنگتدا یاری دەکەن ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ٣ : ١٢٤ )

ئەوتا شاعیر سادیزمانە دەست پێدەکات کەخۆی دەکاتە کەسێکی دڕندە بۆ ئازاردان و خواردنی ئەم کیژۆڵەیە، بەڵام دواتر دەبێتە کەسێکی ( ماسۆشی ) حەز دەکات لەنێو ئازار و خوێنی خۆیدا بتلێتەوە لەگوتەی ( سەرەتا لێوەکانت نازانم لێون یا دوولەتە گوێزانی خوێناوی ) شاعیر لێوی ئەم کچەی بەدوولەتە گوێزانی خوێناوی دادەنێت، کەچی حەزیش دەکات ئەم لەتە موسانە بخوات، بێگومان لەخواردنی ئەم لەتە گوێزانانە ئازاری دەروونی و جەستەیی پێدەگات، بەڵام کاتێ دوو لەتە مووسەکەی خوارد ئەوسا حەز دەکات دوو قازە سپیەکەی سنگی کە خوازەیە بۆ مەمکی کچە ( ونجڕ ونجڕ ) یان بکات، لەدەربڕینی گوتەی ونجڕ ونجڕدا، مانای ئەوەیە دەیەوێت ئازارێکی زۆر بەم کچە بگەیێنێت بۆ ئەوەی چێژ لەئازاری خۆی و چێژ لە ئازاردانی کچەکەش وەربگرێت و وەك کەسێکی ( سادۆ ماسۆشیزم ) ڕەفتار بکات .

بێگومان لەهەر سێ حاڵەتەکە لەشیعری شاعیردا بینراون، بەڵام مانای ئەوە نییە، هەموو کەسێك دەبێت یەکێك لەم حاڵەتانەی هەبێت، چونکە زۆر کەس هەیە چ ژن چ پیاو نە ( سادیزم ) ە نە ( ماسۆشیزمە ) نە ( سادۆماسۆشیزمە )، واتە شەرت نییە یەکێك لەمانە بێت ئەشێ هیچیان نەبێت .

**٩-پێش ئاگایی :**

پێش ئاگایی یاخود پێش هەستیشی پێدەگوترێت، واتا کۆگای هەموو ئەو شتە بینراو و بیستراو ...هتد کە لەناوچەی پێش هەستدا تۆمارکراون و مرۆڤ دەتوانێ بیری لێبکاتەوەو بیهێنێتەوە جیهانی ئاگایی،یاخود جیهانی ( هەست )، هەندێ جار بەبیرکردنەوەیەکی کەم دێنەوەیاد و هەندێ جاریش بیرکردنەوەی زۆری دەوێت، حاڵەتیش هەیە کەسەکە بۆماوەیەك لەبیری دەچێتەوە، ناوچەی پێش ئاگایی خەزێنەیەکی گەورەیە بۆ شاعیر، چونکە شاعیر ئەم شتانە بەبیرخۆی دەهێنێتەوەو دەیانخزێنێتە نێو شیعرەکانی

شاعیر لەشیعرێك دا دەڵێت :

**دایکم لەڕادە بەدەر خۆشی دەویستم و نازی دەدامێ و**

**منیش بەجۆرێك دایکم خۆشدەویست کاتێ کە نەخۆش**

**دەکەوت**

**نانی دەستی ژنە دراوسێکەمانم نەدەخوارد**

**هەرخواردنێك بۆنی دەستی دایکمی لێ نەهاتایە من بێزم**

**لێ دەکردەوە**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٤١٩ )

ئەم جۆرە دەربڕینانە یادەوەری شاعیرن لەگەڵ دایکی، شاعیر یادی منداڵی دەکاتەوەو شتەکان لەکۆگای پێش ئاگایی دووبارەدەگێڕیتەوە بۆ دونیای ئاگایی، ئەمە بیرەوەری و ژیانی شاعیرن کەلێرەدا بەهۆی بەبیرهاتنەوە بە زانیارییەکانی ( پێش ئاگایی ) ئەم شیعرە دروست بووە .

شاعیر لەکۆپلە شیعرێکی تردا دەڵێت :

**بە منداڵی پەینی ئاژەڵ و خوێ و تووتنم**

**تێکەڵ دەکردو**

**جگەرەم لێ هەڵدەبەست و**

**دەمدا بەپیرەژنە دراوسێکەمان**

**کەلەو کەین و بەینە تێگەیشت ...**

**ئیتر پیرەژنی تایین**

**لەهەموو جگەرەیەك سڵی دەکردو**

**لێی بەگومان بوو ..**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٤٤٦ – ٤٤٧ )

شاعیر بیرەوەری منداڵی خۆی دێنێتەوە بیرو لەشێوەی کورتە چیرۆکێکدا دایدەڕێژێتەوە، واتا ڕووداوو بەسەرهاتەکان کە بەشێکی زۆریان لەکۆگای ( پێش ئاگایی )دا دەمێننەوەو لەکاتی شیعر نووسین دا دووبارە دێنەوەو لەقالبی شیعریدا خۆیان ڕەنگڕێژ دەکەن .

ئەوەتا شاعیر سەبارەت بە یادەوەرییەکانی دەڵێت :

**دەبێ لەتاشە بەردی یادەوەرییەکان**

**ڕزگار بین**

**ئێمە دەتوانین بەم تاشە بەردانە**

**دەستاڕێك یا پەیکەرێك**

**بۆخۆمان دروست بکەین ...!**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ٣ : ٤٦ )

شاعیر بەشتێکی زۆر زەرووڕی دەزانێت کەیادەوەرییەکانی خۆی تۆمار بکات، بەلای شاعیرەوە ئەم یادەوەرییانە تاشە بەردن شتیان پێدروستدەکرێت، بێگومان شاعیر شیعری پێدروست کردوون ئەم شیعرانەش بە پەیکەری شاعیر و ژیان و کەسایەتی و بەسەرهاتی خۆی تۆماردەکات و قۆناغەکانی ژیانی دەخاتە ڕوو . بێگومان نموونەی شیعری زۆرن لەنێو دیوانی شاعیردا، کە بیرۆکەکانی لە کۆگای ( پێس هەست ) هاتوون، یادگارییەکانییەتی، یاخود بەسەرهاتوون، یاخود زۆر شت کە نەچۆتە دونیای نەست، بەڵکو لەدونیای ( پێش هەست )دا تۆمار کراون .

**١٠-خەون :**

هەموو کەسێك خەون دەبینێت، خەون ڕەنگدانەوەی شتی ڕۆژانەیە، بەشێکی زۆری خەونیش ڕەنگدانەوەی باری دەروونی و ڕەنگدانەوەی شتە قەدەغەکراوەکانە، شاعیران هەر لەکۆنەوە لەخەونی خۆیان دواون، یاخود چیرۆکیان لەقالبی خەوندا دروست کردووە، شتە چەپێنراوەکانی خۆیان و حەزە متبووەکانییان تیا دەربڕیوە، ( فرۆید ) گرنگییەکی زۆری بەخەون داوە ؛ بەتایبەتی کتێبە بەناوبانگەکەی لێکدانەوەی خەونەکان، ( فرۆید ) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەخەون لەنەستەوە سەرچاوە دەگرێ، بەڕای فرۆید خەون لەلای گەورەکان ڕەنگدانەوەی وزە لیبیدییە چەپێندراوەکانە، بێگومان شاعیر لەڕێی بەکارهێنانی خەونەوە دەروازەیەك بۆ خۆی دەکاتەوە بۆ دەربڕین و خستنە ڕووی حەزە خەفەکراوەکانی، ئەوەتا دەبینین ( نالی ) لەڕێی خەونەوە وەسفی ( مەستوورە ) دەکات، خەون دەکاتە میانەیەك بۆ دەربڕینی حەزە سێکسییە چەپێندراوەکانی خۆی، لەتیف هەڵمەت گرنگی بە ماناو ماهییەتی خەون دواوە، چ وەك ئەوەی لەڕێی وشەی خەونەوە حەزە ناوەکییەکانی خۆی خستۆتە ڕوو، چ وەك ئەوەی چیرۆکێك بابەتێکی خەون ئامێزی خوڵقاندووەو لەم دەروازەیەوە دەچێتە نێو جیهانی مەبەستەکانی، ئەوەتا دەڵێت :

**لەخەونمدا**

**تۆ سنووقێکی داخراو بووی**

**من بەکلیلێك دەمکردیتەوە بەشیکردنەوەیەکی فرۆیدیانە**

**ئەمە کارێکی ئیرۆسییە**

**لەوانەیە وابێ**

**ئەمە سەدەی فۆتۆکۆپی کردنی مرۆڤ و**

**دەستەڵاتی ئامێرە**

**هیچ سەیرنییە مێینە وەکو سنووقی داخراو**

**بەکلیلێك بیکەیتەوە**

**یابەتەورێك ئاوسی کەین**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ٢ : ٣٦٥ – ٣٦٦ )

شاعیر وەسفی کچێك دەکات یاخود کچێك دەدوێنێت کەخەون دەکاتە مەهانەی کارەکەی، لێرەدا ئافرەتەکە سندوقێکی داخراوە، کردنەوەی بەکلیلە، کلیل ڕەمزی نێرینەیە، بەشیکردنەوەیەکی فرۆیدانەش، واتای ڕەنگدانەوەی لایەنی چەپاندنی وزەی لیبید دەگرێتەوە، شاعیر بەکارێکی ئیرۆسی ( Eros ) واتا ڕەمەکی ژیان دادەنێت بۆ تێربوونی حەزی مرۆڤ، کلیل و تەوەر ڕەمزی ئاوس کردنن، داخراوی سندوقێك هەمیشە مرۆڤ بیر لەکردنەوەی دەکاتەوە بۆ کەشف کردنی، شاعیر لەڕێی خەونەوە بەم سندوقە داخراوە گەیشتوە و کردۆتییەوە، واتا ئەگەر لەواقیع دا کردنەوەی ئەم سندوقە قەدەغە نەبێت ئەوا ناچێتە نێو دونیای خەون .

شاعیر لەکۆپلەیەکی تردا دەڵێت :

**ئەم شەویش هەر خەونم بینی**

**ئەم شارە وەك ئاوێنەی لەبنێشت گیراو**

**چۆڵ و هۆڵا بوو ...**

**تۆش بەڕووتی لەدیجلە دا مەلەت دەکرد**

**شەپۆلی ئاو**

**جوانییەکەتی نم نم دەبرد ..**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ١٧٤ )

شاعیر جەخت دەکاتەوە ئەم شەویش خەونی بینیووە، واتا پێشتریش خەونی لەو جۆرەی بینیووە، لەم خەونەدا شاعیر هەست بەترس ناکات، چونکە شارەکە چۆڵ و هۆڵە، چونکە زۆرجار لەنێو خەونیشدا ئازادی تەواو نییەو هەست بەترس دەکرێ، چونکە کەسی نوستوو نازانێت ئەمە خەونە، بەڵکو وا دەزانێت واقیعە، بەڵام خەونەکەی شاعیر ئەو ترسە دەڕەوێنێتەوە کە خەڵك دیاربێ، بەڵکو چۆڵا و هۆڵە، وەسفی کچێکی ڕووت دەکات کەمەلەی کردووە و زۆر جوان بووە، شاعیر لەڕێی خەونەوە یاخود دروست کردنی بارێکی خەون ئامێز دەبێتە دەروازەیەك بۆ دەربڕینی هەستەکەی کە حەزو تامەزرۆی بینینی کچە بەڕووتی .

شاعیر لەشیعرێکی تردا کەبەناوی ( خەونێکی دوور ) ەوە دەڵێت :

**خەونم بینی ... بەرەبەیان**

**کچێکی جوان**

**ماچی دامێ و ماچی کردم**

**ماچی گەرم و نەرم ونیان**

**هەر ئەوەبوو لەخۆشیدا نەدەمردم ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٢١٥)

شاعیر لەڕێی خەونەوە حەزوو ئارەزووە تینووکانی پاراو دەکات، ئەوەتا لەحەژمەت ماچێك دەیەوێت گیان لەدەست بدات، کەواتە (( خەون هاوسەنگی مرۆڤ ڕادەگرێت بەجۆرێك کە لە واقیعدا نەمانتوانی ئارەزووەکانمان جێ بەجێ بکەین ئەوا خەونەکانمان هاوکاریمان دەکەن و ئەو ئارەزووە لەشێوەی ڕووداوێکی ڕەمزی ناو خەونەکان بەرجەستە دەکات و ئەو ئارەزووە ئەگەرچی خەیاڵیش بێ دێتەدی ))(٨٥) و بەشێك لەحەزەکان پڕدەکاتەوە .

شاعیر لەکۆپلە شیعرێکی تردا دەڵێت :

**لەسەر باڵی خەونەکانم ئەڕۆم بۆسەد**

**وڵاتی دوور**

**نەیاسایان تێدا هەیە نەسنوور**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٢٢٤ )

شاعیر بەم شێوەیە تەعبیر لە خەون دەکات کەخەون شتێکی هەمەلایەنەو جیهانێکی فراوانەو یاساو سانسۆری تێدانییە وەك ؛ ئەوەی لەکاتی بەئاگاییدا کەسانسۆرو سنووری دیاریکردووە، بەڵام خەون زۆر ئازادە .

شاعیر لەشیعری ( وشە و خەون ) دا دەڵێت :

**گشت وشەیەك**

**ئاسمانێکی ئاگرینە**
**ماچی دەکەم بەدەممەوە دەچزێ**
**هەموو خەونێك**
**کچۆڵەیەکی چاو شینە**
**شەو بەڕووتی**
**لەتوێی باڵی چەپما دەنوێ**
**بەیانی زوو بەرلەوەی خۆر**
**لەکەلاوەی چاوما بڕوێ**
**دەڕواو دڵەکەم دەدزێ**
**کێ دەزانێ دەیبا بۆ کوێ ...!**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت : ب ١ : ٥٤٢ )

شاعیر هەموو خەونەکانی لەکچۆڵەی ڕووتدا دەبینێتەوە، شاعیر ئەو کچۆڵە چاوشینەی بەشەو بەڕووتی دەبینێت تەنانەت لەگەڵیشیدا دەنوێت، کەچی کەخەبەری بووەوە بەیانی ئەوە کچەکە دڵی شاعیر دەباو بزردەبێ، شاعیر لەڕێی خەونەوە دەگاتە چێژێك لەبینینی کچۆڵەیەکی ناسکی چاوشین کە بەڕووتی لەتەنیشتییەوە ڕاکشاوە، شاعیر حەزە جێ بەجێ نەکراوەکانی لەخەون و لەشیعردا دادەڕێژێت، لەم جۆرە دارشتن و باس کردنەش دەگات بەجۆرێك لەچێژ، ئەو شتە بەندکراوەی ناخی خۆی دەخاتە ڕوو و دەری دەبڕێت .

## ١٠-ڕەنگدانەوەی چەپاندنی سێکسی :

چەپاندنی سێکسی هەموو ئەو حەزو ئارەزووە سێکسیانەیە، کەنەهاتوونەتەدی و لەناخی دەروونی شاعیردا ماونەتەوەو لەکاتی نووسینی شیعردا زۆر جار بەئاگایی و زۆرجاریش لەبێئاگایی هاتوونەتە نێو دونیای شیعرەوە، ( فرۆید ) پێی وایە چەپاندنی سێکسی لەکاری ئەدەبیدا ڕەنگدانەوەیەکی زۆری دەبێت، چونکە هەموو شتە چەپێنراوەکان، هەر چەندەش خەفە بکرێن، ناتوانرێت بەتەواوەتی لەناو ببرێن، بەڵکو لەنێو خەون و کارە ئەدەبییەکاندا ڕەنگ دەدەنەوە، چونکە ڕەمەکی جنسی پێوەندی بەلایەنی دەروونییەوە هەیە .

شاعیر لەشیعری ( دەست ) دا دەڵێت :

**من ئەوەندە تینووی تۆم**
**هەزار ساڵ لایەکت ماچ کەم**
**تێرنابم و**
**ناڵێم ئەو لات**
**چۆن بێم بۆلات**
**تاڵ تاڵ چین چین**
**پرچت بکەم بەهۆنراوە**
**چۆن بێم بۆلات**
**لەکام لاوە**
**لەکام پەنجەرەو دەرگاوە ... !**
**چۆن بێم بۆلات**
**لەجێیەکدام**
**لای ڕاست دیوار**
**لای چەپ دیوار**
**خوارم دیوار**
**ژوورم دیوار**
**هەر چوار دەورم**
**دووپشك و مار**
**هەرچەند دەکەم دەس گۆناکا**
**سەری خۆمی پێ بخورێنم**
**جائیتر چۆن ... چۆن ئەتوانم**
**لەگەردەنی تۆی ئاڵێنم ..؟**

( دیواری لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٦٥٩ – ٦٦٠ )

شاعیر ئەوەندە تینوو و تامە زرۆیە بۆ بینینی ئەم کچە؛ بۆ دەست لەمل کردن و ماچ کردنی ئەم کچە، بەڵام لەترسی(من) ناوێرێت بچێت، بوونی ئەو ترسە زۆرەش ئەوەیە کە هەرچوار دەوری بەدیوار گیراوەو هەرچوار دەورەی دووپشك و مارە، بێگومان دیوارو دوپشك و مار بۆ کولتوور خوازراون کە ناهێڵێت بگاتە ئەو کچەو پرچی شانە بکات، شاعیر وەك تینوویەکی لەڕادەبەدەر حەز دەکات هەزار ساڵ لایەکی ڕوومەتی ماچ بکات، بوونی چەپاندنێکی زۆر لەم شیعرەدا هەیە، قەدەغەکردنێکی زۆر ترسێکی زۆر بەرانبەر بەگەیشتن بەئافرەتێك، نەبوونی ئازادی، کەواتە شاعیر هەستە پەنگخواردەکانی خۆی لەڕێی خەون و لەڕێی شیعرەوە دەردەبڕێت نەستە چەپێندراوەکەی خۆی دەردەبڕێت، بەرانبەر قەدەغە کردنەکان بەرانبەر دووپشك و مارەکان، بەرانبەر دیوارە کۆنکرێتەکان، منی باڵا ( Super Ego )بۆپاراستنی کەسایەتی لەبەر ڕێگریەکانی من، ناوێرێت ئارەزووەکانی تێر بکات.

شاعیر لەشیعری ( ترس ) دا کەشیعرێکی کۆپلەییەو لەم دوو کۆپلەدا دەڵێت :

**من ناوێرم خەونەکانم**

**بەڕەڵاکەم بۆ سەر لقی ئاسۆی ساماڵ**

**خەونەکانم کوکوختین و**

**ئاسمان پڕە لەواشەو داڵ**

**من ناوێرم وشەکانم**

**بخەمە سەر پەڕە کاغەز**

**وشەکانم ... کار مامزن**

**زەویش پڕە لەگورگی برسی و نەوسن ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٨٧٩ )

هەست بەبوونی ترسێکی زۆر دەکەین لەم دوو کۆپلە شیعرەدا، بێگومان مرۆڤ تەنها لەخەون دا تا ئاستێکی باش ئازادانە خەونە کە دەبینێت، چونکە بەڕای ( فرۆید ) خەون ڕەنگدانەوەی بارە چەپێنراوەکانی مرۆڤە، واتا ئەو شتانەی کەمرۆڤ لەکاتی ئاگاییدا نایان کات لەبەر بوونی (من ) بەڵام لەنێو خەوندا، شاعیر ئازادەو منیش لەم کاتە دا بێئاگایە، بەڵام کاتێ کەشاعیر دەیەوێت خەونەکانی بخاتە سەر کاغەز ئەوا خەونەکانی شاعیر کوکوختین لەترسی واشەو داڵ، کە ئاسمانیان تەنیوەتەوە، شاعیر ئەم خەونانە لەناخی خۆیدا دەهێڵێتەوە، مەگەر لەڕێگای بێئاگایی و نەستەوە بێتەوە مەیدان .

بێگومان وشە هەڵگری بیرۆکەیە، شاعیر ناوێرێت ئەم وشانە بنووسێتەوە،چونکە ئەم وشانە کارمامزن، زەویش پڕە لەگورکی نەوسن، لەم نموونانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە چەپاندنێکی زۆر لەشیعری شاعیردا هەن .

لەتیف هەڵمەت لەبارەی چەپاندنەوە دەڵێت (( ئەم جۆرە چەپاندنە بووە بەجۆرێك لەئەندامەکانی لەشمان، نەمان زانیوە خۆشەویستی بەجۆرێکی تر دەکرێت، وامان زانیووە هەر بەم شێوەیە ئەکرێت، چەپاندن بووە بەئەندامێك و نووساوە بەلەشمانەوە، ڕەنگە ئێستا گەنج ببمەوە خۆشەویستی بەم شێوەیە نەکەم کەبەگەنجی کردوومە، ڕەنگە بەڕەهایی بەئارەزووی ئێستای ئەو تەمەنەی خۆم بیکەم ))(٨٦).

## ١١-سێگۆشەی فرۆید لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا :

سێگۆشەی فرۆید مەبەست لەو سێگۆشەیەیە کە فرۆید لە منی باڵا، اناالعلیا ( Super Ego ) لێی دواوە ، من أنا ( Ego )، ئەو(بنە) هو ( I.D )، فرۆید دەروونی مرۆڤ دابەش دەکات بەسەر ئەم سێ بەشە، واتا منی باڵا : ئەوەیە کە هەیە و لەنێو کۆمەڵگادا دەبینرێت، منی باڵا لەکاتی بەئاگایدا لەژێر چاودێری ( من )دا یە، کە ناهێڵێت شتە قەدەغەکراوەکان لەنەستەوە ( ئەو )، بێتە منی باڵا، بەڵکو تەنها لەکاتی زەڵەی زمانی و خەو بینین و سەرخۆشی و بەنجی نەشتەرگەری و ..هتد کاتێ کە من بێئاگا بێت نەست(بنە) کار دەکات، واتە نەست حەشارگەو مەکۆی شتە قەدەغە کراوەکانە .

**شاعیر لە پۆستەرە شیعرێکدا دەڵێت :**

**کچێ وەرە باوەشتم بۆ بکەرە جۆلانێ و**
**مەمکەکانت لەدەممدا بتوێنەوە**
**باهەست نەکەم کە گەورە بووم**
**باهەست نەکەم کە شاعیرم**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٣٥٢ )

شاعیر دەیەوێت بگەڕێتەوە حاڵەتی منداڵی،ئەم کچە باوەشی بۆ بکاتەوەو مەمکەکانی لەنێو دەمیدا بتوێنێتەوە، بەڵام لەبەر باری کەسایەتی خۆی کەشاعیرە، من ڕێگا نادات ئەم بارە ڕووبدات لەدەربڕینی بادا هەست نەکەم کەشاعیرم،باهەست نەکەم کە گەورە بووم

،واتا؛ حەزدەکا لەبێئاگاییدا ئەم کارە ئەنجام بدات، چونکە من بەوتەی ( فرۆید )، لەنێو منداڵدا سەرەتا بوونی نییە بەگەورە بوونی منداڵەکە ئینجا پەیدا دەبێت، شاعیر دەیەوێ لە بێئاگاییەوە بگات بە چێژو حەزەکانی .

نەستی شاعیر پڕپڕە لەشتی قەدەغە کراو بێگومان لایەنی سێکسی و ( کچ )یش دەکەونە نەست، من منێك هی کەسێکی گەورەیە و زەبت و ڕەبتی هەیە،نایەڵێت غەریزەو حەزەکان سەربکەن بەرەو منی باڵا،چونکە ( من ) لەشێوەی فلتەرێك دایە پارێزگاری لەمنی باڵا دەکات، شاعیریش تەمەنا دەکات منداڵ بێت لەحاڵەتی منداڵیدا منی گەشەی نەکردووەو ڕێگرنییە لەبەرانبەر ئەم کارەدا .

لەتیف هەڵمەت دەڵێت :

**جار جاریش دڵم دەبێتە پەیکەرێك و**
**لەشەقامی نیوە شەوەی شارەکەمدا**
**بۆ کچێك دەگەڕێ .. و**
**پاسەوانەکان تێی دەخوڕن**
**ڕاناوەستێ و .. هەردەگەڕێ و هەر دەگەڕێ و**
**پاسەوانەکانیش دەستڕێژی لێ دەکەن و**
**پەراش پەراش دەبێ و**
**پارچەکانی لەسینگما کۆ دەبنەوە**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ١٣٠ )

شاعیر دڵی خۆی دەکات بەپەیکەر بۆ ئەوەی لەنێو شەقامەکاندا بۆ کچێك بگەڕێت، کەچی ئەم دڵە لەلایەن پاسەوانەکانەوە پەراش پەراش دەبێت، نەگەیشتن بەئاکام و دڵشکاوی دڵی شاعیر بارێکی دەروونی بۆ شاعیر دروست دەکات و هەست بەچەپاندنێك و قەدەغە کردنێك دەکات کە هەرگیز دڵەکان بەسەلامەتی هەڵسوکەوت ناکەن،بەڵکو پۆلیس و پاسەوانیان لەسەرەو پارچە پارچە دەکرێن، لێرەدا پاسەوان خواستراوە بۆ کولتووری کۆمەڵگا نەك خودی پاسەوانەکان، چونکە بوونی ئەو هەموو قەدەغەیەو چەپاندنە وای لەشاعیر کردووە کە بەخەیاڵیش نەگاتە کچان و دڵەکەی تیرۆر بکرێت، بێگومان هەموو بیر کردنەوەکانی مرۆڤ لەناو مێشك دەکرێن، بەڵام زۆرجار دەگوترێت فلانەکەس دڵی بەو کچەوەیە، یاخوت ئەمەی بەدڵ نییە، بێگومان شاعیریش لەم کولتوورەوە دڵی خۆی دەکاتە پەیکەرێکی گەڕیدە بۆ گەیشتن بەکچێك، دیارە کاتێ مرۆڤ هەست بەلایەنی سۆزداری دەکات تووشی هەڵچوونێکی دەروونی دەبێت ترپەکانی دڵی زیاد دەکات، بۆیەش مەسەلەی دڵ چۆتە ناوبابەتی دڵداری و پێوەندی کوڕو کچانەوە، بەڵام لەبنەڕەت دا دڵ وەك گورچیلەو ئەندامەکانی تری لەش وایە، چونکە ئەقڵ بڕیار لەسەر خۆشەویستی دەدات، بەڵام زیاد لێدانی ترپەکانی دڵ بەرانبەر کچێکی جوان ئەمە بووەتە هۆی بزوێنەری لایەنی سۆزداری، کاتێ دڵی شاعیر لەلایەن پۆلیسی کەلتوورەوە پارچە پارچە دەکرێت و دڵە شکاوەکەی دەگەڕێتەوە ناو سنگی شاعیر بەکامی دڵی خۆی ناگات، بێگومان ئەم هەستانەش لەنەستەوە سەرچاوە دەگرن و وێنەکان بارگاوین بەقەدەغەکردن و چەپاندن .

کچ لە ناخی شاعیرو لەخەیاڵ و نەستیشیدا بوونی هەیە،بەڵام(من) پاسەوانە( ڕێگرە)و دڵەکە دەشکێنێ و ناێڵێت پێوەندی لەگەڵ کچ دروست بکات،چونکە قەدەغەیە.

## پەراواوێزەکانی بەشی دووەم:

( ١) د. محەمەد علی ئەحمەد وەند، و/ حەمە ڕەشید حەسەن، ناسینی بیری مرۆڤ میکانیزمی پارێزگاری دەروونی، ل ٣٩ .

( ٢) جیمز ئاڵین، ڕۆین شارما، تونی بۆزان، و/نەوزاد محەمەد ئەمین و کەسانی تر، کۆمەڵێك لەپسپۆڕانی دەروونناسی جیهانی نووسیویانە، چ١، نێوەندی ئارام، ٢٠٠٩، ل ٢٩ .

( ٣) دیدەنی (هاوژین صلیوە)لەگەڵ لەتیف هەڵمەتدا، ٢٠١٢/٣/١٩ .

(٤) - دیدەنی(هاوژین صلیوە)لەگەڵ د.محەمەد ناسر مستەفا_ مامۆستای دەروونزانی لە زانکۆی کۆیە، کۆیە، ڕۆژی دووشەم، ڕێکەوتی ١٠/٩/ ٢٠١٢.

( ٥) دیدەنی لەگەڵ لەتیف هەڵمەتدا، ڕێکەوتی ٢٠١٢/٣/١٩ .

( ٦) دیدەنی لەگەڵ لەتیف هەڵمەت دا، ٢٠١٢/٣/١٩.

(٧ ) دیدەنی لەگەڵ لەتیف هەڵمەتدا، ٢٠١٢/٣/١٩.

( ٨) دیدەنی لەگەڵ لەتیف هەڵمەت دا، ڕێکەوتی ٣/١٩/ ٢٠١٢ .

( ٩) دیدەنی لەگەڵ لەتیف هەڵمەت دا، ڕێکەوتی ٣/١٩/ ٢٠١٢.

(١٠ ) هانی سلێمان و/ ئامانج محەمەد، دەروونزانی گشتی، چ (٣)، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١١، ل ١٥٠ .

( ١١) لوقمان باپیر، نەخۆشی دەروونی، گ ( مێرگ )، ژ ( ٤٨ )، ٢٠٠٩، ل ٥٨.

( ١٢) دیدەنی لەگەڵ لەتیف هەڵمەت دا، سلێمانی، ڕۆژی دووشەم، ڕێکەوتی ٣/١٩/ ٢٠١٢.

( ١٣) دیدەنی لەگەڵ لەتیف هەڵمەت دا، رێکەوتی ٣/١٩/ ٢٠١٢.

( ١٤) س. پ.

( ١٥) س. پ.

( ١٦) د. شکری عزیز الماضي، و/ پ. ی. د. سەردار ئەحمەد گەردی، ل١٦٣ .

( ١٧) س. پ. ل١٦٣ ــ ١٦٤

( ١٨) د. کەریم شەریف قەرچەتانی، سایکۆلۆژیای گشتی، ل١١٣ .

( ١٩) دیدەنی لەگەڵ لەتیف هەڵمەت دا، ڕێکەوتی ٣/١٩/ ٢٠١٢.

( ٢٠) دیدەنی لەگەڵ لەتیف هەڵمەتدا، ڕێکەوتی ٣/١٩/ ٢٠١٢.

( ٢١)د. حسان المالح، الاضطرابات النفسية الشائعة وعلاجها –القلق النفسي.، www.hayatnafs.com .

( ٢٢) د. محمود جمال أبو العزائم، القلق النفسى، www.elazayem.com .

(٢٣ ) د. أحمد شيشانى، كيف تتغلب على الخوف والقلق النفسى، www.arabnet5.com .

( ٢٤) دیدەنی لەگەڵا لەتیف هەڵمەت دا،ڕێکەوتی ٣/١٩/ ٢٠١٢.

( ٢٥) دیدەنی لەگەڵا لەتیف هەڵمەت دا، ڕێکەوتی ٣/١٩/ ٢٠١٢.

(٢٦)- arabblogs.coom

(٢٧)-. عبدلله،السراع،٢٠٠١ egpt.coom

(٢٨) - احمد ابو فادي،الصراع النفسي حالة في التناقض داخل الانسان - amedfawy.1007.coom

(٢٩)- د.لينا الممنى،٢٠١١، sanayananews.com

(٣٠ ) ئەحمەد سالار، هونەرو ژیان، چ ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٧ .

(٣١ ) س. پ. ل ٧ .

( ٣٢) س. پ. ل ٧ .

(٣٣ ) س. پ. ل ٨ .

(٣٤ ) عزيز السيد جاسم، الاغتراب فى حياة و شعر الشريف الرضى، دار الاندلس لطباعة والنشر والتوزيع، بيروت – لبنان، ص ٩٣ .

(٣٥)-سەرکەوت سەعدی قادر،نامۆیی لە ڕۆمانەکانی (سەلاح عومەر دا)،چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر،٢٠١١،ل١١

( ٣٧) کەمال غەمبار، بەرەو جیهانی شیعری چەند شاعیرێك، چ ١، بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١٨٦ .

( ٣٨) د. کەریم شەریف قەرچەتانی، نەخۆشی و گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان، چ ٢، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ١٨٧ .

( ٣٩) محەمەد فەریق حەسەن، هێمن و بۆنی غەریبی، چ ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٤٣ .

( ٤٠) غياث الدين نقشبندى، نامۆیی، چ ٢، کوردستان، ٢٠٠٤، ل ٥٧ .

( ٤١) ئەحمەد سالار، هونەری ژیان، ل ٩ .

( ٤٢) س. پ. ل ٩ .

(٤٣) س. پ. ل ١٠ .

( ٤٤) سەرکەوت سەعید قادر، نامۆیی هەڵوێستێکی خێرا بۆ مێژووەکەی، گ ( ٢٣ ئەدەبی هزری ڕەخنەیی )، ژ( ٤ )حوزەیرانی ٢٠١١،ل٤٩ .

( ٤٥) د. ئەحمەد شەریف عەلی، ئەنفال لەڕۆمانی کوریدا، چ ١، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٠، ل ١٢١ .

( ٤٦) ئومێد ئاشنا، شێوەو ناوەڕۆك، چ ١، چاپخانەی ئاراس، ٢٠٠٧، ل ٥ .

( ١٩٩) د. محەمەد کەمال، فەلسەفەی هیگڵ، چ ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٦١ .

( ٤٧) صالح زامل، تحول المثال، ط ١، مطبعة ساد برس، بيروت – لبنان، ٢٠٠٣، ص ٢٦ .

( ٤٨) کيلاس محمد عزيز العسکرى، الاغتراب فى شعر الشاعيرين محمود درويش و شيرکو بيکەس، کليه التربيه جامعه بغداد، ماجيستر، ٢٠٠٥، ص ٢٤٤ .

( ٤٩) دیدەنی لەگەڵ لەتیف هەڵمەت دا، ڕێکەوتی ٢٠١٢ /٣/١٩.

( ٥٠) س. پ.

(٥١ )  مارتن ئەنتۆنی، و/مەشخەڵ کەوڵۆسی، ڕێگای ئاسان بۆ چارەسەری شەرمنی، چ ١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ١٥ .

( ٥٢)  د. کەریم شەریف قەرچەتانی، سایکۆلۆژیای گەشە ( منداڵ و هەرزەکار )،ل ٢٥١

( ٥٣)  هەڵمەت بایز ڕەسووڵ، ڕەهەندی دەروونی لەچیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن دا، ل١٢٣ .

( ٥٤)  دیدەنی لەگەڵ لەتیف هەڵمەت دا،ڕێکەوتی ٣/١٩/ ٢٠١٢.

( ٥٥)  س. پ.

( ٥٦)  س. پ.

( ٥٧) س. پ.

( ٥٨)  هانی سلێمان، و/ ئامانج محەمەد دەروونزانی گشتی، هەموو لایەنەگرنگەکانی دەروونزانی، چ ٢، چاپخانەی کارۆ ٢٠٠٩، ل١٢١ .

( ٥٩)  س. پ. ل١٢١

( ٦٠)  غسان خالد، جبران الفيلسوف، سايكولوجية العبقري المريض، ط ١، بيروت – لبنان، ١٩٧٤، ص ٤١٨ .

( ٦١)  دیدەنی لەگەڵ لەتیف هەڵمەتدا، ڕێکەوتی ٣/١٩/ ٢٠١٢.

( ٦٢)  دیدەنی لەگەڵ لەتیف هەڵمەتدا، ڕێکەوتی ٣/١٩/ ٢٠١٢.

(٦٣ )  د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، نەخۆشی و گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، ل١٨٢ .

( ٦٤)  ئازاد قەزاز، کەسێتی و ململانێی دەهروونی، چ ١، چوار چرا، ٢٠١٠، ل٣٠ .

( ٦٥)  د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، نەخۆشی و گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، ل١٨٢

( ٦٦)  سۆران جەمال، سایکۆلۆژیای مێیەتی، چ ١، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٩، ل٢٠٨ .

( ٦٧)فەرهاد صالح حمه علی صالح، کەسێتی خۆویست لەرۆمانەکانی ( محەمەد موکری ) دا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٠، ل٢٠ .

( ٦٨)  د. عزالدين اسماعيل، التفسير النفسي للادب، دار العودة و دارالثقافة، بيروت، ص ٣٣ .

(٦٩ )  دیدەنی لەگەڵ لەتیف هەڵمەت دا،ڕێکەوتی، ٣/١٩/ ٢٠١٢.

( ٧٠)  د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، نەخۆشی و گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان، ل١٨٣ .

(٧١ )  دیدەنی لەگەڵا لەتیف هەڵمەتدا، ڕێکەوتی ٣/١٩/ ٢٠١٢.

(٧٢ )  د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، نەخۆشی و گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان، ل١٨٢ .

( ٧٣)  د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، نەخۆشی و گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان، ل١٧٩ .

( ٧٤)  س. پ. ل١٧٩ .

(٧٥ )  س. پ. ل١٧٩ .

( ٧٦)  کۆڵن ولسن، و/ فازیل هیمەت، سێکس و لاوی زیرەك، چ ٢، لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری نیگا، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٥٠ –٥١ .

( ٧٧)  د. عادل حوسین عەبدوڵڵا، سێکس و دووسەد نهێنی، چ ٥، چاپخانەی چوار چرا، سلێمان، ٢٠٠٦، ل٧٦ .

( ٧٨)  فازیل هیمەت، کێشە سێکسییەکان، چ ( ٤ )، چاپخانە و ئۆفێسی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٨٢ .

(٧٩ )  س. پ. ل٨٣ .

(٨٠)  فازیل هیمەت، کێشە سێکسیەکان، ل٨٥ .

(٨١ د. نەوال سەعداوی، و/ عوسمان عەبدولکەریم، ئافرەت و سێکس، چ ( ١ )، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٧٦ .

( ٨٢)  کەریم شەریف قەرەچەتانی، هەندێك بەنەخۆشی و گرفتی دەروونی، ل١٥٩ .

(٨٣ )  فازیل هیمەت، کێشە دەروونییەکان، ل٨٥ .

( ٨٤)  د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، هەندێك نەخۆشی و گرفتە دەروونییەکان، ل١٨٠ – ١٨١ .

(٨٥ )  پێشڕەو عەبدوڵڵا حەمە غەریب، شیعرەکانی ( بەختیار عەلی ) لەڕوانگەی دەرونیشکارییەوە، ل٣٢

( ٨٦)  دیدەنی لەگەڵ لەتیف هەڵمەتدا، ڕێکەوتی،٢٠١٢/٣/١٩ .

# بەشی سێیەم:

## تەوەرەی یەکەم:

## داهێنان لای لەتیف هەڵمەت

## ( داهێنـان لای لەتیف هەڵمەت )

## چەمکی داهێنان :- creativity

داهێنان بەواتای تێپەڕاندن و خوێندنەوەیەکی لە ڕادەبەدەر دەگەێنێت لەهەر بوارێکی ژیاندا بێت، داهێنان دۆزینەوەی بیرۆکەی نوێیە کە پێشتر پەی پێنەبرابێت، یاخود بە شێوەیەکی سەرەتایی زاندرابێت و هێندە لەناویا قووڵ نەبووبێتنەوە .

(( لەکۆندا باوەڕیان وابوو، کەبلیمەتی کارێکی ناوێزەیەو لەتوانای مرۆڤ دا نییە، بەڵکو دەست کردی شەیتانە، یان دەستکردی جنۆکەیە یان خوای هەڵبەست ))(١) لەنێو عەرەبەکاندا واباو بووە، کە هەر شاعیرەو شەیتانی خۆی هەیە و بیرۆکەو ئیلهامی پێدەبەخشێت (( گریکە کۆنەکان مەسەلەی بلیمەتییان دەبەستەوە بەجۆرێك شێتی ( شێتی بەمانای دەروونی psycnse ، بەمانای نەخۆشی Nevros لەلای ئەوان ؛ واتە لای گریکە کۆنەکان، شاعیران مرۆڤی ( تملکی – مەراقدار – possede ) بوونە و لەیەك کاتدا لەخەڵکی ئاسایی جیاواز بوونە و لەخوارەوەی ئەمانەش بوونە، گوایە ئەو نائاگاییە شاعیر دەری دەبڕێ لەیەك کاتدا لەسەرەوەو خوارەوەی عەقل بووە infra supor – ratinnel ))(٢) ئەمە سەبارەت بەشیعر و چۆنییەتی بەهرە بۆ هاتن، بەڵام لەنێو شاعیرەکانیشدا کەسی هەڵکەوتوو هەبووە ئەفراندنی کردووە، ئەفراندن بەواتای دۆزینەوەی ڕێگەو ڕێچکەیەك لەلایەن نووسەرەوە کە تێیدا کەسایەتی و تایبەتمەندنی خۆی بدۆزێتەوە .

بێگومان (( پێداویستییەکانی ژیان و دیاردەکانی سروشت مرۆڤیان ناچار کردووە کە بەردەوام گۆڕانکاری لەژیان و دەوروبەریدا بکات، لەئەنجامدا بەشێك لەم گۆڕانکاریانەش بوون بە داهێنان ))(٣) هەڵبەتە دەروونناسەکانیش لەداهێنان دواون و دەروونی ئەدیبانیان شیکردۆتەوە و هۆکاری داهێنانیان ڕوون کردۆتەوە . (( چەمکی تازە کردنەوە بەواتای دەستکاریکردنی بابەت و بیری کۆن دێت بەمەبەستی لەخۆگرتنی چەند لایەنێکی تری تازە کە بەهۆی گۆڕانکاری نێو کۆمەڵگاوە پەیدابوون، یان بەواتایەکی تر فراوانکردنی ناوەڕۆك بۆ لەخۆگرتنی زۆربەی گۆڕانەکان ))(٤) ڕەنگە لە بابەتە زانستییەکان بەشێوەیەکی تربێت، واتا کاتێ کە فڕۆکە دروست کرا دەتوانین بڵێین بیرۆکەی فڕین لە باڵندەو لە ئەفسانە کۆنەکاندا هەبووە، بەڵام دروست کردنی فڕۆکە ئەمە ئەفراندن و داهێنان بوو لەبواری تەکنۆلۆژیا، بەڵام بابەتە ئەدەبییەکان بۆ نموونە ؛ شیعر ڕەگ و ڕیشە و بناغەی هەیە و ڕۆژ بەڕۆژ لە گۆڕانکاری دایە، بەڵام کەسی ئەفرێنەر دەتوانێت لەنێو ئەم زمانی شیعرەدا ئەفراندن بکات.

(( زۆر کەس باوەڕیان وایە کە مرۆڤی بلیمەت، پێویستە جار جار تووشی پەشێوییەکی دەروونی بێت، لەبەر ئەوەیە، وتوویانە ( الجنون فنون )، واتە شێتی هونەرە، یان شێتی لەهونەرە، هەر لەبەر ئەوەیە کەباوەڕیان وابووە مرۆڤی بلیمەت، جارجار تووشی جۆرە نەخۆشییەکی دەروونی دەبێت، یان بەیەك جاری شێت دەبێت، لەبەر ئەوە چەند زانایەك گەڕاوون و هەوڵیان داوە ژیانی زۆر کەس لەبلیمەتەکان بپشکنن و ئەو دیو و ئەو دیویان کردووە، بۆ ئەوەی کە هەر جۆرە ناوێزەیەك، نالەبارییەك، یان نەخۆشییەکی دەروونی لەژیانی بلیمەتەکاندا بدۆزنەوە، لەڕاستیشدا بەنا ئومێدی نەگەڕاونەتەوە، بەڵکو دەست کەوتی باشیان هەبووە ))(٥) فرۆید گرنگییەکی زۆری بەلایەنی سێکسی داوە ؛ چەپاندن و لاوازی سێکسی کردبووە خاڵی داهێنان لەلایەن نووسەران دا، تیۆرەکەی ( ئەدلەر )یش جەختی لەسەر ( گرێی هەست کردن بەنەقس ) بووە ؛ واتا

ئەو نووسەرانەی لەڕووی جەستەوە کەم و کوڕیان هەیە، لە لایەنی دەروونی ئەوا ئەفراندنی تیازەق دەبێتەوە.

چەندین پرسیار دەکرێن لەوانە پامر جاسم دەڵێت :(( ئایا بۆچی ( پۆشکین ) لەشیعردا داهێنەرەو ( برێخت )ی ئەڵمانی لەبواری شانۆدا بلیمەتە ؟ چۆن هەریەك لە ( بتهۆڤن ) لەمۆسیقا و ( پیکاسۆ ) لەوێنە کێشان و هونەر بەگشتیدا لە وێنەی ئافەریدە خۆیان نیشانی سەرتاپەی جیهان بدەن و دونیاش بەئافەریدەکانیان سەرسام بکەن ؟!، ئەگەر داهێنان تەنها بوارێك لەبوارەکانی ژیان بگرێتەخۆ، ئەی دەبێت لەگەڵ کەسانێکی وەکو ( داڤینشی ) داچی بوترێت کە لەوێنەکێشان و مۆسیقاو کیمیازانی و نووژداری و پەیکەر تاشی و لەهەمان کاتیشدا لە ئەندازیاریی کۆشك و تەلارو نەخشە کێشانی شەڕو جەنگدا بێ هاوتابووە؟! یاخود هونەرمەندێکی وەك؛ شارلی شاپلن لەبواری نووسین و نواندن و دەرهێنان و مۆسیقادا بلیمەتی خۆی بۆ دونیا سەلماند، لێرەدا پرسیار هەر بەردەوامەو بەجۆرێکی دیکە دێتە پێشێ و خۆی ئاوها دەردەبرێت، ئەگەر جارێکی دیکە بەڕێکەوت و ئەگەر هەڵسوڕا، ئایا دەشێت ( مۆزارت ) لەجیاتی مروزیك ( مۆسیقا ) لەمەیدانی هۆنراوەو قەسیدە ئەفراندن داهێنەرو بلیمەت بێت ؟ دەشێت شەکسپیر لەبری شانۆ لە وێنەکێشان و تابلۆ نەخشاندن بلیمەت بێت ))(٦) بەخەیاڵیش ناکرێ بڵێین ئەمانە لەبواری تریشدا بلیمەت بن ڕاستە بەهرەمەند هەیە دووسێ بەهرە پێکەوە پەروەردە دەکات و بەرەو ئاقاری ئەفراندنیان دەبات، دەتوانین بڵێین کەسێك لەبوارێك لەبوارەکانی ئەفراندن دەکات، بەڵام ڕەنگە نەك ئەفراندن، بەڵکو شارەزاش نەبێت لەبوارەکانی تر ( ثامر حسن جاسم ) پرسیارەکەی بەکراوەیی هێشتۆتەوە، بەڵام بلیمەتەکانی جیهان ڕاستە هێندێکیان چەند بوارێکیان هەڵبژاردووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین یەکێك لەبوارەکانی ئەفراندنیان بەجێهێناوە .

(( دەتوانین داهێنان بەیەکەمین هەنگاو لەڕەوتی ناساندنی ئەدەبدا دابنێین، داهێنان بەرهەمی ڕامانی قوڵی هونەرمەندێکە بۆ ئەو دیاردەو شتانەی ناو سروشت کە دواجار لەشێوەی وێنەیەکی زەینیدا، خۆی دەنوێنێ، داهێنان ئاشکراکردنی ئەو وێنە زەینییەیە، کە هونەرمەند لەڕەوتی ڕامان لەسروشت و شتە پێکهێنەرەکانی بەدیهێناوە ))(٧)هەموو ئەدیبێك لەهەموو ژیانی خۆیدا هەوڵ دەدات ئەفراندن بکات و ڕێچکەیەك بشکێنێت، بەڵام لەهەموو سەردەمێك چەند دانەیەکییان ئیبراز دەکەن و دەگەنە ترۆپکی ئەفراندن . د. سعید عبدالعزیز دەڵێت: (( مرۆڤ تاکە دروست کراو نییە کە مومارەسەی پرۆسەی داهێنان دەکات، بەڵکو هەنگیش بەداهێنەر دادەندرێ بەهۆی دروستکردنی خانەی شێوە شەش لا بۆ هەنگوینەکەی ... لای باڵندەکانیش دروست کردنی هێلانە لەسەر لق و پۆپی دارەکان لە گژوگیا ئەمەش داهێنانە بۆ خۆی ))(٨) من لەگەڵ بۆ چوونەکەی د. سعید عبدالعزیز نیم، چونکە داهێنان بەو مانا فراوانییە نییە، هەنگ داهێنەر نییە، چۆلەکەو تەیرو تواریش داهێنەرنین، چونکە ئەگەر داهێنانەکەی هەنگ ئەوەبێ ئەم شانانە دروست دەکات ئەوە دەتوانین بڵێین غەریزەیەکە ئەقڵی ئەم هەنگە بایی ئەوەندە بەرمەجە کراوە، چونکە هەنگەکانی هەموو جیهان بە درێژایی ملیۆنەها ساڵە هەر هەمان شت دروست دەکەن، داهێنان بەواتای بنیادنان و هێنانەکایەوەی شتێك کە پێشتر بەم شێوە تەواو کاملییە نەبووە، دەتوانین بڵێین مرۆڤ دەتوانێت لایەنی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی ئاژەڵان فراوان بکات وەك ئەم نمایشانەی کە بەئەسپ و گاو دۆلفینەکان و سەگی ئاوی دەکرێت، سەگێکی ڕاهێندراو دەبینین لەقسەو گفتوگۆی خاوەنەکەی دەگات ئەمانە مانای زیرەکی و پێشکەوتنی ئەم ئاژەڵانە دەگەێنێ، بەڵام هەموو

ئاژەڵێك جۆرە هێلانەیەك و شێوازێكی خۆی هەیە بۆ ژیان . سیفات و تایبەتمەندی ئاژەڵێك یان پەلەوەرێك بەداهێنان دانانرێت .

زاراوەی داهێنان بەرامبەر وشەی ( Creativity ) زمانی ئینگلیزی و ( ابداع ) ی زمانی عەرەبی بەكاردێت، داهێنان لەڕوانگەی ( یۆنگ)ەوە لەنەستی (كۆ)وە سەرچاوە دەگرێ كە بەمیراتی دەروونی ناو دەبرێت، (( داهێنان بەرهەمێك یان ماوەیەك لەخۆ دەگرێت كە لەنەبوونەوە هاتووە، یاخود لەبوونێكی ناتەواوە بەرەو بوونێكی توكمە و تەواو چووە، یاخود لەبەرهەمە ئەدەبییەكاندا بەهۆی نوێكاری خۆی لەهاوشێوەكانی جیا كردۆتەوە، بەهۆی ئەم جیاوازییە سنوری لاسایی كردنەوەی بڕیوەو شتێكی نوێی خستۆتە ڕوو ))(٩) كەواتە لەوەوە بۆمان دەردەكەوێت كە داهێنان خەسڵەت و شێوازێكی نوێیە و لەلایەن نووسەرێك یان گروپ و دەستەیەكەوە دێتە كایەوەو بڵاو دەبێتەوە .

(( باسكردنی داهێنان كارێكی ئاسان نییە و مەودای جۆراو جۆری هەیە و لێكدانەوەی بەرفراوان هەڵدەگرێت، هەموو نوێبوونەوەیەك ناچێتە خانەی داهێنانەوە، لەوانە گرنگترەو قووڵترە، ڕۆژ بە ڕۆژ و زەمەن بە زەمەن كاری داهێنان سەنگینتر دەبێت، مامەڵەی ئەمڕۆ لەگەڵ داهێنان گرنگترە لەمامەڵەی داهێنان لەدوێنێدا )(١٠)بێگومان زاراوەی نوێبوونەوە بەواتای ئەوەی شتێك هەیە تۆزێك دەستكاری كراوە وەك ئەوەی دەڵێن ئەم خانووە نوێ كراوەتەوە، واتا هەر لەسەر شێوەی خۆی دەسكاری كراوەو هەندێ ڕەنگ و ڕووی گۆڕاوە، بەڵام ئەفراندن زۆرتر بەقووڵی دادەچێت و گۆڕانكارییەكی ڕیشەیی هەیە، سەلاح حەسەن پاڵەوان پێی وایە ( مامەڵەی ئەمڕۆ لەگەڵ داهێنان گرنگترە لەمامەڵەی داهێنان لەدوێنێ دا ) من لەگەڵ ئەم ڕایە نیم، چونكە ئەمڕۆش دەبێ بەدوێنێ، واتە داهێنان داهێنانە جا لەچ سەردەم و سەدەیەكدا بێت بۆ نموونە ؛ داهێنانەكانی نالی داهێنانەكانی گۆران ... هتد هەریەكەیان بەپێی سەردەم و كاتی خۆی داهێنانە و تاكو ئێستاش ئەم داهێنان و ئەفراندنە لەهەناوی شیعرەكانیان دا ماوەتەوە و دەشمێنێتەوە .

د. یاسین ئەیوبی دەڵێت : (( ئەدەب كردارێكی داهێنەرانەیە كە ئەدیب ئەنجامی دەدات، شوێنەوارێكی نووسراوە گوزارشت لەئەزموونێكی هەستی یان ڕووداوێك یان پێویستییەكی دەروونییە، ئەم شێوازە دەبێ بەشێوەیەكی ڕاستگۆیانە وەربگیرێت یان ڕەنگدانەوەی هەندێك شێوەی كەسایەتی ئەدیب و كۆمەڵگاكەیەتی ... بنەمای جوانی و ئەخلاقی لە خۆ دەگرێت، كە تەمسیلی ڕووی ڕاستی لایەنە هونەرییەكە دەكات ... ))(١١)بێگومان ژیانی نووسەر و بەسەرهاتە ڕاستەقینەكان دەبنە خاڵی تێڕامان و ڕەنگدانەوەی نێو دەقەكان، بۆ نموونە ؛ مەرگی هیوا چ كاریگەرییەكی لای ( گۆران ) دروست كردووە، مەرگی دایك لای ( لەتیف هەڵمەت ) ... هتد ئەم ڕووداوە ڕاستەقینانە لەناخێكی كاریگەرەوە دەڕژێنە نێو هونەرەوە . ئەم وتەیەی د. یاسین ئەیوبی والێكدەدرێتەوە نووسەر یان شاعیر كە بەرهەمێك دەنووسێت لە نەبوونەوە دەیهێنێتە بوون، واتا لەپێشدا بوونی نەبووە، بۆیە زۆر لەزاناو ڕەخنەگران بەرهەمی ئەدەبی بە داهێنان دادەنێن،بەڵام كاتێ ئێمە باسی كرۆكی داهێنان دەكەین لەنێو بەرهەمە ئەدەبییەكاندا ئەوا هەموو كارەكانی ئەدیب ناگەنە ئاستی داهێنان .

كەواتە (( داهێنان Creativity كارێكی عەقڵانی بەرزە لەمرۆڤ دا، بەرەو دۆزینەوەی چارەسەری نوێت دەبات بۆ كێشەكان، یان دۆزینەوەی بیرۆكە و تیۆرو یاساو پێوەندی نوێ و چەمك و بۆچوونی عەقڵی نوێ،

وەك بیرۆكەیەكی ڕێژەیی، تیۆری ڕێژەیی، یاسایی ڕاكێشان و یاسای سەركەوتن، بەرەو ئەفراندن دەچێت لەهەر شێوەیەك لەشێوازێكی هونەری جوان دا ))(١٢) كە بنەمایەكی نوێخوازی هەبێت و ئەدەبیات بەرەو پێشەوە ببات و ڕەنگ و ڕووی بگۆڕێت و تەكانێكی پێبدات و لەو بارە وەستاوە نەیهێڵێتەوەو بەرەو پێشەوەی ببات .

## کەسییەتی داهێنەر :-

هەموو مرۆڤێك خاوەن کەسیەتییەکی تایبەتی خۆیەتی و لەمرۆڤی تر جیای دەکاتەوە، هەرچەندە مرۆڤەکان لەزۆر هەست و سۆز و هەڵچوون و ... هتد لێکدەچن، بەڵام تاڕادەیەکی زۆریش لێکدی جیاوازن وەك چۆن پەنجەمۆری هیچ کام لەمرۆڤەکانی جیهان پێکناچن، ئاوا بەم شێوەیەش کەسییەتی هیچ مرۆڤێك وەك مرۆڤێکی تر نییە .

زاراوەی کەسێتی Personality وشەیەکی لێکدراوە Person بەواتای کەسی دێت ( ality ) پاشگرێکە پێکەوە بەواتای کەسێتی دێت، (persom ) بەواتای دەمامك دێت .

(( کەسیەتی، ئەتوانرێت بەبنەماترین بابەتی زانستی دەروونزانی ئەژمار بکرێت، چونکە سنوورە بنەمایەکانی گفتوگۆ لەچەندین بواری وەك ( فێربوون )، پاڵنەرایەتی، پەی بردن، بیرکردنەوە، هەست و سۆز ( ژیری ) و چەندین بواری لەم شێوەیە و بە دەربڕینێکی تر بوارەکانی سەرەوە بە بەشە پێکهێنەرەکانی کەسایەتی ئەژمار دەکرێت ))(١٣) کەسێتی لەگۆشەنیگای جیاوازەوە لێی دەڕوانرێت بۆیە هەر زانایەو بەشێوەیەك پێناسەی دەکات و شتی لەبارەوە دەڵێت .

(( چاو پیاخشاندنەوەیەکی ئێستێتیکی بۆ پێناسەکانی کەسایەتی، پیشان ئەدات، تەواوی ماناکانی کەسایەتی ناتوانرێت لەیەك تیۆری تایبەت بدۆزرێتەوە، بەڵکو لەڕاستیدا پێناسەی کەسایەتی پەیوەستە بە جۆری تیۆریەی خودی زاناکەوە، بۆ نموونە ؛ ( کارل روجرز ) کەسایەتی بە self، خودی ڕێکخراوی هەمیشەیی دەزانێت، سووڕی تەواوی ئەزموونەکانی ئێمەیە، یان ( گۆردن ئالپۆرت ) کەسایەتی بەکۆمەڵێك هۆکاری دەروونی کە تەواوی چالاکییەکانی تاکەکە ئاراستە دەکەن، دەزانیت، چی . بی . واتسن باوکی ڕەفتارکەرەکان، کەسایەتی بەکۆمەڵەیەکی ڕێکخراوە لەعادەتەکان ...،( ئەریك ئەریکسن ) دەروونپزیشك و دەروونشیتەلا کەری بەناوبانگی سەدەی ئێمە، لەوباوەڕەدایە کەگەشەی مرۆڤ لەقالبی زنجیرەیەك قۆناغ و ڕووداوی دەروونی کۆمەڵایەتییەوە شکڵ وەرئەکرێت ))(١٤)ڕووانینی لێکۆلەرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونی ... هتد هەر یەکەیان ڕوانینێکی جیاوازیان هەیە بۆ کەسیەتی (( لەڕووی سایکۆلۆژییەوە مەبەست لەکەسێتی ئەو تاقانێتیەیە کە تاکێك خۆی بەتەنها هەڵگریەتی و لەمرۆڤەکانی تری جیادەکاتەوە، کەسییەتی وەك پێکهاتەیەکی بەردەوامی پێکەوە گرێدراو دەبینرێت، کە مرۆڤ لەدۆخی جوراوجورو بۆ ماوەیەکی درێژخایەنیش، بەهەمان ڕێگای تایبەتی خۆی ڕەفتار دەنوێنێت )).(١٥) بێگومان گەشەی کەسییەتی لەقۆناغەکانی تەمەنی منداڵیدا گۆڕانکاری بەسەردادێت بەڕای فرۆید کەسێتی لە (منی باڵا، من، ئەو ) دەبینێتەوە، کەلەلای منداڵ منی باڵا هێشتا دروست نەبووەو بەگەورەبوون و قۆناغ بڕین وردە وردە دروست دەبێت، لەبواری ئەدەبیاتیش دا لێکدانەوەی جۆراوجۆر بۆ ئەم بوارە دەکرێت (( بێگومان هەندێ ڕۆمان و تابلۆ هەن کەسەرسامان دەکەن، کاتێ لێیان دەڕوانیت بەئاگادەبیت لەوەی ئەو بەرهەمە هی کەسێکی ناهاوسەنگ و دەروون شێواو بووە، بۆ نموونە ؛ ئەو ڕەنگانەی کەلەدواین تابلۆکانی ( ڤانکوخ ) دا چەقۆ بەکارهاتووە کە نیشانەی دەروون شێواوی ئەو هونەرمەندەیە ))(١٦) باری هەڵچوونی مرۆڤ لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر هەڵسوکەوت و کەسییەتی مرۆڤ لەنێو کارە هونەرییەکانی ڕەنگ دەداتەوە . (( پێوەندی ئەدەب و داهێنان بەخودەوە پێوەندییەکی جەوهەرییە، چونکە خود لەئەدەبدا بەئازادانە ترین شێواز بەرجەستە دەبێت و

ئەگەر ئەدەب ناوەرۆکێکی هەبێت، ئەو ناوەرۆکە لەخودێتی زیاترهیچیترنییه))(١٧) بێگومان لەکارەئەدەبییەکان دا گرۆکی مەرام و مەبەستی نووسەر دەردەکەوێت، چونکە نووسەر داڕشتن و نووسینەوە بەباشترین شت دادەنێت بۆ هەڵڕژاندنی خودی خۆی .

سەبارەت بەکەسێتی، لێکۆڵەران بەسەر چوار لایەن دابەشیان کردووە ؛ بەشێکیان گرنگیان بە لایەنی جەستەو جموجۆڵی مرۆڤەکان داوە، بەشێکیشیان گرنگیان بەلایەنی ناوەوەی مرۆڤ داوە، بۆ نموونە ؛ زانایەك دەڵێت : کەسێتی بریتییە لەڕەوشتە هەڵبژێردراوەکانی مرۆڤ .

یاخود گوتراوە کەسێتی بریتییە لەکارتێکردن لەکەسانی تر، جۆری دووەم گرنگی بەدیوی ناوەوەی مرۆڤ دەدات، بەشێکی تر کەسێتی بەوە دادەنێت تا چەند ئەو مرۆڤە لەنێو کۆمەڵگادا بوونی هەیە، دەڵێت : مرۆڤی کەسێتی دار ئەو کەسەیە کەنرخی کۆمەڵ دەزانێت، مافەکانی ئەندامەکانی دەپارێزێت، بەشێوەیەك خۆی لەکۆمەڵ دا دەگونجێنێت، بەشی چوارەم گرنگی دەدەن بە هەموو نیشانەکانی کەسێتی نیشانە ئاشکراکان و نیشانە شاراوەکان. (١٨)

(( سایکۆلۆژیا لە هەڵوێستیدا بەرانبەر ئەدەب چەند مەسەلەیەك لەبەرچاو دەگرێت، دەشێت گرنگترینیان بریتیی بێت لە قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤ و پێکهاتەی کەسایەتی و ڕێگرەکانی بەردەم ئەو پێکهاتەیەو چەپاندن و کرانەوەو داخران لەو کەسایەتییەدا، هەروەها کاریگەریی سەرچاوەکانی کەسایەتی، پەیوەندی کەسی داهێنەر بەخێزانەکەی و بەپێوەندی بەژینگە کۆمەڵایەتییەکەی، پێوەندی سۆزدارییەکانی بەپێی قۆناغەکانی گەشەکردنی لەمنداڵییەوە تا قۆناغی هەرزەکاری و گەنجێتی و پێگەیشتن و تادەگاتە قۆناغی پیری ))(١٩) ئەم قۆناغانەش وەك هەڵقەو زنجیر پێکەوە پەیوەستن و لێکدی جیانابنەوە، کەم و کوڕی لەهەر قۆناغێکی تەمەندا ڕەنگدانەوەی بەسەر کەسایەتی کەسەکە دەبێت لەقۆناغەکانی تری تەمەندا، وەك ئەوەی کاتێ خانویەك دروست دەکرێت لەسەرەتاوە تاوەکو کۆتایی پێکەوە گرێ دەدرێ، بەم شێوەیەش قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ تەواوکەری یەکترن، بەڵام بۆ توێژینەوەو ئاسان کاری زۆرجار پارچە پارچە دەکرێن و بەجیا باسیان دەکرێت .

( کارنەر ) زۆر جۆری زیرەکی دیاریکردووە لەوانە ( زیرەکی زمانی، زیرەکی ماتماتیکی، زیرەکی شوێنی، زیرەکی جەستە، زیرەکی مۆسیقی، زیرەکی کۆمەڵایەتی، زیرەکی کەسایەتی ) سەبارەت بەزیرەکی زمانی ( الذکاء اللغوی )، ( Linguistic Inleigence ) (( ئەم جۆرە زیرەکییە لەبواری زمان و ئاخاوتن و نووسیندا دەردەکەوێت و ئەو کەسانەی ئەم جۆرە زیرەکییە یان هەبێت، ئەوا لەبواری قسە کردن و گفتوگۆ و مشت ومڕی ئاڵوگۆڕکردنی وشەو دیالۆگدا سەرکەوتوون، لەبواری نووسینی هۆنراوەو نواندن و ڕۆژنامەگەری و نووسینی کتێبدا بەتواناو لێهاتوون و فەرهەنگی زمانیان زۆر دەوڵەمەندە کە سەرەڕای ئەوەش توانای ڕازی کردنی بەرانبەرو کارکردنە سەر کەسانی تریان هەیە و لەڕەوانبێژی و داڕشتن و ڕێزمانیشدا دەستی باڵایان هەیە ))(٢٠)هەر بۆیە لەئەوروپا لەقۆناغێکی زۆر زووەوە کەسایەتی منداڵیان بۆ دەردەکەوێت و توانا و بەهرەی دەدۆزنەوەو بواری بۆ فەراهەم دەکەن و وایلێدەکەن لەبواری خۆیدا گەشەبکات و پێشبکەوێت، چونکە بەپێی بۆ چوونەکەی ( کارنەر ) هەموو کەسێك لەزماندا زیرەك نییە، دۆزینەوەی بواری خوێندن بەپێی زۆر جۆری زیرەکی سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت .

( جۆردن ئۆلیۆت ) دەڵێت : (( کەسایەتی بریتییە لە لەڕێکخراوی دینامێکی ناوەوەی مرۆڤ کە ڕێکخەری هەموو کۆ ئەندامە دەروونی و جەستەییەکانەو تایبەتمەندییەك دەداتە تاك و جیای دەکاتەوە لەکەسانی ترو خۆی سازدانی لەتەك ژینگەدا بۆ دیاری دەکات ))(٢١) دەبینین لایەنی ناوەوەو دەرەوەی مرۆڤ پێکەوە گرێداوە و بەهەموو خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی هەرتاکێکی گوتووە کەسێتی . فرۆید پێی وایە کەسایەتی لە( منی باڵا ) و ( من ) و ( ئەو ) دا بەدەردەکەوێت، پێی وایە ئەگەر پێوەندی نێوان ئەم سێ لایەنە بەهێز بوو، گونجاندنێك لەنێوانیاندا هەبوو، ئەوا بەئەرکی خۆی هەڵدەستێت، بەڵام ئەگەر ململانێ لەنێوان ئەم سێ لایەنە هەبوو ئەوا کەسایەتی لاواز و لێکترازاو دەبێت (٢٢) ( ڕایموند کاتل ) دەڵێت : (( کەسییەتی سیستەمێکە ڕێگە دەدات تێبینی ئەو چالاکییانە بکرێت کە مرۆڤ لەبارودۆخێکی تایبەتی و دیاریکراودا بەئاکامی دەگەیەنێت، بەم شێوەیە کەسایەتی هەموو جۆرە چالاکییەکی دیارو نادیاری تاك دەگرێتەوە )).(٢٣) دەبینین ( ڕایموند ) لە گوتەی چالاکی دیارو نادیاردا ئەوە بەدەردەکەوێت، کەوا شۆڕ بۆتەوە ناخی مرۆڤ و نەستیش بەشداردەکات لەئەنجام دانی چالاکییەکان دا، یان ئەوانەی نادیارن و لەناخەوە بوونیان هەیە .

د. وەلید قەساب دەڵێت : (( ئەو شتەی گومان لێکراونییە ئەوەیە، لایەنی دەروونی پێکهاتەیەکی ڕەسەنە لەنێو ئەدەب دا ؛ ئەدەب لەجەوهەری دەروون دایە، تاقی کردنەوەیەکی هەستییە، وەڵام دانەوەیە بۆ کاردانەوەی دەروونی دیاریکراو ))(٢٤) دەروونی دیارکراو بەو واتایەی دەروونی هەر تاکێك بەپێی کەسایەتی تاك و بارو دۆخ دەروونێکی جیاوازە لەتاکێکی تر . هەر لەو بارەشەوە ( د. ئەحمەد عزت راجح ) دەڵێت : (( کەسایەتی هەڵگری سیفاتی جەستەیی و ئەقڵی و میزاجی و کۆمەڵایەتی و چۆنییەتی دروست بوونی کەسەکەیەو، کە مرۆڤێك لە مرۆڤێکی تر جیادەکاتەوە بەشێوەیەکی دیاریکراو ))(٢٥) کەسێتی داهێنەر ئەو کەسێتییەیە کەهەڵگری بۆماوەیی و بەهرەو کارتێکردنی ژینگەو دەوربەرو بارو زروف و سەردەم و شوێنی ژیان ... هتد دەگرێتەوە لەناخی دەروونی ئەدیبێکدا کۆدەبێتەوەو لەبوارەکانی نووسیندا ڕەنگدەداتەوە .

## داهێنان و هەوڵەکانی لەتیف هەڵمەت :-

لەتیف هەڵمەت شاعیرێکی داهێنەر و ڕەچەشکێن هەر لەکۆتایی شەستەکان خۆیی و کۆمەڵێ هاوڕێی لەهەوڵی گۆڕین و نوێکردنەوەی ئەو بارە وەستاوەی شیعری کوردی بووین لەو بارەیەوە لەتیف هەڵمەت دەڵێت : (( لەساڵی ١٩٦٣ دا یەکەم شیعرم لەکفری بەبۆنەی شەهید بوونی بیست و هەشت پێشمەرگەی قارەمانەوە ... نووسی، یەکەم شیعرم لەژمارە نۆی گۆڤاری ڕزگاری لەساڵی ١٩٦٩دا بڵاوکردۆتەوە ... کە بەکوردی یەکەم دەقی شیعری و یەکەم بانگەشەی نوێگەرییە ... لەدوای نوێگەرییەکەی ( گۆران ) لەناوەندی شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە، زۆربەی شیعرەکانم، بەتایبەتی ئەوانەی ناو کۆمەڵە هۆنراوەی یەکەمم ( خواو شارە بچکۆڵەکەمان ) لەو بەرنامەدا بڵاوم دەکردەوە کە ( جەلالی میرزا کەریم ) و ( عەبدوڵلاعەباس ) ئەوسا لەڕادیۆی کوردی بەغداوە پێشکەشیان دەکرد، ئەودەمە تەنها ئەو ڕادیۆیە هەبوو بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو دەقانە، شایەنی باسە ماوەیەکیش مامۆستا محمد مستەفا کوردی بەرنامەیەکی بەناوی هەڵبەست و مۆسیقاوە لەڕادیۆی کوردی بەغداوە پێشکەش دەکرد ))(٢٦) واتا لەتیف هەڵمەت هەر لەسەرەتای لاویەتییەوە خەمی نوێگەری لەگەڵ دابووەو هەولی بۆ داوە، چونکە هەر لەمناڵییەوە لە نێوکتێبخانەکەی باوکی چاوی هەڵهێناوەو لەڕێی زمانی عەرەبیشەوە ئاگاداری شەپۆل و تەوژمە نوێگەرییەکانی ئەدەبی لە وڵاتانی عەرەبی و جیهانیش بووە .

عەتا قەرەداخی دەڵێت : (( لەتیف هەڵمەت یەکێکە لەو شاعیرانەی نەوەی دوای گۆران کەلە مێژووی شیعری نوێی کوردیدا جێگای دیارو لەبەرچاوی هەیەو بەرهەمە دیارەکانی ساڵانی حەفتاکانی بەشدارییەکی جدین لەئەزموونی شیعری کوردی دوای گۆران داو یەکێکە لەدەنگە هەرە دیارەکانی نەوەکەی خۆی و لەڕووی داهێنان و گەڕان لەدوای تازەگەری لەشیعری کوردیدا لەڕیزی پێشەوەی هاوچەرخەکانی خۆی بووە ))(٢٧) بێگومان لەکۆتایی شەستەکان و لەسەرەتای حەفتاکان ناوی گروپی کفری و گروپی ڕوانگە دەبینین، لەتیف هەڵمەت لەم بارەیەوە دەڵێت : (( ئێمە گروپی کفری هەروا ڕەمەکی کارمان نەدەکرد، بێگومان بە بەرنامەیەکی تیرو تەسەل و بە یاخیبونێکی پڕ ئاگادارییەوە کارمان دەکرد بۆ ئەو مەبەستەش سودی گەورەمان لەشاعیرانی نوێخوازی عەرەب و جیهان وەرگرتبوو، بەڵام گروپی ڕوانگە لەژێر کاریگەرێتی دەقەبڵاو کراوەکانی ئێمە بیروڕا ناوەکییەکانی ئێمە دا ڕاچڵەکین و تێگەیشتین کە لە کاروان بەجێ ماون و ئەنجا بەپەلە پرووزێ و چەواشەیی بەبێ بەرنامە خۆیان بەهێڵی نوکەریدا هەڵواسی و هەندێکیان توانییان لەبواری شیعرو چیرۆك دا دەقی سەرکەوتوو بنووسن ))(٢٨) دواتر لەتیف هەڵمەت درێژە بەقسەکانی دەدات و دەڵێت : ((ڕوانگە هێلکەیەکی پیس بوو هیچی هەڵنەهێنا، چونکە لەمەسەلەی نوێخوازی دا ڕەسەن نەبوو، بەڵکو لاسای کەرەوەی کەسانی دی بوو، لەبەر ئەوە گروپی ڕوانگە هەر زوو زوو پساو هەڵوەشایەوە و هیچیان بەهیچ نەکرد ))(٢٩)

من لەگەڵ ئەم بۆ چوونەی ( لەتیف هەڵمەت ) نیم، چونکە ئەم جۆرە هەست دەربرینە جۆرە توڕە بوونێك و ناهەقییەکی تێدایە، ئێمە دەتوانین بڵێین ( لەتیف هەڵمەت ) نوێگەرە و گروپی کفری کاری باشیان کردووە، بەڵام ناکرێ هێڵێکی ڕاست و چەپ بەسەر ( گروپی ڕوانگە ) دا بهێنرێت، من دەڵێم نەخێر ڕوانگەش خاوەن بەرنامە بوو، ڕوانگە هێلکەیەکی پیس نەبوو، بەڵکو ڕوانگە نەك هێلکەیەك، بەڵکو گەرای کرمی ئاوریشم بوو بەدەیان تاڵە ئاوریشمی نوێگەریی هۆنییەوە.

بێگومان ڕوانگە خاوەن بەرنامە و بەیاننامە بوون، لەساڵی ( ١٩٧٠ ) لەڕۆژنامەی ( هاوکاری ) بەیاننامەکەیان بڵاوکردەوەو هەر لەم ڕۆژنامەیدا گۆشەیەك بەناوی ( ڕوانگە یاران و نەیارانی ) کە بۆ ماوەی چوار ساڵ بەردەوامی هەبوو، بەبەردەوامیش دەمەتەقێ لەسەر گۆڕانکاری دەکرا و توانیان تەکانێکی باشیش بەڕەخنەی ئەدەبی کوردی بدەن، بێگومان یارانی ڕوانگە ( شێرکۆ بێکەس، حسێن عارف، صلاح شوان، کاکەمەم بۆتانی ) بوون، نەیارانی ڕوانگەش زۆربوون لەوانە ( فوئاد قەرەداغی) ... هتد .

( لەتیف هەڵمەت ) دەڵێت : (( بەیاننامەی سوریالییەکان ... دادائییەکان بەیاننامەی شیعری ( ٦٩ ی ) عێراقی هەریەك لە ( فاچل عزاوی ) و( سامی مهدی ) و( فوزی کریم )و( خالدعلی مستەفا ) کە بەڕەگەز فەلەستینی و لەعێراق دەژیا . ئەو بابەتانەی کەلە گۆڤاری شیعری ( ٦٩ ) دا دەردەچوون ( بەش بەحاڵی خۆم نەك وەك گروپەکەم ) دەڵێم ئەو بابەت و بەیاننامانە زۆر کاریان تێکردم هەر بۆ نموونە ؛ هۆنراوەی ( هنا هواسمی ) ئەدۆنیس کە یەکێك بوو لە هۆنراوە مەزنەکانی ئەو سەردەمە کە بەزمانی عەرەبی نووسرابوو ... ))(٣٠) بەئاگابوون لەم هەموو پێشکەوتنە مەزنانە وای لە لەتیف هەڵمەت و هاوڕێکانی کردووە، کە خەمی ئەوەبخۆن شیعری کوردی لەو بارە چەسپاوە ڕزگار بکەن .

لەتیف هەڵمەت سەبارەت بەگروپی کفری ئەو کەسانەی کە لەگەڵی بووین دەڵێت : (( گروپی کفری کە بریتی بوون لە ئەنوەر شاکەلی، ئەحمەد شاکەلی، لەتیف هەڵمەت ( خۆم )، لەدوایدا، ( کەنعان مەدحەت ) هاتە ڕیزمانەوە . هەروەها ئەندامێکی ترمان هەبوو سەرەتا لەهەولێر دوایی بۆ کەرکوك هات، بەڵام هەر لێمانەوە نزیك بوو، ئەویش چیرۆك نووسی جوانە مەرگ ( لەتیف حامید ) بوو کە لەکفری سەردانی دەکردین وەك هاووڵاتی خۆی بەخەڵکی کفری دەزانی ... دەتوانم بڵێم ( عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی ) یەکێ لەژمارەکانی ئاڵای ئازادی دا ئاماژەی بۆ کردووە، ئەندامێکی ترمان بەناوی ( هیشام تاهیر بەرزنجی ) هەبوو، ئەویش هەمان بیروڕای ئێمەی هەبوو، بەتایبەت لەمەسەلەی تازەگەریدا، ئێمە گروپەکەمان بەگشتی منیش بەتایبەتی لەگەڵ ( ئەنوەر شاکەلی ) و (هیشام ) ئەم سیانەمان بەزۆری بەرهەمە تازەکانی خۆمان لەبەرنامەکانی ئێزگەی کوردییەوە دەخستە ڕوو، تەنانەت کاتێ جەمال شارباژێریم بینی پێمی گوت تۆ بەلامەوە غەریب نیت، زۆربەی ئێواران گوێبیستی هۆنراوەکانت بووم، ئەوانەی لەئێزگەی کوردی پەخش دەکران. . ))(٣١)

لەتیف هەڵمەت لە چاوپێکەوتنێکی گۆڤاری لڤین دا دەڵێت : (( شێرکۆ بێکەس لەدیدەنی ڕۆژنامەی ڕێبازی ئازادیدا دەڵێت : ( تەمەنام دەکرد لەساڵی حەفتاکاندا شێتییەکەی لەتیف هەڵمەتم هەبا) ))(٣٢) لەم بارەیەوە د. کەمال میراودەلی دەڵێت : (( لەتیف هەڵمەت نەك هەر بەشیعر شێت بوو، بەڵکو بەڕوخساریش دیاردەیەکی سەیر بوو ))(٣٣) شێت بوون بە واتای هەڵگەڕانەوە لەشتە سروشتیەکان؛ بەواتای ڕووکردنە نوێگەری و کۆڵنەدان و شێتگیری دێت، شێتی بەواتای بیرکردنەوەو نیشان دانی پێچەوانە دێت، کەلەم ڕۆژگارەدا یاخی بوون و نیشاندانی شێتی کۆڵ نەدان و ڕووبەڕوو بوونەوە بۆ مەرامی نوێخوازی پێویست بوو، لەم بارەیەوە ( لەتیف هەڵمەت ) دەڵێت : (( ئەمە لەکفرییەوە دەستی پێکرد ( من و فەرهاد شاکەلی ) ئەوسا ناوی ئەنوەر شاکەلی بوو، کفری شارێکی داخراو بوو، کە ئەچووین بۆ کتێبخانەی کفری کتێب وەربگرین بۆ ئەوە دەچووین خەڵك پێی قەلز بێت، چونکە خەڵك پێی ناخۆش بوو خەڵك هەموو ڕۆژێك بچێ بۆ کتێبخانە، ئەهاتین لە ناو جادەی کفری دەمانخوێندەوە، یان جەریدەکانمان دەکری من سەرێکم ئەگرت ئەو سەرێکی ئەگرت

نەشمان ئەخوێندەوە هەر ئاوا ملمان بەسەریدا شۆر دەكردەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین كە دژی شەپۆلین، كە ئەچووینە چایخانەیەكەوە دا ئەنیشتین پازدە بیست كتێبمان لەبن دەستمان دادەناو نەشمان ئەخوێندەوە، هەر بۆ ئەوەی ئەو خەڵكە ئەقڵیەتی ئەوەی نییە ئەو كتێبە بخوێنێتەوە و بزانێ چییە ؟ ئێمە دژی شەپۆل ئیشمان دەكرد، دژی شەپۆل ئیش كردن لەكفرییەوە دەست پێدەكا، كە لەكەركوكیش زۆرجار لەگەڵ ( سەلام محەمەد ) ... دەچوینە چایخانەكانی ئیمام قاسم، لە ئەحمەد ئاغا كولێرەیەكمان ئەخوارد بەدووسێ چاوە و ئەچوینە سەرمێزی چایخانەكەو شیعرمان ئەخوێندەوە، وایلێهات چایخانەكەمان بێزار كردبوو كە رووومان ئەكردە چایخانەكە كولێرەو چایەكە بخۆین، ئەیان وت : هارەكان هاتن ))(٣٤) هەڵبەتە (( كەسایەتی داهێنەر ئەو سەركەشی و ئازایەتییەی تێدایە، كە بەسەر بەربەستەكان و مەرج و بازگەكاندا زاڵ بێت، فراوانی خەیاڵی وادەكات كە شتەباوەكان لەبەرچاو نەگرێت و كار بەچەمكی پابەندبوون نەكات ))(٣٥) سەبارەت بەنوێگەرییەكانی لەتیف هەڵمەت ئەوا (( گۆڤاری ڕوانگە لە ٢٥ / ٤ / ١٩٧٠ دا بڵاو كراوەتەوە، بەر لەم مێژووە لەتیف هەڵمەت دیوانی خواو شارەبچكۆڵەكەمان ) ی هەبووە )).( ٣٦) ( لەتیف هەڵمەت )لە ژمارە ( ٩ ) گۆڤاری ( ڕزگاری )دا دەقێكی شیعری نوێگەری بڵاو كردۆتەوە كە شاعیر بەجۆرە بەیاننامەیەكی دادەنێت ئەگەر سەیری چەند بڕگەیەكی بكەین كە دەڵێت :

**من بەڕزگارییەوە**

**بۆ ڕزگاری ئەگەڕێم**

**لەپشت دیواری مەرگەوە دەس ئەگرم**

**بەو پەنجەرانەوە كە بەهەشتی ئاواتم**

**ئەینوێنن**

**هەڵبەستی قووڵ وشەی تەماوی ... چیرۆكی ژێر هەور**

**ڕستەی كەفاوی**

**وێنەی ناو گەردەلوول**

**یادگاری ناو ڕەشەبا ( ٣٧)**

دەتوانین بڵێین ئەم شیعرە لەڕووی ڕوخسارو ناوەرۆكیشەوە تێپەڕاندنی تێدایە و لە شێواز و نەمەتی ( گۆران ) ی شاعیر تێپەڕ بووەو ڕەنگ و ڕوویەكی نوێی هەیە و پەخشانە شیعرە و لەجۆری وێنەو داڕشتن و دابەشبوونی لەتەكان هەست بەو نوێگەرییە دەكەین . زۆر لەڕەخنە گرانیش لەو بڕوایەدان كە لەتیف هەڵمەت یەكەم شاعیری كوردە كە پەخشانە شیعری داهێناوە .

لە چاو پێكەوتنێكا لەتیف هەڵمەت بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەكانی دایەوە، چەمكی داهێنان چییە ؟ (( چەمكی داهێنان بەلای من نووسەری گەورەو نەمر ئەوەیە كە بەشوێن پێی خەڵكی تردا نەڕوات ؛ خۆی ڕێگایەكی تازە بۆخۆی بكاتەوە، باوەڕت بێ ڕەنگە من تاقیم كردۆتەوە بەگەنجی جۆرە جلێكم لەبەركردووە كۆمەڵگا لەبەری ناكا، مەسەلەن لەفیستیڤاڵەكانا شەپقەیەكی كابۆی ئەمریكی، كەعەصابە ئەمریكیەكان لەسەری دەكەن من ئەوانەم لەسەر دەكرد، بەڵام سەیرم كرد كۆمەڵگا قەت تەحەمولی ئەو شتانە ناكا . ئەگینا حەزم دەكرد چاكەتێك لەبەر بكەم قوپچەی نەبێ، ئەگەر خۆم خەیات بوومایە، ڕەنگە خۆم جۆرە جلێكم بۆ

خۆم دروست بکردایە لەجلی خەڵکی نەچووبوایە، لەبەر ئەوە کە ئەنووسم شتەکانم لەشتی خەڵك نەچێ ئەگەر چی وابزانم ( متەنەبی ) وتی ئەوەی من دامهێناوە پێشینانی من نەیان کردووە، یەکێکی تر گوتویەتی لەحروفی عەرەبی بیست و هەشتە تۆ بیکە بەبیست و نۆ، من باسی ئەوە ناکەم پیتەکان و حەرفەکان و زمانەکان هەر زمانی کوردییە، بەڵام هەوڵ ئەدەم هەوڵیشم داوە کە بەجۆرێك بنووسم لەنووسینی خەڵکی تر نەچێت داهێنانیش ئەوەیە بە شێوازێك بنووسیت ئەگەر هونەرمەندی شێوەکاری بەشێوەیەك تابلۆکانت سازبکەی لەهی هونەرمەندێکی تر نەچی هی شاعیریش شیعرەکانی لەهی کەسی تر نەچێت، من لەشیعرا زۆر بایەخ بەهونەری شێوەکاری ئەدەم ناوی چەندین هونەری شێوەکاری دەتوانم بڵێم لەسەر تابلۆی شێوەکار مامەڵەم لەگەڵ زۆر تابلۆ کردووە، لەهەندێك شیعری بڵاو نەکراوەشما هێشتا بەردەوامم لەگەڵ ئەم تابلۆیانە من بەمناڵیش زۆر حەزم لەهونەری شێوەکاری بووە، بەڵام بەداخەوە نەمتوانییوە بەفڵچە ئیش بکەم، بەڵام بەقەڵەم جۆرێك لەجۆرەکانی هونەری شێوەکاری ئەنجام بدەم لەشیعردا ))(٣٨)

(( ئێمە هەر بەگەنجێتی لەگەڵ ئەو هاوڕێیەم دا ( فەرهاد شاکەلی، ئەحمەد شاکەلی، کاك عەلی عەبدوڵڵا ) لەوناوچەیە کە تەعریب کرابوو هەوڵمان دا گۆڤارمان بەدەست ئەنووسییەوە ئەو گۆڤارانە بەسی نوسخەو چل نووسخە بڵاومان دەکردەوە لە نێوبرادەرانی خۆمان، لەبیرمە گۆڤارێکمان دەردەکرد بەناوی (( شەپۆلەکان )) گۆڤارێکمان دەردەکرد بەناوی (( دێینە )) گۆڤارێك بەناوی(( بەرزنجە )) ئیتر (( دێینە )) ئەوا کاك ئەحمەد لەدێی دێینە بەناوی دێیەکەی خۆیانەوە بوو .

من بەناوی عەشیرەتەکەمەوە، لە ( شەپۆلەکان ) دا گەیشتینە قەناعەتێك کە هەموو تەوژمەکانی تێدا بوو ئەوسا لەڕێگای مجەلەی ( أدابی ) بەیروتی و شیعری لوبنانییەوە کە ئەدۆنیس و شەوقی ئەبو شەقراوی و( یوسف الخاڵ ) و بابڵێین محمد ماغوت دەردەچوو بەتایبەتی ( ئەدۆنیس ) و ( یوسف الخال ) و شەوقی ئەبو شەقراو ئێمە لەڕەوتی ئەوانەوە کە ئەم گۆڤارانە باسی ( کامۆ ) و ( سارتەر ) و ( کافکا ) و ئەوانەی تێدابوو وەهەروەها مجەلەی ( العامل فی النفگ ) سەردەمێك جبرا ئیبراهیم جبرا سەرپەرشتی دەکردوو سەرنووسەری بوو ئەویش هەرباسی ئەدەبی ئەورووپی زۆر تیابوو بابڵێین ( ئیلیۆت ) و ( ڕامبۆ ) و ( بۆدلێر ) و ئەوانەی تێدابوو ئێمە هەر لەگەنجیەتییەوە لەڕێگای ئەم گۆڤارانەوە ئەو کەسە یاخیانەی ئەدەبی ئەوسامان ناسی زائیدەن ( بەدرشاکرسەیاب ) و( عەبدولوەهاب بەیاتی ) و ( ناسك المەلائیکە ) و ( ئەحمەد حیجازی ) و ( مەحمود دەرویش ) و( سەمیع القاسم ) و ( تۆفیق زیاد ) و ( بلّند حەیدەری ) و ئەتوانم بڵێم کاریگەری هەموو ئەو شاعیرانەی کەناومان بردن لەسەرمان بوون، کاریگەری نازك مەلائیکەمان لەسەر نەبوو بەڕەئی من ئێستاش ڕەئیم وایە، نازك مەلایەکە مونەزیرێکی گەورەی شیعرە بەس شاعیرێکی زۆر گەورە نییە، شیعرەکانی نەیتوانیووە بازنە توووند کراوەکانی شیعری عەرەبی بشکێنێ ئەگەر چی یەکەم شیعر ئەو شکاندی لەشیعری ( کولێرا )یە، بەڵام دواتر بەحەزەرەوە هەنگاوی ناوەو نەیتوانیووە وەکو ( بەیاتی) وەکو ( بلّند ) وەك و (ئەدۆنیس ) وەکو ( یوسف الخال ) وەکو ئەمانە بچێتە پێشەوە ))(٣٩)

لەنێو ئەدەبی کوردی کەباسی گۆران و شێخ نووری دەکرێ هەندێ کەس دەڵێن گۆران ڕابەرەو هەندێ کەس دەڵێن شێخ نووری ڕابەرە، ئەوەی ئێوەش تەقریبەن وای لێهاتووە، هەندێ کەس دەڵێن لەتیف هەڵمەت ڕابەرە هەندێکی تر دەڵێن شێرکۆ بێکەس ڕابەرە چۆن هەڵسەنگاندنێك بۆ ئەوە دەکەی ؟

(( ئەوە مێژوو دەق قسەئەکا دەقەکانم چ ئەو دەقە ئەدەبییەی کە وەکو بەیاننامەیەکە چ وەکو شیعرێکە لەگۆڤاری ( ڕزگاری ) ساڵی ( ١٩٦٩ ) بڵاوم کردۆتەوە، چ خواو شارە بچکۆڵەکەمان ئەمانە هەمووی پێش بەیانی ڕوانگە کەوتووە، کاك شێرکۆ هەتا کازیووە ئەوە ڕەئی خۆمە نەیتوانیوە بچێتە ناو جیهانی نوێی حەقیقەتی شیعر، کە ئەڵێن شیعری نوێ شیعرێکی نوێ هەیە مزەوەرە یەعنی کامڵ نییەو پێنەگەیووە، کاك شێرکۆ لە ( کازیوە ) دا سەدا سەد شیعری نوێی پێشکەش کردووە، ئەگەر بەو مێژووەش و بەکام مێژوو بیپوین هەر جەماعەتی کفری و لەسەرەتای جەماعەتەکەوە خۆم پێش شێرکۆم ئیتر مێژووش قسە دەکات من لەساڵی ( ١٩٦٩ ) ئینجا لە حەفتا، دیوانی خواو شارە بچکۆڵەکەمان، لەساڵی ( ١٩٧٦ ) دا کە هێشتا کاك شێرکۆ ئەو شیعرە شۆڕشگێرانەی بڵاو نەکردۆتەوە، من یەکەم دەقی شۆرشگێڕی کە شیعری نوێیە لەگۆڤاری ( ڕۆژی کوردستان ) دا بڵاوم کردۆتەوەو دکتۆر ئەرسەلان بایزیش کە لەدکتۆراکە تەلمیح بەوە ئەدا کە یەکەم وەجبە شیعری شۆڕشگێرانە لەدوای پیلانی جەزائیر من نووسیومە ( لەتیف هەڵمەت ) نووسیوویەتی، ئەو شیعرانەی کە جەنابت خوێندۆتەوە ئەو پەڕی نوێگەری تێدایە، کاك شێرکۆ ئەگەر شیعرەکەی کێش و سەروای نەبێ لێی ئەنووسێ ( پەخشانە شیعر ) یان ( شیعری پەخشان )، بەڵام پەخشانە شیعر لای من نییە هەر هەمووی شیعرە شیعر شیعرە ئینسان ئینسانە، بە بەرگەوە بێت یان بەڕووتی، شیعریش چ بە سەرواوە بێت چ بەڕووتی هەر شیعرە ئەگەر جوان بێت ))(٤٠).

**دژە باو لەشیعرەكانی لەتیف هەڵمەتدا :-**

لەتیف هەڵمەت هەر لەسەرەتای شیعر نووسینی خەمی گەورەی نوێگەری بووەو هەمیشەش هەوڵی داوە دژە باوبێت جا چ لەبواری نووسین یاخود لەهەڵسوكەوت كردن و جل و بەرگ لەبەركردن و ... هتد هەر لەوبارەشەوە لەتیف هەڵمەت دەڵێت : (( من هەستم كردووە من كەسێك نیم وەك گەنجێكی تر، من لەبیرمە زۆر جار ڕەسمێكم هەیە سەرم لێرەوە تاشیووە ] واتا لەسەرووی كوێچكەكانی [ هەستم كرد كەس سەری وا نەتاشیووە، جاری وا هەبووە سەرم لەسەرووی ئەوەشەوە تاشیووە، بەڵام ئەو سەردەمە كامیرا كەم بووە، جاری واش هەبووە شوانەكان چۆن تاشیویانە ( قۆچی تاشیان ) پێدەگوت من ئیعتیادی وامدەكرد، بەس گەنجێكی تر لەڕووی نەدەهات وا بكا ))(٤١) ( لەتیف هەڵمەت ) لەژیانیشی دا كەسێك بووە نەیویستووە لەگەڵ عامی خەڵك ڕێ بكات، بەڵكو لەجل و بەرگ و بیركردنەوەش هەر دیدی جیاواز بووە ئەوەتا دەڵێت : (( حەزم دەكرد دژی شەپۆل ئیش بكەم، ئێستا لەو شارەی منی تێدا بوو كەس خەنافسی نەبوو گەر بگەڕێیتەوە بۆ ساڵانی ( ١٩٦٠ ) تەكان، كەسێك نەبوو لەكفری كە خەنافسی هەبێ، تەنهاو تەنها یەكێك خەنافسی هەبێ لەتیف هەڵمەت بووە، ئەویش ئەو كات ناوی لەتیف هەڵمەت نەبوو ناوی ( لەتیف شێخ مەحموود شێخ محەمەد بەرزنجی ) بوو، ئینجا ئەو ناوەو خەنافسیش شێتییەكە تەمەڕودێكە یاخی بوونێكی گەورە بوو ))(٤٢) تەنانەت لە جل و بەركیش شتی سەیرو سەمەرەی لەبەركردووە، ئەم جۆرە بیركردنەوانە لەجیهانی شیعرەكانیشی ڕەنگدانەوەی هەیە، چونكە شیعر هەرچەندە خەیاڵاوی بێت ئەوا ناتوانێت پێ لەئەرزی واقیع جیابكاتەوە ئێمەش چەند نموونەیەكی شیعری دەهێنینەوە كە دژە شەپۆل ئیشی كردووە وێنەكان و بەسەرهات و بابەتەكانی ئاوە ژوو كردۆتەوەو شیعری لێخوڵقاندوون ( لەتیف هەڵمەت ) لەم وێنە شیعرییەدا دەڵێت :-

**ئەی سۆفیانی بەڕۆژوو**

**بۆچی دەمرن ... خۆهێشتا زۆر ماچ ماوە ڕۆژووی**

**پێ بشكێنن**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب٢ : ١٩١ )

دەبینین شاعیر شتێكی پێچەوانەی هێناوەتەوە بۆ سۆفییەكان، چونكە سۆفی خۆی بەدوور دەكرێ لەخۆشییەكانی جیهان خۆیان، بەدوور دەگرن لەماچ، كەچی شاعیر ماچی داناوە بۆ ڕۆژوو شكاندنی سۆفییەكان، ماچ لێردا جگە لەمانا ڕاستەقینەكەی خۆی، خواستراوە بۆ زۆر شت، ماچ مەدلولی تری هەیە، واتا هێشتا زۆر شت ماوە كەهێشتا لێی تێنەگەیشتوونە، هێشتا پێویستیتان بەزكری زۆرتر هەیە ئەمانە و كۆمەڵی مانای تر .

شاعیر لەپۆستەرە شیعرێكی تردا دەڵێت :

**دەتوانم هەزار چوار گۆشەی وەك :**

**مەمكی كچان**

**بەپرگاڵێك دروست كەم**

**دەتوانم هەزاران هێڵی خوارو خێچی**

**وەك باڵای كچان**

**بەڕاستەیەك بكێشم** ( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب٢ : ٤٤٢ )

شاعیر لێرەدا دوالیزمێكی دروست كردووە دوو شتی دژی پێكەوە هێناوە، بێگومان زمانی شیعر ئەو زمانەیە كەلە كرۆكی خۆی هەڵدەگەڕێتەوەو شیعریەت دەخوڵقێنێت، ئەوەتا مەمكی كچان كە خەڵك بەخرو بازنەیی دادەنێت شاعیر بەچوار گۆشەی چواندووە، هەرلە شاعیرانی كلاسیكەوە تاوەكو شاعیرانی ئێستا كەم و زۆر باڵای ئافرەتیان بەتیر چواندووە كە مانای باڵا بەرزی و ڕێك و جوانی ئافرەتەكە دەگەیێنێت، بەڵام شاعیر هێڵی خوارو خێچ دەكێشێت بەڕاستەیەك، بێگومان ئەگەر ڕاستە بەكار نەهێنین ئەشێ ئەو هێڵەی دەكێشرێ كەمێ خوار دەربچێت، بەڵام هێڵە خوارەكەی شاعیر كە بە باڵای ئافرەتانی چواندووە، ئەوا بەڕاستەش كێشراوە، لێرەدا ئەم وێنانە شێوەی سوریالی لەخۆدەگرن و لەهەمان كاتیشدا وێنەی نوێن، چونكە شاعیر بەپێچەوانە بەكاری هێناون، ئەگەر باڵای ئافرەت بەتیر و مەمكی بەبازنە بچویندبا ئەوا دوو وێنەی زۆر كۆن دەبوون و سەرنج ڕاكێش نەدەبوون . بێگومان پرگاڵ هێڵی بازنەیی دەكێشێت، بەڵام شاعیر چوارگۆشەی پێكێشاوە .

شاعیر لەدەربڕینێكی شیعری تردا دەڵێت :

**دوو دەم**

**گۆڕێك دروست دەكەن**

**دوو تفەنگیش ... ماچێك !**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب٣ : ٣٩ )

بێگومان شتێكی ئاشكرایە كە شاعیر ئاڵوگۆڕی لەنێوان ئەم دوو وێنەیەدا كردووە، ئەگەر وەك خۆی بەكاری بهێنایە ئەوا زۆر سادە و سەرپێی دەبوو، چونكە هەموو كەسێك دەزانێت كە لە دوو دەم ماچ دروست دەبێت و تفەنگیش دەبێتە هۆی وێرانكاری و مردنی كەسەكان، لەم ئاوەژوو كردنەوەیە سەرنجی خوێنەر ڕادەكێشێت و هەڵوەستەیەكی لا دروست دەكات .

شاعیرلە شیعرێكی تردا دەڵێت :-

**دەڕۆم**

**لەسووچی مەیخانەیەكدا**

**مز گەوتێك دروستدەكەم بۆ خۆم**

**دەڕۆم**

**لەگۆشەی مزگەوتێكدا**

**نەودو نۆ ناوەكەی خوا**

**بەپێكێ مەیەوە دەخۆم**

**دەڕۆم**

**لەكەعبەدا دەس بەقوڵغی سوراحی عەشقەوە دەگرم**

**دەڕۆم**

**لەسەر سنگی كچۆڵەیەكی عاشقدا**

**دەس بەئەڵقەی پیرۆزی کەعبەوە دەگرم**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب٣ : ٤١ )

لێرەشا وێنەکان بەئاشکرا دیارن و ئاوەژووی لەنێوان شتەکان کردووە و بیرکردنەوەیەکی سۆفییانەی خزاندۆتە نێو ئەم شیعرەو شاعیر لەسوچی مەیخانەیەکا مزگەوتێك دروست دەکات و بێگومان مزکەوت بۆ عیبادەت کردن و بۆ نوێژکردنە، شاعیر لەم مزکەوتەدا بەمەی سەرخۆش دەبێت بۆ زیکری خودا شاعیر دەیەوێت هەر نەوەدو نۆ ناوەکەی خودا بەمەی بخواتەوە، بەواتای ئەوەی ئەو ناوانەی خودا، ئەوەندە کارم تێدەکەن و ئەوەندە بەقووڵی دەچمە ناوەخنیانەوە سەرخۆش و بەدمەستم دەکەن، سەرخۆشی و بەدمەست بوون لەنێو سۆفیگەریدا وەکو زاراوەیەك مانای فەنا بوون و نزیك بوونەوەیە لەخودا، جاری سێیەم شاعیر لەسەر سنگی پیرۆزی ئافرەتێکەوە دەست بەکەعبەوە دەگرێ، بەم شێوەیە چەند شتێکی دژی هێناوەتەوەو بنیادی شیعرەکەی لەسەر دروست کردووە، ئەم جۆرە شێوازە لەسەرجەم دیوانەکاندا بوونیان هەیە، بەڵام زیاتر لەدیوانی دووەم و سێیەمدا هەیە، جگە لەم چەند شیعرەی هێنامانەوە لێرەشدا ئاماژە بە لاپەڕەی ئەو شیعرانە دەکەین کە لەدیوانەکانی هەیەو هەمان دیاردەی پێچەوانەکردنەوەیان تێدا هەیە، لەوانە لە دیوانی دووەمدا لە لاپەڕەکانی ( ٥٢٩، ٥٥٥، ٥٥٦، ٥٨١، ٥٩٤، ٦١٦ ) لەدیوانی سێیەمیش دا لە لاپەڕەکانی ( ٣٦، ٤١، ٤٥، ٥٠، ٥٣، ١٤٣، ١٨٧، ٣٢٥، ٣٢٦، ٣٣٤، ٣٧٢، ٣٧٥، ٣٧٨، ٣٩٣، ٢٤٢، ٢٤٥ ).

**سایكۆلۆجییەتی خەیاڵ :-**

خەیاڵ یەكێكە لە ڕەگەزە سەركییەكانی شیعر، خەیاڵ خاڵی چێژبەخشینە، بێگومان شیعر لەكۆمەڵێ شت پێكهاتووە لەوانە خەیاڵ، سۆز، هەست، نەست، واقیع مۆسیقا... هتد، بەڵام خەیاڵ ڕەنگرێژی شیعر دەكات، مرۆڤ لەبوونی خۆیدا حەز لەخەیاڵ دەكات، لەنێو بابەتە ئەدەبییەكانیش دا خەیاڵ سایكۆلۆجییەتی چێژبەخشینی هەیە و سیحری جوانی بابەتە ئەدەبیەكە دەردەخات، فەنتازیا و بەرگێكی جوان بە بابەتە ئەدەبییەكان دەبەخشێت .

(( هەر ئەندێشەیە دەتوانێت بابەتەكان ڕەنگا و ڕەنگ بكات و ڕەنگ و سیمای جوانیان پێببەخشێت و لەجێی خۆیان بەرزیان بكاتەوەو باڵیان بۆ بڕسكێنێت و ... ڕوحێكی ئەفسوناوییان پێببەخشێت و بیفڕێنێت بۆ ئەو دیوی ئەقڵ و سەرسامی و چێژو گەرم و گوڕی بەخوێنەری دەق بدات ))(٤٣) چونكە بەشێكی زۆری چێژبەخشینی دەق لەڕێی خەیاڵەكەیەتی، بێگومان هەموو شیعرێك تاڕادەیەك خەیاڵی تێدایە، بەڵام ئێمە هەندێ شیعری ( لەتیف هەڵمەت ) وەردەگرین كە خەیاڵێكی فراوانیان لەخۆگرتووە .

لەتیف هەڵمەت لەپۆستەرە شیعرێك دا دەڵێت :-

**من دەتوانم**

**هەموو شینایی ئاسمان**

**دڵۆپ دڵۆپ بلێسمەوە بەزمانم**

**درێژترین هۆنراوەی پێ بنووسم بۆ :**

**نیشتمانم**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب١ : ٥٧٨ )

شاعیر فەنتازیایەكی فراوان بەكار دەهێنێت، دەیەوێت سەرنجی خوێنەر ڕابكێشێت و لایەنی دەروونی داگیر بكات، ئەوەتا خەیاڵی خۆی ئەوەندە فراوان كردۆتەوە، كە شینایی هەموو ئاسمان بەزمانی خۆی دەلێسێتەوە، زمانیشی وەكو قەڵەمێكی پڕ لە مەرەكەب داناوە كە درێژترین هۆنراوەی بۆ نیشتمانی خۆی پێدەنووسێت، بۆچی شاعیر پێویستی بەو هەموو مەرەكەبە زۆرە هەیە ؟ بۆچی هەموو شینایی ئاسمانی دەوێ ؟ بێ گومان بۆ ئەوەیە كەچی لەدڵ و دەروونی دا هەیە بینووسێت، لەم شیعرەدا سەرەڕای بوونی خەیاڵێكی زۆر نەرگسییەتی شاعیر بەدەر دەخات كە دەڵێت من دەتوانم ئەم كارە بكەم شاعیر بەرەو خودو ناخی خۆی دەچێتەوەو بەشێوەیەكی خودشەیدایی بیروڕای خۆی دەخاتە ڕوو .

شاعیر لەشیعری ئایەتی ( ملیۆنێر ) دا دەڵێت :-

**ئەگەر هەزار ساڵی دی**

**بۆم لوا لەدایك ببمەوە**

**لەتیپێكی تۆپی پێدا**

**دەبم بەئەندام**

**دەشێ بەڕێكەوت**

**گۆڵێك بمكات**

**بەملیۆنێر ..!**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب٢ : ٤١٥ )

جیهانی شیعرەکەی لەدونیای خەیاڵەوە هەڵێنجاوە، خوێنەر دەخاتە حاڵەتی تێرامان و مومکینات و موستەحیلات، کە لێرەدا موستەحیلات دەبینرێت، بەڵام خەیاڵەکەشی بەرزەفڕە، چونکە تەمەنا دەکا دوای هەزار ساڵی تر لەدایك بێتەوە، ئینجا ببێت بەئەندام لە تیپێکی تۆپی پێدا، ئینجا ئەگەر گۆڵێکی کرد ببێت بەملیۆنێر، واتا سێ موستەحیلات دەهێنێتەوە .

لەشیعرێکی تردا دەڵێت :

**کە مانگ دیارنییە**

**بۆ کوێ دەڕوات ؟**

**دەچێتە باخچەیەکەوەو**

**گوڵ و سەوزە گیا دەخوات ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب٣ : ٢٣٧ )

خەیاڵی شاعیر بەرەو ئەوە بەرز دەبێتەوە کە وێنەیەکی داهێنەرانە دروست بکات، چونکە ( مانگ ) لەوە دەرچووە تەنها ڕوومەتی جوانان بێت هەندێ شتی تر بێت، ئەوەتا مانگ کە بزربووە، مانگی لەشێوەی ئاژەڵێکی گەڕۆگ پیشان داوە کە دەجوڵێتەوەو دەڕوات و سەوزە گیاش دەخوات، خوێنەر هەمیشە چێژێکی دەروونی لەم جۆرە وێنانە وەردەگرێت، بەشیعریەت بوونی ئەم وێنەیە دۆزینەوەی مەدلول و ماناو ئەرك و شتی ترە بۆ مانگ .

شاعیر لەشیعرێکی تردا دەڵێت :-

**من نازانم لەکەیەوە**

**تۆم خۆشدەوێ**

**بەڵام هەزار ساڵێك دەبێ**

**دێیتە خەوم هەموو شەوێ**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب٣ : ٣٧٥ )

شاعیر دەیەوێت جۆری خۆشەویستییەکە بگوێزێتەوە بۆ لایەنێکی دەروونی لەوەی کەوا ئەو کچەی زۆر لەمێژە خۆش دەوێ و بیری لێدەکاتەوە، نەك تەنها لەکاتی بەئاگایی، بەڵکو لەکاتی خەوتنیش خەونی پێوە دەبینێ، مانای گەورەکردەن و خەیاڵاوی کردنی بابەتەکەیەو دەیەوێت خوێنەر بەشدار بکات لەم خەیاڵەدا.

شاعیر لەچەندین شیعری تردا خەیاڵی فراوانی تیا کردووەو بۆ ئەوەی هەستە پەنگخواردووەکانی خۆی دەربڕێت و لەم خەیاڵانەشدا خوێنەر چێژ وەربگرێت، کەواتە لایەنی خەیاڵ پێوەندی بەلایەنی سایکۆلۆجییەتی دەقەوە هەیە لەڕێی خەیاڵی بەرزەوە دەق زیاتر لەدیدی خوێنەردا بەرجەستە دەبێت .

# تەوەرەی دووەم:-

# سایکۆلۆجییەتی بنیاتی شیعر

## سایکۆلۆجیەتی بنیاتی شیعر:

### ١-سایکۆلۆجییەتی مۆسیقای شیعر :-

مۆسیقا بەشێکی گرنگە لەشیعردا هەر لەشیعری کلاسیکەوە تاوەکو ئێستاش، مۆسیقا لەبوونی خۆی دا سیحرێکی تێدایە کە خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، بەشێکی دروست بوونی شیعر لەمۆسیقادایە واتا شیعر لەپاڵ وێنەو خەیاڵ و هەست و نەست و ... هتد، مۆسیقا ڕۆڵێکی کاریگەر دەبەخشێت لەبەخشینی ئێستێتیکا بەدەقی شیعر، مۆسیقای شیعری کلاسیك جیاوازە لەمۆسیقای شیعری نوێ، شیعری ئازاد یاخود پەخشانە شیعریش مانای ئەوە نییە بێبەشە لەترپەو مۆسیقا، ( لەتیف هەڵمەت ) گرنگی بەو جۆرە مۆسیقا تەقلیدییە نەداوە، بەڵام گرنگی بەمۆسیقای ناوەکی و جۆری وشەکان داوە کە وا لەخوێنەر دەکات لەپاڵ وێنەی بەرزو ڕازاوە چێژێکی تایبەتیش لەمۆسیقاو ترپەی وشەکان وەربگرێت و لەڕووی دەروونییەوە پێشوازی لێبکرێت .

( لەتیف هەڵمەت ) لەم بارەیەوە دەڵێت : (( هەندێ مۆسیقا هەیە گەر تۆ بتەوێ قافییەیەك دروست بکەی، من باسی کێش ناکەم هەمیشە کێش هەیە لەدێڕێك و لەدێڕێك قافییەکانیان یەك نەبێ با مەسەلەن برگەکانی جیاواز بێت، بەڵام بڕگەی یەکەم جۆرە کێشێکی هەیە بڕگەی دووەم بەم شێوەیە، بۆنموونە ؛ لەخواو شارە بچکۆڵەکەمان دا دەڵێم :-

**ئەم کولەکانە ئەشکێنم**

**ئاگرەکەم ناتوێتەوە**

**تەمەنی من بڵێسەیەکی بێ خۆڵەمێشە**

... من کتێبە پیرۆزەکانم هەر لەمنداڵیەوەو لەسەرەتای گەنجییەوە خوێندۆتەوە لەبەرئەوەی کاریگەریەتی ئەوانم زۆر تێدایە، لەو دواییەدا( الخروج من دائره مربعه ) دوو مناقەشەم هەیە لەگەڵ ( ئەدۆنیس ) دا، لەم دوو وتارە ئەو ئەڵێ کتێبە پیرۆزەکان شیعریان کوشت من لەقورئانیش و لەئینجیلیش و لەتەوراتیشدا نموونەم هێناوەتەوە کە کتێبە پیرۆزەکان شیعریان دەوڵەمەند کردووە، نەك شیعریان کوشتبێت، من کاریگەری ئەو مۆسیقایەی کتێبە پیرۆزەکان لەشیعردا بەدیدەکەم ))(٤٤) ( لەتیف هەڵمەت ) لەگەڵ ئەوەدایە کە مۆسیقا پێویستییەکی بەردەوامی شیعرە، بەڵام لەگەڵ هەموو جۆرە مۆسیقایەکیش نییە ئەوەتا دەڵێت : (( بۆ نموونە ؛ ئەی یار، پێم وت، چەند جار، وەرە بۆ لام، بەلەنجەولار، ئەمە لەشیعر دەرچوو و بوو بەقسەی ڕۆژانە بەس بەزۆر سەروایان بۆ دروست کراوە ئەمە نەبوو بەشیعر ))(٤٥) بەپێویستی دەزانین چەند نموونەیەکی شیعری بهێنینەوەو لایەنی ئێستێتیکاو لایەنی دەروونی مۆسیقاکە بخەینە ڕوو .

شاعیر لەبەشێکی شیعری ( پێتان دەکرێ ) دا دەڵێت :

**... قوتابخانەی هەموو گوندو شارەکانمان**

**بکەن بەزیندان**

**هەموو خانووەکانمان زەوت کەن**

**چراکانیشمان بێ نەوت کەن**

**دارو بەردو ڕووبار بکەن بەقەرەبرووت**

**لەچەرمی مرۆڤ دروست بکەن پۆستاڵ و قاپووت**

**بەڵام دڵی چەوساوەی برسی و ڕەش و ڕووت**

**بەهێزترە لەبارووت .**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب١ : ٣٩٤ – ٣٩٥ )

هەموومان کاتێ لەکۆڕێکی شیعریدا دانیشتبین دووشت زۆر سیحراوین و ڕامان دەکێشن بۆ جیهانی خۆیان وێنەی نوێ و کاریگەر لەگەڵ مۆسیقای شیعری، بێگومان مۆسیقا بەومانایە نا شاعیر پابەندبێت و بیرۆکەکانی خۆی لەدەست بدات، نەتوانێت لەقالبی بدات مۆسیقای نوێ تەرپەو ئاوازی ناوەوەی وشەکان دەگرێتەوە، کاتێ کە ئەم شیعرە دەخوێنینەوە هەست بەجۆرە مۆسیقایەکی چێژ بەخش دەکەین ئەویش لەوشەکاندا بەدییان دەکەین لەوتەی ( شارەکانمان ) ( زیندان ) ( زەوت کەن ) ئەم جۆرە مۆسیقایە دەبینرێت، لەنێوان گوتەی ( قەرەبڕوت ) و ( قاپووت ) ( ڕەش و ڕووت ) ( بارووت ) ئەمانە بوون بەجۆرە مۆسیقایەك کە قافییەی شیعرەکەیان دروست کردووە .

هەڵمەت لەکۆپلە شیعرێکی تردا دەڵێت :

**لە چەرخێکدا کەسیخوڕو بەکرێ گیراو**

**وەکو مشك و مێش و ئەسپێ**

**لەسەرانسەری زەوی دا**

**کەوتوونەتە گەراو زاوزێ**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب١ : ٦٨٨ )

ئەم شیعرە جۆرە مۆسیقایەکی ناوەکی هەیە لەدەربڕی گوتەکانی ( مشك ) ( مێش ) لەم گوتانە هەردووکیان کە لەدووبڕگە پێکهاتوون و لەدەنگەکانی ( م . ش ) هاوبەشن، لە گەڵ گوتەی ( ئەسپێ ) لەوەدا هاوبەش دەبنەوە کە هەریەك لەم گوتانە لەدووبڕگە پێکهاتوون، لەگوتەی ( زەوی ) ( زاوزێ ) کەواتە بوونی ئەم جۆرە مۆسیقایە چێژێکی دەروونی بەخوێنەر دەگەیێنێ .

شاعیر لەشیعرێکی تردا دەڵێت:

**باران دەڕژا .. دەڕژا دەڕژا**

**منیش پشکۆی کوانووی ماچم دەپژاو دەپژا**

**حەزم دەکرد ببم بەێك نمەباران**

**بڕژێمە سەر خەندەی لێوت و**

**بملێسیتەوە بەزمان ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب١ : ٩٨٧ )

شاعیر وێنەیەکی نوێ و جوانی دەربڕیووەو مۆسیقای بەشیعرەکە بەخشیووە سەرەتا بەسێ بارەکردنەوەی ( دەڕژا ) دەست پێدەکا دواتر ( دەپژاو دەپژا ) ی بەکارهێناوە ئەم دووبارەبوونەوەیە، بۆ تەئکیدکردن و بەخشینی لایەنی دەروونین، چونکە دووبارە بوونەوەی وشەو دەنگ جۆرێك لەدەنگدانەوەی دەروونی دروست دەکات لە تونێلی سۆز و خۆشی پێدەبەخشێت لە گوتەی ( باران ) ( زمان ) کە هەریەکەیان لە دووبڕگە پێکهاتوون لەم پۆستەرە شیعرەدا دەنگی ( ژ ) شەش جار دووبارە بۆتەوە، دەنگی ( ن ) حەوت جار

پاتبۆتەوە، دەنگی ( ش ) دووجار و دەنگی ( س ) دووجار پاتبوونەتەوە، ئەم جۆرە پاتبوونەوانە چێژێکی خۆشی بەخوێنەر دەبەخشێت .

شاعیر لە کۆپلە شیعرێکی تردا دەڵێت :-

**بازنەی – میم – ی مەتەڵ و**

**مەرامی وشك و ماكسی و**

**مەمك و مووشەك و**

**مینیجۆب و مقەست و ماچ و**

**مەرەكەب و مشە خۆرو مانگرتن و**

**موغناتیزو مشارو مەوداو**

**ماركس و ماركۆزو مێزەرو**

**مارمێلكەو میكوت و مەنجەڵ و**

**مێینە و مێخ و مۆرانە و مۆساد و هتد ...**

**ئێمە گەمارۆ دراوی**

**ترسناكترین – میم – ین**

**ئەمیش میمی مەرگە مەرگ ...**

**تەنها میم – ی مەرگ ..**

**مرۆڤ**

**لەمشتو مڕی**

**مەستی وماندوێتی**

**مەرەخەس دەكات ...!**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب٣ : ١١٦ – ١١٧ )

شاعیر لەم شیعرەدا چل جار دەنگی ( م ) پاتکردۆتەوە، ویستوویەتی هونەری زمان دەرببڕێت، لەسەرەتادا تا ناوەڕاستی شیعرەکە، ئەم هەموو ناوەی کەهاتووە ڕەمەکی هێناویەتی و واتا هەر وشەیەك بەپیتی ( م ) دەستی پێکردبێت ئەم ڕیزی کردووە، هەست دەکەین هونەرێکی وای تێدا نییە، بەڵام هونەرەکەی لەوەوە دەرکەوێت تاوەکو خوێنەر بۆوە ڕابکێشێ کە سی و نۆ جار گوێ لە وشە بگرێ و هەمووی بەدەنگی ( م ) دەست پێبکەن و دواتریش وشەی ( مەرگ ) بخاتە ڕوو بۆ دەربڕینی مەرامەکەی کە هەموو ئەو شتانەی کە ناوی هێناون بۆ دەربڕینی گوتەی مەرگە، چەندبارە بوونەوەی ئەو هەموو دەنگەش بارێکی دەروونی بەخوێنەر دەبەخشێت .

دەتوانین بڵێین مۆسیقا چێژی تایبەتی هەیە و خوێنەر هەستی پێدەکات، بەڵام بەو مانایەش نا کە هەموو شیعرێك دەبێ مۆسیقایەکی بەهێزی تێدابێت، چونکە زۆرجار وێنەی نوێ و ئەفرێنەر بەشێوەیەك لەشێوەکان کزی و لاوازی مۆسیقاش پڕدەکاتەوە .

## ٢-زمانی داهێنەرانەو وێنەی نوێ :-

بێگومان کەرەستەی شیعر زمانە، کاتێ شاعیرێك بیرۆکەیەکی بۆ دێت لەرێی زمانەوە هەستە پەنکخواردوەکانی خۆی تۆمار دەکات، کەواتە زمان هەڵگری هەموو ئەو مەدلولانەیە کەلەناخی شاعیردا هەیە، کاتێ شیعرێك هەڵگری سۆزێکی بەهێزبێت و لەدەروونێکی پڕ تاسەوە هەڵقوڵابێت زمانەکەی کاریگەرە .

کەواتە دەتوانین بڵێین (( زمانیش ئەو هەستە یاخود ئەو ڕایەڵەیە کە یارمەتیمان دەدات زانیارمان هەبێت لەسەر ناوەوەی خۆمان، واتا زمان و دەروون، ساتیان هەیە ئاوێزانی یەکتر دەبن و بەهەردوکیان گوزارشت لەیەك حاڵەتی دەروونی مرۆڤ دەکەن ))(٤٦) مەبەست لەزمانی کاریگەر ئەو زمانەیە لە هەناوی خۆی ئەو کاریگەرییەی هەڵگرتووەو بارگاوییە بەتەزووی سۆزێکی بەهێزو خەیاڵێکی داهێنەرانە، (( گرینگیدان بەلایەنی دەروونی زمان، لەسەدەی نۆزدەو بیستدا پەرەی پێدرا لەلایەن زمانەوانانی وەك، ( کاردنەر، بولر، تۆئۆئیرنست، کارنیز ))(٤٧) سایکۆلۆجییەتی زمان مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە و لەگەڵ بوونی مرۆڤەکان دایە، کاتێ گوێبیستی وتارێکی سیاسی دەبین بەهۆی بوونی هێندێ کۆدی دەروونی هەست دەکەین کاریگەرییەکە بەخوێنەر دەگات، زۆر وتارو گوتەی تر هەیە ئەم کاریگەرییەی نییە، پەرجووی ئەم شتە لەچی دایە؟ بێگومان لەناوەڕۆك و بیرۆکەی زمانەکە دایە (( زمان تەنها هۆکارێك نییە بۆ گەیاندنی دالەکان، بەڵکو لەسەر مەدلولەکانیش کاردەکات و دەیەوێت لەناو سیاقی پێکهاتنی دەقدا جێگەی بکاتەوە، کە قەسیدە لەسەر ئەم بنەمایە لەئەفسانەوە نزیکە، ئەفسانە وەك پێکهاتەیەکی بیری بەرایی، کار لەسەر گەڕان بەدوای مانادا دەکات، نەك ئەوەی سەرقاڵی دۆزینەوەی مانابێت ))(٤٨) زمانی شیعری هەر ئەو زمانە ئاساییەی ڕۆژانەیە، بەڵام چۆنیەتی لێکدان و بەشیعرکردن و سایکۆکردنی لەدەست ئەو شاعیرانە دایە کە بەهرەمەندن، یاخود بارودۆخو مەرامی نووسینەکان دەق بەرەو سایکۆلۆجییەت دەبەن . لەرێی زمانی شیعرییەوە ڕۆدەچینە نێو وێنەکانەوە، شاعیر هەوڵی داوە بەهۆی بەکارهێنانی زمانێکی تایبەت وێنەی نوێ و سەرنج ڕاکێش دروست بکات وێنەیەك کەلەزەینی خوێنەردا بمێنێتەوە، وێنەی وا کە پێش ( لەتیف هەڵمەت) شاعیران پەیان بەم جۆرە دەربڕینە زمانییە نەبردووە .

(( زمانی شیعری ئەو زمانە بەهێزەیە کەشاعیر بتوانێ خەیاڵ، یان مێشکی خوێنەر بەکاربخات و تووشی گەڕان بەدوای نهێنییەکانی بکات، ئەوکات زمان توانای هونەری خۆی دەبێت، یان شاعیر شیعرییەت بسەلمێنێ، بەشێوازە پڕ جوانەکانی کە توانیبێتی ڕێچکەی شیعری شکاندبێت، ئەوکات شیعرەکەو خوێنەری شیعرەکە ئاسودە دەبن و بەهای شیعری خۆی دەنوێنێ و شیعرییەتی شاعیر دەردەکەوێ ))(٤٩) لەتیف هەڵمەت لەجۆری لێکدانی وشەکان زمانێکی تایبەتی هەیە و داهێنانی دروست کردووە، شاعیر لەم دەربڕە شیعرییەدا دەڵێت :

**کە بەیانیان شەقەی شاباڵی خۆرێکی نوێ**

**هەوری خەوم دادەماڵێ و بەهێشووی**

**بزەی جیر**

**چاوە ماندوەکانم قورس دەکات ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٤٢٠ )

شاعیر وێنەیەکی، نوێی بەکار هێناوە، خۆری بەیانیانی بە باڵندەیەك چواندووە کە لەهێلانەی هەڵدەستێت و لەشەقەی باڵ دەدات، هەوری بەخەو چواندووە، ئەم جۆرە دەربڕینانە ڕەهەندێکی نوێن دیدی شاعیرە بەرانبەر بەخۆر لێرەدا ( شاباڵی خۆر )لە لێکدانی ئەم دوو گوتەیە زمانێکی تایبەت و وێنەیەکی نوێ دروست بووە .

شاعیر لەشیعری ( ئەم کولەکانە ئەشکێنم ) دا دەڵێت :

**ئەم کولەکانە ئەشکێنم**

**ئەمە باوەڕی منە**

**ئاگرەکەم ناتوێتەوە**

**تەمەنی من بڵێسەیەکی بێ خۆڵەمێشە ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٤٧ )

شاعیر وێنەو دەربڕینی نوێی پیشان داوە کە ئاگر خۆی سیفەتی توانەوەی نییە، تەمەنیشی بڵێسەی بێ خۆڵەمێشە، بەواتای بەردەوامی و کۆڵ نەدان و کۆتایی نەهاتن دەگەیێنێ .

لەوێنەیەکی تردا شاعیر دەڵێت :-

**هەورەکان**

**ڕیشی خۆیان لەسەرتاشە بەردەکان**

**تاشی ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب٣ : ١٩٥ )

شاعیر ڕیشی خواستووە لەبری باران بەکاری هێناوە؛ واتا باران ڕیشی هەورە دابارینەکانی ڕیشە تاشراوەکەیەتی

لەشیعرێکی تردا دەڵێت :-

**قەفەزی ئاسمان ... شەوان**

**پڕپڕدەکەم لە بڵێسەو گڕ**

**پشیلەیەکی موو زەردی بەرەبەیان**

**هەر هەموویان دەخوا لەپڕ**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب٣ : ٣٠٨ )

شاعیر وێنەیەکی نوێ و سەرنج ڕاکێشی دروست کردووە پشیلەی موو زەردی لەبری خۆرەتاو هێناوەتەوە، موەکانی پشیلەکە تاڵە تیشکەکانی خۆرن .

لێرەدا بەپێویستی دەزانم هەندێ لەم وێنانە بخەمە ڕوو لە پێکهاتەیەکی زمانی شیعردا ڕەخسیوون و جوانییان بەشیعرەکانی ( لەتیف هەڵمەت ) بەخشیووە .

لە گوتەکانی ( ئاگرەکە لەزمان کەوت )، ( زێی خۆڵەمێش )، ( سەوزەگیای مۆسیقا )، ( لەئەشکەوتی بادا )، ( لقی سێبەر )، ( فرمێسکی خور )، ( پەنجەکانی هەوری یادەوەری )، ( مۆسیقای تەڕ )،( تارماییەمۆمیاکراوەکان )، ( پشکۆی شیرین و مزر )، ( خەمێکی چەور )، ( کلیلی دەرگای ڕۆژ )( گەڵای ئاگر )، ( شەختەی خۆڵەمێش )، ( زێڕێکی سەوز )، ( چڵی مانگەشەو )، ( بۆ ئەوەی ئەو ئاوێنەیە تەڵخ نەبێ

و کەڕو هەڵنەهێنێ )، ( پەرداخی تێبینی بنۆشە )، ( لق و چڵی شەو )، ( لقی تیشك )، ( وەکو ماری ڕشکی ژەنگ دەیکرۆژێ )، ( چەند کێڵۆ خەون )، ( چەند بار ئاو )، ( چەند گەز شیعر )، ( چەند هەزار تەن ئاوات )، ( خۆڵەمێشی سەوز )، ( ڕیشی دێژی شەو )، ( چەمی هەتاو ) ... هتد ئەم جۆرە دەربڕینانە کە لەکۆتایی شێستەکانی و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم پڕپڕ بوون لەنوێگەری لەم کۆمەڵە دەربڕینانەوە بۆمان دەردەکەوێ کە زمانی شیعری هەڵمەت زمانێکی جیاوازەو زمانێکی گەشەسەندووەو هەڵگری وێنەی نوێ و ڕوئیای نوێیە بۆ ژیان .

## ٣-خاڵبەندی و لایەنی دەروونی :-

خاڵبەندی پێویستیەکی بەردەوامی نووسینە، کاتێ کە نووسراوێك دەخوێنیتەوە، ئەگەر ئەم نووسراوە بەشێوەیەکی زانستی خاڵبەندی کرابێت، ئەوا لەکاتی خوێندنەوە، وێستگەی نیمچە ڕاوەستان و ڕاوەستان و پرسیارو سەرسوڕمان و ... هتد دەبینین، نیشانەکانی خاڵبەندی بۆ خوێنەر هەروەکو نیشانەکانی ترافیك وایە بۆ شوفێر، لەنێو شیعری کوردیدا ( گۆران )ی شاعیر یەکێکە لەو شاعیرانەی کە بەشێوەیەکی زۆر جوان و تەندروست نیشانەکانی خاڵبەندی بەکارهێناوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی خاڵبەندی بۆ شیعر زیاتر بۆ بەخشینی لایەنی دەروونی بەکاردێت، واتە شوێنی وا هەیە نیشانەی (! ) سەرسوڕمانی ناوێ شاعیر دایدەنێت یاخود ئەم نیشانەیەی دەوێت، بەڵام شاعیر چوار پێنج دانەی بۆ دادەنێت بۆ ئەوەی لایەنی دەروونی بەخوێنەر ببەخشێت و سەرنجی خوێنەران ڕابکێشێت، لەنێو شاعیرانی هاوچەرخی کورددا ( سەباح ڕەنجەر ) بەهیچ شێوەیەك هیچ کام لەنیشانەکانی خاڵبەندی بەکار ناهێنێت ( کەریم دەشتی و ... هتد )، هەوڵیان داوە نیشانەی خاڵبەندی بەکار نەهێنن، ئەو شتانەی بۆ نووسینەکانی تر دەست بدات ڕەنگە شیعر خۆی لێ دووربخاتەوە، تەنانەت شیعر گەمەی زمانی تێدایە لەلادانی زمان و گۆڕانکاریی شێوەی ڕێزکردن و تێکشکاندنی یاسا ڕێزمانییەکان، لێرەدا چەند نموونەیەك لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دەخەینە ڕوو. شاعیر لەشیعری ( چاوی دایکم) دا لەم جومگەیەدا دەڵێت :-

**... ئەم وڵاتە دایکی منە .. دایکی من ..**
**کەستان دایکی من ناناسن !!!**
**دەنگی لەگوێی کەستاندا نازرنگێتەوە ؟**
**ئەی شێوەکەی بەخەیاڵی هیچ کامتاندا**
**تێناپەڕێ ...!!**
**ئەشێ هەموو خۆڵەمێشی ئەم زەوی یە**
**زامی سووتاوی دایکم بێ !!**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٧٨٩ )

شاعیر بەهەستێکی لەگوڵ وڵاتی کوردستان بەدایکی خۆی دادەنێت، لەڕادەبەدەر دایکی خۆی خۆش دەوێ، لەنێوان ( دایکی منە ... دایکی من ) چەند خاڵێك دادەنێت مانای پچڕاندنی شتی ترە، لە گوتەی (کەستان دایکی من ناناسن)، شاعیر سێ نیشانەی سەرسوڕمانی ( !!! ) بەکارهێناوە، هەڵمەت هەستە پەنگ خواردووەکانی دەردەبڕێت، لایەنێکی دەروونی بەهێز بەسەری دا زاڵە و ئەوەتا دەبینین چەندین جار سێ خاڵی لەدوای یەك داناوە، یان سێ خاڵ و چەند نیشانەیەکی سەرسوڕمان، شاعیر دیسان دیمەنی سووتانی دایکی خۆی دێتەوە بیر کە بە بەرچاویا ڕوویداوە، هەموو خۆڵەمێشە سووتاوەکانیش بەزامی سووتاوی دایکی خۆی دادەنێت، خۆشەویستی نیشتمانی بەدایکی داناوە، بێگومان هەموومان دایکی خۆمان خۆش دەوێ، بەڵام ( لەتیف هەڵمەت ) زیاد لەپێویست دایکی خۆش دەوێ، چونکە بەکارەسات گیانی لەدەست داوە .

بێگومان بوونی ئەم هەموو خاڵبەندییە لەنێو ئەم شیعرەدا خاڵی سەرنج و تێرامانی خوێنەر بەهێزتر دەکات و لایەنی دەروونی پێدەبەخشێت، بێگومان لەکاتی نووسینی ئاساییدا ئەو شوێنەی کەنیشانەی خاڵبەندی دەوێ

بۆ نموونە ؛ نیشانەی سەرسوڕمان یەك دانە دادەنرێت، بەڵام شاعیر بۆ دەربڕینی لایەنی دەروونی خۆی چەندجار ( دایکی منە .. دایکی منە ) دووبارە دەکاتەوە، لەهەمان کاتیش چەند نیشانەیەکی سەرسوڕمان ڕیزدەکات، بۆ ئەوەی دەنگی دەروون و ناخی خۆی بەتاسەوە هەڵبڕێژێت .

شاعیر لەشیعری ( نیشتمانم قەشەنگترین نیشتمانە ) لەم کۆپلەیەدا دەڵێت :

نیشتمانم

**جوانترین شۆخی مێژووە ... شۆخی مێژوو**

**سوپای عەجەم بۆچی گوڵ و دارستانی**

**دەکەن بەلافاوی سووتوو ... !!!**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٨٤٠ )

شاعیر نیشتمانی خۆی بەجوانترین شۆخی مێژوو دادەنێت و لەدوای ئەویش چەند خاڵێك دادەنێت واتای بەردەوامی و جوانی ئەم نیشتمانە بەدیاردەخات، پرسیار دەکات و دەڵێت عەجەمەکان بۆچی ئەم وڵاتە دەسووتێنن، بێگومان ئەگەر ئەمە نووسینی تر بوایە دەبوایە نیشانەی پرسیار ( ؟ ) دابنرێت، چونکە ( بۆچی ) بەکارهاتووە، بەڵام هەڵمەت نیشانەی خاڵی پچڕاوو سێ نیشانەی سەرسوڕمان ( !!! ) دادەنێت، خاڵی تێڕامان بەخوێنەر دەبەخشێت بۆ ئەوە زیاتر لەپێوست بەسەرسوڕمانەوە بیر لەم پرسیارە بکاتەوە .

شاعیر لەکۆپلە شیعرێکی کەدا دەڵێت :-

**من نەدەمم هەیە نەدەست**

**بنوو هەڵبەست**

**بنوو قەڵەم**

**تا دەبمە خاوەنی دەست**

**خاوەنی دەم ... !!!**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٨٥١ )

شاعیر بۆ دەربڕینی هەستە دەروونییە بەهێزەکانی و بۆ بەخشینی لایەنی دەروونی بەخوێنەرانیش زیاتر پەنای بۆ نیشانەی سەرسوڕمان( ! ) بردووە، بۆ ئەوەی ڕاچەنینێك بەخوێنەر بدات و بیربکاتەوە، تێڕابمێنێ و بپرسێ بۆچی ئەم کۆپلەیە سێ نیشانەی ( !!! ) سەرسوڕمانی تێدایە، ئەم شیعرەی بۆمەرامی نیشتمانی بەکارهێناوە، پێی سەیرەو مایەی سەرسامییە کە مرۆڤ خاوەن دەم و دەستی خۆی نەبێت و تاوەکو قەڵەم بدوێنێت، ئەم جۆرە دەربڕینانە تێڕامانێك بەخوێنەر دەبەخشێت و لێکدانەوەو ڕاڤەی جۆراو جۆری لا دروست دەکات .

شاعیر لەم پۆستەرە شیعرەدا دەڵێت :

**وتیان : شاعیر تۆ بۆ ماندووی**

**بۆ چراکەت شەو تاگزنگ ناکوژێتەوە ...**

**وتی : شیعرێك لەگیانمدا**

**ون بووەو نادۆزرێتەوە ... !!!**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٨٥٧ )

به پەنابردنەبەر نیشانەی سێ خاڵی یەك بەدوای یەك و نیشانەی سەرسوڕمان باری دەروونی خۆی دەربڕیووەو خوێنەریش هاودەم و هاوبەشی ئەم بارە دەروونییە دەكات، لەهێنانەوەی نیشانەی سێ خاڵ مانای ئەوەیە بۆ نیشان دانی وشەو ڕستەی سڕاوەو بەردەوام، لەنەدۆزینەوەی ئەم شیعرەی لەناخیدا ون بووە، تووشی تێڕامان و لایەنی دەروونی و بەخۆداچوونەوەو شۆڕبوونەوەیە بۆ ناخی خود، ئەم بەردەوامییەو شەو نشینییەی شاعیر ئەوەیە ئەو دەیەوێت ژان بەشیعرێکەوە بگرێت، شیعرێك لەدایك بێت ئەوەی ناخی دەروونی ئەوبێت وەك چۆن گۆرانی شاعیر دەڵێت :

**هەرچەند ئەكەم، ئەو خەیاڵەی پێی مەستم،**

**بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم !**

( دیوانی گۆران،ل١٢١)

واتا دۆزینەوەی ئەم شیعرەو دارشتنی، بەدوا گەڕان و شەونشینی زۆری دەوێ .

شاعیر لە پارچە شیعرێكی تردا دەڵێ:

**...ئەی بۆچی هەموو مرۆڤێك ژوورێكی تایبەتی نادەنێ**

**تاوەكو بنجی خۆی تیادابكوتێ و**

**هەموو ئارەزووە قەدەغەو ناقەدەغەكانی خۆی**

**تیا جێبە جێ بكات و**

**وەكو دڵۆپە بارانێك تیا بتوێتەوە...؟**

**ئاخر خۆ هەموو دڵۆپە بارانێكیش**

**وڵاتی خۆی هەیە**

**ئەی مرۆڤ بۆ نەیبێ...؟**

(لەتیف هەڵمەت،ب١: ٤٩٩)

شاعیر لە ڕێی خستنە ڕووی پرسیارەوە هەستی خۆی دەربڕیوە،واتا شیعرەكەی لەشێوەی ڕستەی پرسیاری بەدەستەوە داوە، پێش دانانی نیشانەی پرسیارەكانیش سێ خاڵی داناوە،كەنیشانەی پچڕاندنی شتی ترە، لەڕووی دەروونییەوە ئەوەنیشان دەدات بۆ ئەو شتە وانەبێت لەم سێ خاڵە داندراوە شتێك بەجێ دێڵێ بۆ خوێنەر.

هەڵبەتە شاعیر لەدەیان شیعری تر ئەم شێوازەی بەكارهێناوە بۆ دەربڕینی هەستی دەروونی خۆی جگە لەوەی شۆڕبۆتەوە ناخی دەروون و پەنای بۆ خاڵبەندی بردووە، خاڵبەندییەك دەنگدانەوەی دەروونی بێت نەك خاڵبەندییەك بۆ مەبەستی زانستی و ڕێكخستنی نووسین بێت .

## ٤-پاتبوونەوە و لایەنی دەروونی :-

پاتبوونەوە یاخود دووبارە بوونەوە بەو واتایە دێت؛ وشەو دەستەواژەو ڕستەکان لەنێو شیعردا، چەند جارێك بنووسرێنەوە، بێگومان ئەم چەند بارە نووسینەوانەش ڕەهەندی دەروونی لەخۆدەگرن، بۆ نموونە؛ لەکاتی خۆپیشاندانەدا دەبینین، خۆپیشاندەرەکان شیعارێك، دێڕێك، یان گوتەیەك دەکەنە وێردی سەرزاریان و پڕ بە گەرو هاوار دەکەن و چەند بارەی دەکەنەوە، ئەم چەند بارەکردنەوەیە بۆ تەئکید کردنەوەیەو لەڕووی دەروونییەوە هەستەکانی خۆیان دەردەبڕن، بۆ شاعیریش هەروایە، شتێك جێی گرنگی نەبێت و کار لەشاعیر نەکات ئەوا شاعیر دووبارەی ناکاتەوە .

د. عەزیز گەردی سەبارەت بە پاتبوونەوە دەڵێت (( ئەوەیە هۆنەر یانووسەر وشەیەك یا دەستە وشەیەك یا پیتێ چەند جارێك پاتی بکاتەوە بۆ چەند مەبەستێکی تایبەت، بەو مەرجەی هەموویان واتایان یەکبێت و لەجارێکەوە بۆ جارێکی تر نەگۆڕێت، واتا نابێ وشەکانی نەلەڕواڵەت و نەلەگوزارە هیچ گۆڕانیان بەسەردا بێت ))(٥٠) عەزیز گەردی لەم بارەیەوە گرنگی و بەهای دووبارە بوونەوە لەچەند مەبەستێك کورت دەکاتەوە لەوانە، بۆ چەسپاندنی واتاکەی لەمێشکی گوێگر، بۆ پیشان دانی داخ و خەفەت و پەرۆشی، بۆ دامەزراندنی کێشی هۆنراوە، بۆ بڕینەوەی هۆنراوەو بەجێ هێشتنی کاریگەری بەهێز، بۆ گرتنەوەی هەموو لایەنێکی شتە باسکراوەکە، کەواتە دەبینین ( عەزیز گەردی ) لە دووسێ دەربڕینە دا باس لەوەدەکات کە کاریگەری بەجێ دەهێڵێت، بێگومان ئەم پاتبوونەوەیە لەلای خوێنەر چێژ بەخشەو دەنگدانەوەی دەروون و ناخی شاعیرە بەرانبەر هەڵوێستێکدا .

شاعیر لەشیعری ( هاوارم کرد ) دا دەڵێت :

**هاوارم کرد : دایە .. دایە**
**وا ئەبرەهەو لەشکری فیل**
**تەنیویانە ئەم دنیایە**
**وتی : ڕۆڵە**
**دڵۆپ دڵۆپ حەرامت بێ**
**بۆنی بای ئەم خاك و خۆڵە**
**حەرامت بێ ئاوازی قەڵبەزەی زیوین**
**ڕووناکایی ئاسمانی شین**
**گوڵە سوورەی ئەم گشت شاخ و**
**شیو و دۆڵە**
**حەرامت بێ ئەو شیرەی**
**کە تنۆك تنۆك بەگەرووتدا ڕژاوە ..**
**ئەگەر نەبی بەهەوری خەستی ئاگرو**
**بەسەریاندا نەبارێنی پشکۆی ڕقی هۆنراوە ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب١ : ٣٤٢ – ٣٤٣ )

ئەم شیعرە هەڵگری ڕەهەندی دەروونییە، هۆکارەکەش لە دووبارەبوونەوەکاندا بەدەردەکەوێ کە شاعیر لەناخێکی پڕ لەحەماسەت و دەروونێکی بەجۆشەوە هەستی خۆی دەربڕیووە، ئەم دووبارەبوونەوانە مۆسیقایەکی جوانی بەشیعرەکە بەخشیووە لەهەمان کات دا دووبارە بووەکان چێژ بەخشن و لایەنی دەروونی خوێنەر دەجوڵێنن، ئەوەتا لەدەستپێکدا بەناوی ( دایە .. دایە ) دەست پێدەکات، دواتر هەست بەدووبارە بوونەوەی ( دڵۆپ دڵۆپ )، ( حەرامت بێ )، ( تنۆك تنۆك ) دەکەین .

لەتیف هەڵمەت لەشیعرێکی تردا دەڵێت :

**ئەمە دڵ نییە**

**ئەلبومێکە وێنەی هەندێ**

**کچی مۆمیاکراوو**

**گڵکۆی نزیکی تیایە**

**گڵکۆ**

**گڵکۆ**

**گڵکۆ**

**گڵکۆی چی ؟**

**نازانم**

**ئەم جیهانە سەرانسەر**

**گڵکۆیەکی گەورەیە ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ٢ : ٤٤٤ – ٤٤٥ )

لەم کۆپلە شیعرەدا شاعیر لەبارێکی دەروونی خراپ و لەو پەڕی ڕەشبینیدا هەستی خۆی دەردەبڕێت، وەسفی دڵی خۆی دەکات بەئەلبومێکی دەچوێنێت کەشتی مردووی تێدایە، وەك کچی مۆمیاکراو،( پەپولەی خەونی دوور )، بەرەو وەهم دەڕوات و دوورو نزیك نییە، بەڵام گڵکۆی نزیکی تێدایە، شاعیر شەش جار ناوی گڵکۆی بردووە، بۆ ئەوەی باری سەرنجمان ڕابکێشێت، دواجاریش دەڵێت ئەم دونیایە هەمووی تێکڕا گڵکۆیەکی گەورەیە، واتا شاعیر جەخت دەکاتەوە کەدونیا دوورە لەخۆشی و هەمووی گڵکۆیەو دڵەکەشی گڵکۆیە بەچەند بارە کردنەوەی ئەم گڵکۆیانە باری سەرنجی شاعیرمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە تاچەند لەناخەوە هەستی خۆی دەردەبڕێت .

(( ئەم جۆرە دووبارەکارییە لەئەنجامی جۆرە کارتێکردنێکی دەروونی ڕەنگ دەداتەوە، زیاتر بۆ بەرزکردنەوەی هەستی خوێنەری شیعرەکەیە تابگاتە پلەیەکی هاوتەریبی هۆنراوەکە ))(٥١)کەواتە دووبارە بوونەوە دەنگدانەوەی دەروونەو شەپۆل شەپۆل هەستمان دەبزوێنێ .

شاعیر لەپۆستەرە شیعرێکی تردا دەڵێت :

**دەمامك**

**دەمامك**

**دەمامك**

**دەمامك**

**دەمامك**

**دەمامك**

**دەمامك**

**وادیارە هەر حەوت كیشوەرەكە**

**خۆیان بۆ كەرنەڤاڵی شەڕ ئامادە دەكەن ...!**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ٣ : ٣٤ )

سەرەتا شاعیر حەوت جار گوتەی (دەمامك ) پاتدەكاتەوە بۆ ئەوەی سەرنجمان ڕابكێشێت و شۆڕبینەوە بۆ ناخی گوتەكان و لەڕووی دەروونییەوە تەواو ئاگادارمان بكاتەوە كە دەمامك هەیە، ئینجا دواتر بۆمان ڕووندەكاتەوە كە مەرامی لەهێنانەوەی حەوت جار ( دەمامك ) مەبەست لە حەوت كیشوەرەكانی جیهانە، چونكە لەهەموو كیشوەرەكان تەنانەت لەهەر شوێنێك مرۆڤ هەبێت شەریش بوونی هەبووە، شاعیریش شەڕی بەكەرنەڤاڵ داناوە، چونكە ناوە ناوە دێت و خۆی نمایش دەكات .

شاعیر لەشیعرێكی تردا دەڵێت :

**بە دەباشیر .. یا بەقەڵەم**

**شەمەندەفەرێك دروستدەكەم**

**درێژ**

**درێژ**

**درێژ**

**درێژ**

**درێژ**

**درێژ**

**درێژ**

**درێژ**

**درێژ**

**درێژ**

**درێژ**

**درێژ**

**هێندەی**

**شەڕی**

**براكوژی**

**شارەكەم ...**

**شەمەندەفەرێك دروست دەكەم ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ٣ : ٢٤٠ – ٢٤١ )

شاعیر بەبارێکی دەروونییەوە لەنێو نرکە و ئاخدا، دەیەوێت خەم و خەفەتی شەڕی براکوژی، هێندە ناخۆش و دڵتەزێن پیشان بدات کەلێرەدا دوازدە جار گوتەی ( درێژ )ی پاتکردۆتەوە، دووجاریش ( شەمەندەفەر )، واتا شەڕی براکوژی زامێکی قووڵە چەندی لەسەری بدوێی تەواو نابێ، بێگومان ئەم جۆرە دەربڕینانە دەنگدانەوەی تونێڵی ناخی دەروونی مرۆڤە، وەك کەسێك شتێکی لێقەومابێت چەندین جار گوتەی ( ئاخ و ئۆف ) پاتدەکاتەوە تاوەکو ئەو شتەی ناخی دەروونی داگیرکردووە بیخاتە ڕوو، مرۆڤ لەبوونی خۆیدا حەز لەدووبارە بوونەوە دەکات، ئێمە کاتێك دەدوێین دووبارە کردنەوەی ناخی خۆمانە، چونکە بەر لەوەی بدوێین لەناخی دەروونمان دەزانین چی دەڵێین، کەدەدوێین ناخی دەروونی خۆمان نمایش دەکەین، بێگومان دووبارەبوونەوە لەشیعردا جگە لەوەی بەخشینی لایەنی دەروونی و گرنگی خۆشی هەیە بۆ بەخشینی مۆسیقای ناوەکی و دەرەکی بەشیعرو دروست کردنی سەرواى شیعری، ئێمە لێرەدا گرنگیمان بەجۆرەکانی و شکڵ و شێوازەکانی دووبارە بوونەوە نەداوە، بەڵکو زیاتر مەراممان ئەوەبووە لەم ڕوانگەی دەروونییەوە گرنگی پێ َدەین و لەم پنتەوە بابەتەکەمان چڕبکەینەوە .

# تەوەرەی سێیەم:-

# سایکۆلۆجییەتی سروشت

## سایکۆلۆجیەتی سروشت

### ١-سایکۆلۆجییەتی ڕەنگەکان :-

ئەو سروشتەی تێیدا دەژین، ئەوماڵەی کە تێدا دەژین، ئەو جل و بەرگەی کەلەبەری دەکەین، ئەو خواردنانەی کە دەیخۆین ... هتد، لەجۆرەها ڕەنگ پێکهاتوون، مرۆڤ لەناو ڕەنگەکان گەورە دەبێت منداڵ لەتەمەنی سێ مانگییەوە حەزی ڕوانینی ڕەنگەکانی دەبێت؛ بۆیە لەسەرووی سەریەوە بووکە شووشەو پارچە پەڕۆی ڕەنگاو ڕەنگ هەڵدەواسرێت، ئەگەر سەیر بکەین ئەم منداڵە زۆربەی کاتەکانی لەکاتی بەئاگایدا سەیری ڕەنگەکان دەکات و چاویان بۆ دەگێڕێت، لەدابەش کردنی جۆری ڕەنگەکان و مانای ڕەنگەکان هەندێك شت هەیە، وەك ئەوەی ڕەنگەکان دابەشکردنێکیان بۆ کرابێت هەریەکەیان هێمای شتێکە، یاخود لەڕووی دەروونییەوە هەریەك لەڕەنگەکان شتێك دەبەخشن.

مەبەستمان لەسایکۆلۆجییەتی ڕەنگەکان ئەوەنییە بەشێوەیەکی سەر پێیی لێیان بڕوانین، بۆ نموونە ؛ لەکچێکدا چەند ڕەنگێك کۆبۆتەوە؛ زەردی پرچی، شینی چاوی، سووری لێوی، سپێتی ڕوومەت و جەستە کە لەشاعیرێك وەسفی ڕەشی چاو، یا ڕوومەتی سپی کردبێ ئەمانەمان نەکردۆتە سەر مەشقی کارەکانمان، بەڵکو گەڕاوین بزانین خودی ڕەنگەکان لەخۆشی و ناخۆشییەکان لەحاڵەتە دەروونییەکان، لەنێو دیاردەکان چی دەگەێنن . لە سەرجەم شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا چەند ڕەنگێکمان ژماردووە زۆر جار ڕەنگە دووسێ جار لەتەك یەك دووبارە کراوەتەوە، بەڵام ئێمە ئەوانیشمان ژماردووە ژمارە و جۆری ڕەنگەکانمان دیاری کردووە، لەسەرجەم شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا زیاتر لە (١٠٩) جار ڕەنگی ڕەش بەکارهاتووە ڕەنگی سپی ( ١٠٧ ) جار بەکارهاتووە، ڕەنگی سەوز ( ٦٩ ) جار بەکارهاتووە، ڕەنگی سوور ( ٦١ ) جار بەکارهاتووە، ڕەنگی شین ( ٣٩ ) جار بەکارهاتووە، ڕەنگی زەرد ( ٢٣ ) جار بەکارهاتووە، ڕەنگی زیوی ( ١٩ ) جار بەکارهاتووە، ڕەنگی پەمەیی ( ١٣ ) جار بەکارهاتووە، ڕەنگاڵە کە دیارە کۆمەڵێ ڕەنگ دەگرێتەوە ( ٩ ) جار بەکارهاتووە، ڕەنگی مۆر ( ٤ ) جار ڕەنگی کاڵ ( ٤ ) جار بەکارهاتوون، ڕەنگی بۆر و قاوەیی هەریەکەی ( ٣ ) جار بەکارهاتوون، ڕەنگی خەنەیی ( ١ ) جار بەکارهاتووە .

لە وەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لەسەرجەم شیعرەکانی ( لەتیف هەڵمەت ) دا ڕەنگی ڕەش لەهەموویان زیاتر بەکارهاتووە کە سەدو نۆجارە، ڕەنگی بۆر و مۆر و خەنەیی و قاوەیی زۆر بەکەمی بەکارهاتوون، هەندێك ڕەنگ هەربەکار نەهاتوون بۆ نموونە، ڕەساسی، بێچی ... هتد لێرەدا بە پێویستی دەزانم بەنموونەی شیعری لەچەند ڕەنگێکیان بدوێم، ئەو لایەنە دەروونییە بخەینەڕوو .

**ا-ڕەنگی ڕەش :**

ڕەنگی ڕەش سایکۆلۆجیەتێکی تایبەتیی هەیە لای مرۆڤ، چونکە دونیا بەسەر دوولایەن دابەش بووە، لایەنی خێرو لایەنی شەڕ، ئاهورەمەزدەو ئەهریمەن، تاریکی و ڕووناکی خۆشی و ناخۆشی .. هتد ئەم جۆرە دابەش بوونەی سروشت شتێکی لەزەینی مرۆڤ دروست کردووە، ڕەنگی ڕەش بووە بەنەریت و کولتوورێك کەڕەنگی خەم وخەفەتە، ڕەنگێکە دوورە لەڕووناکی و سپێتی، بووە بەنەریتێك کە خەڵك لەکاتی تەعزیەو ناخۆشی لەبەری دەکەن، کەواتە ڕەنگی ڕەش ڕەمزی شەڕو شووم و تاریکی و خەم و خەفەتە (( ڕەش ڕەنگی دڵتەنگییە و گوزارشتە لەهەستی خراپە جا ئەو هەستە هەستی ناخۆشی یائازار یا دوژمنکارانەبێت،

ئەو کەسانەی حەزیان لەڕەنگی ڕەشە دەتوانن هەستی خەڵکی داگیر بکەن و بەلای خۆیاندا ڕایبکێشن و متمانەیان بەخەڵك لاوازە ))(٥٢) هەرچەندە نووسەر زیاتر لەڕوانگەی جل و بەرگەوە لەڕەنگی ڕەش دواوە، بەڵام ڕەنگی ڕەش لەنێو شیعردا لە زۆر هەڵوێستی شیعری و ناخۆشیدا دەبێتە ڕەنگێکی دڵتەنگی و شاعیر خەم و ئازاری خۆی دەداتە پاڵی .

( لەتیف هەڵمەت ) لەم کۆپلە شیعرەدا دەڵێت :

**لافاوی ژەهراوی ڕەشی خەمی نوێم**

**ئاخ ئەڕژێتە دەروونی پەستم**

**کسپەی بڵێسەی هەناوی پڕ سوێم**

**بووەتە سۆزی پەری هەڵبەستم**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٥١٧ )

شاعیر ڕەنگی ڕەشی بۆ کاتی لایەنی دەروونی خراپی خۆی بەکارهێناوە، ئەوەتا شاعیر خەمی خۆی بەلافاوی ژەهر وەسف دەکات، ئەم لافاوە ژەهرەش ( ڕەشە )و دەڕژێتە دەروونی و ڕەشی دەکات، لەتاو ئەم لافاوە ژەهرە ڕەشە هاواری لێهەڵدەستێت و لەڕێی شیعرەوە دەری دەکات، لێرەدا ڕەنگی ڕەش بووەبە ڕەمزی نائومێدی و ڕەشبینی و ئازار پێگەیاندن .

لەشیعرێکی تردا دەڵێت :

**با دەزانی ...**

**با .. با .. با .. با ..**

**کەشمشاڵی شوانێك دەشکێ**

**چەند ملیۆن فرمێسك دەتکێ**

**چەند دێ سوخمەی بۆ ڕەش دەکات ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٩١٥ )

شاعیر با دەکاتە شارەزاو بەئاگا لەشکانی گۆچانی شوانێك، لێرەدا شکانی گۆچانی شوان ڕەمزی شکستی و شکانی مرۆڤە لەهەرکارێکدا، دیارە لەشکان و شکستی ئازارو خەم فرمێسك دەڕژێت، شاعیر لەگوتەی ( چەند دێ سوخمەی بۆ ڕەش دەکا )، ئەمەی لە کولتوورەوە وەرگرتووە، کاتێ کەسێکی خۆشەویست دەمرێت خزم و کەس جلی ڕەشی بۆ دەپۆشن، سوخمەی ڕەش ڕەمزە بۆ ژنان، چونکە ئەوانە زیاتر گرنگی بەم دیاردەیە دەدەن و لەکاتی ناخۆشیدا جلی ڕەش دەپۆشن، لەم شیعرەدا سوخمەی ڕەشپۆشین ڕەمزی ناخۆشی و دوورکەوتنەوەیە لە خۆشییەکانی ژیان، چونکە مەمکێك خۆی بخزێنێتە سوخمەی ڕەشەوەو خەمبار بێت مانای خامۆشی و خەم دەگەێنێ .

شاعیر لەپۆستەرە شیعرێکی تردا دەڵێت :-

**کات کراسێکی ڕەشی لەبەرکردووە**

**بۆ خەندەکانی دوێنێی**

**دەگری**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ٢ : ٢٩٦ )

پەیوەست کردنەوەی گریان بەکراسی ڕەش، شاعیر هەستی دەروونی خۆی دەخاتە پاڵ ( کات ) ەوە، چونکە زەمەن لەپڕدا دەڕوات و کاتە خۆشەکانیش بەسەر دەچن و تەنها دەبنە یادگارییەك زۆر جاریش کاتە خۆشەکانمان بیربێتەوە خەمی لێدەخۆین کە ئەم کاتانە ڕۆیشتوون و تێپەڕیوون، کەواتە شاعیر ڕەنگی ڕەشی داوەتە پاڵ فرمێسك و گریان و داویەتییە پاڵ ئازارو خەم، واتا لەنێو ڕەنگی ڕەشدا ڕەهەندێکی دەروونی هەیە .

**ب-ڕەنگی سپی :**

ڕەنگی سپی پێچەوانەی ڕەنگی ڕەشە، ڕەنگی سپی مانای خۆشی و ڕوناکی و ئاشتی ..هتد دەگەێنێ، کەواتە (( ڕەنگی سپی ڕەنگی چاکی و ڕووناکی و بەرائەت و شادومانییە، ڕەنگی شادی و خۆشی و جلی بوکێنییە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە ئەو کەسانەی ڕەنگی سپی هەڵدەبژێرن خاوەنی کەسایەتییەکی سادەو پڕ بەرائەت و ساکارین ))(٥٣) ڕەنگی سپی زیاتر وەك لایەنی خێر لێکدراوەتەوە، وەك لەدایك بوونی ڕۆژێکی نوێ، دەست پێکردنەوەی ژیانێکی نوێ، ( هەڵمەت ) لەم کۆپلە شیعرەدا دەڵێت :

**ڕاوچی ییەك حەزی لەوێنە کێشان بوو**

**وێنەی تا پڕێکی کێشا**

**کۆترێك حەزی لەوێنە کێشان بوو**

**وێنەی ئاسمانێکی سپی کێشا**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ٢ : ٢٣٥ )

لەم شیعرەدا هێزی شەڕو هێزی ئاشتی یاخود لایەنی شەڕو لایەنی ئاشتی بەدەردەخات، ( تاپڕ ) ڕەمزی شەڕو کوشتنە، کۆتر ڕەمزی ئاشتییە، ئاسمان خۆی بەڕەنگی شین دەنوێنێ، بەڵام شاعیر بەمەرام ئەمەی کردووە ئاسمانی سپی خوازراوە لەجێی ئاشتی دوور لە ئاژاوە لێرەدا ڕەنگی سپی بەمانا بۆ دانراوەکەی بەکارهاتووە کەهێمای پاکی و ئاشتییە .

شاعیر لە پۆستەرە شیعرێکی تردا دەڵێت :

**کەی سمێڵی عەشقم**

**سپی دەبێ ..!**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ٢ : ٥٠٣ )

ڕەنگی سپی کاتێ بۆ قژو ڕوومەت و سمێڵ بەکاردێت نیشانەی پیری و تێپەڕبوونی تەمەنەو لایەنێکی سایکۆیی دەبەخشێت، بەڵام لێرەدا شاعیر ڕەهەندی تری پێ بەخشیووە، سپی بوونی سمێڵی عیشق، بەواتای قوڵ بوونەوەیە لەجیهانی عیشق، بەواتای لەمێژینەیی عیشقی شاعیر دەگەێنێت بەواتای گەرم وگوڕی عیشق دەگەێنێت کە تاکو ئێستا عیشقەکەی ئەو کۆتایی نەهاتووە .

شاعیر لەم پارچە شیعرەدا دەڵێت :

**هەموو لاپەڕەیەکی سپی**

**باسی بەفربارین دەکات**

**چۆن نایبینی**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ٣ : ٣٧٩ )

شاعیر پەڕاوی سپی بە بەفر چواندووەو چوانییەکی تیادەبینێتەوە، سپی ڕەمزی بەرائەت و پاکییە بەفربارین بەفریشتە و شتی دڵخۆشکەر وەسف کراوە، لێرەدا ڕەنگی سپی ڕەنگێکی هێور کەرەوەی دەروونەو شاعیر بەرەو خاوبوونەوەو سادە بوونەوەو لایەنی گەشبینی و جوانناسی دەبات .

**ج- ڕەنگی شین :-**

ڕەنگی شین ڕەنگێکی دڵکەرەوەیە، (( ڕەنگی ئاو و ئاسمان و ڕوونی و سوکەڵەیی و خەون و ڕەنگی فەزای خەیاڵ و خاوکردنەوەی گرژی و هەناسەو لێدانی دڵ، لەڕووی سۆزیشەوە ڕەنگی ئاشتییە ))(٥٤) ئینسان لەبوونی خۆی دا حەز لە ڕەنگی شین دەکات و کاتێ سەیری ئاسمان دەکات کە ڕەنگێکی شینی دڵ کەرەوەیە، کەواتە ڕەنگی شین (( ڕەنگی کەسایەتی هێمن و خواستراوە، لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی پێویستی بەهێمنی و هەستکردنی بەهێمنی هەیە، ڕەنگی شین هەڵدەبژێرێت، بەڵام ڕەتکردنەوەی تەواویان ئەوەی لەدوا وانەی لیستی ڕەنگەکاندابێت، ئەوەمانای وایە ئەو کەسە خاوەنی کەسایەتیی پڕ دڵەڕاوکێ و هیلاکە، ڕەنگی شین سەلامەتیی دەروونییە، کە تێرامان لەو ڕەنگە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی فشاری خوێن، هەناسەدان و لێدانی دڵ کەمدەکاتەوە، یارمەتی جەستە دەدات باش پشوو بدات ))(٥٥) ( لەتیف هەڵمەت ) سەبارەت بە ڕەنگی شین دەڵێت : (( ئاو شینە، ئاسمان ساماڵ بێ شینە، هەر ڕەنگە شینەکان زۆر جوانن و ئینسان دڵی پێدەکرێتەوە ))(٥٦) لەتیف هەڵمەت لەم کۆپلە شیعرەدا دەڵێت :

**ساماڵی شینی خۆزگە و ئارەزووم**

**تیشکی ئەستێرەی تازە ناڕژێنێ**

**پەنجە چپەی تەمەنم ئاوازی گەرووم**

**لەژێی کەمانی حەز هەڵناسێنێ**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٥٢٨ )

شاعیر هیواو حەزوو و ئارەزوو و خۆزگەو خۆشی خۆی دەداتە پاڵ ڕەنگی شین، ئەو ڕەنگەی دڵ دەکاتەوە و هێوری بەمرۆڤ دەبەخشێت، بەڵام شاعیر بەلای بارێکی دەروونی خراپ دادەڕوات کە ئەم ساماڵی شینە ئیتر تیشکی ئەستێرەی خۆزگەی تازەی بۆ مەیسەر ناکات، شاعیر لەبارێکی دەروونی خراپ دا دەگاتە ئەوەی بڵێت کە ئاسمانی شین و ساماڵ چەندە دڵ کەرەوەیە، بەڵام شاعیر تووشی نەهامەتی و ڕەشبینی هاتووەو لەڕێی ئەم ڕەنگە شینەوەش ئارام نابێتەوە.

**د- ڕەنگی سەوز :**

ڕەنگی سەوزیش ڕەنگێکی خۆشی بەخشەو ڕەمزو هێمای هاتنی وەرزی بەهار و سەرهەڵدانەوەیە،(( ڕەنگی سروشت و ژیان و هێور بوونەوەی دەروونە، ڕەنگی لێبووردەیی و لەیەك گەیشتن و متمانەو هەستیارە ))(٥٧) ( لەتیف هەڵمەت ) بەشێوەیەکی بەرچاو ڕەنگی سەوزی لەشیعرەکانیدا بەکارهێناوە ئەوەتا لە شیعری ( سووتان ) دا دەڵێت :

**هەموو ڕۆژانی ئەم جیهانە ژەنگاوییە**

**لەدڵمدا دەسووتێنم**

**لەخۆڵەمێشە سەوزەکەی**

**جیهانێکی نوێ پێکدێنم**

**ئێ باشه بشێ نەتوانم**

**ئەم دڵەی خۆم**

**بشێلم وەك : تۆپەڵێ مۆم**

**دڵێکی تر بکەم بۆ خۆم**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٦١٥ – ٦١٦ )

شاعیر بەهەستێکی ڕەشبینانە دەڕوانێتە جیهان، چونکە جیهانی بەشتێکی ژەنگاوی داناوە، هەموو ڕۆژێ دەیەوێت بیسوتێنێت و بیکات بەخۆڵەمێش، بەڵام بە خۆڵەمێشێکی سەوز، لێرەدا ڕەنگی سەوز ڕەنگی سروشت و دارودرەخت و بەهارو وەرزی نوێبوونەوەو وەرزی سەرهەڵدانە لەبەر ئەوەی خۆڵەمێشەکە سەوزە، کەواتە هێشتا ژیانی تیاماوەو ئەشێ زیندو بێتەوە دەتوانێت جیهانێکی تری لێدروست بکاتەوە واتە، کاتێ شاعیر توانی لەخۆڵەمێشی سەوز سەرلەنوێ جیهان دروست بکاتەوە، ئەوا هەوڵیش دەدات دڵی خۆی وەك تۆپەڵێ مۆم بشێلێتەوەو جارێکی تر دڵێکی تری لێدروست بکاتەوە، ڕەنگی سەوز لەڕووی سایکۆلۆجییەت و جیهانبینی لەتیف هەڵمەتەوە ڕەنگێکی خۆشی بەخشە لەژیاندا ئەوەتا خۆڵەمێشیش ئەگەر سەوز بوو ئەو ژیانی تێیدا دەبینێتەوە .

شاعیر لەشیعری ( هاوڕێ ) دا دەڵێت :

**کە دوو دڵدار**

**دەمەو زەردەپەڕی بەهار**

**لەسەر کانی گوندێکی قژ کەسکی بنار**

**ئاوێزانی یەکتر دەبن ..**

**لەڕووبارە دوورەکاندا**

**بەدەست ماسی ڕەنگاو ڕەنگی ئەوین دەگرن ...**

**ئەستێرەیە لەپشت ملەی ئەوبەرەوە**

**سەر دەردەکات**

**جارجار ونە ...**

**جارجار دیارە ...**

**بشێ ئەوە سەرنج نەدات**

**لەژوانی ئەو دوویارە**

**لەسەر کانی ئەو بنارە ...!**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٨٧٠ – ٨٧١ )

شاعیر لەو وەسفەیدا هەوڵ دەدات دیمەنێکی جوان و دڵڕفێن دروست بکات و لەڕووی دەروونییەوە بارێکی خۆشی دوو دڵدار پیشان بدات لەگوتەی ( گوندێکی قژ کەسك )، بەواتا تێرو توخی ئەم بەهارە پیشان دەدات، لەگرتنی ( ماسی ڕەنگاو ڕەنگی ئەوین )، لێرەشدا ڕەنگاو ڕەنگی مانای خۆشی شادی و دەبەخشێت، کەواتە ڕەنگی سەوز شاعیر زیاتر بۆ حاڵەتی خۆشی سوودی لێوەرگرتووە .

ە- ڕەنگی زەرد :

ڕەنگی زەرد بەشێکی بەرچاوی سروشت پێکدێنێ، لەگوڵ و گوڵزار و دیمەنی پایزان و هاوینانیش، (( زەرد ... لەڕووی سایکۆلۆجییەوە ڕەنگێکی میزاجی مام ناوەندی بەختیارییە، جوڵێنەرو هاندەرو چالاککەری هزرە و بەرەنگێکی فەلسەفی ناسراوە ))(٥٨) بۆ چوون و لێکدانەوەی تریش بۆ ڕەنگی زەرد هەیە، هانی سلێمان دەڵێت: (( ڕەنگی زەرد ڕەنگی ئاقڵی و فکرو ئومێدو بەرهەمی بەپیتە، هەروەها ڕەنگی ئیرەییە، وەك چۆن ڕەنگی کەسایەتی گەشبینە، کەتوانای پێوانەکردنی هەست و سۆزی باش و پێگەیشتووی هەیە، ئەو ڕەنگەیە کەژیان و ئومێد دەبەخشێت، ئەو کەسانەی حەزیان لە ڕەنگی زەردە زیاتر لە ڕەنگی تر خاوەنی بیرکردنەوەیەکی تەندروستن و وەرزی هەمە جۆریان تێدایە، پێویستیان بەسەرسامبوون هەیە و زۆر گرنگی بەفکری نوێ دەدەن ))(٥٩) ئەمە لەڕوانینی خەڵك دایە، بەڵام بۆ شاعیران ڕەنگی زەرد تەواو لەگەڵ بۆ چوونەکەی ( هانی سلێمان )نایێتەوە، چونکە شاعیران سایکۆلۆجییەتێکی جیاواز لە ڕەنگی زەرد دەبینن، ئێمە لەوە نادوێین، بۆ بابەتەکە بەگشتی لای شاعیران ڕەنگی زەرد زیاتر ڕەنگی نەخۆشی و دەردەداری و ڕەنگی دابڕان و پاییزە .

شاعیر لەم کۆپلە شیعرەدا دەڵێت :

**ئەستێرە زەردەکانی ڕێگا**

**قوڕقوشماوییە**

**دوورو درێژە مردووەکان**

**وەك سێبەری ئاو**

**ڕووناکی هەڵیان ئەمژێ**

**زەردەخەنەی ئاسمانە**

**ڕووخاوەکانی**

**پێش مێژووی ڕەنگ و بۆ**

**وەك لەرەی نیگای بروسکەی ناو**

**زەنگوڵەی بارانی پایز ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١، ٥٩ – ٦٠ )

شاعیر ڕەنگی زەردی بۆ نەخۆشی و دەردەداری و مردوو بەکارهێناوە، ئەوەتا ئەستێرە وەك قوڕقوشم زەردە و مردووە، ئەم ئاسمانەش دەبەستێتەوە بەوەرزی پاییز، واتا ڕەنگی زەرد بەو مانایە نایێ کە پارچە قوماشێك تاچەند ڕامان دەکێشێ و سایکۆلۆجییەتی چییە، بەڵکو لەنێو شیعردا ڕەنگی زەرد جگە لەوەسف کردنی جوانییەکانی تیشکی خۆرەتاو و قژی زەرد، بەڵام ئەگەر لەم ڕووکەشییە زیاتر بچینە خوارەوە بەلای شاعیرانەوە ڕەنگی خەمۆکی و دەردو ئازارە .

شاعیر لەدەربڕینێکی شیعریدا دەڵێت :

**کە زستان هات ... وتم : پرچی**

**کچە جافێك بۆخۆم دەکەم بەڕەشماڵ**

**دڵی زەردم ناخەمەبەر بەفر و باران**

**بەفر باری تۆسقاڵ تۆسقاڵ**

**لەشم ڕچی**

**هەرچەندم کرد سوێسکەی ماندووی**

**پەنجەیەکم نەگەیشتە**

**ژێر ڕەشماڵی دووری پرچی**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ۱ : ٤١٥ – ٤١٦ )

ئەوەتا شاعیر کەوەسفی دڵی زەردی دەکات کە دڵێکە دەردەدارو نەخۆشە و نایەوێت بیداتە دەست بەفروباران، ئەوەندەی تر دەردەداردەبێت و دەیەوێت ئەم دڵە زەردە و خەمبارەی بەوە شاد بکات کە پرچی کچە جافێك بکات بەڕەشماڵ و لەم دەردە دارییەش ڕزگاری بێت، ئەوەتا شاعیر چەندی هەوڵی داوە هەوڵەکەی بۆ جێبەجێ نەکراوە، هەر بەدڵ زەردی و دەردەداری ماوەتەوە .

**و- ڕەنگی سوور :**

ڕەنگی سوور ڕەنگێکی سەرنج ڕاکێش و گەرمە، (( ڕەنگی ئاگرو هەستی گەرمی ئەدا و تیشکە نزیکەکانی لەناوچەی ژێر سوورەوە لە کۆمەڵەی شەبەنگدا بەقووڵایی ڕیشاڵەکانی جەستەی مرۆڤ ڕۆدەچێتە خوار ))(٦٠) ڕەنگی سوور نیشانەی خوێنە و (( پاڵەپەستۆی خوێن زیاد دەکاو هەناسەدان قورس دەکات، سوور ڕەنگی جووڵەو زیندوویەو کاریگەریی بەهێزی لەسەر هەڵس وکەوت و میزاجی مرۆڤ ))(٦١) هەیە . (( ئەم ڕەنگە خاوەنی سیفەتێکی شەڕانگێزانەیە، ڕەنگێکە کاریگەری لەسەر هەستەکان دادەنێت، ئەگەر زۆر تەماشای بکەین دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی فشاری خوێن و ڕێژەی هەناسەدان زیاد دەکات ... گوزارشتە لەحەز کردن بە ورووژاندن بەهەموو شێوەکانییەوە، گوزارشتە لەنائارامی، لەسیماکانی ئەو کەسەی ڕەنگی سوور دەکاتە جوانترین ڕەنگ بریتییە لەهەڵەشەیی و هێز و حەزکردنی زۆر لەژیان، هەروەها خرۆشانێك دامرکانەوەی نییە، ئەو ڕەنگەیە کە ڕەمزە بۆ خۆشەویستی، ئەو کەسەی ڕقی لە ڕەنگی سوورە تەنها مەترسی تێدا بەدی دەکات، لەوانەیە ئەم جۆرە کەسە توڕەبێت یان لەوەی ئەرکێکی پێبسپێردرێت بترسێت ))(٦٢)ڕەنگی سوور تەنها لای مرۆڤ وروژاندن دروست ناکات، بەڵکو لای ئاژەڵانیش دەبینن ئەوانەی کە نمایشی یارییەکانی ( گا ) دەکەن، چارۆك و پەڕۆی سوور بەکار دەهێنن، دەبینین ئەو ( گا ) یە زیاتر دەورووژێت و شەڕانگێز دەبێت و هێرش دێنێت .

( لەتیف هەڵمەت ) لەشیعری ( ئاوی کوێستان ) دا دەڵێت :

**ئەی ئەستێرەی گەلاوێژ**

**گەر نیوە شەو خۆت خستە ناو**

**کانییەکی مەنگی کوێستان**

**وەك کچێکی قژ درێژ**

**کەوتیتە یاری و چاو شارکێ**

**لەناو بەفری لوتکەکان**

**گەر بەرەبەیان**

**قژی زەردت سوور هەڵگەڕا ..**

**لەبەفرو کانیی ببورە ...**

**ئاوی کوێستان**

**دڵۆپ دڵۆپ هەمووی سوورە ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٣٣٩ )

شاعیر لەڕێی ئەستێرەی گەلاوێژەوە فەنتازیای خۆی دەخاتە ڕوو، بەوە ئەگەر ئەستێرەی گەلاوێژ خۆی هەڵدایە نێو ئاوی کانی سوور هەڵدەگەڕێ، چونکە ئاوی کانیاوەکان هەموو بوون بەخوێناو، لێرەدا ڕەنگی سوور نیشانەی شۆڕش و خوێن و شەهید بوونە، نیشانەی ئەوەیە کە کوردستان خەڵتانی خوێن بووە، نەك تەنهامرۆڤ و خاکەکەی، بەڵکو بەفر و ئاوی کانیاوەکانیش ڕەنگیان سوور بووە .

شاعیر لە دەربڕینێکی تری شیعری دا دەڵێت :

**دنیای ژیانم شەو داپۆشیوە**

**هەرساماناکیە کام جێگە دوورە**

**نیگای سەرسامیم نوقمی باوێشکی**

**تاریکی یەکی کفتی تەم سوورە**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٥٣٣ )

شاعیر خەم و ئاوارە بوونەکانی خۆی دەخاتە پاڵ شەو، کە شەو چۆن شتەکان دادەپۆشێت و لەبەرچاو ونیان دەکات، جێگا دوورەکان بۆ شاعیرسامناکن شاعیر باس لە کەش و هەوایەکی نامۆو غەریب دەکات کەنیگای سەرسامی خۆی نووقمی تاریکی بووە، بەڵام تاریکییەکە خۆی بەسوور دەنوێنێ، لێرەدا( ڕەنگی سوور ) دیمەنێکی نامۆیە، کاتێ ئێمە ئێواران سەیری خۆرئاوا بوون دەکەین و ئەوکاتەی خۆر تەواو ڕەنگی سوور دەبێت جۆرە لایەنێکی دەروونیمان پێدەبەخشێت زیاتر دیمەنێکی تێرامان و سەرنج ڕاکێشە شاعیریش باس لەدیمەنی تاریکییەك دەکات کە خۆی بە ڕەنگی سوور دەنوێنێ، شاعیر سامناکی خۆی پەیوەست دەکاتەوە بەم ڕەنگە سوورە .

شاعیر لەشیعری ( من دەزانم ) دا دەڵێت :

**من دەزانم گەر مناڵە بێ دەمەکان**

**بێنەزمان**

**چی دەڵێن**

**من دەزانم**

**ئەم ڕووبارە سوور سوورانە**

**پشکۆی خوێنی دەروونی کێن ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٦٢٩ )

ڕەنگی سووری بەخوێن چوێندووە، بەخوێنێکی پشکۆیی کە هەمیشە لەگوڵ دایە، ڕووبارە سوورەکان پشکۆی خوێنن، جیهانبینی لەتیف هەڵمەت بۆ ڕەنگی سوور زیاتر خۆی لە شۆڕش و خوێن و سامناکیدا دەبینێت، کەچی دەبینین گوڵی سوور ڕەمزی جەژنی ( ڤالانتاین )ە و بەڵام شاعیر کەمتر بۆ مەبەستی خۆشەویستی ئەم ڕەنگەی بەکارهێناوە، سوور زیاتر دەربڕی لایەنی سایکۆیی شاعیرە بەرانبەر بەکارەساتەکان و مەینەتییەکانی .

شاعیر لەشیعرێکی تردا دەڵێت :

**ئەم بەفرانە سوور سوورن**

**لەوانەیە هەورێك**

**بەر شمشێری دابن ... !**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ٣ : ٥٤ )

دیمەنی سووری بەفر لەوەوە دروست دەبێت کاتێ گەردەلول لەبیابانەکان هەڵدەکات و بەرز دەبێتەوە بۆ ئاسمان و دەگاتە سەرووی هەورەکانیش، ئەم گەردەلولە تۆزو خۆڵی هەڵگرتووە، کاتێکیش کە بەفردەبارێت گەردو تۆزەکان لەگەڵ بەفرەکە ئاوێتە دەبێت لەشێوەی بەفرێکی مەیلەو سووردا دێتە خوارێ، بەڵام شاعیرلەڕێی هونەری ( جوانی بایس)، هۆکارێکی نوێی بۆ سووری بەفرەکە دۆزیووەتەوە، لێرەشدا بەلای شاعیرەوە ڕەنگی سوور نیشانەی خوێن ڕژانە، کە لەوەدا دەبینێ کە هەور بەرشمشێری دابن و بریندار بووین و بۆیە هەورەکان بەزامداری دێنە خوارەوە . لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت جیهانبینی لەتیف هەڵمەت بۆ ڕەنگەکان جیهان بینییەکی تایبەتە، ڕەنگەکان ڕەهەندێکی دەروونیان وەرگرتووە، زۆرجار ڕەنگی تەم و ڕەنگی ڕەش و شتی سووتاو بەسووتانی قژی دایکی دادەنێ .

## ٢-سایكۆلۆجییەتی ( با ) :

بێگومان سروشت یەكێكە لەپێكهاتە سەرەكییەكانی كەرەستەی شیعری، زۆر دیدو ڕوانینی پێكچوو هەیە سەبارەت بەپێكهاتەكانی سروشت لەدارودرەخت و بوونەوەرو پەلەورو ئاسمان و مانگ و ئەستێرەو ... هتد، بەڵام لەناو ئەمانەشدا جیهانبینی هەر شاعیرێك جیاوازە، مرۆڤ لەنێو ئەم سروشتەدا لەدایك دەبێت و تێیدا دەژییێت، كەواتە ئەم سروشتە ڕۆڵێكی گرنگی دەبێت لە دروست كردنی كەسایەتیی تاك تاكەی مرۆڤ، شوێنی ژیان و ئاو هەواو ..هتد، بۆ نموونە ؛ ( مەولەوی ) و ( گۆران ) .. هتد لەكوردستان ژیاون و بەناو چیاو چۆڵ و شوێنە سەرسوڕهێنەرەكانی كوردستاندا گەڕاون ئەم بینین و گەڕانە كاری لەدەروون و هەست و سۆزیان كردووە، بێگومان ڕوانینەكان بۆ دیاردەو دیمەنەكانی سروشت لەشاعیرێكەوە بۆ یەكێكی تر جیاوازە، ( لەتیف هەڵمەت ) لەنێو هەموو دیاردەو شتەكانی سروشت زیاتر گرنگی بە ( با ) داوە، با سایكۆلۆجییەتێكی تایبەتیی هەیە لای شاعیر، دەتوانم بڵێم هێزی بزواندن و دروست كردنی بەشێكی زۆری شیعرەكانییەتی، ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین شاعیرێكی ترمان نەبینیووە بەقەد ( لەتیف هەڵمەت ) گرنگی بە- با -دابێ لەم بارەیەوە ( لەتیف هەڵمەت ) دەڵێت : (( با نەمرییەكی هەیە زۆر جار گوتوومە خۆزگە وەكو ( با ) دەبووم ئەو بێ پاسپۆرت دەچێتە باخەڵی هەموو كچێكەوە، دەچێتە ناو قژی هەموو ژنێكی جوان و بێ پاسپۆرت هەموو سنوورەكان ئەبڕێ، با شت ئەشكێنێ و پۆلیس ناتوانێ بیگرێ، با یاخی دەبێ با بەیاننامەی سیاسی هەڵدەگرێت زۆر جار بەیاننامەیەك بەدیوارەوەیە با لێی دەكاتەوە، لەگەڵ خۆی دەیبا، بەڵام كەس محاسەبەی ناكا ناڵێ بەیاننامەی سیاسی هەڵگرتووە، با ئازادترین شتە لەژیان، چونكە زۆریش حەزم لەئازادی بووە، ڕەنگە بچینە بارە دەروونیەكەوە بێ ئەوەی خۆم پێبزانم كاریگەریەتی ئەو ئازادییەی بایە لەسەر من بۆیە ئەوەندە باسی بكەم ))(٦٢)

لەتیف هەڵمەت لەشیعری ( با ) دا دەڵێت :

**گەر با دەبووم**
**بێ پاسپۆڕت و ناسنامە**
**كوێستان و گەرمیان دەگەڕام**
**هێشتا نەمدەوت ماندووم**
**نەچاو شكێن دەكرام بەلیس**
**نەپەلوپۆم دەبەسترایەوە بەگوریس**
**هەموو شەوێ**
**كەدەمزانی**
**چراكانی ..**
**كوێستانە خەمبارەكەم**
**شەكەت دەبێت و دەخەوێ**
**لەتویی پەنجەرەكەیەوە ئەخزامە ناو ماڵێكی شارەكەم**
**زەنگوڵ زەنگوڵ دەتكامە ناو ناودەمی یارەكەم ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ١٣٥ )

شاعیر تەمەنا دەکات وەکو با ئازاد بێت، چونکە با بێ ناسنامە و پاسپۆرت دەگەڕێ، شاعیر ( با ) بەشتێکی ڕوح لەبەر دادەنێت و کە لەهیچ شتێك ناترسێ و کەس ناتوانێ پەل و پۆی ببەستێتەوە، شاعیر دەیەوێت ڕێی فەنتازیای گۆڕینی خودی خۆی بۆ – با – هەستە پەنگخواردووەکانی خۆی دەرببڕێت و بەمەرام و ئاواتی دڵی خۆی بگات، ئەوەتا تەمەنای شاعیر ئەوەیە ئەو ( با ) یەك بێت و لەدرزی پەنجەرەوە بچێتە ژوورەوە و ناودەمی یارەکەی ماچ بکات و لەقەدوبالای بئاڵێت، بێئەوەی ترسی ئەوەی هەبێت کەسێك ببینێ کەسێك کۆت و بەندی بکات، کەسێك ئازاری بدات، لێرەدا شاعیر لەڕێی باوە هەوڵ دەدات بگات بەیارەکەی، گەیشتن بەیار لەنێو ماڵێکی داخراو و دەرگا گیراو زۆر زەحمەتە، کۆمەڵگاو کولتوور ڕێگا نادەن، بەڵام ئەگەر ئەو ( با ) بێت، لە شێوەی شەبەحێك دەتوانێت بگات بەیارەکەی، سایکۆلۆجییەتی ( با ) ئەوە دەیگەێنێت بەئاواتەکانی، بەشتە چەپێندراوەکانی ناوەوەی خۆی .

شاعیر لەشیعری ( دەنگی بادێ ) دا دەڵێت :

**دەنگی بادێ**

**ئا ئەوەتا لەو لووتکەیە بەلووره لوور**

**دێتە خوارێ**

**دەنگی بادێ**

**خوایە دەبێ با چی بڵێ**

**ئەشێ ئەویش بۆیە ناڵەی لێ هەڵقوڵێ**

**کەوا لووتکە بەجێدێڵێ**

**یا کێ دەڵێ**

**کە ئەمشەو خۆی ئا بەو گوندەدا کردووە**

**لاشانێکی بەر دەسڕێژی پاسەوانێك نەکەوتووە !**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٧٦٢ – ٧٦٣ )

شاعیر وێنەیەکی جوانی لە- با –دا دروست کردووە، وێنەیەکی داهێنەرانە، کە بەشێوازی بەکەس کردن دروست بووە، با لەشێوەی کەسێکدا دەبینێت لەگوتەی، کە با لوتکە بەجێ دێڵێ، بۆیە ناڵە ناڵ دەکات بێگومان لێرەدا زیاتر مەبەستی لە ( ڕەشەبایە )، چونکە گڤەگڤ و دەنگی زۆری لێ دێت، شاعیر با وەك غەریبێك وەسف دەکات کەئاوارە دەبێت و زێدی خۆی جێدەهێڵێت بۆیە دەداتە پڕمەی گریان و دەڕوات، دواتر گومانێکی تری لا دروست بووە، وای دەبینێ کە با دەست ڕێژی پێکەوتوە بۆیە دەگری و ناڵەناڵ دەکا، دەبینین دوو بابەتی دەروونی داوەتە پاڵ ( با ) ئەویش ئاوارەیی و نامۆیی، دواتریش برینداری و ئازار، شاعیر ڕۆچۆتە ناخی بابەتەکەو لایەنێکی سایکۆیی بۆ با دروست کردووە .

شاعیر لە پارچە شیعرێکی تردا دەڵێت :

**دەنگت فینکترین بایە**

**تۆوی خۆشی ئەم دونیایە**

**لەهەردوو گوێمدا دەچێنێ**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ۱ : ٨٤٦ )

ئەم جارەیان سایكۆلۆجییەتی با لەجوانیدا دەبینێتەوە، كە دەنگی یارەكەی بە بایەكی فێنكی چواندووە، ئەم بایە خۆشە دەگاتە گوێچكەكانی، شاعیر وێنەیەكی جوانی داهێنەرانەی دروست كردووە، چونكە ( با ) تۆی گوڵ دەگوازێتەوە و لەسەر زەوی دەیپرژێنێ و دواتر شین دەبێت، كاتێ دەنگی یارەكەی دەگاتە گوێچكەكانی وەك ئەوە وایە تۆی گوڵەكان بگەن بەزەوی، دەنگی یارەكەشی تۆوی خۆشی لەنێو گوێچكەی دەچێنێت . دەبینین لایەنێكی دەروونی بەهێز لەخودی بادا دەبینێتەوە.

شاعیر لەپارچە شیعرێكی تردا دەڵێت :

**من بام ... با ... با**

**دەڕۆم بۆ سەرشەقام و ماڵ و چیادا**

**بەسەر ڕەزو زێ و دەریادا**

**یاری دەكەم لەگەڵ بەردی سەر ڕێگادا**

**لەگەڵ پرچی كچی جوان و**

**چمكی تەنورەو عەبادا ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ۱ : ٨٨٣ )

شاعیر با بە ئازادترین شت وەسف دەكات، شتە قەدەغەكراوەكانی ناخی خۆی ئەوەندەی لە نەستی داگیرساونەتەوە، دەیەوێت دەریان ببڕێت بەوەی كە خۆی بكات بە ( با )، چونكە با كەس موحاسەبەی ناكات، ڕێگری لێناكرێ، ئازادە بەهەموو شوێنێك دا دەڕوات، شاعیر خۆی دەكاتە ( با )و یاری بەپرچی كچان دەكات چمكی تەنورەو عەباكانیان هەڵدەداتەوە، شاعیر لەخودی خۆیەوە ئەم كارانە ئەنجام نادات دەیەوێت هۆكارێك بدۆزێتەوە پردێك دروست بكات بەسەری بپەڕێتەوەو حەزو ئارەزووەكانی خۆی لەڕێی خۆكردنەنێو بەرگی باوە دەرببڕێت، واتا ئەو شتانەی لەناخی دەروونی داگیرساونەتەوە لەڕێی باوە دەریاندەبڕێت .

شاعیر لەشیعری ( باو پرسیارو وەڵام ) دا دەڵێت :

**ئا ئەو بایە بەدوای چیدا ... ڕادەكات**

**چی شتێكی لێ ون بووە**

**بەڵێنی بەكام یارداوەو**

**لەژوانی دواكەوتووە ...**

**ئا ئەو بایە بۆ كوێ دەڕوات**

**وا زرمەی پێی**

**گوێی گەردونی كەڕكردووە**

**بۆ ڕادەكات**

**خۆشەویستێكی مردووە**

**یا سەربازە و بێ ئیجازە**

**لەسەربازگە بۆی دەرچووە**

**یا دەستکورتە و هاوسەرەکەی**

**لەنەخۆشخانە خەوتووە**

**بەدوای یەکێکدا دەگەڕێ**

**کە ئێوارە گفتی هەندێ**

**دەستقەرزی لێ وەرگرتووە ...**

**یاشاعیرەو دیوانەکەی**

**بەرتەورداسی ڕق کەوتووە**

**ئە بەو جۆرە توڕە بووە ...؟**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٨٩٤ – ٨٩٥ )

شاعیر مامەڵەیەکی دەروونی لەگەڵ ( با )دا کردووە، کۆمەڵێ ناخۆشی و مەوقیفی دەروونی داوەتە پاڵ ( با )، شپرزەیی دەروونی ( با ) لەچەند گومان و پرسیارێك چڕ دەبێتەوە، کە ( با ) شتی لێ ونبووە، یان ژوانی هەیە و بەپەلە دەڕوا، ڕاکردنی لەبەر ئەوەیە خۆشەویستی مردووە، بافیرارە و لەسەربازگە ڕایکردووە، یاخود ( با ) دەست کورتە و هاوسەرەکەی لە نەخۆشخانە کەوتووە، کە دەبینن دەست کورتی ( با ) دواتر نەخۆشی هاوسەرەکەی دوولایەنی دەروونی ناخۆشن پێکەوە کۆبوونەتەوە، یاخود بەدوای کەسێکدا دەگەڕێ بۆ ئەوەی قەرزی لێوەرگرێ، یاخود ( با ) شاعیرە و دیوانەکەی بەر تەورداسی ڕەق کەوتووە، لێرەدا دەبینین با بووە بەکۆمەڵێ شت هەموو شتەکانیش لایەنێکی دەروونی ناخۆشی هەیە، لەناو مرۆڤەکان شاعیر کۆمەڵێ هەڵوێستی دەروونی ناخۆشی بە ( با ) بەخشیووە، کە لەبەردەم دڵە ڕاوکێو دوودڵی و ناخۆشی و ململانێیەکی دەروونیدا دەیبینێتەوە . هەڵبەتە لەچەندین شیعری تردا سایکۆلۆجییەتی با دەبینرێت، واتا جیهانبینی ( لەتیف هەڵمەت ) بەرانبەر بە ( با ) جیهان بینییەکی تایبەتە .

### ٣-سایکۆلۆجییەتی وەرزی پاییز :-

وەرزی پاییز یەکێکە لەو وەرزانەی کە هەر لە کۆنەوە سەرنجی شاعیرانی ڕاکێشاوە، خەم و دەردو مەینەتەکانی خۆیان داوەتە پاڵ وەرزی پاییز، لەشیعری کلاسیکییەوە تاوەکو شیعری ئێستا، بەڵام دەبینین لەقۆناغی ڕۆمانسییەتەوە زیاتر گرنگیان بەسروشت داوە، دەتوانین بڵێین مەولەوی گرنگی پێداوە، بەڵام بەشێوەیەکی زەق دەتوانین بڵێین ( گۆران ) ی شاعیر گرنگییەکی زۆری پێداوەو خەم و ئازارو مەینەتییەکانی خۆی خستۆتەڕوو، لەدوای ئەویش شاعیری زۆر بەدیار کەوتن کە هەڵوەرینی گەڵای درەخت و گڤەگڤی با و باران و دەیان دیمەنی تر لایەنێکی دەروونی بەشاعیربەخشیووە، زۆر شاعیریش هەیە کارێکی زۆری لەنێو دیمەنەکانی پاییزدا کردووە، لەوانە ( محەمەد عومەر عوسمان ) کە بە ژەنەراڵی پاییز ناسراوە . ( لەتیف هەڵمەت ) سەبارەت بە سایکۆلۆجییەتی وەرزی پاییز دەڵێت : (( دەمەوێ یەك شت بڵێم ئەوە ئێستا بەهارە شەرت نییە من لەبەهاردا دڵم خۆش بێت، باوەڕت هەبێ، جاری واهەیە بەهاریشە ڕەنگە دڵم خۆش نەبێ، باوەڕت بێ جەژنی نەورۆز هەموو کەسێ دڵی خۆشە من ئەگەر سەردەمی مناڵی لێدەرکەی باسی مناڵی سەردەمی کفری دەکەم، کە چەند ساڵێکم لەبیرە ئەوا خۆش بوو شتێکی جوان بوو، کە ئاهەنگ دەکرایەوە، ئەوا ژیانی بەهار وەك ژیانەکانی تر ئاساییە، ڕەنگە هەندێ جار زستانێك بەفر ئەبارێ بەفر بارینەکەم بەلاوە جوانترە بۆمن ئەو شیعرانەی بۆ بەفربارین وتوومە ئەو جوانییەی لەوبەفر بارینە بینیوومە لەبەهاردا نەمبینیووە، ڕەنگە لەپاییزیشدا هەستم بەم خەمە زۆرە نەکردبێ کەشاعیران خەمی پێدەخۆن ڕەنگە زۆر جار پاییزم لەبەهار بەلاوە جوانتربێ، پاییزم بەئامادییەك داناوە بۆ نوێبوونەوەیەکی تر، کە گەڵاکانی دەوەرین و دارەکان ڕووت ئەبنەوە خۆیان ئامادەدەکەن بۆ ئەوەی جارێکی تر لەدایك ببنەوە، ڕەنگە زۆر جار من بڵێم ئەرکی جوانی پاییز لەهەموو وەرزەکان بەهێزترە، چونکە هەمیشە لەئامادەکارییدایە کە سروشت جوانتر بکات، ڕاستە بۆ ماوەیەك سروشت ئەڕووتێتەوە، بەڵام خۆی لەخۆیدا هەوڵی لەدایك بوونی دونیایەکی ترە، ئەگەر پاییز نەبێت بەهار نابێت، لەبەر ئەوەی وا بزانم ڕەنگە لەگەنجیا وەکو عەرەب گوتەنی ( کالعادە ) چاوم لەشاعیرانی تر کردبێ و منیش وەك وان باسم لەگەڵاڕێزان کردبێ، منیش لەبەر هەمەکانی سەرەتاما ئەم خەمە بەدی بکرێ، دوو سێ شیعرم هەیە لە خواو شارە بچکۆڵەکەم باسی پاییز دەکەم زۆر بەخەمباری، ڕەنگە ئەوەش هەروەکو مەولەوی چۆن باسی پاییزی کردووەو ( گۆران ) زۆرجوان باسی پاییزی کردووە، منیش لەو تەمەنە یا وەکو کاریگەری ئەوان یان ( جوبران خلیل جوبران )م زۆر دەخوێندەوە، ( میخائیل نعیمە ) م زۆر دەخوێندەوە تەسەور دەکەم ئەوانیش ( جوبران ) یش و ( نعیمە ) ش لەسەر پاییز هەیانە کاریگەری ئەو فەترەیەم لەسەرە، بەڵام دواتر وادەزانم بە نەوعێکی دیکە ڕوانیومەتە پاییز ))(٦٤) ڕوانینی لەتیف هەڵمەت دیدێکی جێگیری نییە، بڵێین پاییزی بە وەرزێکی خەمبار چواندبێت زۆرجار لەنێو دیمەنی پاییزدا وێنەی جۆراو جۆری دروست کردووە، بەڵام کەم و زۆریش ئەم ڕەهەندە سایکۆلۆجییە لەنێو شیعرەکانیدا دەبینرێت.

شاعیر لەم پۆستەرە شیعرەدا دەڵێت :

**وا لە پایزی باخی تاسەما**

**گوڵی هەڵوەری و ئەلاوێنمەوە**

**ئا لەم دەروونە پەست و کاسەما**

**ئازار بۆ برین ئەتاوێنمەوە**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٧٧ )

شاعیر هەست و نەستی خۆی خەم و ئازارەکانی خۆی دەداتەدەست وەرزی پاییز، دەروونی خۆی بەپاییزێك دەچوێنێت، شاعیر ئازار بۆ برینەکانی دەتاوێنێتەوە، بەواتای بەسوێ کەوتن و بینینی و ئازارو تلانەوەیەکی زۆرە، شاعیر خەم و پەژارە بۆگوڵی هەڵوەریو دەخوات، واتا سایکۆلۆجییەتی وەرزی پاییز بووە بەهەوێنی لەدایك بوونی ئەم وێنە شیعرییەو زیاتریش لایەنێکی دەروونی و لایەنێکی خەمۆکی لەخۆدەگرێ، لەهەموو دێرەکانیشدا خودی شاعیر مەوجودە، لەوانە ( تاسەما، ئەلاوێنمەوە، کاسەما، ئەتاوێنمەوە )، دواندنی خود، شۆڕبوونەوەیە بەرەو جیهانی ناوەوەی شاعیر لەدربڕینی بێزاری و لەباس کردنی خەم و تاسە و برین و ناخۆشی کە پەیوەستی دەکاتەوە بەوەرزی پاییز .

شاعیر لە دەربڕینێکی شیعریدا دەڵێت :

**هەوری سامناکی ئاسۆی پایزم**

**توێژی برینی قووڵ داماڵی**

**لەجەرگەی خەما پچڕایەوە**

**ملوانەکەی ملی یادی مناڵی**

**هەر خۆزگەیەکی شەوی ژیانم**

**تارماییەکی ڕەش بو بەچاڵی**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٤٥ ــ ٤٦ )

شاعیر لەم دەربڕینە شیعرییەدا هەوری پاییز بەدێوەزمەیەکی سامناك دادەنێت، ئەم هەورە توێژی برینی شاعیر هەڵدەداتەوەو برینەکانی دەخاتەوە ئازارو ئەوەندەی تر قووڵیان دەکاتەوەوە قەتماغەکانیان هەڵدەداتەوە، بەهاتنی وەرزی پاییز ئەو ملوانکە جوانەی کە بەیادگارییە شیرینییەکانی مناڵی هۆندیویەتییەوە پچڕاوەو هەموو خۆزگەو گەشبینیەکانی ژیانی خستۆتە ناو تارماییەکی ڕەش و لەنێو چاڵێکدا ناشتوویەتی، کەواتە لێرەدا پاییزبووە بەوەرزێکی ڕەشبینی بەخش وەرزێك کە چۆن هێلانەی باڵداران تێکدەدات و گەڵای درەختەکانی هەڵدەوەرێنێ بەم شێوەیەش خۆشییەکانی شاعیر ڕادەماڵێو دەیخاتە بارێکی دەروونی خراپ و بەرەو جیهانی ڕەشبینی دەبات .

شاعیر لەم پارچە شیعرەدا دەڵێت :

**... بەهار بەگوڵی شەنگ و ئێسك سووك**

**چیمەنەکان ئەنەخشێنێ وەکو بووك**

**گەردەلوولی ڕەشی پایز .. پایزی زەرد**

**لەناکاوا ئەیانکاتە تۆزو گەرد**

**ئەو وێنانەی کەلەخەوا ئەیانبینین**

**دەستی ونبوون ئەیان درێ کە ڕاپەڕین ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٥٢٢ )

شاعیر خەم و خەفەت بۆدیمەنەکانی پاییزدەخوات، زۆری پێناخۆشە ئەو ڕەنجەی کە وەرزی بەهار دەیدات لەڕازاندنەوەی سروشت و لە ڕواندنی گوڵ و گوڵزار و ئەم سروشتە دەکات بەبووك، کەچی گەردەلولی ڕەشی پاییز دێت گەڵاکانی دەوەرێنێت و ئەم ڕەنج و ماندوو بوونە بەهەدەر دەدات، لەدەربڕینی ( پاییزی زەرد )، لێرەدا زەرد نیشانەی دەردەداری و نەخۆشییە واتا لێرەدا زەرد بۆ جوانی بەکارنەهاتووە، بەڵکو لایەنێکی دەروونی هەیە و بەواتای نەخۆش بەکار هاتووە، شاعیر کاتێ لەدیمەنەکانی سروشت دابڕاو کەوتە نێو پاییزێکی نەخۆشی و زەرد دوور لە گوڵ و گوڵزار و گەڵای درەختان، دەیەوێت لەڕێی خەوندا قەرەبووی ئەو گوڵە هەڵوەریوانە بکاتەوەو دیسانەوە بێنەوە یادیان و لەگەڵیان بژێیت فرۆید پێی وایە نەمانی شتێك دەست نەکەوتنی شتێك، لەخەوندا ڕەنگ دەداتەوەو مرۆڤ دەیەوێت لەڕێی خەونەوە دیسان پێیان بگاتەوە، بەڵام خەونیش وەك دەڵێت چەند چرکەیەکە و کە بەخەبەر هاتەوە ئیتر وێنەو شتە بینراوەکانی نێو خەون وجودیان نامێنێ و لەبەرچاوان ون دەبن.

شاعیر لەکۆپلە شیعرێکی تردا دەڵێت :

**گەڵای پایز دڵخۆشیان دامەوە :**

**ئێمەش وەك تۆ بێ وڵاتین**

**لەگالیسەکەی باکاندا**

**بەپێی پەتی دێین و دەچین ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ٣ : ٦٧ )

شاعیر لەم دەربڕینەدا خەم و مەینەتیەکانی خۆی دەخاتە پاڵ سروشت، بەڵام شاعیر کاتێ گەڵای درەختەکان دەبینێت کە لێقەوماون، پاییز بەم ڕووت و ڕەجاڵییەوە دەبینێ تۆزێ مەینەتیەکانی خۆی لەبیردەچێتەوە، چونکە لەناخەوە واهەست دەکات کەتەنها ئەو نییە کە لێقەوماوە، لەژیانی ڕۆژانەمان دا زۆرجار دەبینین کەسێك کێشەیەکی لێ دەقەومێت نموونە دەهێنێتەوەو پێی دەڵێت هەر تۆ نیت لێقەوماوی، بەڵکو فڵان و فڵانیش هەمان کێشەیان هەیە، لەم نموونە هێنانەوەیەشی کەسی لێقەوماو هەست بەئارامی دەروونی دەکات، شاعیریش بەراوردی خۆی و پاییز دەکات کە چۆن پاییز بێ وڵاتە ئەمیش ئاوا بێ وڵاتە، بەڵام لەناخەوە هەست دەکات خەمەکە تەنها هی ئەو نییە، بەڵکو هی وەرزی پایزیشە .

شاعیر لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت :

**شەپۆلی پایز هات لەناکاوا**

**هەوری دا بەسەر گلێنەی چاوا**

**باخی بەهەشتی ئاواتمی وەران**

**بزەی فریشتەی شادیمی تەران**

**بێ خەوی کۆشی ... شەوی ناخۆشی**

**چاوی تەمەنی جوانی خستە ژان**

**گەردەلوولی لێڵ ژیانمی پۆشی**

**بروسکەی گڕی ئاخ دڵمی سووتان ...**

( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ب ١ : ٥٢٦ )

لێرەش دا وەرزی پاییز دیمەنێکی پڕ لەڕەشبینی و لایەنێکی دەروونی بەهێزی دروست کردووە، کە کەژی پاییز دەکاتە بەهانەیەك بۆ دەربڕینی ئاخ و کەسەرو مەینەتییەکانی، ئەوەتا هەوری پاییز بەسەر گلێنەی چاوی شاعیر داهاتووەو ڕووناکی و گەشبینی لێ زەوت کردووە، باخ و بەهەشتی ئاواتی شاعیری وەراندووە شادی و خۆشی لێزەوت کردووە، شاعیر هەر دیمەنێکی نێو وەرزی پاییزی بەماڵ وێرانی و ئازاری دەروونی خۆی داناوە، ئەوەتا هەور بەرچاوی دەگرێ، گەردەلول ژیانی تێکپێچاوەتەوەو بروسکە گڕی تێبەرداوەو دەروونی سووتاندوە، بێگومان بەدەیان وێنە و نموونەی تر لەنێو دیوانەکەیدا هەبوون، بەڵام ئێمە هەر ئەوەندەمان خستە ڕوو، دەبینین لایەنی دەروونی شاعیر چۆن ئاوێتەی سروشتی پاییز بووەو لەپاڵ وەرزی خەزاندا شاعیریش ئازارو مەینەتەکانی خۆی دەردەبڕێت .

**پەراویزەکانی بەشی سێیەم:-**

( ١) جەلال خەلەف ژاڵەیی، کەسێتی سەرکەوتوو، چاپخانەی الحوادپ، بەغداد، ١٩٨٧، ل ٧٩ .

(٢ ) د. موحسین ئەحمەد عومەر، ئەدەب و سایکۆلۆژی، گێرەڕەوە ( ڕامان )، ژ ( ١٠٩ )، ٢٠٠٦/٦/٥، ل ١١١ .

(٣ ) ڕێبوار محەمەد اسماعیل، داهێنانی شیعری نالی لەڕوانگەی ڕەخنەی دەروونشیکارییەوە، ل ٣ .

( ٤) سامان محەمەد عەلی، نوێکردنەوە لە چیرۆکی هونەری کوردی کوردستانی باشوور ( ١٩٩١ – ٢٠٠٣ )، زانکۆی بەغدا، کۆلێژی ئیبن ڕوشید، ماستەر، ٢٠٠٨، ل ٥٣ .

(٥ ) جەلال خەلەف ژاڵەیی، کەسێتی سەرکەوتوو، ل ٧٩ .

(٦ ) ثامر حسن جاسم، و/ حەمەی ئەحمەد رسوڵ، توێژینەوەی سایکۆلۆژی لەداهێنانی شیعریدا، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٠، ل ٥ – ٦ .

( ٧) هەژار ئەحمەد عەبدولغەفور، بنەما ڕەخنەییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لە ١٩٢٠ تا ١٩٦٢، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٢٧ .

( ٨) ڕێبوار محمد اسماعیل، داهێنانی شیعری نالی لەڕوانگەی ڕەخنەی دەروونشیکارییەوە، ل ٤، تێبینی : ئەم نووسەرەش ئەم زانیارییەی لە کتێب المدخل الی الابداع، د. سعید عبدالعزیز وەرگرتووە .

( ٩) ڕێبوار محمد اسماعیل، داهێنانی شیعری نالی لەڕوانگەی ڕەخنەی دەروونشیکارییەوە، ل١٤٢ .

(١٠ ) سەلاح حەسەن پاڵەوان، داهێنان و مەرگ، چ (٢ ) لە چاپکراوەکانی کتێبی یانەی قەڵەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٣٧ .

( ١١) د. یاسین الایوبی، فصول في نقد الشعر العربي الحديث، منشورات اتحاد الكتاب العرب، مطبعة اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ١٩٨٩، ص٢١ .

( ١٢) د.عبدالرحمن العیسوی، سایکولوجیة الفئات الخاصة، دراسة في الموهبة والتعجز، ط ١، دار النهضة العربیة، بیروت – لبنان، ٢٠٠٩، ص٨٧ .

( ١٣) د. سەعید شاملۆ، و/ فرمێسك رزگار محەمەد، سیدۆ داود عەلی، قوتابخانە و تیۆرەکانی دەروونزانی کەسایەتی، چ١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٠، ل١٢ .

( ١٤) س . پ . ل ١٤ – ١٥

( ١٥) ئازاد قەزاز، کەسێتی و ململانێی دەروونی، چ١، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١٠، ل١٢ .

(١٦ ) دیل کارنگی، و/ ئەرسەلان ئەردەلانی، زرنگ و هوشیاربە، چ١، چاپخانەی گەنج، ٢٠١٠، ل١٢٦

(١٧ ) ڕێبوار سیوەیلی، داهێنان و خود، گ ( ٢٣ ئەدەب و هونەری ڕەخنەیی )، ژ(٥)، ئەیلولی ٢٠١١، ل ٢٨ – ٢٩ .

( ١٨) جەلال خەلەف ژاڵەیی، کەسێتی سەرکەوتوو، ل ١٠ – ١١ .

( ١٩) د. ئیبراهیم مەحمود خلیل، و. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، زانستە مرۆڤایەتییەکان و ڕەخنەی ئەدەبی، گ ( سەردەم )، ژ ( ٥٦ )، ٢٠٠٨، ل ١٠٣ .

( ٢٠) د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای گشتی، ل ٢٩١ .

(٢١ ) س . پ . ل ٣٠٠

(٢٢ ) س . پ . ل ٣٠١ .

( ٢٣) س . پ . ل ٣٠١ .

( ٢٤) د. وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، ط١، دار الفكر، ٢٠٠٧، ص ٥٥ .

( ٢٥) د. احمد عزت راجح، اصوال علم النفس، دار التعليم، بيروت – لبنان، ص ٤٥٩ .

(٢٦ ) لەتیف هەڵمەت، ڕۆڤار، لەتیف هەڵمەت چرایەك لەشەپۆلی گەرداودا، تەمەننامەو شتی تریش، ژ ( ٤٩ )، مایسی ٢٠٠٨، ل ٦ – ٧ .

( ٢٧) عەتا قەرەداخی، گەڕان بەدوای ناسنامەدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٠، ل ١٣٧ .

(٢٨ ) ئا . هەڵۆ بەرزنجی، پرسیارەکان هێشتا تینووی وەرامن، چ١، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٦٧ – ٦٨ .

( ٢٩) س . پ . ل ٦٩ .

( ٣٠) چاو پێکەوتن لەگەڵ لەتیف هەڵمەت، گ ( ڕامان )، ژ ( ٣ )، ٥ی ئەیلوولی ١٩٩٦، ل ٣٦ .

( ٣١) س . پ . ل ٣٥ .

( ٣٢) دیداری ( ئەحمەد میرە و هێمن باقر)، لەتیف هەڵمەت، گ ( لڤین )، ژ ( ٤٢ )، ٢٠٠٦، ل ٥١ .

( ٣٣) س . پ . ل ٥١ .

(٣٤ ) دیدەنی لەگەڵ لەتیف هەڵمەت دا، سلێمانی، ٢٠١٢/٣/١٩ .

( ٣٥) ڕێبوار محمد اسماعیل، داهێنانی شیعری نالی لەڕوانگەی ڕەخنەی دەروونشیکارییەوە، ل ٤٩ .

(٣٦ ) سامان عزەدین، بنیاتی هونەری لەشیعری لەتیف هەڵمەت دا، ل ٩٨ – ٩٩ .

(٣٧ ) س . پ . ل ١٠٤، ئەویش لەگۆڤاری ڕزگاری، ژ ( ٨ ) ساڵی ١٩٦٩، ل ٣٢ وەریگرتووە .

( ٣٨) دیدەنی لەگەڵ لەتیف هەڵمەت دا، سلێمانی، ٢٠١٢/٣/١٩ .

( ٣٩) س . پ .

( ٤٠) س . پ .

( ٤١) س . پ .

( ٤٢) س . پ .

( ٤٣) هاوژین صلیوە عیسی، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری شێرکۆ بێکەس دا، چ ( ١ )، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٥٢ .

(٤٤ ) دیدەنی لەگەڵ لەتیف هەڵمەت دا، ڕێکەوتی ٢٠١٢/٣/١٩ .

( ٤٥) س . پ .

(٤٦ ) پێشڕەو عەبدوڵڵا حەمە غەریب، شیعرەکانی ( بەختیارعەلی ) لەڕوانگەی دەروونشیکارییەوە، ل ٤٥

( ٤٧) د.عبدالوحید مشیر دزەیی، کاریگەری دەروونی لەبواری ڕاگەیاندن دا، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ل ٤٩ .

( ٤٨)  خەیاڵ و روح، چەند تێڕوانینێك بۆ شیعری كوردی، فازیل كەریم ئەحمەد و كۆمەڵێ نووسەر، بڕوانە نووسینەكەی ئاوات محەمەد، ڕەنگدان و پێكهاتەی ڕەنگ و ئاستی شیعریەت لەپانتایی قەسیدەكەدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٤، ل ٢٦٦ .

( ٤٩) د.حوسێن غازی كاك ئەمین گەلاڵەیی، ڕەوتی نوێكردنەوەی شیعری كوردی لەباشووری كوردستان لەسالآنی ( ١٩٨٠ – ١٩٩١ ) دا، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠١٠، ل ٢٤ .

( ٥٠) د. عەزیز گەردی، ڕەوتنبێژی لەئەدەبی كوردی دا، ب٣، جوانكاری، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر، ١٩٧٥، ل٤٧ .

( ٥١) د.عادل گەرمیانی، تەكنیكی دووبارەكاری لەهۆنراوەكانی سەباح ڕەنجدەر دا،گ ( ئەكادیمیای كوردی )، ژ ٢٠، ٢٠١١، ل ١١٨ .

( ٥٢)  هانی سلێمان، و/ ئامانج محەمەد، دەرونزانی گشتی، ل ١٧١ .

( ٥٣)  س . پ . ل ١٧١

( ٥٤)  فازیل كەریم و كۆمەڵێ نووسەری تر، بڕوانە نووسینەكەی قادر میرخان، خەیاڵ و ڕۆح – چەند تێڕوانینێك بۆ شیعری كوردی، تێڕوانینێكی شێوەكاریانە بۆ ڕەنگدان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٢٥٤ .

(٥٥ )  هانی سلێمان، و/ ئامانج محەمەد دەرونزانی گشتی، ل ١٧٠ .

( ٥٦)  دیدەنی لەگەڵ لەتیف هەڵمەتدا، ڕێكەوتی ٢٠١٢/٣/١٩ .

( ٥٧)  فازیل كەریم و كۆمەڵێ نووسەر، قادر میرخان، خەیاڵ و ڕۆح، ل ٢٥٤ .

( ٥٨)  س . پ . ل ٢٥٣ .

( ٥٩)  هانی سلێمان، و/ئامانج محەمەد، دەرونزانی گشتی، ل ١٧١ .

( ٦٠)   فازیل كەریم ئەحمەد و كۆمەڵێ نووسەر، بڕوانە نووسینەكانی قادر میرخان، تێڕوانینێكی شێوەكارییانە بۆ ڕەنگدان،خەیاڵ و رۆح ل ٢٥٢ .

( ٦١)  س . پ . ل ٢٥٢ .

( ٦٢)  هانی سلێمان، و/ ئامانج محەمەد، دەرونزانی گشتی، ل ١٧٠ – ١٧١

( ٦٣)  دیدەنی لەگەڵ لەتیف هەڵمەتدا، ڕێكەوتی ٢٠١٢/٣/١٩ .

( ٦٤)  دیدەنی لەگەڵ لەتیف هەڵمەتدا، ڕێكەوتی ٢٠١٢/٣/١٩ .

# ئەنجام :

## لەئاکامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێك :-

١-گرێی هەست کردن بەکەم و کوڕی بەلای فرۆیدەوە ناتەواوی لە سێکس ئەم گرێیە دروست دەکات، بەڵام بەلای ( ئەدلەر)ەوە بابەتەکە فراواترە و هەموو جۆرە کەم و کوڕی و ناتەواوییەك ئەم گرێی هەست کردن بەنەقسە دروست دەکات، بێگومان ئەدلەر خۆی لەڕووی جەستەوە ناتەواوبووەو نەخۆشی هەبووە، بۆیە تیۆرەکەی لەناخی خۆیەوە هەڵقوڵاوەو بەسەر شاعیرو بەهرەمەندە کەم ئەندامەکانی پراکتیزەکردووە .

٢-هەست کردنی بەکەمی لەنێو شیعرەکانی ( لەتیف هەڵمەت )دا زۆر بەجوانی ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەتی لەم بوارانەدا لەدەست دانی دایکی لەتەمەنی منداڵیدا، هەست بەکەمی کردن بەهۆی ڕازی نەبوون بە جەستەی خۆی، بێبەش بوون لەمنداڵ، چونکە تاکو ئێستا چەند جار هاتوتە ئەوەی منداڵیان ببێت، کەچی مردوون، ئەم هۆکارانە بوونەتە هۆی ئەوەی هەست کردن بەکەمی لای شاعیر دروست کردبێت .

٣-ڕەشبینییەکی زۆر لەشیعرەکانی شاعیردا دەبینرێت بەتایبەتی لەقۆناغی سەرەتای گەنجی بەهۆی لەدەست دانی دایکی و بارودۆخی زروفی ئەوکاتەی وڵات وای لەشاعیرکردووە کە زۆر ڕەشبینانە بیربکاتەوە .

٤-کێشەی پیری و مەرگ بەلای لەتیف هەڵمەتەوە کێشەیەکی گەورەیەو لەشیعرەکانی دا ڕەنگیان داوەتەوەو ئەم دڵە ڕاوکێیە بەدیدەکرێت، لە ڕێی خەیاڵی شیعرییەوە هەمیشە هەوڵی داوە چارەسەری ئەم دوو کێشەیە بکات و خۆیان لێدوور بخاتەوە .

٥-نامۆیی لەشیعرەکانی هەڵمەت دا بەدی دەکرێت، چەند هۆکارێکیش وای کردووە شاعیر هەست بەنامۆیی بکات، شاعیر لەسەرەتای گەنجێتییەوە دایکی لەدەست داوەو هەستی بەنامۆیی کردووە لە ناو وڵاتەکەی خۆی، چونکە وڵاتەکەی لەژێر چەپۆکی داگیرکەر بووە، نامۆیی ئاینی و کۆمەڵایەتی و ... بونیان هەیە لە نێو شیعرەکانیدا .

٦-شەرم پانتایی خۆی هەیە لە نێو شیعرەکانیدا و بەتایبەتی شەرم کردن لەئافرەت، چونکە لەمناڵییەوە ئەو شەرمی لەپیاوان نەکردووە، تەنها شەرمی لەئافرەتان کردووە، ئێستاش لەشیعرەکانیدا هەستی پێدەکرێت ئەگەر چی خۆشی دەڵێ ڕەنگە ئەم تەوقەم شکاندبێ، بەڵام بێگومان ئەم شەرمە بووە بە بەشێك لەکەسایەتی و لە ناخی نەستییەوە گیرساوەتەوەو جارجار لەبێئاگاییەوە دێتەوە نێو دونیای شیعر .

٧-لایەنی نەرگسییەت لەشیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەمەش زیاتر بەرەو لایەنی ناوەوەی خودی خۆی دەباتەوە، پیشاندانی لایەنی توانای ئەقڵی خۆی دەخاتە ڕوو زۆرجاریش شانازی بەجۆری داهێنانەکانی و توانا ئەقڵییەکانی خۆی دەکات .

٨-هەرسێ دیاردەی سادیزم و ماسۆشیزم و ( سادۆماسۆشیزم ) لەشیعرەکانی شاعیردا بەدیدەکرێ، بەڵام سادیزم بەڕێژەیەکی زۆر و ( ماسۆشیزم ) کەمترو ( سادۆماسۆشیزم ) زۆر کەمتر .

٩-چەپاندنێکی زۆری ( سێکس )ی لەشیعرەکانی دا بەدی دەکرێ، زۆرجار شاعیر پەنای بۆ خەون بردووە یاخود لەڕێی خەیاڵی خۆبردنەوە بۆ جیهانی منداڵی دەیەوێت حەزە چەپێندراوەکانی خۆی تێر بکات .

١٠-لەناوشیعرەكانیشی دا دیاردەی ( دژه باو ) بوونی هەیە، واتا زۆرجار بەپێچەوانەی شاعیرانی ترو كەسانی تر بیری كردۆتەوە و وێنە شیعرییەكانی ئاوەژوو كردۆتەوەو لەئاستێكی هونەری بەرزی شاعیرییەتی خۆی سەلماندووە .

١١-شاعیر لەڕووی مۆسیقای ناوەكی شیعرەو لەڕووی زمانێكی داهێنەرانەوە، هەمیشە وێنەی زۆر نوێ و جوانی بنیات ناوە،هەوڵی داوە لەڕێگای خاڵبەندی و هونەری پاتبوونەوەش لایەنی سایكۆلۆجییەتی دەق بەرجەستە بكات .

١٢-لەنێو سروشتدا هەوڵی داوە، كار لەسەر سایكۆلۆجییەتی ڕەنگەكانی بكات، لەناو سروشتیش دا سایكۆلۆجیەتی ( با ) پانتاییەكی بەرچاوی شیعرەكانی گرتوتەوە، هەمیشە ئازادییەكی لەناو (با)دا دۆزیوەتەوە، دەتوانین بڵێین جیهانبینی شاعیر بەرانبەر با جیهانبینییەكی تایبەتە .

١٣-لەم لێكۆڵینەوەیەدا هەوڵمان داوە لە هەندێ بابەت بدوێین و بەنموونەی شیعری ڕاڤەیان بكەین، كە پێشتر وەك لێكۆڵینەوەی ئەدەبی لەسەری نەنووسراوە، لەوانە؛ توڕیی و هەڵچوون، دڵەڕاوكێ، سایكۆلۆجییەتی پیری، كێشەی مەرگ، شەرم، دژه باو، سادیزم، ماسۆشیزم، سادۆماسۆشیزم، سایكۆلۆجییەتی- با - ،سایكۆلۆجییەتی خاڵبەندی، سایكۆلۆجییەتی ڕەنگەكان...

١٤-لە ڕاڤەكردنی شیعرەكان دا تەنها لەسەر بنەمای تیۆرەكەی فرۆید و ئەدلەر كارمان نەكردووە، بەڵكو بیر و بۆچوونی زۆر زانای دەروونناسیمان هێناوەتەوەو كردوومانەتە پاڵپشتی قسەكانمان.

# سەرچاوەکان :

## سەرچاوە کوردییەکان:

### یەکەم: کتێب:-


١- ئازاد قەزاز، کەسێتی و ململانێی دەروونی، چ (١) چاپخانەی چوارچرا ٢٠١٠ .

٢- ئەبرامز M.H، و/ عوسمان ئەحمەد، تیۆرەمۆدرێنەکانی ئەدەب و ڕەخنە، چاپەمەنی ژیر، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٣- ئەحمەد ڕەزا، لەدەروونشیکارییەوە بۆ لێکدانەوە، چ (١)، چابخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٨ .

٤- ئەحمەد سالار، هونەر و ژیان، چ (١)، دەزگای سەردەم، سلێمانی ، ٢٠٠٥ .

٥- ئەحمەد شەریف عەلی (د.)، ئەنفال لەڕۆمانی کوردیدا، چ (١)، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٠ .

٦- ئومێد ئاشنا، شێوەو ناوەڕۆك، چ (١)، چاپخانەی ئاراس،هەولێر، ٢٠٠٧ .

٧-بەسام قطوس (د)، و/ د . محمد تاتانی، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، (١)، چابخانەی شڤان،سلێمانی،٢٠١١.

٨-تێری ئیگلتۆن، و. سەڵاح حەسەن پاڵەوان، شیکردنەوەی دەروونی لە ڕەخنەی ئەدەبی دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٤ .

٩-ثامرحسن جاسم، و/ حەمەی ئەحمەد رەسوڵ، توێژینەوەی سایکۆلۆژی لەداهێنانی شیعریدا،چ (١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٠ .

١٠- جەلال خەلەف ژاڵەیی، کەسێتی سەرکەوتوو، چاپخانەی الحوادپ، بەغداد، ١٩٨٧ .

١١- جیمز ئالین، ڕۆین شارما تۆنی بۆزان، و/ نەوزاد محەمەد ئەمین و نووسەرانی تر، دەروونزانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێك لەپسپۆڕانی دەروونناسی جیهانی نووسیویانە، چ (١)، نێوەندی ئارام، ٢٠٠٩ .

١٢-حوسێن غازی کاك ئەمین گەڵاڵەیی (د.)، ڕەوتی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لەباشوری کوردستان لەساڵانی ( ١٩٨٠ – ١٩٩١ ) دا چ (١)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠١٠ .

١٣-دیل کارنگی، و/ئەرسەلان ئەردەڵانی، زرنگ و هۆشیاربە، چ (١) چاپخانەی گەنج، ٢٠١٠ .

١٤- ڕەزا سەید حوسێن، و/ حەمە کەریم عارف، قوتابخانەی ئەدەبییەکان، چ (١)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،سلێمانی،هەولێر، ٢٠٠٦ .

١٥- ڕێباز عەزیز ( ئا . و )/ فێربوونی سەرکەوتوو، چ (١)، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠٠٩ .

١٦- زاك مارتین، و/ قادر حەسەن عەلی، بەهێزکردنی توانا گیانی و دەروونییەکان، چ(٢)، چاپخانەی گەنج سلێمانی ، ٢٠٠٩

١٧- زاهیر ڕۆژبەیانی، چیرۆکی هونەری کوردی ( شێوە، شێواز، بونیاد ) چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧ .

١٨- سەردار ئەحمەد گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردی دا ( ١٩٧٠ – ١٩٩١ )، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤ .

١٩- سەرکەوت سەعدی قادر، نامۆیی لە ڕۆمانەکانی ( سەلاح عومەردا )، چاپخانەی حاجی هاشم هەولێر ٢٠١١

٢٠- سەلاح حەسەن پاڵەوان، داهێنان و مەرگ، چ (٢)، لە چاپکراوەکانی کتێبی یانەی قەڵەم سلێمانی، ٢٠٠٨ .

٢١- سۆران جەمال، سایکۆلۆژیای مێیەتی، چ (١) چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٩ .

٢٢-شکری عزیز الماضی (د)، و/ پ . ی .د . سەردار ئەحمەد گەردی، تیۆری ئەدەب، چ (١)، چاپخانەی ماردین، هەولێر، ٢٠١٠ .

٢٣-عزەدین احمد عزیز، بنەماکانی دەروونزانی گشتی، چ (٢)، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ڕۆژهەڵات هەولێر، ٢٠٠١ .

٢٤- عادل حوسێن عەبدوڵلا (د.)، سێکس و دووسەد نهێنی، چ (٥)، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی ، ٢٠٠٦.

٢٥- عادل گەرمیانی (د)، ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکی درێژی من و قالە و سەگەکەی باڤلۆڤ دا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ٢٠٠٦ .

٢٦- عەتا قەرەداخی، گەڕان بەدوای ناسنامەدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی، ٢٠٠٠.

٢٧-عەزیزگەردی، ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا، ب (١)، جوانکاری، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر،١٩٧٥.

٢٨- عەلی وەردی (د)، و. بەرزان ئەحمەد، کارە نائاساییەکانی نەست چاپخانەی چوارچرا، ٢٠٠٤.

٢٩- عەلی وەردی (د)، و. کەمال عەلی هێزەکاراکانی نەست یان نهێنییەکانی کەسێتی سەرکەوتوو، چ(٢) چاپخانەی گەنج، سلێمانی ، ٢٠٠٨ .

٣٠- عبدالواحید مشیر دزەیی (د.)، کاریگەری دەروونی لە بواری ڕاگەیاندن دا، چ (١)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر .

٣١-غیاث الدین نەقشبندی، نامۆیی، چ (٢)، کوردستان، ٢٠٠٤ .

٣٢- فازیل کەریم و کۆمەڵێ نووسەری تر، خەیاڵ و ڕۆح – چەند تێروانینێك بۆ شیعری کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤ .

٣٣-فازیل هیمەت، کێشە سێکسییەکان، چ (٤)، چاپخانە و ئۆفێسی شڤان سلێمانی ، ٢٠٠٥ .

٣٤- فرانگ .س. کابریز، و/ سۆران خورماڵی، دەروونزانی ڕەفتار بۆ بەرەو لوتکەی کامەرانی، چ(٤)، چاپخانەی گەنج، سلێمانی ، ٢٠٠٩ .

٣٥- کەمال غەمبار، بەرەو جیهانی شیعری چەند شاعیرێك، چ (١)،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨ .

٣٦- کۆلن ولسن،و/ فازیل هیمەت، سێکس و لاوی زیرەك، چ (٢)، لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری نیگا، سلێمانی ، ٢٠٠٥ .

٣٧- کەریم شەریف قەرەچەتانی (د)، سایکۆلۆژیای ڕێنمایی کردنی دەروونی، چ (١)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٥ .

٣٨- = ، سایکۆلۆژیای گشتی، چ(٢)، چاپخانەی حاجی هاشم هەولێر، ٢٠٠٧ .

٣٩- = ، چۆنیەتی سەعیکردن و خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوە، چ (١)، چاپخانەی پەیوەند سلێمانی، ٢٠٠٨ .

٤٠- =، سایکۆلۆژیای گەشە ( منداڵ و هەرزەکار )، چ (١)، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠٠٩ .
٤١- =، نەخۆشی و گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، چ(٢)، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی ، ٢٠١٠ .
٤٢-گۆران(دیوان)،ب١،مطبعةالمجمع العلمي العراقي،بغداد،١٩٨٠.
٤٣- مارتن ئەنتونی، و/ مەشخەڵ کەو لۆسی، ڕێگای ئاسان بۆ چارەسەری شەرمنی، چ (١) چاپخانەی گەنج سلێمانی ٢٠١٠ .
٤٤- محەمەد کەمال (د.)، فەلسەفەی هیگڵ، چ (١) دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١ .
٤٥-محەمەد فەریق حەسەن، هێمن و بۆنی غەریبی، چ (١)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨ .
٤٦- محەمەد علی ئەحمەد وەند (د)، و. حەمە ڕەشید حەسەن، ناسینی بیری مرۆڤ و میکانیزمی پارێزگاری دەروونی، چ (١)، چاپخانەی سایە سلێمانی، ٢٠٠٩ .
٤٧- مظفر مصطفی اسماعیل، ڕوخسار و ناوەڕۆکی چیرۆکی منداڵان لای لەتیف هەڵمەتدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١ .
٤٨-نەوال سەعداوي(د.)، و/عوسمان عەبدولکەریم، ئافرەت و سێکس، چ (١)، چاپخانەی گەنج سلێمانی، ٢٠٠٥ .
٤٩- هاوژین صلیوە عیسی، بنیاتی هونەری لەشیعری شێرکۆ بێکەسدا، چ (١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩ .

٥٠- هەڵۆ بەرزنجی (ئا)، پرسیارەکان هێشتاتینووی وەرامن، چ (١)، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی ، ٢٠٠٥
٥١- هۆراس، و/ حەمید عەزیز، هونەری شیعر، (٢)، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٥ .
٥٢- هیمداد حوسێن (د)، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی، چ (٢)، چاپخانەی باز، هەولێر، ٢٠١٠ .
٥٣-هانی سلێمان، و/ ئامانج محمد، دەروونزانی گشتی هەموو لایەنەگرنگەکانی دەروونزانی چ (٢)، ٢٠٠٩ .
٥٤-هانی سلێمان، و/ئامانج محەمەد، دەروونزانی گشتی، چ(٣) چاپخانەی کاردۆ، ٢٠١١ .

**دووەم:( گۆڤار ):-**

١- ئەدلەر، ت . عبد علی الجسماني، و. شوکر سلێمان، ڕاڤەی ئەدلەر بۆ سەرکەوتن و هەستی خۆم بە کەم زانین، گ ( ڕامان ) ژ ( ١٠٣ )، ٢٠٠٥/١٢/٥ .
٢- ئەحمەد میرە و هێمن باقر (دیدار)، لەتیف هەڵمەت، گ( لڤین )،ژ ( ٤٢ )، ٢٠٠٦ .
٣- ئەلنبسی و ئامانج عوسمان حەمەد، زانای دەروون زانی ئەلفرێد ئەدلەر، گ( ڕامان )، ژ( ٢٧ )، ٥ی ئەیلولی ١٩٩٨ .

٤- ئیبراهیم مەحمود خەلیل (د)، و/ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، زانستە مرۆڤایەتیەکان و ڕەخنەی ئەدەبی گ( سەردەم )، ژ ( ٥٦ )، ٢٠٠٨ .
٥- ئیحسان سابیرسەعید، ڕوانینێکی سایکۆلۆژیانە لەدیاردەی جیاوازی و پێچەوانەیی لەشیعری کوردی دا، گ ( ڕامان )، ژ ( ١٧١ )، ٢٠١١ .
٦-پێشڕەو عەبدوڵڵا، نالی و ( ئەو ) ڕێژکردنی جەستەی مەستوورە، گ ( ڕامان )، ژ ( ١٧٨ )، ٢٠١٢/٣/٥ .
٧-پێشڕەو عەبدولا، قوتابخانەی دەروونشیکاری لەڕەخنەی ئەدەبیدا، گ ( ئاینده )، ژ ( ٨٩ )
٨- ڕێبوار سیوەیلی، داهێنان و خود، گ( ٢٣ئەدەب و هونەری ڕەخنەیی )، ژ (٥)، ئەیلولی ٢٠١١ .
٩- ڕێبین خەلیل، میتۆدی ڕەخنەی دەروونی لەبواری ئەدەبدا، گ ( ڕامان )، ژ ( ١٧٠ ) تەمووزی ٢٠١١ .
١٠- سەرکەوت سەعید قادر، نامۆیی هەڵویستێکی خێرا بۆ مێژووەکەی، ژ(٢٣)،گ ئەدەبی هزری ڕەخنەیی )، ژ(٤) حوزەیرانی ٢٠١١ .
١١- سەرهەد، دەرونشیکاری ئیرۆس، گ ( زانستی سەردەم )، ژ ( ٢٧ ) .
١٢-سەعید محەمەد نووری، کەسێتی منداڵ لەتیۆری گەشەی سیگمۆند فرۆید دا گ ( ڕامان ) ژ ( ١٢٦ ) ٢٠٠٧/١١/٥ .
١٣- = ، دەروازەیەك بۆ سایكۆلۆژیای نووستن و خەو بینین، گ ( ڕامان )، ژ ( ١٥٢ )، ٢٠١٠/١/١٥ .
١٤- شنۆ ئەحمەد عەزیز، شیکردنەوەی دەروونی بۆ هەردوو چەمکی ( نەفسی ) و ( نامۆیی ) لەلای صابری، گ ( گرنگ )، ژ ( ٩٢ )، ٢٠١١ .
١٥- شوکر سلێمان، و/ ڕاڤەی ئەدلەر بۆ سەرکەوتن و هەستی خۆ بەکەم زانین،گ ( ڕامان )، ١ ( ١٠٣ )، ٢٠٠٥/١٢/٥ .
١٦-. عادل گەرمیانی (د)، دەروونشیکاری و ئەدەبی دەروونی، گ ( ئاینده )، ژ ( ٤٣ )، ٢٠٠٣ .
١٧- = ، پێوەندی ڕەخنەیدەروونی بەدەق و داهێنانی ئەدەبی، گ ( ڕامان )، ژ (٩٧)، ٢٠٠٥/٦/٥ .
١٨- =، تەکنیکی دووبارەکاری لەهۆنراوەکانی سەباح ڕەنجدەر دا، ( ئەکادیمیای کوردی )، ژ ( ٢٠ )، ٢٠١١ .
١٩- عەلی طاهر حسین، نەرگەسیەت یان خود لەشیعری لەتیف هەڵمەتدا، گ ( زانکۆی سلێمانی )، ژ ( ٩ )، ٢٠٠٢ .
٢٠- عدنان عبدالرحیم، و/ کەمال کاکەیی، فرۆید و سروشتی مرۆڤی، گ ( ڕامان ) ژ ( ٥٠ ) ە ئاب ٢٠٠٠
٢١-کەمال مەعروف (د)، میتۆدی ڕەخنەی دەروونی، گ ( مێرگ )، ژ ( ٦٥ )، تشرینی یەکەم ٢٠١٠ .
٢٢- لەتیف هەڵمەت، (چاو پێکەوتن)، گ( ڕامان )، ژ (٣)، ٥ی ئەیلوولی ١٩٩٦ .
٢٣- =، تەمەننامە و شتی تریش، ڕۆڤار، لەتیف هەڵمەت چرایەك لەشەپۆلی گەرداودا، ژ( ٤٩ ) مایسی ٢٠٠٨ .
٢٤- لوقمان باپیر، نەخۆشی دەروونی، گ( مێرگ )، ژ ( ٤٨ )، ٢٠٠٩ .

٢٥--مستەفا پەژار، بەرەو سایکۆلۆژیا، گ ( کاروان )، ژ (٣٦)، ساڵی ١٩٨٥ .

٢٦ - محەمەد تەها حوسێن، ڕامانێکی سایکۆلۆژیانە بۆ ئەدەب، گ ( ڕامان )، ژ ( ١١٣ )، ٢٠٠٦/١٠/٥ .

٢٧- موحسین ئەحمەد عومەر (د)، ئەدەب و سایکۆلۆژیا، گ ( ڕامان )، ژ ( ١٠٩ )، ٢٠٠٦/٦/٥ .

٢٨-هاوار ئەحمەد (و)، فرۆید و ئەدەب،گ ( ڕامان )، ژ ( ٧٥ )، ئەیلولی ( ٢٠٠٢ ) .

**سێیەم:ڕۆژنامە :-**

١- زاهیر لەتیف کەریم (د. )، سایکۆلۆژیای دەق، ڕ/ ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ژ ( ٥٣٨٩ ) پێنج شەم، ٢٠١١/١/٢٧ .

**چوارەم: نامەی ئەکادیمی:-**

١-پێشڕەو عەبدوڵلا، شیعرەکانی ( بەختیار عەلی ) لەڕوانگەی دەروونشیکارییەوە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، نامەی ماستەر، ٢٠١١ .

٢-ڕێبوار محەمەد اسماعیل، داهێنانی شیعری نالی لەڕوانگەی ڕەخنەی دەرونشیکارییەوە، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، نامەی ماستەر، ٢٠٠٧ .

٣-سامان محەمەد عەلی، نوێکردنەوە لە چیرۆکی هونەری کوردی کوردستانی باشوور ( ١٩٩١ – ٢٠٠٣ )، زانکۆی بەغدا، کۆلێژی ئیبن روشید، نامەی ماستەر، ٢٠٠٨ .

٤-فەرهاد صالح حمه علی صالح، کەسێتی خۆویست لەڕۆمانەکانی ( محەمەد موکری ) دا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر، ٢٠١٠ .

٥-نارین صدیق مام کاك میرخان، شەپۆلی هۆش لە چیرۆکی نوێی کوردی دا ( ١٩٧٠ – ١٩٨٠ )، زانکۆی بەغدا، کۆلێژی پەروەردە ئیبن روشد، نامەی ماستەر، ٢٠٠٤ .

٦-هەژارئەحمەد عەبدولغەفور، بنەما ڕەخنەییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لە ١٩٢٠ تا ١٩٦٢، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، نامەی ماستەر، ٢٠٠٧ .

٧-هەڵمەت بایز ڕەسول، ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن دا، زانکۆی بەغدا، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن روشد، نامەی ماستەر، ٢٠٠٦ .

**پێنجەم: فەرهەنگ:-**

١-فازیل نیزامەدین، فەرهەنگی شیرینی نوێ ،(عەرەبی – کوردی)، چ(١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧ .

٢-هەژار، هەنبانە بۆرینە – فرهنگ،(کوردی – فارسی)، چ(٤)، انتشارات سروش، ایران، ١٣٨٤ .

**شەشەم : دیدەنی :-**

١-دیدەنی ( هاوژین صلیوە ) لەگەڵ لەتیف هەڵمەتدا، سلێمانی ، ڕۆژی دووشەم، ڕێکەوتی ٢٠١٢/٣/١٩ .

٢-دیدەنی(هاوژین صلیوە)لەگەڵ د.محەمەد ناسر مستەفا، مامۆستای دەروونزانی لە زانکۆی کۆیە، کۆیە، ڕۆژی دووشەم، ڕێکەوتی ١٠/٩/ ٢٠١٢.

## سەرچاوەی عەرەبی:

### یەکەم:کتێب:-


١-احلام حادى، جماليات اللغة في القصة القصيرة قراوات لتيار الوعي في القصة السعودية، ١٩٧٠- ١٩٩٥، ط(١)، المركز الثقافى العربي، بيروت، لبنان ٢٠٠٤ .

٢-احمد عزت راجح (د.)، اصوال علم النفس، دار التعليم، بيروت، لبنان .

٣-راجح احمد عزت، اصول علم النفس، ط(٧)،دارالكاتب العربي للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٦٨.

٤-ريكان ابراهيم (د)، نقد الشعر في المنظور النفسي، ط(١)، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٩.

٥-سعيد أبو الرظا، الاتجاه النفسي فى نقد لشعر العربي اصوله و قظاياه، ط(١)، مكتبه المعارف، الرياض، ١٩٨١ .

٦-صالح زامل، تحول المثال، ط(١)، مطبعة ساد برس، بيروت – لبنان، ٢٠٠٢ .غسان خالد، جبران الفيلسوف، سايكولوجية العبقرى المريض، ط(١)، بيروت – لبنان، ١٩٧٤ .

٧-طه بعثر(د.)، د. محمد عماد فصلي، المرشد في الطب النفسي، منظمة الصحة العالمية، ١٩٩٩.

٨-عبدالرحمن العيسوي (د.)، سايكولوجيه الفئات الخاصة، دراسة في الموهبة والتعجز، ط(١)، دار النهضة العربيه، بيروت – لبنان، ٢٠٠٩ .

٩-عبدالرحمن محمد العيسوي، سايكولوجية الشخصية، مطبعة عصام جابر، اسكندرية، ٢٠٠٢ .

١٠-عزالدين اسماعيل (د.)، الفسير النفسى للادب، دار العودة و دار الثقافة، بيروت .

١١-عزيز السيد جاسم، الاغتراب فى حياة و شعر الشريف الرضى، دار الاندلس للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان .

١٢-عناد غزوان اسماعيل و جعفر صادق الخليلى (ت)، خمسة مداخل الى النقد الادبي، ويلبريسي . سكوت . دار الشيد، للنشر .

١٣-غسان خالد، جبران الفيلسوف، سايكولوجية العبقري المريض، ط(١)، بيروت – لبنان، ١٩٧٤ .

١٤-فلوگل . چ . ل . علم النفس فى مائه عام، ت. لطفى فطيم، دار الطيعة، بيروت، ١٩٧٣ .

١٥-كامل السوافيري (د)، دراسات في النقد الادبي، ط(١)، مكتبة الوعي العربي، ١٩٧٩ .

١٦-مجد محمد اباكير ابرازي، فى النقد والادب الحديث، ط(١) مطبعة الرسالة الحديثه، عمان، اردن، ١٩٦٨

١٧-مصطفى سويف (د)، الاسس الفنية للابداع الفني في الشعر خاصة، ط(٢)، دار المعارف بمصر – القاهرة، ١٩٥٩ .

١٨-وليد قصاب (د)، مناهج النقد الادبي الحديث، دمشق، دار الفكر، ط (١)، ٢٠٠٧ .

١٩-وليد قصاب (د.)، مناهج النقد الادبي الحديث، ط(١)، دار الفكر، ٢٠٠٧ .

٢٠-ياسين الايوبي (د.)، فصول فى النقد الشعر العربي الحديث، منشورات اتحاد الكتاب العرب، مطبعة اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ١٩٨٩ .

**دووەم: نامەی ئەکادیمی: -**

١-كيلاس محمد عزيز العسكري، الاغتراب في شعر الشاعيرين محمود درويش و شيركوبيكەس، كلية التربية جامعة بغداد، رسالةماجستير، ٢٠٠٥ .

٢-گوڵاڵە كاظم عبدالفتاح الحويزي، الصورة الشعريه بين أدونيس ولطيف هلمت، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، اربيل، رسالة ماجستير، ٢٠٠٣ .

**سێیەم :ئینتەرنێت:-**

١- احمد ابو فادي،الصراع النفسي حالة في التناقص داخل الانسان amedfawy.1007.coom .

٢- أحمد شيشاني (د.) كيف تتغلب على الخوف والقلق النفسي، www.arabnet5.com

٣-حسان المالح (د.)، الاضطرابات النفسية الشائعة وعلاجها – القلق النفسي، www.hayatnafs.com

٤-عبدالله،السراع٢٠٠١ egpt.coom

٥-لينا الممنى (د.)،٢٠١١، sanayananews.com

٦-محمود جمال أبو العزائم (د.) القلق النفسي، www.elazayem.com .

٥- arabblogs.coom